فوغانێك بۆ حەیران

بانێژەیەک بۆ حەیراناسی حەیران و لاوکەکانی

عەلی حاجی تایەری هەللاج

پرۆژەی ئنستیتیوتی کەلەپووری کورد

نووسین و ئامادەکردن: حازمی عەلی کوتك

ئنستیتیوتی کەلەپووری کورد

www.iqra.ahlamontada.com
ملتقى إقرأ الثقافي

بۆدابەزاندنی جۆرەها کتێب:سەردانی: (مُنْتَدى إِقْرَأ الثَقافِي)

لتحميل انواع الكتب راجع: (مُنْتَدى إِقْرَأ الثَقافِي)

براي دانلود كتابهای مختلف مراجعه: (منتدى اقرأ الثقافى)

www. iqra.ahlamontada.com

للكتب (كوردى ، عربي ، فارسي)

فوغانێك بۆ حەیران

فوغانێك بۆ حەیران

(بانێژەیەک بۆحەیراننناسی،

حەیران ولاوکەکانی عەلی حاجی تایەری هەللاج)

حازمی عەلی کوتک

پرۆژەی ئنستیتیوتی کەلەپووری کورد

ئنستیتیوتی کەلەپووری کورد- سلێمانی

ناوی کتێب: فوغانێك بۆ حەیران
نووسین: حازمی عەلی کوتك
پیتچنین: ڕزگار حەساری
هەڵەچنین: ڕابەر ڕەشید
پێداچوون و ڕێکخستنی: حەسەن جودی
دیزاینی بەرگ و ناوەڕۆك: یاسین حسێن
ژمارەی بڵاوکراوە: ٣٠١ی ئنستیتیوت
چاپی یەکەم: چاپخانەی ئنستیتیوتی کەلەپووری کورد– سلێمانی
تیراژ: ٢٥٠

لە بەڕێوەبەرایەتی گشتی کتێبخانە گشتییەکان، ژمارەی (٢١٢٥)ی ساڵی ٢٠٢٥ی پێ دراوە.

مافی چاپکردنەوەی بۆ ئنستیتیوتی کەلەپووری کورد پارێزراوە©

ناونیشان: عێراق ـ سلێمانی
زۆنی: ١ / گەڕەکی: ٢ / کۆڵانی: ٣٤ / خانووی: ٢
Tel: ٠٠٩٦٤ ٥٣ ٣٢٠٤٢٣٢
٠٥٣ ٣٢١٠١٥٧
٠٦٢ ٧٦١٢٢٥٣

www.khi.krd
Info@khi.krd

ناوەرۆک

پێشەکی ١١

دەستپێک ٣٥

بەشی یەکەم

لەبانێژەی حەیراننناسییەوە ٤١

لاواندنەوەیەک بۆ حەیران ٤٣

وشەی حەیران ٤٨

مێژووی حەیران ٥٤

یەکەم لانکەی حەیران ٥٩

هەڕەتی حەیران ٦٦

پەیوەندی حەیران بە فۆلکلۆرەوە ٦٨

جۆرەکانی شێوازی گوتنی حەیران ٧٠

شێوە و تەرزی حەیران ٧٤

حەیران لە گەرووی شمشاڵ و زوڕناوە ٨١

بەشی دووەم

حەیران وەک هونەرێکی کۆمەڵگەیی ٨٣

١. نێوەڕۆکی حەیران ٨٥

ئـ . ئەڤێنداری ٨٦

ب. سۆز و بەڵێن ٨٨

پ. پەسن و وێکچواندن ٨٩

ت. دابڕان و دەستێکبەردان ٩٢

ج. ئازایەتی و مێرخاسی ٩٥

چ. شیوەن ٩٧

ح. میژوو ٩٩
خ. جوگرافیا ١٠١
د. لاواندنەوەی منداڵ ١٠٤
ر. ئایینی ١٠٦
ز. راسپاردە ١٠٨
ژ. خۆزگە و ئاوات ١١٠
س. حەیران لە کاتی نەخۆشی ١١٢
٢. چۆنیەتی داواکردنی حەیران ١١٥
٣. تەئهوو ١١٦
٤. ژن و حەیران ١١٨
٥. کاریگەریی هەژموونی شار لەسەر حەیران ١٢٤
سەرنج و پێشنیار ١٢٦
هەڵێنجان ١٢٧
ئەنجام ١٢٩
سەرچاوەکان ١٣٢

بەشی سێیەم

بەرکوڵێک لەژیانی حەیرانبێژ و لاوکبێژ عەلی حاجی
تایەر هەللاج ١٣٥

بەشی چوارەم

دەقی حەیران و لاوکەکانی عەلی حاجی تایەری هەللاج... ١٤٧

١. حەیرانەکان ١٤٩

٢. لاوکەکان ١٨٠

عەلی حاجی تایەر و لاوک ١٨٠

غەزال غەزال..... ١٨١
مەقلووبی شێخان..... ١٨٣
جەمبەلی..... ١٨٤
قورشیدێ ڕەشۆ..... ١٨٨
وەحمێ تایەراغان..... ١٩٢
ئەحمەدێ لاوێ شەرقێ..... ١٩٤
بۆزبەگ..... ١٩٧
هەی بێری..... ٢١٤
حەمیدێ قازی..... ٢١٦
سمایلاغای شەبەک..... ٢١٧
چیرۆکی مەم و زین..... ٢٢١

سێ ڕوونکردنەوە

١.ڕەشوان و سەیدەحمەدی ڕەشوانێ..... ٢٥٧
٢. کاغەزی سەفەر قەندیلی..... ٢٦١
٣. منداری سەروبنداری..... ٢٦٢
بەشی وێنە..... ٢٦٣

پێشکەشە بە:

-گیانی لاوکێژ و حەیرانبێژی بە ناو و دەنگی گەلەکەمان، کاوێس ناغا.

- گیانی فاتیمە دەروێش، ئیلهامبەخش و مامۆستای دەنگبێژی و پەروەردەکاری کاوێس ناغا.

- گیانی حەیرانبێژ و لاوکبێژ عەلی حاجی تایەر هەللاجی باوکم.

- گیانی سەربازی ونی هونەر حەیرانبێژ حوسێنە کوردی قولتەپەی.

- گیانی ژنە حەیرانبێژ بەگمە سۆر و هەموو ئەو حەیرانبێژانەی بەرهەمەڕەسەنەکانیان لە گەڵ خۆیاندا ژێرخاك کرا.

پێشەکی

١

کاک حازم عەلی کوتک، هاوڕێی ئازیز و پێشمەرگەی دێرین و ڕۆماننووسی توانادار، بە تێڕادیتنەوە داوای لێکردم، پێداچوونەوەیەک بۆ ئەم پەرتووکە نازدارەی بکەم و شانازی نووسینی پێشەکییەکەیشی پێبەخشیم. دوای خوێندنەوە و پیداچوونەوەی وردی پەرتووکەکە، ئینجا لە قورسایی نووسینی پێشەکییەکە تێگەیشتم. چونکە نووسینی پێشەکییەک بۆ پەرتووکێکی وەها بەهادار، بۆخۆی ئەرکێکی هێجگار گرانە و بەرپرسیارێتییەکە و وا لەئەستۆمدا و دەبێت پێی رابەبم. خۆ حەیران؛ وەک یەکێک لە جوانترین، چێژدارترین، ناوازترین و ئەفسوونیترین لقی هونەریی نێو کەلەپووری کوردی، تابلێی دڵواڕە مرۆڤ لێی بدوێت. هەرچەندە فرچکم بەحەیرانیشەوە گرتبێت و دڕناگەشم لێی دابێت، پێشتریش لە ساڵی ٢٠٠٩دا وتارێکی درێژم بەناوی "ڕوانینێکی نوێ بۆ حەیران" نووسی بێت، لە ساڵی ٢٠٢٢شدا لەمیانەی بەرنامەیەکی تەلەفیزیۆنیدا، ئەو ڕوانینە نوێیەم بۆ حەیران فراوانتر و قووڵتر کردبێتەوە، کە کاک حازم لەم توێژینەوەیەیدا وەک سەرچاوەیەک ئاماژەی پێداوە، سوپاسی ئەو گرنگپێدانەی دەکەم. بەرامەکینێ هەروا ئاسان نییە خۆم لەقەرەی نووسینی پێشەکییەک بۆ پەرتووکێک لەبارەی حەیرانەوە بدەم. ئیدی مام حازم، بە شانازییەوە ئەم ئەرکە قورسەی لەئەستۆم دانا، منیش هەوڵدەدەم شایستە بەو شانازی پێدانەی بم. مسۆگەر دەکرێ

لەگەلێک دەلاقەوە لە حەیران بڕوانین، بەرامەکێ هەوڵدەدەم لەچەند دەلاقەیەکەوە تاوتوێی حەیران بکەم، کە پێم وایە شنگم پێی دەشکێت.

کاک حازم لەم پەرتووکەیدا، هاوشانی پەرتووکەکانی دیکەی، بە زمانێکی زۆر پاراو و باڵا نووسیوە، سەرەتا لاواندنەوەیەکی زۆر جوان و چڕی بۆ حەیران هۆنیوەتەوە، کە پێم وایە هەر خودی ئەو لاواندنەوەیە بۆخۆی پێویستی بە شیکردنەوە و هەڵسەنگاندنی هەمە لایەنە هەیە. ئەم پەرتووکە کە لە چوار بەشی سەرەکی پێکهاتووە، بەشی یەکەمی تەرخانکردووە بۆ بواری حەیرانناسی، لەم بەشەیدا؛ بە وردی و پشوودرێژییەوە، را و بۆچوونە ناکۆک و دژ بەیەکەکانی نووسەرانی پێش خۆی سەبارەت بە دەستەواژەی حەیران، مێژووی سەرهەڵدان و قۆناخەکانی پەرەسەندنی حەیران، لانکە و هەڕەتی حەیران، پەیوەندی حەیران بە فۆلکۆر و هونەری میللی، شێوە و شێواز و تەرزی چڕینی حەیران، حەیران لە گەرووی شمشاڵ و زورنا تاوتوێکردووە. لەگەڵیدا را و بۆچوونەکانی خۆیشی دەربڕیوە، لە دەلاقەی جیاوازەوە ڕۆچۆتە ناو پانتاییە فراوان و قوواڵەکەی حەیرانناسییەوە. دەکرێ لە زۆر ڕووەوە بەر ڕا و بۆچوونی نوێی حەیرانناسی بکەوین.

لە بەشی دووەمی پەرتووکەکەیدا؛ لەهەوڵێکی ناوازەدا بە وردی هەندێک ڕەهەندی کۆمەڵایەتیانەی حەیرانی تاوتوێ کردووە، بە پووختی تیشکی خستۆتە سەر ناوەڕۆک و بابەتەکانی نێو حەیران و چەندین بەسەرهات و نموونەیشی لە حەیران و نەریتی حەیرانبێژی هێناوەتەوە، بەدوایدا باسی لە ژن- تەوەریی حەیران کردووە. حەیران وەک هونەری گوندنشینی و دەوارنشینی و کاریگەرییە نەرێنییەکانی شار و مۆدێرنیتە و دەستنیشانکردنی شار وەک

گۆڕستانی حەیران و حەیرانبێژان خراونەتە بەر باس، لە کۆتایی ئەو تۆیژینەوەیەدا بەکۆمەڵێک را و سەرنج، پێشنیار، هەڵێنجان، دەرئەنجامی گرنگ و سوودبینینی لەو سەرچاوانەی لەبەردەستی دابووونە، کۆتایی بە کۆی تۆیژینەوەکەی دێنێت.

بەشی سێیەمی ئەم پەرتووکەی تەرخان کردووە بۆ ژیاننامەی حەیرانبێژ و لاوکبێژی نەمر "عەلی حاجی تایەری هەللاج". لەمیانەی پووختەیەکی ئەو ژیاننامەیەدا مرۆڤ سەرسام دەبێت، مرۆڤێکی سادەی گوندێکی لاچەپی ئەو دەشتی هەولێرە، چۆن بەو هەموو هەوراز و نشێوەی ژیاندا تێپەڕیوە، هەر لە کارە سەختەکانی ژیانی گوندنشینییەوە بیگرە تا دەگات بە سەرکێشیکردن لە یاخیبوون لەبەرامبەر ئاغاکان و بەشداریکردنێکی راستگۆ و شێلگیرانەی لە بەرپاکردنی بزاڤێکی جووتیارانە دژ بە ئاغاکانی سالانی پەنجاکان و شەستەکان، هەرەتەبوونی لەم گوندەوە بۆ ئەو گوند، بەڕێوەچوونی ژیانێکی کولەمەرگی و نەداری، زیندانی و دەربەدەریی، ئەمما دەستبەرنەدان لە شکۆ و بەڵێن و گیانی یاخیبوونی و بەگژداچوونی ستەم و ستەمکاران، لەوێشەوە بوون بە پێشمەرگە لە ریزەکانی بزاڤێکی چەپ و نیشاندانی نموونەیەکی باڵا لە پێشمەرگایەتی و فەرماندەیی، جەربەزەیی و دڵنزمی، ئاوێتەبوونی تەواوی خانەوادەکەی لە تێکۆشانی چینایەتی و نیشتمانیدا. سەرەڕای هەموو ئەو دژواربیانەی ژیانی، کەچی نەک هەر دەستبەرداری جوانییەکانی ژیان نەبووە، بەڵکو لەمیانەی چڕینی حەیران و لاوک و گێڕانەوەی چیرۆک و بەیت و هەقایەتە دێرینەکانەوە، بە دەربڕینی قسەی خۆش و گاڵتە و گەپی سەنگینەوە، واتایەکی جواناسیانەی بە ژیان و سەختییەکانی داوە.

له بەشـــی چـــوارەم و کۆتاییـــدا بـــۆ ئەو حەیـــران و لاوکـــانەی تەرخانکردووە کە "عەلی حاجی تایەری هەللاج"ی باوکی لە زیندانداو، چەند حەیران و لاوکێک و چیرۆکێکی مەم و زینی تۆمار کردووە، نووســەر خـۆی بەو تەمەنەوە دوای زیـاتر لە ٤٥ ســاڵ لە هەڵگرتنـی ئەو کاسـێتانە و نەفەوتانیـان، ســەرلەنوێ نووسـیویەتییەوە. کە ئەمە شایستەی ستایش و واتاپێدانە.

لەو کۆتا بەشەدا؛ (٣٢) حەیران، (١٠) لاوک و چیرۆکێکی جیـاوازی مەم و زینی عەلی حاجی تایەری هەللاجی نووسیوەتەوە. لەگەڵیشیدا فەرهەنگـۆک و پەراوێزێکـی زۆر و چەنـد رووونکردنەوەیەکـی بـۆ حەیـران و لاوکەکـان و چیـرۆکەکەی مەم و زیـن دانـاوە، کە ئەمە بۆخـۆی پێویسـتیی بە هەوڵ و مانـدووبوونێکی زۆر و وردبینـی و سەلیقە و شارەزایی لە زمان و جوگرافیا و میژوو هەیە.

لەڕاسـتیدا نـامەوێ زیـاتر سـەبارەت بەم پەرتـووکە بدوێم، خـودی پەرتووکەکە لەبەردەستتان دایە و گوزارشتی ناوازەیی خـۆی دەکات. بەڵام دەتـوانم بڵـێم خـۆم لەمیـانەی خوێنـدنەوە و پێـداچوونەوە و ڕێکخســتنەوەیدا چێژێکـی زۆرم لێـی وەرگـرت و ئاشـنا بـووم بە هەنـدێک لایەنـی شـاراوەی حەیـران، سەرسـامم بەو زمـانە پـاراو و باڵایەی کە کاک حازمی عەلی کوتک پێی دەنووسێت.

٢

حەیـران؛ جـۆرێکی گـۆرانی فۆلکلـۆری- میللـی نێـو کەلەپـووری کـوردییە، لەچـاو لاوک، داسـتان، هەقـایەت، ئەفسـانە و بەیتـدا؛ کورتترین جۆری هونەری گێڕانەوە(سـرد)ی ئـاوازداری هـۆنراوە-

پەخشانئامێزی کوردییە، کە دەکرێ وەک "کورتیلە چیرۆک- کورتیلە فیلم"ی سەردەمەکەمان وێنا بکرێت، شێوەزاری حەیران بنزاری هەولێر- موکریانە، گووتنەوەی بەشێوەزاری دیکە تامەکەی لەدەستدەدات، جوگرافیایەکی لاکێشەیی رێک ناوەڕاستی کوردستانی بۆخۆی گرداوە، کە لە هەرێمی هەولێرەوە بە لاکێشەیی تا هەرێمی موکریانی دابڕیوە، بەڵام لە شێوەی دیکەدا پەڕیوەتە دەڤەرەکانی دیکەی کوردستان، بێ ئەوەی بنەما بنچینەییەکانی "گازکردن، یەکێتی بابەت، ناوەرۆکە هەستبزوێنییەکەی، هونەری گێڕانەوە، ژن-تەوەری، کلێشەی "سەربەند، ناوبەند و دوابەند"ی لەدەست بدات و پاراستوویەتی، تەنانەت دوور نییە هونەری "مەوال"ی عەرەبی و "سۆناتا"ی خۆرئاواییش، هەر شێوەیەک بن لەحەیران. بەڵام، ئەوە ڕاستییەکە کە بە توخم و شێواز و تایبەتمەندییەکانی، خۆی لەتەواوی جۆرەکانی دیکەی گۆرانی میللی کوردی و هیدیکە، جیاکردۆتەوە. حەیران لە هیچیان ناچێت، لە خۆی نەبێت. حەیران زیاتر لەسەر پەیژەی مەقامی بەیات دەگووترێت و زۆر کەم بە پەیژەی مەقامی دیکە، وەک مەقامی حیجاز، دەچڕدرێت. کە ئەمەش نەک هەر حەیرانی سنووردار کردووە، بەڵکو وایکردووە لەهەموو جۆرەکانی دیکەی سترانبێژی و دەنگبێژی جودا ببێتەوە و لەهیچ شتێکی دیکە نەچێت. هەروەها حەیرانیش وەک هەر ژانرێکی دیکەی سترانبێژی دەکرێ بە نۆتەش بنووسرێتەوە و بخوێنرێتەوە.

حەیران؛ هونەرێکی ژیاریی زاگرۆسییە، نەک شارستانی (شارستانێتی بەواتا نەرێنییەکەی کە لەتەوەری پیاوسالاری،

دەسەڵاتداریێتی و چینی باڵادەست و شارگەراییدا دەخولێتەوە و بونیادنراوە)، "ژیار"یش وەک شێوەی بنچینەیی و میژوویی بەکۆمەڵگەبوونی مرۆڤ، لەمیانەی داهێنانی چاندەوە، کە زمان و هونەر و تێهزراندن و ژن-تەوەریی بناخەکەی بووە، دەیان هەزار ساڵ پێش سەرهەڵدانی شارستانییەتە قووچکەیی و دەسەڵاتگەراییەکان، دەستپێکردووە و تا ئێستاش لە هونەر، کەلەپوور، چاندی ماددی و مەعنەویدا هەبوونی خۆی وەک کۆمەڵگەی کوردەواری، پاراستووە. حەیرانیش یەکێک لە هونەرە هەرە باڵا و چێژدارەکانی ئەو کەلەپوور و هونەر و چاندەیە. حەیران هونەرێکی بەرایی مرۆڤە و دواتر بەچەندین قۆناخدا شێوەبەندی ئێستای وەرگرتووە، وەک کاک حازم لەم پەرتووکەیدا دەبێژێت؛ دەکرێ سەرەتا "هەر قریوە و هاوار و گازکردنێک بووبێت بۆ ئاگادارکردنەوەی یەکتری، ئێستاش ئەو گازکردنە بە سەرەتا و دەستپێکی حەیرانەکانەوە دیارە کە بانگکردنێکی سەرسوورهێنەرانەیە وەک: گەلی براینە برادەرینە، ئەنگۆ زەینێ خۆ بدەنێ، ئەرێ حەیران، ئەمن دەرێم، ئەرێ بابە، چەندم گازکردی و...تاد." حەیران، هەر تەنیا لە قاوغی هونەری گۆرانی چڕین و گێڕانەوەدا قەتیس نەماوە، لەسەردەمە جیاوازەکاندا ئاوێتەی سروورتە ئایینیەکانی ئایینە زاگرۆسییەکانیش بووە، مسۆگەر وێکچووی حەیران لەگەڵ گاتاکانی زەردەشتیدا دەبینین.

حەیران هونەری کۆمەڵگەیە، وەک کاک حازمی عەلی کوتکیش لەم پەرتووکەیدا جەختی لێدەکاتەوە، هونەری خەڵکی هەژارە، هی جووتیار، باخەوان، پاڵە، سەپان، شوان و گاوانانە، هیچ کات نەبۆتە

هونەری چینە سەردەسەتەکەی کۆمەڵگەی کوردەواری، لە میر و سەردارەکانەوە بیگرە تا دەگات بە ئاغا و دەرەبەگەکان، تەنانەت ئەوانە زۆر بەچاوی نزمیش لە حەیرانبێژانیان ڕوانیوە، چونکە حەیرانبێژان خۆیان لەقەرەی پەسندانی ئەوان نەداوە، حەیران جێی هەمووشتێکی تێدا بۆتەوە، تەنیا باسوخواسی ئاغا و دەرەبەگ و میر و سەردارەکان نەبێت. بۆیە حەیران بە سادەیی، پاراوی، بێگرێوگۆڵی، پڕ لە سۆز و هەستبزوێنی، کورت و پووخت، ئەوەی لەناخی پەنگخواردووی حەیرانبێژ دایە، بە ئاوازێکی نەرم و ریتمیکی نیمچە خێرا، لە دەشتودەر و لەنێو دۆڵ و دوندی چیاکاندا، لە کاتی پشووی کاری کشتوکاڵیدا، لەشوانێتیدا، لەنێو جەم و خڕبوونەوەی گەنجان و پیراندا، لە حزووری ژنان و پیاواندا، حەیرانبێژ وەک وتەبێژی ناخی پڕ لەناسۆری و حەز و ئاواتەکانی هەموویان دەستی وەبناگوێی ناوە و تێیهەڵچڕیوە.

بۆیە حەیران لەڕووی زمانی دەربڕینەوە؛ بە شێوەزارێکی زۆر سادە و ساکاری ئەو هەرێمەی کە لێی لەدایک دەبێت دەردەبڕدرێت و بە ئاوازێکی زۆر ناسک لەقورگی حەیرانبێژەوە چریکەی دێت و کاریگەری خۆی لەسەر گوێگرانی خۆی دەکات. دەکرێ ئەو ڕاستییە گرنگە بخەینەڕوو کە؛ شوێنی سەرهەڵدانی حەیران گوند و لادێکانە و تایبەتە بە چین و توێژەکانی ژێرەوەی کۆمەڵگە، هونەری خەڵکی جووتیار و سەپان و باخەوان و هەژارە، هیچ پەیوەندییەکی بە چینی سەرەوە و باڵادەستی کۆمەڵگەوە نییە و بەهیچ شێوەیەکیش گوزارشت لە ڕاز و نیازی کورپە دەرەبەگ و ئاغا و میرەکانەوە ناکات. بەڵام ئەگەر لە مەجلیسی کۆشک و

دیوەخانی بەگ و ئاغایانیش گووترابێت، ئەوا سەرچاوەکەی بۆ کاریگەری و ئاستی هونەری حەیران و حەیرانبێژان دەگەڕێتەوە. بەپێچەوانەی ئەو بۆچوون و ڕایەی کە سەرچاوەی بەشێکی حەیران دەگەڕێننەوە بۆ ناو مەجلیسی کۆشک و دیوەخانانی بەگ و ئاغایان. ئەگەر ئەو بۆچوونە لە ڕاستییەوە نزیک بووایە ئەوا ناوەرۆک و باسوخواسی حەیرانیش لەسادەیی و مراز و ڕاز و حەسرەتی ئەڤیندارانەی کارەکتەری کوڕەتیمە حەیران و کچەتیمە حەیران دەگۆڕدرا و لەجێی ئەمەدا باس هەر باسی شانوشەوکەت و جوامێری ئاغا و بەگ و میران دەبوو، کە نەیانبووە. تەنانەت زۆرێک لەو حەیرانانەی لەناو جەرگەی شاریشەوە سەریانهەڵداوە، مۆرکی سادەیی و مراز و ڕازەکانی گوندێتی پێوە دیارە. هەڵبەتە پێکهاتەیەکی گرنگی حەیران وەسفی سروشت و جوگرافیایە و لەزۆربەی هەرە زۆری حەیرانەکاندا پەسنی سروشتی گوند و دەشت و چیا و ڕەز و باخ و کانی و مەزارەکانی هەرێمەکە لەخۆوە دەگرێت. ئەگەر باسی شاریش بکات، ئەوا وەک شوێنی ڕووداو و بەسەرهاتی ناو حەیرانەکە نییە، بەڵکو زیاتر وەکو ئەوەیە کوڕەتیمە حەیران چووبێتە شاری ناوبراوەوە، یان نیازی چوونە شارێکی هەبووبێت ناوی شارەکە دێت.

٣

بۆچوونم وایە؛ حەیران وەک بەرهەمێکی دێرینی هونەری و ئەدەبی کەلەپووری کوردەواری و جوگرافیایەکی دیاریکراوی

کوردستان، پێویستی بە شیکاریی و توێژینەوەی جڤاکناسی، مێژوویی و ئەتنۆلۆژیی و دەروونناسی هەیە. تەنیا ناکرێ لە چوغزی حەیراناسی و جوانیناسی هونەریدا چڕبکرێتەوە. هەرچەندە هێشتا هەوڵەکانی حەیراناسی و جوانیناسی حەیرانیش هەر لەسەرەتا دان و نەتوانراوە لەمبارەیەوە ئەکادیمیانە و زانستیانە هەڵکشێتە ئاستێکی تێر و پڕ، هێشتا سەرپێیی و بێ قوولبوونەوەن. بەڵام لەڕەهەندە جڤاکناسی و مێژوویی و ئەتنۆلۆژیی و دەروونناسییەکەیشیدا زۆر هەژارین. بۆیە لەمیانەی بەهەندوەرگرتنی رێبازی(مەتۆ- میتۆد)ی جڤاکناسی مێژوویی و کەلەپوورناسی ئەتنۆلۆژی و دەروونناسی دەکرێ بنەمایەک بێت بۆ تێهزرین و رێبازی هەرە راست و بەرهەمدار بۆ توێژینەوە و شەنوکەوکردنی حەیران و تەنانەت هونەرەکانی دیکەی وەک لاوک، هۆرە، بەیت، بالۆرە، لاوژە، سیاچەمانە، پاییزۆک، حەیرانۆک، هەقایەت، داستان و ئەفسانە کوردییەکان. بۆ نموونە؛ شیکردنەوەی جڤاکناسیانەی دەقی حەیرانەکان لە ڕووی؛ پەیوەندی دڵدار - دڵبەر، پیاو - ژن، نەریتەکان و ڕچەشکێنی ژن-پیاو، فێڵبازی پیاو، مەکر و نازی کچەتیم حەیران، جلوبەرگ و پەیوەستبوون بە شوێنە پیرۆز و مێژوویییەکان، پەیوەندی و ناکۆکییە کۆمەڵایەتییەکان، ئیتیک و ئیستاتیک ...هتد زیاتر ئاشنامان دەکات بە تێگەیشتن لە حەیران. هەروەها لە ڕووی مێژوویییشەوە بەهەمان شێوە ئاشنامان دەکات بە قۆناخەکانی پەرەسەندنی چەشەی هونەری لە کۆمەڵگەی کوردیدا.

مسـۆگەر هێشـتا بـۆ مـن پرسـیارە؛ بـۆچیَ جڤـاکی نێـو ئەو لاکێشـەیەی ناوەڕاسـتی کوردسـتان (لەهەمانکاتـدا ناوەڕاسـتی میزۆپۆتامیاشە)، حەیرانـی چڕیـوە؟ هـۆرە و سیاچەمانە و لاوژەی نەچڕیوە؟ ئەگەر هەمان پرسیار پێچەوانە بکەمەوە؛ بۆچی جڤاکی هەورامـانی سـیاچەمانەی چڕیـوە و حەیرانـی نەچڕیـوە؟ جڤـاکی گەرمەسێریی هۆرەی چڕیوە و حەیرانی نەچڕیوە؟ بۆچی پاییزۆک و حەیرانـۆک لە جوگرافیـای دەڤەرەکـانی هەولێـر- موکریـان سـەریهەڵنەداوە و پەرەینەسـەندووە؟ چ هۆکـارێکی جـوگرافی، ئـابووری، جڤـاکی و چانـدی لەپشـت ئەو داهێنانـانە بـووە، کە وایکردووە لە جوگرافیایەکدا تەنیا حەیران و لە جوگرافیایەکدا تەنیا سـیاچەمانە، تەنیـا هـۆرە و لاوژە، تەنیـا پـاییزۆک و حەیرانـۆک دابهێنرێت؟ مسـۆگەر ئەمە کـردەی رێکەوت نیـیە. ئەگەر سـەیری بەرهەمە زارەکیـیە فۆلکلـۆریی و میللییەکـانی دیـکەی وەک پەنـد، داسـتان، لاوک، هەڤـایەت، ئەفسـانە، مەتەڵ و گـاڵتە و گەپ بکەیـن، ئەوا لەهەموو دەڤەرەکانی کوردستان، تەنـانەت بەشـێوازی جیـاواز لە زۆربەی جوگرافیاکانی دیکەی جیهاندا ئافرێنراون، بەڵام ئەمە بۆ حەیران، سیاچەمانە و هۆرە و لاوژە وەها نین، تەنیا لە دەڤەرێکی دیـاریکراودا و بەشـێوەزار یـان بنزارێکـی دیـاریکراو چـڕدراون؟ بێگومان ئەو پرسیارانە پرسی جڤاکی و میژوویی و کەلەپوورین، پێویستییان بە توێژینەوەی جڤاکناسی و میژوویی و ئەتنۆلۆژییە.

دۆخی حەیران، سیاچەمانە، هـۆرە و لاوژە لەم ڕووەوە زۆر لە دۆخی هەڵپەڕکێ و شایی و گۆڤەندەکانمان دەچێت، هەر هەرێـم و دەڤەرێکی کوردستان، چەند جۆرە هەڵپەڕکێیەکی تـایبەت بەخۆیـان

هەیە و هەر هەڵپەڕکێیەکـــیش چیـــرۆک و رووداوی پشـــت ســـەرهەڵدانیان هەیە، کە رەنگبـێ تـایبەت بێـت بە کەشـوهەوای دەڤەرەکە و خـودی هـۆز و خـێڵەکە. هەرچەنـدە حەیرانبێـژی، کردەیەکـی تاکەکەسـیە و حەیرانبێـژ بەتەنیـا حەیرانـان دەچـڕێ، رەنگبـێ بـۆ لاوژە و سـیاچەمانە و هـۆرەش تـاڕادەیەک وابێـت، لەوانەیە بەدووقـۆڵیش بچـڕدرێن، بەڵام هەڵپەڕکـێ کردەیەکـی ڕەشـــبەڵەکیانەی هەرەوەزیـیە، بەیەک کەس ناکرێـت، کەســێک چەندە بەتەنیا هەڵپەڕێت هەر پێینالێن لە هەڵپەڕکێ و شایی دایە..!!

٤

لەســـەرتاپای حەیـرانە ڕەســـەنەکاندا؛ ژن تەوەری بنچینەیـی نـاوەڕۆک و گێڕانەوەکـانە، هەروەک بڵێـی حەیـران بۆخـاتری ژن پەیدا بووە و ژن دەدوێنـێ و بەژنیدا هەڵدەڵێ. هەمیشـە پێداگریی لەسـەر ئەوە دەکەم کە حەیـران هـونەرێکی گێڕانەوە(سـرد)ی ژنە. پـــاڵەوانی یەکەم و ســـــەرەکی حەیـــران ژنە، کـــارەکتەرە سـەرەکییەکەی دیکە کـوڕەتیم حەیـرانە. ژن (کچەتـیم حەیـران) لە حەیراندا؛ یان دوێنەر(مخاطب)ی حەیرانبێژە کوڕەتیم حەیرانە، یـان خودی حەیرانەکە لەسـەر زاری کچەتیم حەیرانـێ دەگووترێت. ئەم ڕوانینە ئەوە دەستنیشـان دەکات کە حەیرانبێژ لەهەردوو ڕەگەزدا هەبـووە و تەنـانەت زۆرتـر بەلای ئەوەدا دەشـکێتەوە کە حەیـران زیـاتر بەرهەمـی ڕاز و مـرازی خەفەکـراوی ژن بووبێـت تـا گوزارشـت لەوەی پیـاو بکـات. تەنـانەت زۆرێـک لەو حەیرانـانەی

پیاوانیش دەیچرن، پرن لە داخوازی و حەسرەتەکانی ژنان، کە گوایە کچەتیم حەیران بە کوڕەتیم حەیرانی وەها و وەهای گووتووە.

کارەکتەری "پێناو"یشمان هەیە، کە لەنێوان کچەتیم حەیرانێ و کوڕەتیم حەیرانێدا بەپەنهانی دێت و دەچێت ڕۆڵی ئەرێنی دەبینێت، ئەم ڕۆڵەش، پێچەوانەی ڕۆڵی "بەکۆ"یەکانە. کاک حازم نموونەیەکی زۆر جوانی حەیرانبێژ حەمەد بەگی دینێتەوە:

(حەیران لە کەندیناوێ،
ئەوجا کیژ جوابان دەنێرێ بە پلکەپێناوێ،
دەرێ بڕێ کوڕەتیمە حەیرانەکەی من ڕوومەتێ سۆری
گورگوریم سیس بووینە لەبەر هەتاوێ،
با لە بۆم بکڕیتەوە قۆدیەکی مەرحەمێ، لە گەر شووشەکی گوراوێ.
ئەوجا دەمگۆتە: پلکە پێناوێ ئەتو بڕێ بەژنەکی باریک و قامکەکی بە ئەنگوستیلە، با هەموو دانی هێواران لۆم بێتەوە سەر ئاوێ بن بەردی،
نابەخوای کانییەکەی دەرماناوێ).

عەلی حاجی تایەریش دەڵێت:

گەلی برادەرینە،
حەیرانەکەی من گەلەک بە بەقا و متمانەیە، بەخوای "پێناو"مان ناوێ..(حەیرانی ٢٣)

بەدوایدا کارەکتەری دایکی کچەتیم حەیرانێ یان باوکەکەی دێن، کە کارەکتەری لاوەکیین و رۆڵیان کەمە.

ئەوەی لەهەمووو حەیرانەکاندا مەرجە هەبێت، کارەکتەری گوێگر، یان گوێگرانە. چونکە دەستپێکی زۆربەی حەیرانەکان گازکردنی "گەلی براینە، برادەرینە، ئەی بابە، کاکی خۆم....حەیران دەرێم..." هەیە و پێیان دەڵێت؛ "ئەنگۆ بەری خۆ بدەنێ، بڕۆننێ....". هەر ئەوەش بوو وای لێکردم باوەڕم وابێت کە وشەی حەیران لە "هەی یاران، ئەی یاران"ەوە هاتبێت.

ئاییی... گەلی برادەرینە،
ئەدی کاکینە ئەمن نەمدەگوت؛
ئەنگۆ زەینێ خۆ بدەنێ سەفینۆک سەر لە بەفرێدا (حەیرانی ١)
ئەوڕۆ ئێوارێ گەلی برادەرینە،
ئەنگۆ زەینێ خۆ بدەنێ قەرەچوغ بە تەمە قەراجۆک بە تۆزە.. (حەیرانی ٢)
گەلی برادەرینە، ئەنگۆ زەینێ خۆتان بدەنێ،
گەوارەکی دەهینا ڕایدەگرت لە ناوەندی عاسمانێ، (حەیرانی ٣)
ئاییی... ئای کاکینە؛
دەرێم کاکی خۆم لەبەر قورینگ و گۆزەران،
ئەمن نازانم بە کێندەریدا هەر بڕێم، (حەیرانی ٩)
ئاییی... گەلی براینە، دەمگۆ بڕۆننێ؛
گەوارەکی دامەزراند لە بنە بنەی کلکەی گردی کاولە میزانی.. (حەیرانی ١٠)
ئاییی...

چەندی گازدەکەم، گەلی برادەرینە،
ئەنگۆ زەینێ خۆ بدەنێ ناوبەندانی زوورگەزراوی نوارە بە نوارە،
سبەینە سبەینە سارە..
بە چاوی من بڕۆننێ لەسەر و پەرچەمێ نازدار حەیرانێ،
کەتییە هوردە خووسارە..(حەیرانی ١١)
ئاییی... ئۆف بابە،
گەلی برادەرینە ئەنگۆ لۆمەی من مەکەن،
لە حەیفێ ئەوی کۆنە دنیایێ خەم قورگی گرتیمە ناوێرم هەرینم دەنگێ.. (حەیرانی ١٢)
ئایی... ئەنگۆ زەینۆ خۆ بدەنێ؛
ئەستوورایی دارکەران گەیشتە گەرویێ سەنگەران.. (حەیرانی ٢٠)
گەلی برادەرینە،
حەیرانەکەی من گەلەک بە بەقا و متمانەیە، بەخوای پێناومان ناوێ.. (حەیرانی ٢٣)
گەلی براینە برادەرینە
ئەنگۆ زەینێ خۆ بدەنێ بەوێ سبیانێ، (حەیرانی ٢٦)

کارەکتەرێکی دیکەی نێو حەیرانەکان، کە هەمیشە ئامادەیە و نادیارە، خودی مەزاری ئەو پیر و پیاوچاکانەیە کە پیرۆز و هێزبەخش و وەرگر و بەدیهێنەری نزاکانن، یان ئەو شێخ و سەیدانەن، کە کۆرەتیم حەیران و کچەتیم حەیران داوای بەهاوارهاتنیان لێدەکەن. ئەمەش جۆرێکە لە دەربڕین و

سەلماندنی ئەشق و خۆشەویستییە پاکەکانی نێوان کوڕان و کچانی گوند و لادێکان و دەوارنشینەکان.

یاخوا یا غەوسی مار لە بەغدایێ،
ماری بابی نازدار حەیرانێ بارکەن بێنەوە لە تەک ماریێ مە بێخی.

یان دەڵێت:

ئایی...
ئەتو مەرقەدی حەزرەتی غەوس پیری ولیانی،
ئەگەر ئەمن مردم قەت مەرێن درەنگە..
قەبرەکم لۆ لێدەن لە پێش دەرکەیێ مارەبابی نازدار حەیرانێ،
بە دەنگی کورینگ لێدانێ لە بۆم بانگ بکەنە مەلا و فەقێیان،
شێخ و مشایەخان،
چما ئەنگۆ نازانن بیرازەی تەنگە.

دۆخی دەروونی حەیرانبێژ لە ئانوساتی ئافراندنی حەیراندا، دۆخێکی زۆر تایبەت و نائاساییە. دەکرێ بڵێین ساتی حەیران گووتن ساتی جەزبەگرتنی ئاشقانەیە، ساتی ئافراندنی حەیرانە. لە حەیرانەکانی عەلی حاجی تایەردا ئەمە بە رووونی دەبینین، کە سەرەتا خەم دایگرتووە و نیگەرانە، سەری دەهێشێ و دڵی بە ئازارەوە قوڵپ دەدات، ئینجا حەیرانان دەڵێت:

ئەمن نازانم لۆ وەها وەکی منداری سەروبن داری، بەدایمە درم ئارۆزە.. (حەیرانی ٢)
ئەوڕۆ ئێوارێ سەرێ من گەلە دێشێ، درم دەکاتن سێ و دوێ، (حەیرانی ٤)
ئەمن دەمگۆ نەناری دەڕەبی بابی ئەحمەدی قەت نەناری،(حەیرانی ٦)
لە حەیفێ ئەوی کۆنە دنیایێ خەم قورگی گرتیمە ناوێرم هەرینم دەنگێ..(حەیرانی ١٢)
نازانم لۆ ئەوڕۆ ئێوارێ سەرێ کاکێ نگۆ گەلەک دێشی، درم دایمە دەگەڕێ لە ڕاوێ.. (حەیرانی ١٥)
بەوێ ئێوارێ ئەمن گەلە بریندارم، بڕینم کەتینە بەدەنێ،(ح ٢١)
سەرێ من گەلە دێشی، درێ منی خانەوێرانێ پڕ لە کەسەرە..(٢٤)
ئاگرەکم بەربوویتە دەروونێ، ئاگری سۆتنێ.. (ح ٢٥)
هەر چەندی دەکەم لە دووری نازدار حەیرانەکەی خۆم نابم سەبووری.. (ح ٢٦)

لێرەوە دەتوانین دیسان جەخت لەسەر ئەوە بکەینەوە کە "باسوخواسی سەرەکی حەیران دەربڕینی ڕاز و نیاز و هیوا و حەسرەتەکانی نێوان کوڕەتیمە حەیران و کچەتیمە حەیرانە، یان بڵێین گێڕانەوەی کورتە چیرۆکێک یان هەڵۆیستەیەک یان گفتوگۆیەکی نێوان کوڕەتیمە حەیران و کچەتیمە حەیرانە کە ئەڤیندارێ یەکترن و بەهۆی دووری نێوانیانەوە یان بەهۆی

بەربەستی کۆمەڵایەتی و کولتوورییەوە ناتوانن بە مرازی دڵی خۆیان بگەن. زۆر کەم لەحەیرانەکان چیرۆکێکی درێژ لەخۆوە دەگرن. هەروەها سەرجەم بەندی حەیرانەکان یان لەسەر زمانی کچەتیمە حەیرانە یان کوڕەتیمە حەیرانە، یان لەنێو خودی حەیرانەکەدا گفتوگۆی نێوان هەردووکیان بەیەکەوە هەیە. واتا حەیرانبێژ چ ژن بێت یان پیاو، یان ڕوو لە کەسە حەیرانبووەکەی خۆی دەکات و حەسرەت و داواکانی خۆی بۆ باس دەکات، یان ڕوو لە گوێگرانی خۆی دەکات و باس لە حەیرانبووەکەی خۆی دەکات. واتا حەیرانبێژ بەردەوام یان بە ڕاناوی (ئەمن) چیرۆک و بەسەرهاتی ساتێکی خۆی لەگەڵ ئەڤینداردەکەی دەگێڕێتەوە، یاخود بە ڕاناوی (ئەتوو) ڕوو لە کەسە حەیرانبووەکەی دەکات. بۆیە حەیرانبێژان زۆر کەم لە حەیرانەکانیاندا چیرۆک و باسوخواسی کەسێکی دیکە دەگێڕنەوە."

۵

ئەوەی زۆر جێی سەرنج و سەرسامیم بوو؛ لە حەیرانەکانی حەیرانبێژ عەلی حاجی تایەری هەللاجدا کارەکتەری پیاو زۆر جیاوازە لە کارەکتەری زۆربەی حەیرانەکانی حەیرانبێژانی دیکە. لە حەیرانەکانی عەلی حاجی تایەری هەللاجدا کوڕەتیم حەیران، کەسێکی فێڵباز و هەوەسباز نییە و دەستی لەگەڵ چەندین ژندا تێکەڵکردبێت و چەندین یار و دۆستی هەبووبێت، وەک لەحەیرانی حەیرانبێژانی دیکەدا نموونەی زۆری وەها دەبینین کە زیاتر

وەفـاداریی ژن و تەڵەکەبـازیی پیاومـان نیشـان دەدات. بەڵکـو لە حەیرانەکانی ئەودا ئاشقێکی دڵپاک و وەفادار و هەست ناسک و پـڕ لە حەسـرەت و ئـاوات دەبینـین، جـگە لە یـارەکەی خـۆی چاوبڕکێی(نەزەر)ی لەگەڵ هـیچ کچێکی دیکە ناکات، کەمتر وێنا هەوەسبازییەکانی تێدایە. مسۆگەر مەندێتی کەسێتی حەیرانبێژ و ئاستی هوشیارییە کۆمەڵایەتییەکەی کاریگەرییەکی زۆری لەسـەر نـاواخن و وێناکـانی نێـو حەیرانەکـان هەیە. ئەمە لە حەیرانەکـانی عەلی حاجی تایەردا بەڕوونی دەبینین کە خۆی هەم حەیرانبێژە و هەمـیش کـوڕەتیم حەیـرانە و کەسـێتییەکی مەنـد و وەفـادار و هەست ناسک و داوێنپاکە.

لێـرەدا دەکـرێ لە حەیرانەکـانی عەلـی حـاجی تـایەردا پەیوەندییەکی قـووڵ و دووالیزمـی نێـوان "ئەتیـک (ئاکارناسـی)- ئیسـتاتیک(جوانیناسـی)" ببینـین، مسـۆگەر لە حەیرانەکـانی دیـکەی حەیرانبێژاندا تاڕادەیەک هەمان ئەو پەیوەندییە دەبینین.

حەیرانەکانی عەلی حـاجی تـایەر حەیرانی ئیتیکی-ئیسـتاتیکین، ئیتک-ئیستاتیک تەواو ئاوێتەی یەکدی بوونە. هیچ حەیرانێکی نییە داهێنەرانە پێوانەکـانی ئیتیـک و ئیسـتاتیکی تێکهەڵکێش نەکردبێت، دۆخـی نـاخی خـۆی یـان کیـژەی حەیرانـی بە جوانییەکـانی دەڤەرەکەی نەچواندبێت. هەروەهـا هـۆنینەوەی حەیرانەکـانی هەر لە سەربەند و ناوبەند و دوابەندییەوە تا دەگات بەو رەوانبێژییەی لەمیـانەی وێکچوانـدنی جوانییەکـانی نیشـتمان بە جوانییەکـانی کیـژەی حەیـرانەوە، لەگەڵ ئـاوێتەکردنی بە رەفتـارە ئاکارییەکـانی

کیژەی حەیران و حەسرەتەکانی حەیرانبێژ ئەو ئاوێتەبوونەی ئیتیک بە ئیستاتیکمان بۆ دەخاتەڕوو.

لە حەیرانی یەکەمدا کیژەی حەیران لەبەهارێدا ناچێتەسەیران و چەکی بووکێنیش لەبەرناکات، لەبەرئەوەی کوڕەتیم حەیرانێ سێ ساڵە لە زیندانێ دایە. کوڕەتیم حەیرانیش چاوی یارەکەی بە چاوی غەزالان، گەردەنی بە قورینگی کوێستانێ، سینگیشی بە کاغەزەکانی سەفەر قەندیلی دەچووێنێت.

کیژ دەڵێ: دەکو ڕەبی چەکانم لێ بە میراتبی شەرتبی ئەو سارە بوارێ ناچمەوە دەشتی کاولە قەراجی لە بۆ سەیرانی.
چونکە ئەو سارەکە سەرێ سێ سارە کوڕ لە بەندێدا...
چاوت دەشپێنم بە چاوێ کار غەزالان گەردەنت دەشپێنم بە قورینگێ کوێستانێ، سینگت دەشپێنم بە کاغەزەکانی سەفەر قەندیلی.

لە حەیرانی دووەمدا؛ هەمان وێکچواندنی ڕەوانبێژی دەبینین، لە جەژندا ناخی حەیرانبێژ وەک قەرەچووغی سەربەتەمە و سەر و دڵی ئاڵۆزە، چونکە سێ ڕۆژ دەبێت یارەکەی نەبینیوە، دوایی بەربەستە ئیتیکییەکانی دەردەبڕێت و دەڵێت:

ئەمن دونێ ئێوارێ لە ڕێیێ سڕاوێ، لەبەر لۆمەییێ عەبدان، قسەییێ بەدکاران،
نەمتوانی لێتبکەم جەژنە پیرۆزە..

زۆر جێی سەرنجە حەیرانبێژ لە هەموو حەیرانەکانیدا هەمیشە دۆخی دەروونی خۆی یان کێژەی حەیران بە دۆخی کەشوهەوا و دیمەنەکانی جوگرافیای دەڤەرەکەی دەچووێنێت.

لە حەیرانی سێیەمیشدا؛ حەیرانبێژ نزایان دەکات تا کێژەی حەیران و ڕەشماڵەی ماڵەبابی و ئێڵەکەی بەر ڕەهێڵەی بارانێ نەکەون، چونکە گەوارەیەک وا لە ئاسمانێ دا.

لە حەیرانی چوارەمیشدا زۆر ڕۆمانسیانە خۆزگەکانی خۆی بە هاتنی بەهار و نەریتی ئاشقانەی نێوان کێژ و کوڕان دەخاتەڕوو.

حەزلێکردنێ کوڕ و کێژان کەنگینێ خۆش بوو،
فەسڵی بواری بشکێنی کەلێنی چیغرێ لەگەڵ ڕەندەیێ ڕەشماریێ..
دەستێ ڕاستە باوێیە سەر ملێ بە کەزی، بەدەستێ چەپە دەربینی جۆتە شەمامان شامامەیێ ڕۆستەم بە گیان،
سەر لەسەر سەرینەکی کورکەچینی لێو لەسەر خاریێ گەردەنێ..
چەند شیرن بوو وەکی لە کاکێ تو هەر دەهاتن ئەستێرەکانی لە پاش پێرۆێ..

لە حەیرانی پێنجەمدا ئەوەندە جوان و ئێتیکیانە نەریتی ڕاووشکاریی دەخاتەڕوو، وەک ئەوەی کورتیلە فیلمێک ببینیت.

دەکرێ یەک بەیەکی حەیرانەکانی عەلی حاجی تایەر بە پێوانەکانی ئێتیک-ئیستاتیک بپێوین، کە چۆن ئێتیک و ئیستاتیکی ئاوێتەی یەکتر کردووە. لەمەوە تێدەگەین حەیران بۆخۆی

بەرهەمی ئاوێتەکردنی ئیتیک و ئیستاتیکی خەڵکە ڕەش و ڕووتەکەیە، ڕوانینی ئاکارناسی و جوانیناسی جووتیار و پاڵە و سەپان و شوانانە، کە ڕێک لەدەرەوەی ڕوانینی ئاکارناسی و جوانیناسی ئاغا و دەرەبەگەکانە. ڕەنگبێ چەندە ئاغا و دەرەبەگەکان و پیاوانی ئایینی پێوانە نەریتی و خانەدانێتییەکانی خۆیان لەرووی ئاکاریی و جوانیناسی سەپاندبێت، چەندە فشار و گوشاریان لەسەر خەڵکە هەژار و نەدارەکە زیاتر کردبێت، ئەوەندە حەیرانیان وەک بەرسڤێکی ئاکاریی و جوانیناسی خۆیان پەرەپێدابێت، پڕتریان کردبێت لە پێوانە ئاکاریی و جوانییەکان. لە خۆوە نییە لە سەدەکانی نۆزدە و بیستدا، کە ستەمی ئاغا و دەرەبەگەکان و پیاوانی ئایینی بەسەر گوندنشیناندا زۆر زیاتر لە جاران بووە، لەو دوو سەدەیەدا حەیران زۆر گەشەی سەندووە و زیاتر باڵای کردووە.

٦

بەو واتایە حەیران بۆخۆی هونەرێکی ڕچەشکێنی کۆمەڵگەیە، لەبەرامبەر بە هەموو ئەو نەریتە دواکەوتوو و ستەمکارییانەی داسەپێندراون، ڕچەی شکاندووە و ئیتیک-ئیستاتیکیانە هونەرێکی باڵای لێوە ئافرێنراوە. لەمەوە دەتوانین بێپەروا بڵێین؛ حەیران هونەرێکی ڕچەشکێنی جڤاکییە. حەیرانیش، وەک هونەرمەندی جڤاک، خودێکی هونەرمەند بەهیچ کۆڕجێ گوێی بە نەریتە داسەپێنراوەکانی پەیوەندییە کۆمەڵایەتییەکانی نێوان هەردوو ڕەگەز نەداوە، حەیرانەکانی بوونەتە زادەی ناخی تاکی ئاشق،

تاکی یاخیبوو لەو نەریتانەی ناهێڵن وەک تاک بژین، پەیوەندی بگرن، ئاشق بن.

رەنگبێ حەیران لەو دەگمەنترین هونەرە فۆلکلۆری و میللیانەی کەلەپوورمان بێت کە تێیدا "کەسێتی تاک" سیما و "خود"ی هەیە، ڕاشکاوانە بەڵام ئیتیکیانە و ئیستاتیکیانە، بانگی لە یاران و هاوەڵانی کردووە و پێی گووتوون؛ "ئەمن ئاشقم و کچەتیم حەیرانی منیش ئەوەها و ئاوایە" یان "ئەمن ئاشقم و کوڕەتیم حەیرانی منیش ئاوها و ئاوهایە"، بێپەروا گووتیانە؛ "ئەمە دەردی منە و ئەوە دڵبەر و یاری منە".

حەیران رەنگدانەوەی دوالیتەی کۆمەڵگەبوون-خودبوونی هونەرمەندی کوردە. لە حەیراندا، پێچەوانەی زۆربەی هونەرە کەلەپوورییەکانی دیکەی "گێڕانەوە"مان، تاکێتی تاک تێیدا زەقە و تەوەریە. تاک، چ وەک حەیرانبێژ، چ وەک کوڕەتیم حەیران، کچەتیم حەیران، تەنانەت وەک کەسێتی "پێناو"یش هەن، بێ سیما و بێ کارەکتەر نین. پێم وایە ئەمە یەکێکە لەو نهێنییانەی حەیرانی بە نەمری و زیندە کاریگەر هێشتۆتەوە. چونکە حەیران وەک هونەرێکی کۆمەڵگەیی لە دووانەیی "حەیرانبێژ- گوێگرەکانی (گەلی براینە، هەی یاران)"دا دەربڕی هاوسەنگی، پەیوەندی و ناکۆکی نێوان تاک- کۆمەڵگە، نێوان تاک – نەریتە داسەپێنراوەکان، نێوان کوڕان– کچان بووە.

ئەو شیکردنەوانەم پەلکێشم دەکەن بۆ وردبوونەوە لە فەلسەفەی ئیتیک-ئیستاتیک لەنێو فۆلکلۆرمان بەگشتی و حەیران بەتایبەتی. چونکە فۆلکلۆر وەک بەرهەمی هزری-مەعنەوی

کۆمەڵگەکان بێ جیهانبینی فەلسەفیانەی ئیتیک و ئیستاتیک نییە. حەیرانیش یەکێک لەو هونەرانەیە سیخناخە بەو فەلەسەفەیە. بەڵام لەم پێشەکییەدا هەر ئەوەندە دەتوانم بۆچوونەکانم هەڵبژێرم.

دوا خاڵێک کە بمەوێ ئاماژەی پێبدەم؛ دوالیتەی "هێزی واتا، هێزی وێنا"یە لە حەیراندا، کە دوو توخمی داهێنانن، راستەوخۆ پەیوەستن بە پێوانەکانی ئیتیک-ئیستاتیکەوە. رەنگبێ کەم هونەری فۆلکلۆرمان هەبێت، هێندەی حەیران تژی بێت لە "هێزی واتا و هێزی وێنا"وە، واتادان و وێناکردن لە حەیراندا؛ "واتادان لە وێناکردندا و وێناکردن بۆ واتابەخشین"ە، وەک دوو کردەی هێزدان بە گێڕانەوە، ناوەرۆک، شێوە(فۆرم) و شێوازی حەیراندا رۆڵگێرن، هەر ئەمەشە حەیران سەرسامبوون و کاریگەریی ئەفسوونیانە لەسەر گوێگرانی دەکات. جێی تێڕامانە کە هەردوو هێزی واتا و وێنا، لەمیانەی هێزی وشە (ئەدەب) و هێزی ئاواز(هونەر)دا ئاوێتەی یەکدی دەبن، ئەو هونەرە ئافرێنراوەی لێ دێتەدی کە پێی دەڵێن "حەیران".

جار بەجارێ لەگەڵ خۆمدا دەڵێم؛ ئەگەر زانای دەروونشیکار سیگمۆند فرۆید، کاتی خۆی گوێی لە حەیرانەکانمان گرتبا، یەکسەر بە جۆشەوە دەیگووت؛ "ئەگەر باوەڕ بە تیۆرییەکەم ناکەن، دەی فەرموون هەموو ئەو حەیرانانەی کوردانگوێبگرن، سەلمێنەری تیۆرییەکەمن سەبارەت بە تیۆری کەسێتی و پاڵنەرەکانی ژیان(ئیرۆس) و مەرگ(ساناتۆس)، "هەست و نەست"، "ئەو، من، منی باڵا" و پەیوەندییان بە هونەر و ئافراندنەوە. خۆ ڕەنگبێ تیۆرییە دەروونناسی، جڤاکناسی و زانستە مرۆییەکانی

دیکە، یارمەتیدەر و هاناوەبەر بن بۆ توێژینەوە و شیکردنەوەی زیاتر لە حەیران، بەڵام حەیران پێویستی بە لە قاڵبدان لەنێو تیۆرییەکان نییە، ئەوەندەی خۆی پێویستیی بە تیۆراندن(تنظیر) هەیە و تیۆری لێوە هەڵهێنجرێت. مخابن هێشتا ئەم تیۆراندنە سەری لە قۆزاخەی خۆی دەرنەهێناوە.

لە کۆتاییدا؛ دەستخۆشی لە کاک حازم دەکەم کە وێڕای مەشقەتی ژیان و تەمەندارییەکەی، گەنجینەیەکی کەلەپووری و میژوویی بۆ ماوەی ٤٥ ساڵ لەلای خۆی پاراستبوو و لەدووتوێی ئەم پەرتووکەدا نووسیویەتیەوە، ئینجا توێژینەوەیەکیشی لەبارەی حەیرانەوە کردووە، ئەمە راژەکردنێکی بەهادارە، جێی پەسندان و ڕێزدارییە. هەروەها زۆریش سوپاسگوزارم کە لە منی ڕابینی پێداچوونەوە بۆ ئەم پەرتووکەی بکەم، لەوەش شانازیتر لێی ڕادیتم کە پێشەکییەکیش بنووسم. هیواخوازم لەم پێشەکییەدا درێژەدادڕییم نەکردبێت و شایستە بەم پەرتووکە نازدارە بێت.

حەسەن جودی

دەستپێک

حـــەیران؛ئاوازێکی ڕەســـــەن و کـــەونارای گـــەلی کـــوردە، گەنجینەیـــەکی کولتـــووری و ســـامانێکی نەتەوەییـــە، گەوهـــەرێکی دانســـقەی بـــەهاداری کەلـــەپووری میللـــی گـــەلی کـــوردە، ئـــەوەش دەوڵەمەندی کەلەپووری کورد دەسەلمێنێت.

حـەیران؛ ڕەوانبێژی بێ گرێوگۆڵی زمـانی کوردییـە، مامۆسـتا هێمن دەڵێ: (زمانی کوردی خاوێن و ساکار، دەبێ لە دێ فێر بین نەک لەشار).

شـەش دانگی حـەیران بەرهـەمی گوندنیشـینی و دەوارنیشـینی ئـــەو مـــەڕدارە کۆچـــەرییانـــە بـــووە لـــە پێدەشـــتەکانی کوردسـتان،گەرمێن و کوێسـتانیان کـردووە، بۆیـە ئەگـەر لێـی وردبینەوە دەبینین زۆربەی وشەو دەستەواژەکانی ناو بەندەکانی حـــەیران دەســـتەواژەی کشـــتوکاڵی و ئاژەڵـــداری و گەرمـــێن و کوێستان و دەوارنشـینە. لـە مـاک و بنچینـەدا جەوهـەری حـەیران دەربڕینـی ڕاستینەی نـاخی مرۆڤـی کـوردە، بۆیـە دەتـوانین بڵێین حەیران ڕاستییە.

وەک جۆشدارترین و کاریگەرترین هونـەری میللـی گـەلی کـورد ئـەژمار دەکـرێ، چەشـــەو چێـژی حـەیران وەک پـەرجوو بـەنێو دەمارەکـانی مرۆڤـدا ڕۆدەچێت، چریکـەی حـەیران مـرۆڤ دەباتـە فـەزاییکی فراوانتـر لـە کـونجی مـاڵ و دەشـتی پـان و بـەرین و کوێستانی عەزیم دەداتە بن باڵی فڕین.

ئەو کاتەی حەیرانبێژ دەریای دڵی دەکەوێتە فەرتەنەو شەپۆل دەدا، ئاوازێک لە چاوگەی گیانییەوە سەر دەکاو ڕیز دەبەستێ، وەکو لیزگەی یاقووتی ناو خشڵەکان و مرواری ناو چەوو لمی ژێر کانیاوی ڕوون دەدرەوشێتەوە.

حەیران؛ لە ناو مێژووی دێرینی ئاوازی گەلەکەماندا پێگەیەکی تایبەتی هەیەو تاکو ئێستا توانیویەتی لە بەرامبەر هەوڵی شێواندنی وەک تیشە شاخ بە پێوە بمێنێتەوە، هەر چەندە لەلای خۆمانەوە پشتگوێ خراوەو زۆر کەمی لە بارەوە نووسراوە، بەڵام توانیویەتی زمان و کولتوورو هونەر لە ناوخۆیدا بپارێزێت.

ناوەڕۆکی ڕاستەقینەی حەیران ڕۆمانسییە، گازی و هاوارە بۆ داماڵانەنی کۆت و بەندە داسەپێندراوەکانی کولتووری داخراو، ئاخر حەیران چیرۆکی هەزاران ئەفیندارێ نامرادە، دەبینی دەماغی خەیاڵ و خەون و خولیای هەموو هەستەوەری حەیرانبێژ پەسنە، سۆزە، پەیمانە، ڕاستگۆییە، مێرخاسییە.

حەیران بە زمانی سادەی ئاخافتنی ڕۆژانەی خەڵک دەگوترێ، هەر بۆیەش ئاوا پاراو و ڕەسەنِ و شیرینەو جێگای هیچ وشەو فەنتازیای بێگانەی تیادا نابێتەوە، حەیران هونەری جووتیارو پاڵەو شوان و چین و تۆیژە زەحمەتکێشەکانی کۆمەڵگەیە، پەیام و شێوازێکە لە یاخیبوون، ڕووبەڕووی داب و نەریتە کۆنەپەرستیەکان بۆتەوە کە مرۆڤەکان پلەبەندی دەکەن.

حەیران گەنجینەیەکی دەست نەخوردەیە، وەک هونەرێک پشتاوپشت هاتووە، هەر چەندە زۆربەی بنخاک بووەو لە ناوچووە، ئەوەی ماویشە وەک سامانێکی زارەکی (زار بە زار)

جێ ماوە، هەرچەندە ئەو هونەرە ڕەسەنە شایانی ئەوەیە لێکۆڵینەوەی زیاتری لە بارەوە بکرێت، چونکە تاکو ئێستا کەمترین لێکۆڵینەوە و توێژینەوەی زانستی لە بارەوە کراوە، یان دەتوانین بڵێین بۆ دیاری کردنی پایەکانی حەیران و دانبژێر و بەردەشۆرکردنی هەر نەکراوە، بۆیە بەشی هەرە زۆری ئەو سامانە بەهادارە لە ناوچووە، هۆکاری گرنگی پێنەدانی پاراستنی حەیران دەگەڕێتەوە بۆ کۆڵەواری و لاوازی هوشیاری نەتەوەیی مرۆڤی کورد. بەداخەوە ئێمە گەلێکین دوای لە دەستچوونی سامانە پرشنگدارەکان و ئاوابوونی ئەستێرەکان و خامۆشی ڕووناکی ئینجا لە تاریکی ئاسمان و دەوروبەرمان تێدەگەین.

ئەو چەند کەسە بەڕێزەی بە پەنجەی دەست دەژمێردرێن کە لەسەر حەیرانیان نووسیوە، بێگومان ئاوڕدانەوەیەکی ئەمەکدارانەیە لە کەلەپووری نەتەوەییمان، بەڵام وەک کورد دەڵێ: (تاقەسوار تۆزێ ناکا)، بۆیە منیش هاتووم بە نۆرەی خۆم ڕاوسەرنج و تێگەیشتنی خۆم بۆ حەیران بخەمەڕوو، وەک دەستبارگرتنێک لەگەڵ ئەو بەڕێزانە، بە ئومێدی ئەوەی بتوانین نووسینی هەر هەموومان بکەینە پردێک بۆ پێکەوە گرێدانەوەی ئەدەبی رابردوو و ئەدەبی ئێستامان و ئاشناکردنی نەوەکانی ئایندە بە حەیران.

خوێنەری ئازیز... نیوسەدەیەک دەبێت چەند شریت (کاسێت)ێکی دەنگی باوکم (عەلی حاجی تایەری هەڵاج)م لەلای خۆم پاراستووە، کە بریتیین لە کۆمەڵێک حەیران و لاوکی زۆر دەگمەن و ناوازە. سەرەڕای هەموو کارەسات و بەسەرهاتە دژوارەکان، ڕۆژگارە غەدارەکان، بەڵام هەر نەمهێشت بفەوتێن.

وەک بەنرختـرین یـادوەری جێمـاوی بـاوکم، وەک گەنجینەیەکـی بەهـاداری کەلەپـووری گەلەکەم، تـا بەرۆژی ئەمـرۆ دەگـات بە پـاریزراوی هەڵمگرتـوون. ئیـدی نەمویسـت ئەم یـادەوریی و گەنجینەیە هەر لەلای خـۆم بمێنێتەوە، نەوەکـا بفەوتـێن، مـرۆڤ نازانێت کەی ئۆغری ئەم ژیانە پڕ لەچەرمەسـەرییە دەکات. بۆیە بەم تەمەنەمەوە هەموو ئەو کاسێتانەی باوکمم نووسیەوە.

بەڵام کاتێک خەریکی نووسینەوەی حەیران و لاوکەکان بووم، بەپێویستم بینی وەک پێشـەکی و دەروازەیەک بـۆ ئەو حەیرانـانە، را و بۆچوونەکـانی خـۆم لەسـەر حەیـران دەربـبـڕم، ڕا و بۆچوونەکانیشـم سـەبارەت بە لاوکەکـان، وا هـزریم کە بـۆ دەرفەتێکی دیکەی تەمەن بەجێیان بێڵم. ئیدی گەڕام بەدوای ئەو سـەرچاوانەی لە حەیرانیـان کۆڵیـوەتەوە، هەرچەنـدە زۆر کەم لەسەر حەیران نووسراوە، بەڵام سەرەڕای ڕا جیاوازیی نێو ئەو سەرچاوانە لەبارەی حەیرانەوە، بەپێی شارەزایی و تێگەیشتنم لە حەیران، منیش کۆمەڵێک ڕا و بۆچوونی جیاوازم لەلا گەڵاڵە بوو، کە تاڕادەیەک جیاوازە لە ڕاکانی نێو سەرچاوەکان.

بـۆیە ئـەم نووسـینەی لەبەردەسـتتدایە؛ هاوکـات لەگەڵ خستنەڕووی را و بۆچوونەکانی نووسـەران و تـوێژەرانی پێشتر لەسـەر حەیرانیـان نووسـیوە، ڕاو سـەرنج و تێگەیشـتنی خـۆم لەسـەر حـەیران خستۆتەڕوو. مەبەست لەم نووسینە بـەجێهێنانی ئەرکێکی نەتەوایەتی و خزمەتێکە بە ئەدەب و هـونەر و کەلەپوور، بـۆ پاراسـتنی ئـەو سـامانە کەلەپوورییـە میللییـە خـۆم بەرپرسـیار دەبینم، لـە ڕووی جوگرافییـەوە زێدی لـە دایکبـوونم هـەمان ئـەو

مەڵبەندەیە لە یەکێک لە قۆناغەکان بە شوێنی گەشەو پەرەسەندن و بە چەقی حەیران دەژمێردرێت، بۆیە لە ڕووی جوگرافییەوە من و حەیران ئاوەڵ دوانەین.

هەر لەسەر پشتی لانکەوە هەستەوەری بیستنی منداڵانەم بە حەیران فرچک دراوە، لە دوای لای لایەی دایکم،یەکەم ژەکی ئاوازی کوردییە، کە دەرخواردم درابێت و هەستی بیستنم پێی ئاشنا بووبێت، چونکە لە خێزانێکی حەیرانبێژو حەیراناس و حەیراندۆست گەورە بووم، بەو توانستە کەمەی هەمە لەسەر حەیران، دەتوانم حەیران و سەردوولکەو لاوانەوەو قسەی بە قایم لە یەکتر جیابکەمەوە.

بەهیوای ئەوەی ئەم هونەرە بە نەوەکانی دوای خۆمان بناسێنین، بۆ ئەوەی ئەو زانیارییە سنووردارەی لەسەر حەیران هەمە نەچێتە ژێر خاک و ون نەبێت، بە هیوای ئەوەی نەوەکانی داهاتوو سوودی لێ ببینن و زانیاری لێ وەربگرن. چەند زانین و کەم زانین تاوان نییە، بەڵکو کەمتەرخەمی و بنخاک کردنی ئەو شتانەی دەیزانی تاوانە. هیوادارم ئەم نووسین و هەوڵەم دەستبارگرتنێک بێ لەگەڵ ئەو چەند بەڕێزەی بە هەوڵی تاکە کەسی خۆیان دەستپێشخەرییان کردووەو زانیارییەکانیان لەسەر حەیران تۆمار کردووە.

هیوادارم ئەم هەوڵەی ئێمەش بەرچاوڕوونییەک بێت بۆ ئەوانەی، خەمخۆرانەو لێبڕاوانە لەسەر لایەنە جیاجیاکانی حەیران زانیاری کۆ دەکەنەوە. ئومێدەوارم لە داهاتوودا حەیرانناسی لە ئێمە باخۆشترو شارەزاتر وەک تیمێکی ئەکادیمی لە

توێژینەوەیەکی زانستی، نووسینی هەموومان لەبەریەک ڕانێن و پێکیان بگرن، بۆ ئەوەی ببێتە سەرچاوەی زانیاری لەسەر حەیران. خۆزگە ئەو حەیرانبێژانەی بە هەگبەی پڕەوە سەریان نایەوەو چوونە ژێر خاک، زانیارییەکانیان بخستایەتە سەر ڕووپەڕی کتێبان، هەرچەندە پێشینان گوتوویانە: (داری خۆزییان بەر ناگری). بەڵام دەکرێ ئێمە وەک ئەوان نەکەین، نەبادا نەوەکانی دوای ئێمەش ئەو خۆزگەیە بۆ ئێمەش بخوازن. بەر لەوەی سیاسەت و شەڕانخێوی هەموو ژیانمان وێران بکات و پشت لە ئەدەب و هونەر بکەین و شەش دانگی تەمەنم لەقەبەر سیاسەت و خەباتی چینایەتی و نەتەوەیی بکەم، حەیران پانتاییەکی فراوانی لە ژیانی منداڵی و گەنجی منی داگیرکردبوو، مەجریس و ڕاووشکاری باوکم هەمیشە چریکەی حەیرانی لێ دەهات، حەیران بەشێکی گرنگی ژیانی ڕۆژانەی ئێمە بوو، ڕۆژ نەبوو گوێبیستی نەبین.

لەکۆتاییدا؛ جێی خۆیەتی سوپاس و ڕێزی زۆرم بۆ هەموو ئازیزانەی لە تایپکردن و هەڵەچنی و پێداچوونەوەی ئەم پەرتووکەدا هاوکارییان کردووم، هەروەها هەموو ئەو بەڕێزانەش کە بە پێشنیار و سەرنجەکانیان پەرتووکەکەیان زیاتر دەوڵەمەند کرد، ستایشکار و سوپاسگوزاریی هەموویانم.

بەشی یەکەم

لەبانێژەی حەیراننناسییەوە

١- لاواندنەوەیەک بۆ حەیران

حەیران؛ ژیلەمۆ و پشکۆی ژێر ئاگری ئەوین و ئازارنامەی بە مراد نەگەیشتووانە، لەنیو بەندەکانی نالەی دەروون و کڵپەی سووتانیان بەرز دەبێتەوە بۆ کەشکەڵانی فەلەک.

حەیران؛ دەنگی زوڵاڵی گەرووی ئەو شمشاڵەیە، دادو فیغانی پێدەشتەکانی لە بەرامبەر ناعەدالەتی هەورەکان دەژەنی، مەرهەم و هەتوانی بریندی سەرگۆنا و تەوێڵ و قەڵشەکانی ناو لەپی شوان و پاڵە و ڕەنجدەرانە کە عەودال و گەڕیدەی دوای یەکسانیی وەک خۆرەتاون بۆ ئەوەی ئایەتەکانی یەکسانی وێردی سەر زمانیان بێت.

حەیران؛ تامی خاک دەدات و لە پاکیدا دەچێتەوە سەر توخمی ئاو، لە پانتایی ناخێکی سپی و قوواڵایی دەروونێکی پاکژی پڕ لە بەرائەت، وەک کانییەکی زوڵاڵ قوڵپ دەدات و لە ڕێگای ئەو هونەرەوە مرۆڤی کورد عیشق و سۆز و کول و کۆڤانی دڵی خۆی دێنێتە زمان، حەیرانبێژ وەکو سۆفییەکی بێنیاز و نەزەرپاک عەنبەر و میسک و زەباد دادەبێژێت، ئاوی حەیات دەڕژێنێتە سەر هەستەوەری مرۆڤی گوێگر، وشە و دەستەواژە ڕەسەنەکان لە ناو کووپەی دڵی هەڵدەهێنجێت، وەک دڵۆپە ئاونگی بەیانیانی سەر گوڵە نەستەرەنە، چوارنالەی پڕ لە غروروری ئەسپێکی سەرکەشە لە پێدەشتەکانی قەراج و کەندێناوە و شەمامکێ هەڵدەکشێن بەرەو کوێستانێ، بڕژانگی گوڵە گەنمی ڕەشگوڵ و جۆی

شەشپەڕی ئاقاری سەرگەڕان و پەرکانەیە، وەکی نێرینەی بەهارێ دەگەیشتە ڕکێبی شۆڕەسواری سییان و مامەسێنییان، حەیران؛ قریوەی شوان و هۆهۆی جووتیار و عەوەت عەوەتی دایمەسوارانە، وەکی لە ڕاوێ دیاردیان دەکرد لە کەرووێشکی گەرمەلانێ، بۆنی خەناوکەی قەنەفر و حەتۆتە و مۆری و مەرجانی بووکی ساری دەست بەخەنەیە وەکی دەچیتەوە باوەخوندێ لە گاوەرە و کەنداری، حەیران؛ ڕەوە مامزەکی چاوڕەشی شاخ بە تەنییە، لەبەر نووسکەی تاژی چوارپەل بەخەنە و گوێ بە ڕیشۆرە و مل بە قەرێتە، دەتەقین لە کاولە مەفتەنێ قەیماتی خۆیان داوێنەوە بەینی معێجیلە و مشاری. حەیران؛ زرینگەی داس و قەیناغی سەرپاڵەیە کاتێک تەبارەی دەداتە پێش خۆی و دەچێتە گازێ و سوارەی هۆندراوە داوێتە ئامێزی تێلەکێشی. حەیران؛ فرکان فرکانی تێلەکێشانە وەکی کوندە و دۆدانی دادەمەزرێنن لە نساری.. حەیران؛ بواران فوغانی شمشاڵی شوان و قریوەی کێژوکاری شەناغە و شەعەلییە، وەکی لە کەنگران تێکەڵ دەبوون لە ناو ئاقاری.

حەیران؛ بۆنی ئاردی گەرمی کەندوو و ئەستوورکی گەنمی قەندەهاری و ماستی بۆنسۆی مەڕی چاو زەرد و بەدامێن و بەرۆکی سێتارە و گردەسۆری سییانانە. حەیران؛ خەریتە و فیشەکدانی پڕ لە فیشەکی قۆرخانی گوللە سۆرە لەسەر قەد و بەژنی ژنی لاچک بەسەر وەکی لە بەراییێ عێل و ڕەوەندی خێڵی جواهێری ئەحمەدی بارینان ڕادەکێشی سەری شێوەری. دەڕۆن دەچنە کوێستانی سپی ڕێزی خەیلانیان، مێرگە چەکۆی

مەموونـدیان، لـە نـاو سـێبارەکی تـەمێ هەریانـدەداوە لـە بـۆزی مێرگەسیرێ و کۆدۆی بۆلییان.

حەیران؛ هەڵمی بەرو باخەری گەرمی ئەو کێژانەیە وەکی شـەو لـە سـێباری نیـوە شـەوێ لـە جێژوانـێ لـە چـاوەڕوانی کـوڕەتیم حـەیرانێ تـەڕ دەبـوو لەبـەر چۆڕاوگـەی بانـان. حـەیران؛ گمـە و بوغغەی خەڵوەتی گەرمی کۆتری مەستە ئاوازی هەڵفڕینـە، پڕە لـە جریـوەی ئەسـتێرەی وشـە، هـاوار و گـازی و ئـەنگووتنی شـنەی بەربەیانـە، بـەر لـەوەی تیشـکی گزنگـی ڕۆژێ بـدات لـە تـاق و پەنجـەرەی قۆنگرە و قـەراتی پیرە هـەولێرێ و وراتی زێڕەوشـان بکـات، پـاش بارانـان سـەرووی ڕەوانـی پەلکەزێڕینەیـە. حـەیران؛ سەمای ڕۆحی وشە و ڕەشبەڵەکی دەستەواژە ڕەسـەنەکانە، بـۆنی یەکەم بارانی ساڵ دەدات.

حەیران؛ ڕەوە و پۆلی ئەو قاز و قورینگانەیە لـە پەرپەرۆچکەی عاسمانێ شـابالّی خۆیـان شـۆڕدەکەنەوە و لـوور دەبنـەوە بـەرەو گەرمەسێر و کاولە مەفتەنێ.

حـەیران؛ وردە بـارانی بـن ڕەشـماڵی عیلـی مـەنگوڕ و مامەشـی گەرمـێن و کوێسـتانێیە، نەرمـۆکە نەرمۆکـە دەخـونی، تـەڕ دەکـا چارۆگی کابانی گەورە ماڵان وەکی لە زارکی ڕەشمارێ ڕاوەسـتا بـەپێوە. وەکـی سـەرێ بـواران شـوانکارە و مـەڕداری هـەردوو دیـوان تێکـەڵبوون لـە کوێسـتانی خـواروو کـۆترەلی، ئاغـا سـەر و مێرگـژان، کەولّـە و ترشـینی، سـەری شـەڕگەی، گـەوەی خـەجێ ئاجیان، سـەربەردەی کارەزیـان و سـەری واری شـێخان، بـە عـام هۆبە و ڕەشماریان هەڵداوە، هۆبـەی پـایزە هـەواریان داوێشـتەوە،

دەشتی وەزنێ و دەشتی مەردواوێ، مێرگەکی گەلەشین و بەسەفایە، دەنگۆ بە چاوێ من بڕۆنە کۆچک بە سەر و لفکەشۆڕ و پشتێن شلی مەنگوڕان، وەکی دەچنەوە دووڕە دۆشێ شیرمەشک لە کۆڵێ و کوڕ بە بەرێوە.

حەیران؛ فێنکایی کزەی بای شەمارییە، وەکی دەداتەوە لەسەر و پەرچەمی کێژە برباس و بندیانان، تێکەڕی دەکرد بسک و شابسک و هوردە پەرچەمی شێ تاری لەگەڵ لفکەیێ هیزارێ.

حەیران؛ کڵپەی یاخیبوونێکی سەرکەشانەیە لە پێدەشتە کاکی بە کاکییەکانی قەراج و کەندێناوە و دەشتی هەولێر لە دژی بەربەستە کۆمەڵایەتی و کولتوورییەکان، لەوانەی دەبنە ڕێگر لە بەردەم بەیەک گەیشتنی کچەتیم حەیرانێ و کوڕەتیم حەیرانێ، وشە و دەستەواژەی ڕەسەنی ناو بەندەکانی مرۆڤی گوێگر دەهەژێنێ و لە ناخەوە هەست بە جۆش و خرۆشێکی گەرم دەکات، چونکە دەربڕی ناخی دڵدارێکی دەست و داوێن پاکژ و ڕاستگۆ و مۆکڕ لەسەر بەڵێنەکانیەتی، بۆیە لە بەرامبەر خاوەندارێ کردن لە بەڵێنی دڵداری دەروونی عاشقان دەتەزێنێت.

حەیران؛ لای لایەی کۆرپەی ساوایە لە ناو ئەو لانکەی وەستای کەرکوکێ کەوارەی گەلەک برند کردییە، مەمکی نازدار حەیرانێ گەلەک گچکەیە ناگاتە دەوی کوڕی.

حەیران؛ داد و فیغان و ئاهو نزوولەی کۆرپە کێژۆرەکانی در بە خەمە، وەکی دایدەبڕن لە کوڕەتیم حەیرانێ، بە زەبری نووکی خەنجەرێ بەسەر سێ هەوێیان مارەی دەکەن لە پیرەمێردەکی کۆچی گەنی، یەخسیری دەکا لە ناو قۆنگرە و قەراتێ.

کچـەتیم حـەیران شـەوێ لـە سـێبارێ نیوەشـەوێ کەلـەکان دەگۆڕێ، ئاخان هەڵدەکێشی دەڵێ:

(سەیدەحمەدی ڕەشوانێ[1]) سەت جار هاوارە لەسەر قەراتێ،
بە هانام وەرە چبکەم گەلەکم لێ دووری هەر چەندی دەکەم دەنگم ناتگاتێ.
لە درێ منی خانەوێرانێ یەقینە؛ دەبێ بمرم بەوێ داخ و کەسەرێ،
نـەوەک مێـزەری بـاب و بـرام خـواربی لەنـاو مـەجریس و جماتێ[2].

حەیران؛ غرمەی بازن و بەربازن و خرخار و پاوانەی زەند و پووزی سپی و سۆلی ئەو شۆڕە ژنەیە وەکی کاوێساغا دەرێ: شـل و ملـێ ناسـک بـەدەنێ، پاشـپانی خـرێ داودەلینـگ حـاجی حوسـێنی، عـەمرێ داکێت نـەمێنێ تـە ئەز کوشـتیمە چەندە شـیرن بوو وەکی ئێواران بە پەنجە و پانی دێیەوە لە ڕێیێ سراوێ.

---

۱. ڕەشوان، گوندێکی ناوچەی زرارەتییە، دەکەوێتە ڕۆژئاوای ڕێگای هەولێر-پیرمام. ڕوونکردنەوەی زیاتر لە کۆتایی کتێبەکە بخوێنەوە.

۲. ئەم حەیرانە زیاتر لە حەیرانبێژێک گوتویانەتەوە، هەندێکیان دەڵێن: هی سەید ئەحمەدی ڕەشوانییە، هەندێکیش دەڵێن؛ هی شێخ حەسەنی ڕەشوانییە.

٢- وشەی حەیران

بەرلەوەی ڕا و تێگەیشتنی خۆم بۆ ڕیشەی وشەی حەیران بنووسم، دەپرسم دەربارەی ئەوەی کە ئایا لە ماک و بنچینەدا ڕەگوڕیشە و سەرجەلەی ئەم وشەیە لە کوێوە هاتووە؟ یان لە سەرەتادا پێکهاتەی خێزانی ئەم وشەیە هەروەکو ئێستا شەش پیت بووە؟ ئایا وەکو زۆر وشەی دیکە سولاوکەی ئاوی زەمەن دایشۆریوە و سواوە و هەر ئەوەندەی لێ ماوەتەوە؟ یان لێی کەم و زیاد کراوە و پێتی لێ گۆڕدراوە، بۆ ئەوەی لەسەر زار و زمانان ئاردواوێژی خۆشبێت؟ نۆبەرەی حەیران لە دوای تروکان و هاتنەدەر لە قەپێلک و قۆزاخەی خۆی لە کوێ لە دایک بووە و کێ مامانی بووە و ناوکی بڕیوە و بەم ناوەوە، ناوزەدی کردووە؟ ئەمانە پرسیارگەلێکن تاکو ئێستا بێ وەڵامن.

لە کاتێکدا دێرنیترین کۆمەڵگەی سەر ئەم هەسارەیە کۆمەڵگەی زاگرۆسییە کە نەتەوەی کوردی لێپێکاتووە، ڕیشاڵی مێژوویی لەسەر ئەم خاک و مەرز و بوومە هەیە. کەواتە ڕێمان دەکەوێ بڵێین: هونەری حەیران لە پێش بەرکەوتنمان لەگەڵ عارەب هەبووە، بەڵام لە فۆرمێکی دیکە و بە ناوێکی دیکە، کەواتە ڕێگای تێدەچێت لە دوای گواستنەوەی چەرخی کۆن بۆ چەرخی دوای خۆی کاتێک مرۆڤی کورد دەبێتە دەوارنشین و گوندنشین ئەم هونەرە ئەو کاتە ناوی لێترابێت، حەیران لەگەڵ زایەڵی کۆچەر و مەڕدارەکان گەشەی کردبێت، (غەفوور مەخموری) بۆ چەمکی

حەیران دەڵێ: (وشەی حەیران وەک دانەیەکی فەرهەنگی مانای (سەر سوڕماو، سەرگەردان، بەراگێڕ) دەگەیەنێت، جگە لەوەش واتای جۆرە مەقامێکی کوردی دەبەخشێت کە لەسەر مەقامی بەیات دەگوترێت. لە زمانی عەرەبیشدا (حەیران) لە (الحیرە)وە هاتووە کەسێک لە کارێکدا یا لە هەڵوێستێکدا دووچاری وڕی و گێژی بێت و سەری لێ بشێوێ ئەو کەسە (حائر)یان (حەیران)ی پێدەڵێن[1].

من ڕیشەناس نیم، بەڵام وەک دیارە وشەی حەیران لەلای ئێمەی کورد، بۆتە ناوێکی هونەریی ڕۆحسووک بۆ مەقامێکی ڕەسەنی کوردی کە لەسەر پەیژەی مەقامی بەیات دەگوترێت، وشەی حەیران لە ناو زمانی کوردی و عەرەبی هەر یەکەمان بۆ مانایەک بەکاری دێنین. لە ئاخاوتنی ڕۆژانەی خەڵکی نەخوێندەواریش بەکار دێت، ئەوەتا دایکم بۆ هەردوو مانا کوردی و عەرەبییەکە بەکاری دێنا: زۆرجار بە برا بچووکەکەمی دەگوت: ڕەببی بە حەیرانت بم (واتا بە قوربانت بم: بەراگێڕت بم).

چەندین جاری دیکە دیومە دایکم دەستی لە ئەژنۆی وەرێناوە و کەوتۆتە بن بارەکی غەم و سەر لێشێوان، لە بیرکردنەوەیەکی قووڵدا نەیدەزانی بۆ نیوەڕۆ چ چێشتێکمان بۆ لێ بنێ بۆ ئەوەی زگی ئەو خێزانە قەوغەیە تێر بکات، لە ناکاو دەیگوت: (حەیر) ماوم نازانم چییان بۆ لێ بنێم!!.

---

١. حەیران چەمک- ناوەڕۆک- سەرهەڵدان، غەفوور مەخموری، وەزارەتی پەروەردە، هەولێر،٢٠٠١، ل.٢١.

زاراوەی حەیران لە ناو دەقی شیعریی زۆر لە شاعیران بەکار هاتووە، لە زۆر دەقی ئەدەبی دیکەش نووسەران بەکاریان بردووە، بەڵام مامۆستا هەژار بۆ ئەوەی زمان و قەڵەمەکەی لە هەندێک وشە بپارێزێ کە دوو ڕەگیان هەیە، ئەو چەند وشەیەی زمانی کوردی بەکار هێناوە کتومت هەمان واتای دەستەواژەی حەیران دەدات، دەڵێ:

بە (سەرگەردانی) ژێر گەردانەکەت بم،
(بەڵاگەردانی) بالا جوانەکەت بم،
ئەوا تۆم دی لەسەر کوشتەت دەکەی شین،
بە (گۆری) چاوە پڕ گریانەکەت بم[1].

دەبینین: سەرگەردان، بەڵاگەردان، گۆڕی، هەرسێکیان هەمان مانای بە حەیرانت بم دەدەن.

لەسەر دروستبوونی وشەی حەیران، ڕاوبۆچوونی جیاواز هەیە لەلایەن پارێزەرانی ئەو هونەرە میللییەوە، هەریەکە و شتێکی لێ هەڵێنجاوە، ئەوەتا سەعدوللا شێخانی دەڵێت: لە زمانی عەرەبیشدا (حەیران) وشەیەکە لە (الحیرة)وە هاتووە، کە واتای (مرۆڤ لە هەڵوێستێکدا تووشی وڕی و گێژبوون بێت و سەروبنی کاری لێ بشێوێ، ئەو مرۆڤە (حائر) یان (حەیران)ی پێ دەڵێن.لام وایە تەنها ڕێکەوت هەردوو وشەی (حەیران)ی کوردی

---

١. چوارینەکانی خەیام- وەرگێڕانی مامۆستا هەژاری موکریانی، ٢٠٠٨- چوارچرا سلێمانی- ل ١٣٣، چوارینەکانی بابا هەژاری موکریانی.

و عەرەبییان وێکچواندبێ ئەگەرنا هەریەکەی بەندە بە زمانەکەی خۆیەوە و ئەوەی خۆمان کوردییە[1]).

زۆر وشە هەیە لە بنچینەدا پێشتر بە شێوەیەکی جیاواز لە ئێستا گۆکراوە. بە تێپەڕبوونی زەمەن سواوە و سیمای سەرەتایی خۆی لە دەستداوە. حەسەن جودی لەو باوەڕە دایە کە: (وشەی حەیران لە هەی یارانەوە هاتووە) بە واتا ئاگادارکردنەوی بەرامبەر و گازی و هاوار[2].

مامۆستا زیاد محەمەد ئەمین: (وێدەچێ وشەی حەیران، لە دەستەواژەی بانگکردنی سەر سووڕهێنەرانەی (ئەی یاران؟)ەوە هاتبێ، کە بۆ لێدوان لە ڕووداتی کارێک کە نەدەبوو ڕووبدات بەکار دێت. وەکو ئەگەر کارێکی چاوەڕوان نەکراو بێتە پێش و کەسێک لە برادەرێک یان کۆمەڵێک برادەر بپرسێت، (ئەی یاران) ئەو کارە بۆچی ڕوویدا؟!!.

دیارە وشەی (ئەی) ئامرازی بانگکردنە و وشەی (یاران)یش ناوە بانگکراوەکەیەتی، لە دەستەواژەی (ئەی یاران)یشەوە بووە بە (هەیاران) کە کورد بە زۆری ئەم وشەیە بە کار دەهێنن. دیسان گۆڕانکاری دیکەشی بەسەردا هاتوون و لە (هەیاران)یشەوە بووە بە (هەیران)و لەوێشەوە بووە بە (حەیران). بۆ سەلماندنی ئەم بۆچوونەش:

---

١. حەیران و مەرگی غەریبان، سەعدوللا شیخانی و خالید جووتیار، چاپخانەی الحوادث، بەغدا ١٩٩٠، ل٨.

٢. لە بەرنامەی زایەڵەی زاگرۆس، کەناڵی تەلەفزیۆنی ئاریان تیڤی چاوپێکەوتن لەگەڵ نووسەر حەسەن جودی دا، ٢١ی حوزەیرانی ٢٠٢٢.

[1].دەنگی پیتی (ح) کە یەکەم پیتی وشەی حەیرانە، دەنگێکی بێگانەیە و لە خێزانی پیتە کوردییەکاندا جێگای خۆی کردۆتەوە.
[2].دەنگی پیتی (هـ) کە دەنگێکی ڕەسەنی زمانی کوردییە، زۆرجار لەگەڵ دەنگی (ح) لە بری یەکدی بەکاردەهێنرێن. وەکو: وشەکانی سەرسوورهێنەری دەستەواژەی (هەی هەی!!) کە بۆ سەرسوورمانێکی زۆر بە کار دێت و لە قساندا دەبێت بە (حەی حەی)، یان وەکو ناوی (هەریر) کە بە (حەریر) ناو دەبرێت، یان .....تاد.
[3].حەیرانبێژەکان لە دەستپێکردنی گوتنی حەیراناندا، وشە، یان دەستەواژەی بانگکردنی سەرسوورهێنەر بەکاردەهێنن، وەک: (ئەی، ئەرێ)ی ئامرازەکانی بانگکردن، تێکەڵ بە ناوێکی دەکەن بۆ ئەوەی بانگی بکەن. بەوەش دەستەواژەیەکی بانگکردن دروست دەبێت وەکو: (ئەرێ کاکی خۆم)، (ئەی بابە!)، (ئەرێ حەیران!)....، کە ئەمانە هەموویان لە دەستەواژەی سەرسوورهێنەری (هەیاران)ەوە نزیکن. لە نووسینیشدا بە نیشانەی سەرسوورمان کۆتاییان دێت[1].

هەر چەندە ئەو هەوڵە تاکە کەسیانە سەرەتایەکی باشە بۆ خاوەندارێکردن لەو سامانە کەلەپوورییەی گەلەکەمان، بەڵام تێکۆشانێک دروست دەکەین، چونکە هەر یەکەمان بە گوێرەی تێگەیشتنی خۆمان پێناسەی چەمکەکان دەکەین.

---

١. ئاوازو بەسەرهات، زیاد محەمەد ئەمین، چاپخانەی ئاراس، هەولێر، چاپی یەکەم، ٢٠٠٧، ل. ٧٠- ٧١.

حەیران لە ڕووی ناوەڕۆک و فۆرم و زمانەکەیەوە پێدەچێت ڕەگێکی قووڵی میژوویی هەبێت و بگەڕێتەوە بۆ قۆناغی کاریگەری ئەفسانە ئاینییەکان، دەبینین برا یارسانەکان بەر لە دەستپێکردنی نەریت (تقوس)ە ئاینییەکانیان سێ جار بە دەنگی بەرز دەڵێن: (ئەی یاران، ئەی یاران، ئەی یاران)، هەروەها لە کتێبی ئەفسانە و پەندی کۆمێدی گاڵتەئامێزی کوردی نووسراوە: بەهەشت-یش لە ئەفسانەی زەردەشتیدا بە گوێرەی ئەو سێ بنەمایە بەم جۆرە دابەشکراوە:

١. هۆمەتە: پایەی ئەندێشەی چاک.

٢. هۆخەتە: پایەی گوفتاری چاک.

٣. هۆرشتە: پایەی کرداری چاک[١].

زۆر لەو چەمکانەی ڕۆژانە بەکاریاندێنین لە ناویشیاندا حەیران پێویستە ڕیشەناسان کنە و پشکنینی بۆ بکەن، تاوەکو ڕیشاڵی میژووییان بدۆزنەوە. لە دوای ئەو هەموو خوێندنەوەیەی سەرچاوەکان و هەڵگێڕ و وەرگێڕکردنی وشەی حەیران و گوێگرتن لە حەیران کە زۆربەی بە گازی و هاوار و ئاگادارکردنەوەی وەک گەلی براینە.. براەرینە، ئەنگۆ زەینێ خۆ بدەنێ، ئەرێ بابە، ئەمن دەڕێم، کە هەمووی ئاگادارکردنەوە و سەرنجڕاکێشانە، بۆیە گەیشتمە ئەو بڕوایەی لە سەرەتاوە وشەی (حەیران) لە (هەیاران)ەوە هاتووە.

---

١. ئەفسانە و پەندی کۆمیدی گاڵتەئامێزی کوردی، لێکۆڵینەوە، د. نەجم ئەڵوەنی، هەولێر، چاپی یەکەم- هەولێر- ساڵی ٢٠٠٧، چاپخانەی دار.

٣- مێژووی حەیران

دیاریکردنی مێژووی سەرهەڵدانی ئەدەبی میللی و هونەری فۆلکلۆری لە ناویشیاندا حەیران کارێکی نەکردە نییە. هەڵوێزنینی کەڵافە ئاوریشمی سەرجەلە و رەچەڵەک و مێژووی سەرهەڵدانی حەیران هەروا ئاسان نییە، بە تایبەتی لەلایەن کۆمەڵگەیەک کە مێژووی لە دایکبوونی زۆربەمان (٧/١) یەکی حەوت بێت، کەواتە ئێمە مێژووی لە دایکبوونی خۆمان نازانین کە لە چاو سەرهەڵدانی حەیران دوێنێیە، بەم هۆیەوە ساغکردنەوەی مێژووی سەرهەڵدانی حەیران لە توانای سنووردارى ئێمە بەدەرە. ئەو مێژووە بە ڕۆژ و مانگ و ساڵ دەستنیشان ناکرێت.

وێدەچێت حەیران ڕەگێکی قووڵی مێژوویی هەبێت و بگەڕێتەوە بۆ سەرەتای گەشەسەندنی دەوارنشینی و گوندنشینی، کە ئاژەڵداریی و کشتوکاڵکردن بنەمای ئابووریی و بژێوی ژیانی نیشتەجێی زاگرۆسییەکان بووە. حەیران هونەری کۆمەڵگەیە، واتا لەگەڵ بەرەو پێشچوونی کۆمەڵگە دەکرێ ئەو هونەرەش لە قۆزاخەی فۆرمی بەرایی خۆی نەمابێتەوە و گۆڕانکاری هونەری لە ڕووخسار و ناوەڕۆکەکەی کرابێت و کاریگەریی ئاینە کۆنەکانیشی بەسەرەوە هەبووبێت، کەواتە دەگەینە ئەو باوەڕەی فۆرم و ناوەڕۆکی ئەو هونەرە لە سەرەتادا وەک ئێستا نەبووبێت و هەر قریوە و هاوار و گازکردنێک بووبێت بۆ ئاگادارکردنەوەی یەکتری، ئێستاش ئەو گازکردنە بە سەرەتا و دەستپێکی حەیرانەکانەوە دیارە کە بانگکردنێکی سەرسوورهێنەرانەیە وەک:

گەلی براینە برادەرینە، ئەنگۆ زەینێ خۆ بدەنێ ئەرێ حەیران، ئەمن دەرێم، ئەرێ بابە، چەندم گازکردی و...تاد.

ئەگەر بمانەوێ مێژووی حەیران بە گوێرەی سەردەمەکان قۆناغبەندی بکەین دەکرێ بڵێین: حەیران دوو قۆناغی هەبووە؛

قۆناخی یەکەمی لە کۆمەڵگەی سەرەتایی زاگرۆسنشینەکانەوە دەستپێدەکات،کە سەرەتا هەر قریوە و گازیکردن و ئاگادارکردنەوەی یەکتر بووبێت. لەگەڵ پەیدابوونی یەکەمین تیرەکانی کۆمەڵگە دەستپێ دەکات تا دەگات بە پەرەسەندنی گوندنشینی و دەوارنشینی و سەردەمی گەشەسەندنی ئاژەڵداریی و کشتوکاڵی.لەم قۆناخە حەیران لە یەکەم فۆرمی خۆیدا سەریهەڵدابێت. مسۆگەر کۆمەڵگەی کوردی ئەمڕۆش کۆمەڵگەی هەرە پەسەنی زاگرۆسنشینەکانی بەرێیە.

قۆناخی دووەمیشی؛ گەشەسەندنی حەیران بووە، کە ئیدی کۆمەڵگە لە تیرەوە بەرەو هۆز و خێڵ گەشەی سەندووە، هۆز و خێڵەکان بەهۆی ئاژەڵداریەوە گەرمیان و کوێستانیان کردووە. هەروەها لەنێو کۆمەڵگەشدا ئیدی چینی سەردار (کە دواتر لە فۆرمی ئاغا و دەرەبەگدا) سەریهەڵداوە.

بە تێپەڕبوونی کات گۆڕان بەسەر زمانی ئەو هونەرەدا هاتووە، لەگەڵ سەرهەڵدانی بیری نواندنی هونەری گەشەی کردووە، تێکەڵ بە ئەفینی مرۆڤ بووە، وەک ئێستا دەبینین بۆتە یەکێک لە پەسەنترین دەربڕینی هونەری و میلۆدی نەتەوەی کورد و ئافرێنەرێکی بلیمەتی هونەری ئاوازی کوردییە، لە مێژووی کۆمەڵایەتی کورددا کاری هەرەوەزی وەک قەڵەمبازێک تین و

گوڕێکی زۆری بە پەڕەسەندنی گۆرانی لە ناوبیاندا حەیران داوە، بۆیە لە قۆناغێک بۆ قۆناغێکی دیکە توانیویەتی کەمێک ڕێکتری بخات. ژنیش لەو بەرەو پێشبردنەی گۆرانی کوردی بەشداری کارای هەبووە، زۆرجار پێشەنگایەتیشی کردووە لە کاتی هەرەوەزەکان و کاری ڕۆژانەی هاوبەش، زۆرجار ژن گۆرانی گوتووە و پیاوان لە دوایان گێڕاوەتەوە وەکو کۆرس، لە حەیرانیشدا لە دێر زەمانەوە ژنان لە بەرەو پێشبردنی ڕۆڵی کاریگەرییان هەبووە، تاوەکو حەیران لەسەر پەیژەی مەقام داڕێژراوە زەمەنێکی زۆری بەسەردا تێپەڕبووە. لەسەر دیاریکردنی مێژووی حەیران ڕاو سەرنجی جیاواز هەیە، هەندێکیان دەخەینەڕوو:

نووسەرو لێکۆڵەر (حەسەن جودی) لە بەرنامەی زایەڵەی زاگرۆس-کەنالی تەلەفزیۆنی ئاریان تیڤی، کە لەسەر مێژووی حەیران بوو، ئەم پرسیارانەی لێکرا:

ئاریان تیڤی: ئایا مێژووی حەیران دەگەڕێتەوە بۆ کەی؟ ناوەکەی لە چییەوە هاتووە؟ ڕیشەی وشەی حەیران لە چییەوە هاتووە؟ ناوەڕۆک و فۆرمی حەیران چییە؟ ئایا حەیران چ پەیوەندییەکی بە ژنەوە هەیە؟

حەسەن جودی: مێژووی سەرهەڵدانی حەیران دەگەڕێتەوە بۆ (٥٠٠٠) پێنج هەزار تا (٧٠٠٠) حەوت هەزار ساڵ[١].

---

١. سەرچاوە: کەنالی ئاریان تیڤی، بەرنامەی زایەڵەی زاگرۆس، چاوپێکەوتن لەگەڵ نووسەر حەسەن جودی، لەسەر مێژووی حەیران.

بەدران ئەحمەد دەربارەی حەیران ئەم بۆچوونەی هەیە: لە بارەی مێژووی پەیدابوون و سەرهەڵدانی ئەم هونەرە زارەکییە لە ناو کوردەواریدا، ناتواندرێ شتێکی بڕاوە و یەکجارەکی بگوترێ. وەک گوتم حەیرانبێژان هەریەکە و حەیرانی تایبەت بە خۆیان هەبووەو، تەنیا هونەرەکەیان لە یەکتری و پشتاوپشت وەرگرتووە، دەنا حەیرانی حەیرانبێژانی کۆن، هەمووی ون بووەو لەگەڵ خۆیاندا بردوونەتە بن گڵ.

پیشەی نووسین و خوێندەواری و ڕۆشنبیری نەتەوەیی زۆر درەنگ لە ناو کورددا بڵاوبووەوە، بەشی هەرە زۆری سامانی زارەکی و زمانی کوردی فەوتا و نووسین و گۆڤارو کتێب تەنیا بە بنکەڕێکی ڕاگەیشتن. حەیرانیش لە سامانە فەوتاوەکانە و کەمێکی لەم دوادواییانە نووسراوەتەوە، یان تۆمار کراوەتە سەر کاسێت. بە بڕوای من، (مێژووی لە دایکبوونی ئەم هونەرە زۆر کۆن نییە و ڕەنگە بۆ (٢٠٠) دوو سەد یان (٢٥٠) دوو سەدو پەنجا ساڵ بگەڕێتەوە)[١].

بە تەتەڵەکردنی نووسینی ئەو بەڕێزانەی لەسەر حەیرانیان نووسیوە تاکو ئێستا سەرچاوەیەکی باوەڕپێکراومان لەبەر دەستدا نییە، بەدڵنیایی پشتی پێ ببەستین، ئەوەی هەیە لەسەر مێژووی حەیران گەرەکە هەموویان پێکبگرین بزانین کامەیان بەڵگەی سەلمێنەریان زیاتر تێدایە. دیاریکردنی مێژووی سەرهەڵدانی حەیران پێویستی بە توێژینەوە و تەتەڵەکردنی

---

١. گۆڤاری ئاسۆی فۆلکلۆر، بەدران ئەحمەد، ژمارە ٤٤، ٢٠٠٩، ل ١٠.

مێژوونووسانی ئەکادیمی هەیە لەسەر بنەمای زانستی بگەنە دەستنیشانکردنی مێژووی حەیران، نەوەکو هەر بابایە بە گوێرەی مەزەندەی خۆمان دەستنیشانی ئەو مێژووە بکەین.

بەداخەوە لەم بارەیەوە زۆر کۆڵەوارین و ڕۆشنبیریی نەتەوەییمان نەگەیشتۆتە ئەو ئاستەی سەرچاوەیەکی باوەڕپێکراومان لەبەردەستدا بێت بۆ ئەوەی ئەو کەسانەی دەیانەوێت لەسەر حەیران بنووسن پشتی پێ ببەستن. بەم هۆکارەوەیە دەبینین ئەو بەڕێزانەی لەسەر مێژووی حەیرانیان نووسیوە جیاوازییەکی یەکجار زۆر لە نێوانیاندا هەیە.

٤- یەکەم لانکەی حەیران

ئێمە کاتێک بۆمان ساغ نابێتەوە و لە کەسیش ڕوون نییە یەکەم دەقی حەیران کێ دایڕشتووە و لە کوێ سەری هەڵداوە و بە چ فۆرم و ناوەڕۆکێکەوە دایانڕشتووە و بۆ چ مەبەستێک گوتراوە، کەواتە باشترین شت قۆناغبەندییە.

بە گوێرەی تێگەیشتنی من سەرهەڵدان و گەشە و سەردەمی زێڕینی حەیران بکرێتە سێ قۆناغ، بۆ ئەوەی خوێنەر قۆناغەکانی لێ تێکەڵ نەبێت:

١. **قۆناغی سەرهەڵدانی حەیران:** دیاریکردنی مەڵبەندی سەرهەڵدانی حەیران پێویستی بە لێکۆڵینەوەی ئەکادیمیانەی میژوونووسان هەیە و لە توانای سنووردارى ئێمەماناندا نییە، کە بزانین لە سەرەتادا کەی و لە کوێ حەیران لە قەپێلکی خۆی هاتۆتەدەر، بۆیە کاتێک سەرچاوەیەکی باوەڕپێکراو لەبەر دەستدا نەبێت، ناچارین هەریەکەمان لە ڕاستە خۆی و بە گوێرەی تێگەیشتن و مەزەندەی خۆی ڕاوبۆچوونی بخاتە سەر کاغەز و شتێک بنووسێت. زۆر پرسیاری بێ وەڵام لە بارەی سەرهەڵدانی حەیرانی سەرەتایی دێنە ئاراوە و قوت دەبنەوە وەک: ئایا فۆرم و ناوەڕۆکی حەیران بە هەمان شێوەی ئێستای بووە؟ یان هەر گازی و قوولەیەک بووە بۆ ئاگادارکردنەوەی یەکتری! چۆن لە بارەی هونەرییەوە پێ بە پێ ڕێکخراوە؟ ئایا کاریگەریی ئەفسانە ئاینییەکان تا چ ڕادەیەک کاریان کردۆتە سەر حەیران؟ ئایا لە

سەرەتادا حەیران هونەری ژن بووە، یان پیاو، یاخود هەردووکیان؟. زۆر شیمانە و پرسیاری بێ وەڵامی دیکە، بۆیە نامەوێ لووت لەو قۆناغە بژەنم کە زانیاری دڵنیاکەرم لەسەری نییە. ئەوەی لەسەر قۆناغی سەرهەڵدانی حەیرانم نووسیوە مەزەندە و تێگەیشتنی خۆمە، پێموایە مێژووی حەیرانی سەرەتایی لەگەڵ دەستپێکردنی ژیانی گوندنشینی و دەوارنشینی لە کوردستاندا سەریهەڵداوە. ڕوونیش نییە مەڵبەندی سەرهەڵدانی یەکەم حەیران سەروچاوەکەی کوێ بووە!.

٢. **قۆناغی گەشە و پەرەسەندنی حەیران:** دەکرێ بڵێین مەڵبەندی گەشە و پەرەسەندنی حەیران لەگەڵ پەرەسەندنی کۆمەڵگەی تیرەکانەوە بۆ هۆز و خێڵەکان و پەرەسەندنی دەوارنشینی و گوندنشینی لە دەشتی هەولێر و قەراج و کەندێناوە بووە، مەبەستم بچووککردنەوە و گۆشەگیرکردنی حەیران نییە لە ناوچەیەکی دیاریکراو، بەڵکو باسی یەک لە قۆناغەکانی گەشە و پەرەسەندنی حەیرانە، لە ئەنجامی خوێندنەوەم بۆ دەقی زۆربەی حەیرانەکان و گوێگرتنم لە حەیرانبێژی پارچەکانی دیکە و ناسینی هەندێکیان لە نزیکەوە، بۆم بەدیارکەوت مەڵبەندی گەشەی حەیران چەقەکەی دەشتی هەولێرە، ئەم ڕایەم لەبەر چاو تەنگی ناوچەگەرێتی نییە، بەڵکو هەر بەشێکی کوردستان بە پارچەیەک لە جەرگی خۆم دەزانم، ئەو ڕایەم ئەوە ناگەیەنێ ناوچەی موکریان لە ڕووی ئەدەبی و فەرهەنگی و هونەری بە پێشەنگ نەزانم، هەر چۆن سیاچەمانە مەڵبەندی سەرهەڵدانی هەورامانە و مەقام و ئای ئای مەڵبەندەکەی کەرکوک و گەرمیانە و گەلۆ لە

ڕۆژهەڵاتەوە پەلی هاوێشتووە و لاوک بە شێوەزاری باکوور دەگوترێت، حەیرانیش چەق و مەڵبەندی گەشەکردنی دەشتی هەولێر بووە. لە دوای ئەوەی گەیشتینە ئەو باوەڕەی لە یەکێک لە قۆناغەکان چەقی گەشەی حەیران دەشتی هەولێر بووە، ئەو پرسیارە دێتە پێشەوە؛ ئەی چۆن لەو قۆناغە ئەو هونەرە گواستراوەتەوە بۆ ناوچەی موکریان؟! بە تێگەیشتنی من لەگەڵ گەرمێن و کوێستانی مەڕارە دەوارنشینەکانی دەشتی هەولێر بە دوو ڕێگادا حەیران سەرکەوتووە و سنوور و کەوشەنی بەینی گەرمێن و کوێستانێ تێپەڕاندووە. لە ناو تووبێنی شوانەکانی دەشتی هەولێرو قەراج و کەندێناوەی لە ناو پاشۆل و توری نەخشینی بە گورینگی ملی شەنگەبێری خێڵی ئەحمەدی بارینان و خەیلانی و گەڕی هیزاری شۆڕەژنی جەواهێری لاچک بەسەر و داو و دەلینگ حاجی حوسێنی گاوەرە و کەندار و بناری زوورگەزراوی گواستراوەتەوە بۆ شوانی چەلەنگ و بە زیپکی خێڵی زێوکە و ماشکانێ، لەوێ حەیران دراوەتە دەستی ئەو بووکەی ماملێ کە دەڵێ: (خێڵی زێوکە و ماشکانێ هەڵیاندا لە بارزینی، بووکێ پێی لە ڕکێبێ ناکەوتە سەر خانێ زینی).

شادەماری یەکەم: بە شوێن پێی ئەو حەیرانەی خدر خەرابە دراویدا سەرکەوتووە بۆ سەپی ڕێزی خەیلانیان و کوێستانی بەربرین و مێرگە چەکۆ و بۆزی مێرگەسیرێ و کۆدۆی بۆڵیان کە دەڵێت:

(ئاییی...

ئەگەر دەڕێم لە چەمان لە چەمێ دیوانێ،

وەرە سەرێ بواران و هاوینان خێڵی جەواهێری ئەحمەدی
بارینان خێر و ڕەوەندی بە سەرکەت لە پیرمامی شۆڕدەبنەوە
لۆ ڕووباری کۆڕێ،
گەیشتنە گەروێ سۆرکی بەسەرکەت لە زینەتێرێ بەرێ خۆ
دەدەنە کوێستانێ،
کوڕ دەرێ؛ هەر زینەتە لە لفکەشۆڕی خەیلانیان خەرجەستین
و باجگری ماچان بومایە لەسەر پردی ڕواندزێ،
هەموو دانی ئێواران و سبیانانێ لەسەر ئاوی جوندیانێ)[1].

ڕێگای دووەمی سەرکەوتنی حەیران: لەگەڵ کۆچ و کۆچباری ئەو شوانکارە و مەڕدارانەی پشت ڕێ و بەر ڕێێن و دەشتی کۆیە بەرەو کێڵی کوێستانان، بە ڕێچکەی ئەو حەیرانەی عەلی حاجی تایەر هەللاجیدا ڕۆیشتووە کە دەڵێت:

(گەلی براینە برادەرینە،
مارە بابی نازدار حەیرانەکەی من کۆچ و کۆچباری خۆیان
لێ دەنا لە دەشتی قەراجی هەواریان گەلە دووەرە دەڕۆن
دەچنەوە کوێستانێ،
ئاوا بوون لە دەرکی بازاڕگەی دەچنەوە سەری زوورگە
زراوی خۆمان،
ئاوی گردمەلای سەرێ گیرەی ڕەش داری دێدەوانێ،
ئاوابوون لە گومبەتی و سەری هەیبەت سوڵتانێ،
بەژنێ حەیرانەکەی من گەلەک ماندییە،

---

١. لە کاسیت (شریت) وەرگیراوە.

ڕادەکێشی سەربێ شێوەری لە دەشتی بیتوێنێ ئێوارە ڕۆژ گەلە درەنگە لە کوێستانێ عەزیم و سەر بەتەم،
تێکەڵبوون لەگەڵ هۆبە و ڕەشماری مەنگوڕ و عێلاتی دەشتی لاجانێ).

نابێ ئەوەشمان لە بیر بچێ حەیران و بەستە لە ڕێگای دۆمە پیشەوەرەکانەوە ئەودیو ئەمدیوی پێکراوە، لە گەرمێنێ بۆ کوێستانێ و بە پێچەوانەوە.

پرۆفیسۆر دکتۆر شوکریە ڕەسوول نووسیویەتی: (حەیران: یەکێکە لە گۆرانییە ڕەسەنەکانی کوردی کە ئاواز و نەغمەیەکی تایبەتی هەیە و سەرهەڵدانی لە ناوچەی کەندێناوە و قەرەچووغ و دەشتی هەولێرەوە سنووری جوگرافیا دەبێ بەرەو ڕۆژئاوای زابی گەورە... بەتایبەتی بادینان کە دەبێتە حەیرانۆک لە دهۆک، ئاکرێ، زاخۆ،.... هتد)[1].

چوار حەیرانی سێ حەیرانبێژی بەناوبانگی ڕۆژهەڵاتی کوردستانتان بۆ دەنووسم کە خەڵکی بۆکان و سەردەشت و خانێن، لەو حەیرانانە بۆمان دیاردەکەوێ سەربەند و دوابەندی حەیرانەکانیان بردۆتەوە مەڵبەندی گەشەکردنی حەیران لە دیوی گەرمێنێ. ڕەسوی نادری دەڵێ:

(کێژێ بەستۆرە لە بەربیانێ لە بن گەوالان،
سوێسنە و هەڵاڵە و بەیبوون شین دەبن لە نواڵە نوالان،

---

١. ئەدەبی فۆلکلۆری کوردی، پ. د. شوکرییە ڕەسوول، هەولێر، ٢٠٠٨، چاپی یەکەم، ل. ١١٠.

دڵی خەڵکی پابەندە بە کێژۆڵەی مەمک نەهاتی،
دڵی من پابەندە بە داکی منداڵان)[1].

لە حەیرانێکی دیکەدا دەڵێ:

(کێژێ حەیرانۆک وەرە لە کوێ لە هۆی مەرزان، لە گەرێ شاسواری،
گەواڵەکی بەری ئاسمانێ چەند ڕەشی تاری نەوەتە خۆشی بکا، نەوەتە بباری،
تەڕ دەکا مەغلەت و مەغلەتان قەرەبێتک و قەرەبێتکان،
بەستێ شاقازی کلکەیێ دارە بزماری)[2].

خدر قادری ناسراو بە خلە دەرزی دەڵێ:

(شەڕەکم لێ دەقەوما لەگەڵ برادەران، لە سەیدەحمەدی لە دەربەندی گۆمەسپانێ،
ئەمن دەمگۆ گەلی برادەرینە؛
گەلە بریندارم بە گوللەی کارخانێ،
ئەنگۆ جوابەکم لۆ بدەنە ئەحمەد تەبیبی مـاڵ لە هەولێرێ بەناوبانگە،
توخوا دەبا بێتەوە سەرێنم بریانم تیمار بکا،
ئەمن کەتیمە لەسەرێ سەفینی لە چوارده ڕیانێ، لەسەر کانی جۆتە شیلانێ)[3].

١.سەرچاوە: هونەرمەندی میللی ڕەسوڵی نادری، کاسێت.

٢. سەرچاوە: هونەرمەندی میللی ڕەسوڵی نادری، کاسێت.

٣. سەرچاوە: هونەرمەندی میللی خدر قادر، ناسراو بە خلە دەرزی.

لـه دوای ئـەو حەیرانـەی بـه لفکەشـۆڕی خـەیلانیان و سـەلیم ئاغای خەیلانیدا هەڵدەڵێ، عەلی خەندان بۆکانی دەڵێ:

(قەراج له من قەراجه، قەراج له من بەناوه،
کانی ده برایم حەسەنی هـەموو هـەوەڵی پـایز و بـەهاران لـه کاکی خۆت دەژیاوه،
سەیری پیری حاجیان کەن چارۆگه سپی هندرقاشیان، شالوار مرچی ده سەردەشتیان، گواره زێڕی دەسابلاغیان،
چادر و ڕەشمالیان لەسەر ئەو کانی و دەراوەی هەر به ناز هەڵدەداوه)[1].

حەیرانەکانی ئەو حەیرانبێژە دیارانەی ڕۆژهـەڵات پێمـان دەڵێن: ئـەو سـەردەمەی ئـەوانی تیـادا ژیـاون مەڵبەنـدی گەشـە و پەرەسـەندنی حـەیران دەشـتی هـەولێر بـووە، ئـەو حەیرانانـە هـەموویان بـە ناوچـەکانی دەشـتی هـەولێریان هـەڵگوتووە و حەیرانی دیوی گەرمێنێن له زاری حەیرانبێژانی ڕۆژهەڵاتەوە.

۳. **قۆناغی زێڕینـی حـەیران:** حـەیران لـه سـەدەی نـۆزدە و بیستدا گەیشتۆته چڵەپۆپە و دەکرێ به سەردەمی زێڕینی حـەیران ناوی بێنین، لەبـەر ئـەوەی نیـیە ئاغـا و میر و دەسـەڵاتدارانی ئـەو قۆناغـە دیوەخانـەکانیان بـە زانـا بـوون کردبێتـە شـانۆی هونـەری، بەڵکو به هۆی ئەوەی جگه لـه دیوەخانـەکان زیـاتر شـوێنێکی دیکه نـەبووە بـۆ گردبوونـەوەی کـۆڕی شـەوانەی زسـتانان، ئاغاکـانیش قەبوولیان نەکردووە له خۆیان زیاتر کەسێک له گوندی دیوەخـانی

---

۱. ئەم حەیرانەی هونەرمەند عەلی خەندان بۆکانی له کەنالێکی یوتوب وەرگیراوە.

هەبێت. هێشتا شار وەکو عەزیای هەزارپێ خەڵکی گوندەکانی لووش نەدابوو، خەڵکی گوندی کاتەکانیان بە حەیران و گەڕەلاوژە و یاریپەیلییەکان بەسەر دەبرد، گەنجەکانیش حەیران و هونەرەکانی دیکەیان ئەو سینگ ئەو سینگ لە بە تەمەنەکان وەردەگرت و بۆ خەڵکێکی دیکەش دەگواستەوە.

٥- هەڕەتی حەیران

هەر چەندە سەرهەڵدانی حەیران زۆر لە پێش قۆناغی گەیشتنی کۆمەڵگە بووە بە فۆرمی هۆز و خێڵ، بەڵام وەرزی بەهاری پێگەیشتنی حەیران، قۆناغی پەرەسەندنی هۆز و خێڵەکان بووە، کە ئەو هۆز و خێڵانە لەڕووی ژیانی ئابووری و کۆمەڵایەتی و کولتوورییەوە زیاتر پەرەیان سەندووە. بە هۆی ئەوەی دیوەخانی ئاغا و کوێخا و بەگ و میران شوێنی کۆبوونەوەی خەڵکی گوندەکان بووە و هیچ شوێنێکی دیکە نەبووە، بۆ ئەوەی خەڵکی گوندی لێی کۆببنەوە، داب و نەریتی ئاغایەتی ئاوا بوو، دەبوایە هەر ماڵێک کەسێک یان دوو کەسی بچێتە دیوەخانێ. ئاغاکان لە دانانی خشتی بناغەی دیوەخانێ ڕا، تا دەگاتە دارەڕێ و هەراش و سەر سواقدانی دەستیان لێی بە قوڕ نەدەبوو، هەر هەمووی بە شان و پیلی جووتیار و پاڵە و شوان کە چینی زەحمەتکێشی کۆمەڵگە بوون هەڵدەچندرا، تاوەکو تەواو دەبوو، ئاغا تەنها فەرمانی دەردەکرد.

خەرجی دیوەخانیش هەر لە قاوە و چایە و پێداویستییەکانی بەڕێوەبردنی هەر هەمووی لەسەر گیرفان و شانی خەڵکی زەحمەتکێشی ئاوایی بوو.

سەرباری باج و خەراجی زۆر، دەبوایە قاوەچییانەش بدەن، بۆیە قاوە خواردنەوەی دیوەخانی ئاغاکان بە زۆرەملێ بوو، هەر کەسێک دوو ڕۆژ لەسەر یەک بەبێ ئاگاداری ئاغای نەچووبایە دیوەخانێ، ئاغا لێی دەپێچایەوە و دەبوایە هۆکارەکەی بزانێت و بە تەوسەوە پێی دەگوت: ئەوە بۆ نایەیتە دیوەخانێ وات لێ هاتووە قاوەمان نەخۆیەوە؟! لەگەڵ ئەو هەموو دەسەڵاتەی ئاغاکان هەیانبوو، هێشتا هیچ حەیرانبێژێک ئامادە نەبوو بە شان و باڵی ئاغاکاندا هەڵبدا، مەگەر ئەو کەسانەی لە شەڕی هۆزەکاندا ئازایەتی و گیانفیداییان نواندبێ، وەک هەر کەسێکی دیکە چەند نموونەیەکی وەک حەبیباغای سیاوی و مەولوودی حەسەنی و وەسمانەخێل و چەند کەسێکی بەوەجی دیکەی وەک کاکل ئاغای گەردی..

نامەوێ لە باسەکەم سەرچێخ بچم و لابدەم تەنها مەبەستم بوو خوێنەری بەڕێز وا تێنەگا لە قۆناغی بالادەستبوونی دەرەبەگ و ئاغاکان دیوەخانەکانیان کردبێتە شانۆی هونەری و ڕۆشنبیری.

٦- پەیوەندیی حەیران بە فۆلکلۆرەوە

کوردستان یەکەم لانکەی مرۆڤایەتی و شارستانییە و یەکەم واری نیشتەجێبوونی مرۆڤی سەرەتایی بووە، بۆیە گەلی کورد خاوەنی فۆلکلۆرێکی ڕەسەنە، فۆلکلۆریش پایەی ئەدەبییاتی هەر گەلێکە و هەوێنی داهێنانە بۆ هێنانەدی بەرهەمی دەقی بەپێز، چونکە ئەدەبی هەر گەلێک پشکی شێری لە فۆلکلۆرەوە دەست دەکەوێت، ئەمەش دەوڵەمەندی کەڵچەر و زمانی ڕابردووی ئەم گەلە دەردەخات. ئەدەبی کەونارای تەواوی ئەو میللەتانەی مێژوویەکی دێرینیان هەیە، بەشی هەرە زۆری پێی دەگوترێت ئەدەبی فۆلکلۆر. نەتەوەی کورد لە ڕووی فۆلکلۆرەوە یەکێکە لە دەوڵەمەندترین نەتەوەکانی سەر ئەم هەسارەیە، هەر بەم هۆیەوەیە لە بەرامبەر تەوژمی فەرهەنگی بێگانە، وەک تیشە شاخ بە پێوە وەستاوە، ئەدەبی فۆلکلۆر ئەڵقەی بەیەکەوە گرێدانی ئەدەبی کۆن و نوێیە، ئاوێنەیەکی پرشنگدار و زەریای فەرهەنگێکە، ئێستامانی تێدا دەبینینەوە.

چەمکی فۆلکلۆر بۆ ئەو بەرهەمە کەونارانە بەکاردەهێندرێت کە خاوەنی دەقەکە دیار نییە و بە ئەدەبی نەنووسراو و زارەکی دەناسرێت، هەرچەندە ئەدەبی زارەکی فۆلکلۆر زۆر لە پێش ئەدەبی نووسراو هەبووە و لەنێو خەڵکدا بڵاوبۆتەوە، ئەو دەقانەی بە ناوی یەکێکەوە تۆمارکراون ناچێتە خانەی فۆلکلۆرەوە. فۆلکلۆر زاراوەیەکی گشتگیرە و سەرجەم فۆرم و

شـێوەکانی ئـەدەبیاتی زارەکـی دەگرێتـەوە، لەوانـەی بـە نـاوی کەسێکەوە تۆمـار نـەکراون و خاوەنیـان دیـار نییـە، دەکرێ بڵێین میللـەت خاوەنیـەتی، واتـە فۆلکلـۆرە. بـەهۆی ئـەوەی ئـەدەبیاتی نووسراو درەنگ لـە نـاو کورداندا پەیدا بـووە، بۆتـە هـۆی ئـەوەی بەشـی زۆری ئـەدەبی میللـی بـە نـاوی خاوەنـەکانیان بڵاونەبنـەوە، هێنـدە لـەم زار بـۆ ئـەو زار و لـەم سـینگ بـۆ ئـەو سـینگ گواسـتراونەتەوە، بـووونەتە مـوڵکی فۆلکلـۆر، لەوانـە چەنـد حەیرانێکیش بوونەتە موڵکی فۆلکلۆر.

سافیە محەمەد ئەحمەد نووسیویەتی: (ئەدەبی میللی بریتییە لـەو ئەدەبەی کە زیاتر نزیک بە زمانی خەڵکی ئەبێتەوە، واتە بـە زمـانێ دەرئەبڕێ کەوا نزیکە لەو زمانەوە کە خەڵکی هەسـتی خۆیـانی پـێ دەرئەبڕن، هەروەها ئـەم ئەدەبـە لـە ئـەدەبی فۆلکلۆریشـەوە نزیکـە، چونکە هـەر ئـەدەبی میللییە کـە دوای دیارنـەمانی خـاوەنی دەبێتـە ئـەدەبی فۆلکلـۆر. واتـە زمـانی حـەیران زمـانێکی سـادە و سـاکار و زمانی خەڵکە گشتییەکەیە، چونکە هەموو ئەو حەیرانانەی لە کۆندا خاوەنـەکانیان دیـار نـەماون، بوونەتـە بەرهـەمێکی فۆلکلـۆر، بـەڵام ئـەو حەیرانانـەی خاوەنـەکانیان دیـارە و تۆمـارکراون، دەچێتـە خانەی ئەدەبی میللی)[1].

بـەدران ئەحمـەد حـەبیب نووسـیویەتی: (زۆر کـەس لـەوانـەی لـە حـەیران دواون، هـەروەها گـوێگرانی حـەیرانیش، حـەیران بـە ئـاوازێکی فۆلکلـۆری تێدەگـەن. وا دەزانـم ئەمـە زۆر ڕاسـت نییـە

---

١. ئاسۆی فۆلکلۆر، ژ ٥٠، ل ٧١.

لەبـەر ئـەوەی هـەر حـەیرانبێژێک حـەیرانی خـۆی هەیـە و بـە "نـازدار"ی خۆیـدا هەڵـدەڵێ، یـان باسـی ڕووداو و بەسـەرهاتێک دەکات کە بەسەر خۆیدا هاتووە، یان بۆیان گێڕاوەتەوە[1].

لـە زۆربـەی هـەرە زۆری ئـەو کتێبانـەی لەسـەر حـەیران نووسـراون ئەگـەر لـە دەقـی حەیرانـەکان وردبینـەوە دەبینـین هـەر حەیرانبێژێک یـان خـاوەنی هـەر دەقێکی حـەیران دارشـتنی تایبـەت بە خۆی هەیە و شێوازی گوتنەکەشیان لـە یـەکتری جیاوازە و بـە ناوی خاوەنەکانیانەوە تۆمار کراوە، کەواتە دەگەینـە ئـەو باوەڕەی جگە لە چەند حەیرانێکی کەم، ئەگەرنا حەیران فۆلکلۆر نییە.

٧- جۆرەکانی شێوازی گوتنی حەیران

شێوازی بەرزی و نزمی دەنگی حەیرانبێژ جۆر دروست ناکات، لە کاتێکدا لە ڕووی فۆرم و ناوەڕۆکەوە دەقەکان جیاوازییان نەبێ.

حەیران لە دوو شوێن گوتراوە، یان لـە نـاو کۆڕ و مەجریسـان، یـان لـە دەشـتودەر و نـاو سروشـت. لـە هـەر یـەک لـەو شـوێنانە شـێوەی گـوتنی لـە ڕووی بـەرزی و نزمـی دەنگـی حـەیرانبێژ جیاوازە، چونکە لە دەشتودەر حـەیرانبێژ ئـازادە هـەتاوەکو دەنگی تێدایـە دەنـگ هـەڵبڕێ بـە مەبەسـتی ئـەوەی دەنگی بگاتـە کـەس و شوێنی مەبەست، بـەڵام لـە نـاو چـوار دیـواری ژوورەکانـدا ناچـارە لە دەنگی بگرێتەوە و چینەکانی دەنگی دابەزێنێ، بەهۆی ئـەم دوو

---

١. ئاسۆی فۆلکلۆر، ژ٤٤، ل ٦.

شێوە گوتنە زۆربەی ئەو بەڕێزانەی لەسەر جۆرەکانی شێوەی گوتنی حەیرانیان نووسیوە، حەیرانیان پۆلێن کردووە بۆ دوو جۆری وەک مەجریسی و سەرچیایی، هەندێکیان غەریبی و جۆری دیکەشیان بۆ زیاد کردووە، هەندێکی دیکەشیان لەسەر بنەمای جوگرافی و ناوچەی شاخاوی و دەشتایی و هۆزو دەڤەر دابەشیان کردووە. لە خوارەوە ئاماژە بە نووسینەکانیان دەدەم. تاکو ئێستا هیچ لێکۆڵینەوەیەکی حەیراناسی لەلایەن تیمێکی ئەکادیمی لە ڕووی زانستی بۆ پۆلینکردنی شێوەی گوتنی حەیران نەکراوە، ئەوەی کراویشە تەنها هەوڵی تاکە کەسی دڵسۆزانی کەلەپووری نەتەوەییمانە. لە ڕووانگەی هەستکردنیان بە بەرپرسیارێتی و خەمخۆرییان بەرامبەر ئەو هونەرە سەنگین و سامانە نەتەوەییە، هەریەکە و شێتێکیان نووسیوە.

هەردوو جۆرە سەرەکییەکە ناویان ناوە مەجریسی و سەرچیایی، تەنها جیاوازییان لە شێوەی گوتندا هەستی پێ دەکرێ، ئەویش بەرزی و نزمی دەنگی حەیرانبێژەکەیە و هەریەکەیان لە پلە و چینێکی دەنگی پێ هەڵدەگرێ، ئەگەرنا لە ڕووی دەق و ناوەڕۆک و فۆرمەوە حەیران هەمووی یەک جۆرە، ئەگەر دەقی چەند حەیرانێک بخوێنینەوە و پۆلێنی بکەین بۆ چەند جۆرێک و هێڵی ڕاست و چەپ بەسەر هەندێکیاندا بێنین، کە ناکرێ ئەو دەقە حەیرانە لە مەجریسدا بگوترێ، یان بە پێچەوانەوە.

مەبەست لە **چەمکی مەجریسی**: واتا کۆڕ و کۆبوونەوەی یاران لە دیوەخان و ژووریکی چوار دیواری سنووردار، یان ژێر تاوڵ و ڕەشماڵ، لەو شوێنانە حەیرانبێژ جڵەو بۆ توانا دەنگییەکەی شل

ناکات، نەبادا خەڵکی دەرەوەی ئەو کۆڕ و مەجریسەی ماڵەکە هەراسان بکات، هەر بایی ئەوە دەنگی هەڵدێنێ خەڵکانی ئەو ماڵ و مەجریسە گوێبیستی بن.

چەمکی سەرچیایی: لەو وێکچواندنەوە سەرچاوەی گرتووە بە مانای ئەوەی دەنگی حەیرانبێژ وەک بەرزی سەری چیا بڵندە و لەسەرە و سوارە، هەڵدانی حەیران لە ناو سروشت و بە تۆنی بەرز و چینەکانی سەرێ بە شێوەی سەرچیایی پەیوەندی بە توانا و نەفەس درێژی و لێهاتوویی ژێرەکانی قۆرگی حەیرانبێژەکەوە هەیە. حەیرانبێژ بە نەفەسێکی درێژ و چینە بەرزەکانی دەنگی ڕووبەڕی بیستنی فراوان دەکات، فەزایێکی دوورمەودا و ئاسۆیەکی زیاتر دەداتە ژێر باڵی فڕین، هێڵکاری دەنگەکە وەک ئەوە وایە لە بنارڕا ئامادەکاری بکەی بۆ ئەوەی بە هەورازێکیدا هەڵزنێی، تا دەگەیە لووتکە و تڕۆپکی بەرزاییەکە، لەوێوە هێدی هێدی سەر بەرەو ژێر شۆڕبیتەوە، هەڵدانی حەیران بە شێوەی گوتنی سەرچیایی وەکو ژمارە هەشت (٨) وایە، دارێژەری دەقی حەیران بە نیازی ئەوە دەقەکە دانارێژێ کە ئایا ئەو حەیرانە مەجریسییە، یان سەرچیاییە، هیچ حیسابی بۆ ئەوە نەکردووە ئاخۆ ئەو حەیرانە لە مەجریس و کۆشک و دیوەخانداندا دەگوترێت، یان لە دەشتودەر و ناو سروشت. هەر دەقێکی حەیران بێنی دەتوانێت بە دەنگی نزم و نەرم، یان بەرز و لەسەر بیلێت، ئەوەش بەندە بە لێهاتوویی نەفەسی درێژ و کورتی حەیرانبێژەکە و لەباری و گونجاوی شوێنەکە بۆ دەنگهەڵێنان، ئەم دوو شێوە هەڵدان و گوتنە لە حەیران، لە گەرووی شمشاڵ و

زۆرناش لە یەکتر جیا دەکرێنەوە، ئایا ژەنینەکە بە شێوەی سەرچیایی بوو یان مەجریسی، بە تایبەتی لەلایەن کەسانی حەیراننناس.

هونەرمەند ڕزگار خۆشناو: بۆمان هەیە حەیران بکەین بە سێ بەشەوە:

١. سەرچیایی و ناوچەی تیرە و هۆزی خۆشناوەتی، کە شەقلاوە و هیران و هەریر و پیرمام دەگرێتەوە.

٢. پشدەری: ناوچەی کۆیە و ڕانیە و قەلادزێ دەگرێتەوە.

٣. حەیرانی دەشتی هەولێر، کە تایبەتە بەهۆزی گەردی و دزەیی[١].

غەفوور مەخموری: وەک لە وەڵامی (ڕزگار خۆشناو)دا ڕوونمان کردەوە، ئەم جۆرە دابەشکردنە ڕاست نییە، لەبەر ئەوەی سەرەڕای لە یەک نزیکی فۆرم و ناوەڕۆکی حەیرانەکان وشە و زاراوەکانی نێو دەقی حەیرانەکانیش تا ڕادەیەکی زۆر لە یەکتری نزیکن[٢].

بەڕای من جۆرەکانی حەیران بە پێی ئەو ئاوازەی حەیرانی پێدەگوترێ دیاردەکرێ، لەبەر ئەوە دوای وردبوونەوەم لە حەیران بۆم دەرکەوت کە حەیران بە دوو جۆر دەگوترێ: أ. سەرچیایی، ب. مەجریسی.

---

١. حەیران، چەمک، ناوەرۆک، سەرهەڵدان، ل٣٢

٢. هەمان سەرچاوە و هەمان لاپەڕە.

پرۆفیسۆر دکتۆر شوکریە رەسوول: لە ڕووی پێکهاتەشەوە دوو جۆر حەیران هەیە: ١. حەیرانی کۆشک و دیوان و مەجلیس. ٢. حەیرانی چیایی هەوایی[١].

حەسەن جودی، نووسەر: حەیران هەمووی یەک جۆرە ئەو پۆلێنکردن و دابەشکارییە هەڵەیە، بەرزی و نزمی دەنگی حەیرانبێژ جۆر دروست ناکات[٢].

لە ئەنجامی خوێندنەوەی رای ئەو بەڕێزانە و گوێگرتنم لە حەیرانبێژان گەیشتمە ئەو باوەڕەی چەمکی سەرچیایی و مەجریسی تەنها لە ڕووی بەرزی و نزمی دەنگی حەیرانبێژ ئەو دوو ناوەی بەسەردا بڕاوە.

٨- شێوە و تەرزی حەیران

حەیران لە ڕووی فۆرمەوە وەک هەر ژانرێکی ئەدەبی دیکە خاوەن سیما و تایبەتمەندیی هونەریی خۆیەتی. حەیران تابلۆی باری ژیانی کۆمەڵایەتی و خوو و ڕەوشت و نەریتی کۆمەڵانی خەڵکی کوردستانە، دەربڕینی هەستی ئەڤینێکی ڕاستەقینەی بێ غەلوغەشە. کۆمەڵێک پایە و بنیاتی تایبەتی بە خۆی هەیە. هەرچەندە تاوەکو ئێستا هیچ سانسۆر و پارزونگێک نییە بۆ دابێژین و لە بێژینگدانی دەقی حەیرانەکان لەلایەن لێکۆڵەر و

---

١. سەرچاوە: ئەدەبی فۆلکلۆری کوردی، پرۆفیسۆر دکتۆر شوکریە ڕەسوڵ، ٢٠٠٨ هەولێ، ل١١٢.

٢. سەرچاوە: حەسەن جودی، سەرچاوەی پێشوو.

حەیراناسەکان، بۆ ئەوەی پوختەی کاکڵەکەی گلبدەینەوە و ئەوەی زیوان و داڕووجانە لێی بژار بکەین. بۆ ئەوەی حەیرانبێژ پابەند بێت بە دەستووری بنیات و رەگەزەکانی حەیران، بە گوێرەی نووسینی ئەو چەند سەرچاوانەی بەرچاوی من کەوتوون و خوێندومنەتەوە زۆر کەم لەسەر ئەو لایەنە گرنگەی حەیران کنە و تاوتوێیان کردووە، ئەوەی نووسراوە زۆربەی تۆمارکردن و نووسینی دەقی حەیرانەکانە، تەنها چەند کەسێکی کەم لەسەر بنیات و پێکهاتەی ناو حەیرانیان نووسیوە، ئەوەش بە هەوڵی تاکە کەسی خۆیان. بۆیە ئێمە باسەکەمان لەسەر ئەو حەیرانانەیە کە توخم و پایەکانی حەیرانیان لە ناوە خۆیاندا هەڵگرتووە. حەیران کۆمەڵێک بنەمای هونەری لە ناوەخۆیدا داڕشتووە.. حەیران پەخشانە شیعرێکی پاراو و سەروادارە بە یەکەوە گرێدراوە، پایەکانی پەخشانی تیادا جێگیرە وەک: زمان، وێنە، یەکێتی بابەت، موزیک، لە ڕووی زمانەوە خەزێنەی فەرهەنگێکە ژمارەیەکی زۆر وشە و دەستەواژەی ڕەسەنی کەونارای لە ناوەخۆیدا بۆ پاراستووین، هەرچەندە دەقی حەیرانی هەندێک لە حەیرانبێژان خۆیان لە قەرەی شیعری ئازاد دەدەن. کۆڵەگە و بڕبڕەی پشتی دەقی حەیران زمانە پاراو و پاکژ و سادە بێ گرێوگۆڵەکەیەتی، هەر لەبەر ئەو تایبەتمەندییە زمانییە بااڵیەی لەگەڵ وشەی بیانی و داتاشراو نەگونجاو و درێژنگە، ڕەوانبێژی و زمان ڕەگەزێکی گرنگی هەر دەقێکی ئەدەبییە، هونەری گەمەی زمانی لە ناو دەقی حەیراندا شاکار و پەرجووی ئافراندووە.

لە بارەی گرنگی زمان لەناو هەر دەقێکی ئەدەبی، مامۆستا عومەر میراودەلی دەڵێت: (ئەگەر دوو دەق خاوەنی یەک ناوەرۆکبن، ئەوەی لێکیان جیادەکاتەوە و بە هەر یەکەیان پێناسەیەکی جیا دەبەخشێت و بااڵ دەستی یەکێکیان بەسەر ئەوی دیکەدا دەردەخات، ئەو گەمە زمانییەیە کە هەر یەکەیان بە جیا لەوی دیکە ئەنجامی دەدا)[1].

سافیە محەمەد ئەحمەد: لە بابەتی (بنیاتی هونەری حەیرانی کوردی) دەڵێت: حەیرانی کوردی کۆمەڵێک بنیاتی هونەری تایبەت بە خۆی هەیە، کە بەهایەکی بەرزی هونەرییان پێ بەخشیوە، بنیاتە هونەرییەکانیش بریتین لە: ١. زمان. ٢. کێش و سەروا و ریتم، ٣. وێنەی هونەری)[2].لەسەر هەریەک لەو بنیاتە هونەریانەش رووونکردنەوەی تێروتەسەلی داوە.

هەر لەسەر گرنگی زمان، **محەمەد عوسمان محەمەد**، لەسەر زمانی حەیران دەنووسێت: (زمان رەگەزێکی گرنگی دەقی ئەدەبییە بە تایبەتی بۆ دەقی شیعر، ئەگەر دەقێک زمانەکەی جوان و پاراو بێت، ئەوا بە دەقێکی سەرکەوتوو دادەنرێت و بۆ خوێندنەوە خواستی زیاتری لەسەر دەبێت)[3].

---

١. زمانی دەق، عومەر میراودەلی، چاپخانەی وەزارەتی ڕۆشنبیری، چاپی یەکەم هەولێر، ٢٠٠٨، ل ١٧.

٢. گۆڤاری ئاسۆی فۆلکلۆر، ژمارە ٥٠، ٢٠١١، ل ٧١.

٣. هونەری بەکارهێنانی زمان لە لاوک و حەیراندا، محەمەد عوسمان، چاپخانەی چوارچرا، چاپی یەکەم، ٢٠٢٢، ل ٥٨.

حەیران لە سێ بەند پێکهاتووە: سەربەند، ناوبەند، دوابەند، سەروای هەر سێ بەندەکە وەک شاعیرێکی بە ئەزموون دایڕشتبێت وایە، بۆ نموونە ئەم حەیرانە:

(گەلی براینە برادەرینە،
ئەنگۆ زەینێ خۆتان بدەنێ قەرچووغ بە تەمە، قەراجۆک بە تۆزە،
ئەوە سەریێ سێ ڕۆژە لەگەر بەژنێ باریک لێم بڕاینە جوابە،
ئەمن نازانم لۆ وها وەکی منداری سەرو بنداری بە دایمە درم ئارۆزە،
کێژێ حەیران دوونێ هێوارێ لە ڕێێ سراوێ نەتگەیشتمێ،
لەبەر لۆمەیێ عالەمێ و قسەیێ بەدکاران لێت بکەم جێژنە پیرۆزە)[1].

دەبینین دەقی ئەو حەیرانەی سەرەوە هەر سێ بەندەکەی و سەرواکەی بە (تۆزە، ئارۆزە، پیرۆزە) کۆتایی هاتووە.

بەش بە حاڵی خۆم ئەوەندەی گوێم لە حەیرانان گرتبێت و دەقەکانیانم خوێندبێتەوە، چەند حەیرانێک هەیە لە سێ بەند زیاتر بێت و کارەکتەرەکانیشیان زیاتر بێت، ئەوانیش زیاتر حەیرانی سوارچاکی و ئازایەتی و شەڕانخێوی ناو هۆزە کوردییەکانە وەک: حەیرانی حەبیباغای سیاوی، هێرشی ئاغای دزەییان بۆ سەر بەحرکەی، ئازایەتی مەولوودی حەسەنی و وەسمانە خێڵی، مامەراغای زراری، ئەسمەرێ کابایزی.

۱.یەکێک لە حەیرانەکانی عەلی حاجی تایەر هەللاج- کاسێت.

ئەو چەند حەیرانە بەڕای من غەدریان لە لاوک کردووە، چونکە پانتاییکی لە جغزی حەیرانیان زیاتر داگیرکردووە و دەقەکانیان کورتە چیرۆکی تێپەڕاندووە و شێوەی داستانی وەرگرتووە، کەواتە دەتوانین بڵێین: ئەگەر حەیران کورتە چیرۆک بێت، ئەوا لاوک ڕۆمانە، ئەگەر سەرنج بدەینە هەر سێ بەندەکەی حەیران تێدەگەین ئەو داڕشتنە هەر لە خۆوە نەهاتووە، ئاینە کۆنەکان هەر یەک بە جۆرێک کاریگەری بەسەر هونەری گەلانەوە هەبووە. دکتۆر فەرهاد پیربال، لە بارەی چۆنییەتی بایەخدانی کڵێسا بۆ گەشەکردنی مۆسیقا و دۆناودۆنبوونی ئایینی زەردەشتی و مۆسیقا لە قۆناغی دین نووسیویەتی: (لە ڕێگەی کتێبی پیرۆزی بەندەکەی "ئاڤێستا"وە کە هاوزمانی ئیمپراتۆریەتی میدیا (٦٢٥-٥٥٠ی پ ز) لە هەمەدانەوە بگرە تا دەگاتە ئەولای دیاربەکر، بە کوردستاندا بڵاوەبێتەوە، دینی زەردەشت بە یەکێک لە یەکەمین سەرچاوەکانی گۆرانی و موزیک دەژمێردرێ لە کوردستاندا، مامۆستا حەمەی حەمە باقی و گەلێک نووسەری تریش لە ئێران باسیان لەمە کردووە و من نامەوێ زۆرتری لەسەر بڕۆم، تەنێ ئەوەندە نەبێ کە بڵێم: گاتا یان گات (گاث/ گاذ)، کە دەکاتە ئایەتەکانی ناو ئاڤێستا و بە زمانی میدیاکان واتای (گاس) دەگەیەنێ، تا ئەمڕۆش لە دیالێکتی ئەمڕۆی هەولێر و بادینان و مەهاباد دا لە شێوەی (گاز) و (گاس)دا ماوەتەوە و بە مانای (بانگ) دێ: (گاسی بکە، گازی بکە)، لە بنەڕەتدا بریتییە لە بانگی زەردەشت بۆ میللەتەکەی خۆی، (وەک بانگی پێغەمبەری ئیسلام بۆ قەومەکەی خۆی)، کەواتە یەسنا و گاتاکان، کە موزیک، یان لە

شێوەی سروودی دینی دەگوترانەوە، ئاگاداری ئەو نوێژ و بانگە مەزهەبییانەی سەردەمی زەردەشتن. کە زۆربەی مێژوونووسان پێیان وایە سیاچەمانە و هۆرەی هەورامان، هەروەها سروودی یارسانی ئەهلی هەق، بە هەمان شێوە موزیک و گۆرانی ئێزیدییەکانیش لە کاتی زیکر و کۆڕەکانیاندا، لە مۆسیقای زەردەشتی و دینی زەردەشتەوە هاتوون).[1]

بە هۆی ئەو بەرچاو ڕوونییە، کەواتە سێ بەندەکەی حەیران کەوتۆتە ژێر کاریگەریی ئەم سێ بنەما و دروشمەی ئایینی زەردەشتییەوە، وەک: ١. هۆمەتە: پایەی ئەندێشەی چاک، ٢. هۆخەتە: پایەی گوفتاری چاک، ٣. هۆرشتە: پایەی کرداری چاک، بە هەمان شێوە برا یارسانەکان بەر لە دەستپێکردنی سروودی ئایینی سێ جار بە دەنگی بەرز دەڵێن: ئەی یاران ئەی یاران ئەی یاران، گرێی پشتێنەکانیشیان سێ گرێیە. بە هۆی ئەوەی حەیران لە ڕووی چەمک و ناوەڕۆک و تەرزەوە کەوتۆتە ژێر کاریگەریی ئایینی زەردەشتی، بۆیە ناچارین پێکیان بگرین و تێکیان ببەینەوە. ئەو کات دەگەینە ئەو ئەنجامەی ئەو هەموو سێیە و گازییە هەروا بە سادەیی نەهاتووە، بەڵکو ڕەگێکی قووڵی مێژوویی هەیە، دەکرێ بڵێن چەمک و تەرز و سێ بەندەکەی حەیران کاریگەریی ئایینی زەردەشتی بەسەرەوەیە.

دەستپێکی زۆربەی حەیرانەکان بە دەستەواژەی بانگکردنی سەرسووڕهێنەرانەی هاوشێوەی گازی و ئەی یاران

---

١. مێژووی گۆرانی و مۆسیقای کوردی، فەرهاد پیربال، بڵاوکراوەی ئاراس، ژمارە: ٩٤٩- چاپی یەکەم، هەولێر ٢٠١٠، ل ٩.

دەستپێدەکات، وەک گەلی برادەرینە، ئەنگۆ زەینێ خۆ بدەنێ، ئەرێ بابە، ئەمن دەرێم.

حەیران لەڕووی تەکنیکییەوە کورتە چیرۆکێکی وێنەییە، هونەر و توخمەکانی وەک یەکییەتی بابەتی تێدا ڕەچاوکراوە، کات و شوێن ئاماژەیان پێکراوە، وێنەی شیعری لە ناو دەقی حەیران دەبیندرێ، دەتوانین بڵێین: هونەری حەیران ئەدەبێکی بێ کەموکوڕییە.

ئەگەر لە دەقی ئەو حەیرانە وردبینەوە، دەبینین یەکییەتی بابەتیانە و توخمەکانی دیکەی کورتە چیرۆکی تیادا بەرچاوە:

(بەوێ ئێوارێ ئەمن گەلە بریندارم، بڕینم کەتینە بەدەنێ،
جوابەکم لۆ بدەنە حەکیم و لوقمانان، دەمەکێم بێنەوە سەرینێ،
بە چاوانم بڕۆننێ بە دەستانم دەست نەکەنێ،
بەژنێ باریک دەستە مەرحەمەکێ لۆ من بگرتەوە لە تۆزێێ هیزارێ،
لە چرکی خەزێمێ، لە تۆزێ قەنەفرێ، شلکاتەوە بە ئارەقەێ زەردمەمکان،
لێبدا شەو بایێ، شەوێ بیداتەوە بەر بورجی ئەستێران،
دەبا بە دوو پەنجەێ نەرمۆکە لۆم دانێتەوە سەر بڕینێ،
شەوێ زستانان گەلە سارەدە، ئەمن دەترسێم بڕینم هەربینی زوخمە لەگەر تەشەنێ)[1].

---

١. یەکێک لە حەیرانەکانی عەلی حاجی تایەری هەللاج.

ئەگەر لە دەقی حەیرانەکە وردبینەوە لە یەکەم بەندیڕا تاوەکو دوا بەندی پەیوەندیدارە بە بریندارى کوڕەتیم حەیرانێ. کەواتە یەکییەتی بابەتی تیادا پاڕێزراوە و رەگەز و پایەکانی کورتە چیرۆکی تیایە.

٩- حەیران لە گەرووی شمشاڵ و زوڕنا

حەیران بە شمشاڵ و زوڕناش ژەندراوەو دەژەندرێ، حەیراناسی شارەزا لە بەرزی و نزمی دەنگی شمشاڵ و زوڕناکە زانیویەتی ئەو حەیرانە چ جۆرێکە لە ڕووی هەڵدانەوە، بە دوو چاوی خۆم بینیومەو بە گوێی خۆم بیستووومە، کاتێک دۆڵەنگێوو زوڕناژەن لە مەیدانی گەڕێ داوەتو دیلانێ ئامادە دەبوون، بۆ ئەوەی کێڕوکاری گوندی ئاگادار بکەنەوە لە ناو ماڵەکانیاندا، دۆڵەنگێو بە دارەکانی دەستی بە هەموو هێزی خۆی لە دەهۆڵەکەی دەدا و بە زوڕناژەنیان دەگوت: حەیرانێکی سەرچیایی هەڵدە، زوڕناژەنیش گوپی پڕ با دەکردو ڕووی زوڕناکەی بەرەو گوندی لە ئاسمانێ دەکرد، حەیرانێکی سەرچیایی هەڵدەدا، ئەو حەیرانە بانگ و گازی کێڕوکاری گوندی بوو بۆ ئەوەی گەڕی داوەت و دیلانێ بخەملێنن. مەبەستیان لەسەر چیایی ئەوە بوو زوڕناکە بە دەنگێکی بڵندی چینەکانی سەرێ بژەنێت بۆ ئەوەی مەودای بیستنی زیاتر بڕ بکات، تا وەکو ماڵە دوورەکانی پەڕگەی ئاواییش گوێبیستی ئەو بانگکردنە بن. شمشاڵیش واتا

حەیران،شمشـــاڵ لەگـــەڵ حـــەیران ئاوەڵدوانـــەن، بۆیـــە هـــەر بـــە یەکەوەش ناویان هاتووە. مامۆستای حەیرانناس ئەسعەد عەدۆ لە کتێبی (کەلەپووری کوردەواری) دەڵێت: (حـەیران جۆرە مـەقام و ئـاوازێکی تایبەتـە، ئـاوازی شمشـاڵی شـوانەکانی دەشت و دۆڵ و پاڵ شاخەکانی کوردستانە، ئەو دەنگە زوڵاڵە ڕەسـەنەی کـوردە، ئـەو پەخشـانە ڕازاوە سـەروبن گرێدراوەیـە، ئـەو دەنگـەی مرۆڤـی کـورد دەگەڕێنێتـەوە جیهـانی بـەرفراوان و ڕەســەنی نەتــەوەی کـــوردو بـــە ئاســـمانی کوردســـتان باڵـــەفڕێ دەکـــا)[1]. ئەمـــە دەیسلەمێنێت کە شمشاڵ ئامرازێکی دانەبڕاوی هونـەری حەیرانـە. گوێگرتن لە ئـاوازی حـەیران لـە نـاو گەرووی شمشـاڵ کاریگـەری کـەمتر نییـە لـە دەربڕینـی زارەکـی و گـۆکردنی دەســتەواژە ڕەســـەنەکانی نـــاو دەقـــی حـــەیران. کاتێـــک شـــوان لەســـەری زوورگـەزراوی، یـان هـەر بڵندایـیـەکی دیکـە تەماشـای مێگەلـە مەڕەکـەی دەکـات تـاق و جـۆت بووینـە لـە نـاو ئاقـاری و تێـر لـەوەڕن، شـوان کـەیفی شمشـاڵژەنینی هەڵدەسـتێ، شمشـاڵەکەی لەبەر پشتێنی دەردێنی و چەند حەیرانێکی پڕ سۆز بەسەرمەستی و بـەکامی دڵ بەســـەر ڕەشـمـاڵ و هـــەواری مارەبـــابێ نـــازدار حـەیرانێ هەڵدەدا ، لـەو کاتـەی دەگاتـە دوا بەندەکان پەنجـەکانی لەســەر کـونی شمشـاڵەکە سـەما بـە ڕۆحـی گـوێگر دەکەن، زۆر شمشاڵژەن هەیە وەک دەق بە دەنگ نازانێ حـەیران بچڕێ، بـەڵام بە شمشاڵ ئوستادە.

---

١. کەلەپووری کوردەواری– کۆبەرهەم– ئەسعەد عەدۆ– چاپی یەکەم

بەشی دووەم

حەیران وەک هونەرێکی کۆمەڵگەیی

١- نێوەڕۆکی حەیران

حەیران سەرەڕای ئەوەی لە زمانی کوردی، خاوەنی فەرهەنگێکی کەلەپووری میللی زۆر دەوڵەمەندە، وەک هەر گۆرانییەکی دیکەی کوردی، ناوەڕۆکێکی دەوڵەمەند و فرە بابەتی لە خۆ گرتووە، گەلێ مەبەستی جۆراوجۆری پێ دەربڕاوە.

حەیران، خاوەنی ڕووخسارێکی قەشەنگ و پایەیەکی بەرزی هونەرییە، نزیکترین و کاریگەرترین هونەرە لەسەر هەست و سۆز، چونکە بە خشڵ و بەرگی جوان خەملاندوویانە، هەرچی گەوهەری دانسقەی وشە و دەستەواژە ڕەسەنەکانی زمانی کوردی هەیە، وەک پوولەکە و پرپرەی زێڕ بە قەد و باڵایانەوە هەڵواسیوە. سەردەمانێک مرۆڤی کورد لەو جوگرافیایەی حەیرانی تێدا بڵاوبۆتەوە، حەیرانیان کردۆتە خەمڕەوێن و ئاودەنگی خۆیان. دەلاقە و کەنالێکی گرنگ بووە، مرۆڤ لێیەوە بە چڕوپڕی راز و نیازی دڵی خۆی ڕاشکاوانە بێنێتە زمان، بە تایبەتی دەستەواژەی ڕۆمانسی و زایەندی(سێکسی)، ناوهێنانی ئەو ئەندامانەی جەستەی ژن کە لە کۆمەڵگەی داخراو و کۆنەپارێز بە بڤە ئەژمار دەکرێن، لە ڕۆژگارێکی ئەنگوستەچاودا کەس نەیوێراوە حەز و ئارەزوو و راز و نیازی دڵی خۆی راستەوخۆ بەیان بکات، ناچار بووە لە ناو دێڕی بەندەکانی حەیران بیشارێتەوە، بەو پەیامەی هەم دڵی خۆی ئاسوودە کردووە و هەمیش دەمی پیاوی گەوجی بەستووە.

حەیران بۆتە قەڵغانێکی پتەو، لە پێش تیری تۆمەتی بەدرەوشتی، حەیرانبێژ لێزانانە هاتووە پوختەی مەبەست و پەیامەکەی خۆی بە کەسم و بێچمێکی کوردانەی سادە و ساکار بە گوێی هاوزمانانیدا دەدات.

حەیران هونەری کۆمەڵگەیە، بۆیە ناوەڕۆکی بەند بە بەندی ڕەنگدانەوەی ژیانی کۆمەڵایەتی خەڵکە، بابەتەکانی بریتین لە: ئەڤیندارێ، سۆز و بەڵێن، پەسن و وێکچواندن، دابڕان و دەست لێکبەردان، ئازایەتی و مێرخاسی، شیوەن، جوگرافیا، لاواندنەوەی منداڵ، ئایینی، راسپاردە، خۆزگە و ئاوات، مێژوو، زۆر وردە بابەتی لاوەکی دیکەش بە وردبوونەوە لە دەقەکان هەست پێ دەکرێ و لە توانادایە بابەتی زیاتری لێ هەڵبهێنجێندرێت.

ئ. ئەڤیندارێ

ئەگەر بە وردی شۆڕبینەوە ناو دەقی حەیران، ئەوەمان بۆ دەردەکەوێ تەوەری سەرەکی ناوەڕۆکی حەیران ئەڤیندارییە، حەیران چاوگەکانی خۆی لە هەستی ڕۆمانسی و خۆشەویستی ژن و خرۆشانی سۆز و غەریزەوە هەڵدەهێنجێنێت. ئەگەر ڕووبەری حەیران شیتەڵ بکەین بە ڕوونی دەبینین حەزلێکردن بەشی زۆری ڕووبەری ناوەڕۆکی دەقی حەیرانی بۆ خۆی گرداوە. پاڵەوانی ناو چیرۆکەکانی ئەڤینداریش بوونەوەرێکە پێی دەڵێن ژن، کەواتە دەگەینە ئەو ئەنجامەی تەوەری سەرەکی لە ناوەڕۆکی حەیراندا ژنە. ئەوەش یاخی بوونێکە لە بەرامبەر داب و نەریتی

کۆنەپەرستی، حەیران هونەری دەربڕینی هەست و نەستی گرگرتووی ئەفیندارێکی خۆڕسکە لە ناو کووپەی دڵییەوە قوواڵپ دەدات و کەسی عاشق تیایدا جەزم دەبێ و کتومەت وەک سەمای ڕوحی پەپوولەیە لە دەوری شەم. ئەنگۆ بە چاوێ منی بڕۆنن ئەو حەیرانە چەند دەستەواژەی ڕۆمانسی و زایەندی لە ناو دەقەکەیدا شاردۆتەوە، کە دەربڕینیان لە کاتی ئاسایی قەدەخە و بڤەیە:

(ئەوڕۆ ئێوارێ سەرین من گەلە دێشی، درم دەکا سێ و دووین،
بەژنێ باریک شترە ڕحانەکی ساوا لەبەر زێنەتی درێ خۆم دەمچاند لە بانیین تویێ،
حەزلێکردنێ کوڕ و کیژان کەنگێنێ خۆش بوو فەسڵی بوارێ بشکێنی کەلێنی چیغێ
لەگەڵ ڕەندەیێ ڕەشمارێ، دەستی ڕاستە باوێیە سەر ملێ بە کەزی،
بە دەستی چەپە دەربینی جۆتە شەمامەیێ ڕۆستەم بەگیان،
سەر لەسەر سەرینێکی کورکەچینی لێو لەسەر خارێ گەردەنێ،
چەند شیرن بوو وەکی لە کاکێ تو هەردەهاتن ئەستێرەکانی لە پاش پێرۆێ)[1].

---

١. یەکێک لە حەیرانەکانی عەلی حاجی تایەر هەللاجە.

ب. سۆز و بەڵێن

وەفـاداربوون بـە پـەیمان و بـەڵێن و خاوەنـداریکردن لـەو چەمکانەی لە کولتووری کوردەواری پێگەیەکی گرنگیان هەیە و لەناو گەلانی دیکە کوردیان پێ دەناسرێتەوە، لە حەیرانەکاندا ئەو بابەتە بە زەقی دیارە و پێداگری لەسـەر کراوە، حـەیرانبێژ دڵنیایی دەداتە ڕەگەزی بەرامبەری: هەتاوەکو سەری نە دوورن لە جانگی و شۆڕی نەکەنەوە بن گۆڕ و خاکی، دەست لـە گراویەکەی خۆی هەڵناگری، یان سۆز دەدا لە پاش نازدار حەیرانەکەی خۆی دەبێتە تۆبەکار ناکا نـەزەرێ، یـان کێڕ دەرێ لـە پـاش کـوڕەتیم حـەیرانێ جۆتە شەمامان لە دەست کەس نانێ.

زۆر جار ژن، یان پیاو سەری خۆی لەسـەر سـۆز و پـەیمان دانـاوە، تەماشـا بکـە دەقـی ئـەو حـەیرانـە کـوڕەتیم حـەیران چـەندە موکوڕە لەسەر سۆز و پەیمان:

(گەلی براینە برادەرینە
ئەنگۆ زەینێ خۆتان بدەنێ دەشتی کاوڵە قەراجی لە من کاکی بە کاکی،
ئەمن جوابان دەنێرم سەلام لۆ داکی،
شەرتبێ دەست لە بەژنێ باریک و دووچـاوبێ بـەرەک هـەر ناگرم
هـەتاوەکو کۆمـەڕەکێ بـرا و بـرادەران سـەرم نـەدوورن لـە جانگی و شۆڕم نەکەنەوە بن گۆڕ و خاکی)[1]

---

١. ئەم حەیرانە زۆرێک لە حەیرانبێژان گووتوویانە و نازانرێ هی کامیانە.

واتـا دەسـتبەرداری سـۆز و بـەڵێنی خـۆی نابێـت، هـەتاوەکو سەری لە کفنی دەدووری و دەنێژرێت. لـەم حەیرانـەش بـە هـەمان شێوە:

(چەنـدم گـازکردی دە مـەڕۆ مـەڕۆ دەبـا بتگـەمێ کیـژۆرە ئەسمەرێ،
دەتو گەردنی خۆتم لۆ برندکە دەبا خار بێنە دەرێ،
ئەمن سوندەکم خواردییە بە چاک و پیران،
لە پاش دوو چاوێ بەرەک دەبمە تۆبەکار
وەکی سۆفیەکانی سەر بە پەڕ ناکەم نەزەرێ)[1].

دەقـی زۆربـەی حەیرانـەکان پێمـان دەڵـێ: بابـەتی سـەرەکی تیایاندا سۆز و پەیمانی ئەڤیندارییە و پانتاییەکی زۆری گرتووە.

پ. پەسن و وێکچواندن

هونـەری پەسـنکردن و وێکچوانـدن لـە دەقـی حەیرانـدا تـابلۆی شـاکارێکی نـاوازەی ئافرانـدووە، لـە پەسـنی قامـەتی ژنـدا وەک هونەرمەنـدێکی پەیکـەرتاش، پەیکـەری ڤینۆسـی خـوای جـوانی داتاشیوە، لە وێناکردنی سروشتی کوردستان هەر دەڵێی کتومت بە دەستی هونەرمەندێکی شێوەکاری کارامـە کێشـراوە. ئـێوە لـە وێنـە هونەرییەکانی دەقی ئەو حەیرانە وردبنەوە چۆن باسی سروشت و جوانییەکانی ئەو دیمەنە بە وێنە دێنێتە بەرچاو کە دەڵێت:

---

١. سەرچاوە: حەیرانبێژ رەسول گەردی، کاسێت.

(ئەنگۆ زەینێ خۆتان بدەنێ سەفینۆک سەر لە بە فرێدا).

ئـاخر ئـەتۆ ئـەو بەیانییـە بینـە بـەرچاوت کـە لـە هـەولێر و گوندەکانی دەوروبەری لە خـەو هەڵدەستی دەبینی سـەفینە شـێتی خۆشناوان تارای زیوینی پۆشیوە، چ هەستێکی شـاعیرانە داگیرت دەکات و لە تەماشاکردنی تێر نابی، دەتەوێت چاوت پڕ بکەی لـەو دیمەنە خۆڕسکە، یان کە کێژ دەڵێ: (**ناچمە دەشتی کاولە قەراجی لـە بـۆ کـەیف و سـەیرانێ**)، دێتـە بـەرچاوت لـەو دەشتە کـاکی بـە کاکییـەی کێژوکـاری چـوار بـەردە و دوازدە هـەواری بـەهاران لـە کەنگر و کاردوو و پیفۆک و قێزبەلە کردنێ چۆن ئـەو دەشـتەیان خەملانـدووە و لـە گـەڕی داوەت و دیلانـێ کوریکـە حاجیلـە و سوێسنە و بەیبوون و کێڕێ دەشێلن، لە پەسـنی نـازدار حـەیرانێ هـەر ئەندامێکی جەستەی بەشتێک دەچوێنێ و دەڵێت:

(چاوت دەشپێنم بە چاوی کار غەزالان،
گەردەنت دەشپێنم بە قورینگی کوێستانێ،
سینگت دەشپێنم بە کاغەزەکانی سەفەر قەندیلی،
چەندە شیرن بوو وەکی مەلا و فەقێیان خەتێ رەش لێدا.
ئەنگۆ زەینێ خۆ بدەنێ سەفینۆک سەر لە بەفرێدا،
سندووقی گرانن چەکی زێڕ تێدا.
کێژ دەڵێ: ڕەبی چەکانم لێ بـە میراتبـی شـەرتبی ئـەو سـارە بـوارێ ناچمـەوە دەشـتی کاولـە قـەراجی لـە بـۆ کـەیف و سەیرانێ،
چونکە ئەو سارە کە سەرێ سێ سارە کوڕ لە بەندێدا.
کێژێ چاوت دەشپێنم بە چاوێ کار غەزالان،

گەردەنت دەشپێنم، بە قورینگی کوێستانێ،
سینگت دەشپێنم بە کاغەزەکانی سەفەر قەندیلی،
چەند شیرن بوو وەکی مەلا و فەقێیان خەتێ رەش لێدا)[1].

پەسنی سروشتی کوردستان و ئەندامەکانی جەستەی ژن بە جۆرێک دەکات، وەک وێنەیەکی زیندوو پێشانی گوێگری دەدات، سینگی کچەتیم حەیرانێ بەو کاغەزەی دەشوبهێنی کە لە سەمەرقەندەوە بۆ مەلایان هاتووە.

جەمیلی عەلیاغای دەڵێت:

(حەیران لەگەر تووما،
بەژن برندێ ڕوومەت قەسپی مەندەلی، بەژنت لە بۆ من بمێنێ بە داری عودێ،
مەمکت لە بۆ من بمێنێ بە سێوی لاسۆر کە شین دەبی لە چەمی پیرە شەقراوێ،
سینگت بە مافور و قالیچەی گۆرچەلی،
خۆزیە ئەمن باجەستێنی ماچان بوومایە لەسەر گۆمەکەی کاولە قەپرانی،
لەسەر ڕێێ کۆچ و کۆچباری،
محەلی خێر هەرگەڕانەوەی لەسەر بیری مەحموودی سەنان لە کێژۆرە بامەندان،
لە سەروچاوەی کاولە شەعەلی[1].)

---

۱. یەکێک لە حەیرانەکانی عەلی حاجی تایەر هەللاجیبە.

ت. دابڕان و دەست لێکبەردان

دیارە دوورکەوتنەوەی دوو خۆشەویست لە یەکتری، یان دوورکەوتنەوە لە زێد و کاولە مەفتەنێ، کارەساتێکی دەروونی دەخولقێنێت، چجای ئەو کچ و کوڕانەی ئاشق و شێت و شەیدای یەکترن و ساتێک بە بێ یەکتری هەڵناکەن، ئەو ڕووداوە لە ئەدەبی حەیراندا پێی دەڵێن: دەست لێکبەردان. دابڕان و دوورکەوتنەوەی کاتی ژانەکانی ئەهوەنترە لە دەست لێکبەردانی هەتا هەتایە، لە قۆناغە یەک لە دوای یەکەکان بە هۆی ئەوەی زۆربەی خەڵکی کوردستان بە ئاژەڵداری و کشتوکاڵەوە خەریک بوون و بۆ دابین کردنی بژێوی خۆیان کچ و کوڕە گەنجەکان بە زۆری لەگەڵ گەرمێن و کوێستان کردن بە دوای لەوەڕگەی ئاژەڵەکانیانەوە بوون، واتا نیوەی ساڵەکە لە گەرمێنێ و نیوەکەی تری لە کوێستانەکان بەسەر دەبرد، ئەو لێکدابڕان و دوورکەوتنەوەیە لە نێوان ئەو کچ و کوڕانەی پەیوەندیی سۆزداریان هەبوو، پڕ ئازار و بە سۆز بوو، وەک ماملێ دەڵێت:

(ماڵی دە مەڕداران،
ڕۆیین بۆ هەواران،
لێمان دەبڕن یاران).

یان مامۆستا هێمن لە هەواری خاڵی کاتێک لە جێگای تاوڵی ماڵی کچەکە تەنها کوچاگر و خۆڵەمێشێک زیاتری لێ بەجێ

---

١. سەربردەی کۆمەڵە حەیرانبێژێکی کورد- سەعدوللا ئیسماعیل شێخانی، بەرگی یەکەم، ١٩٨٨، بەغدا، چاپخانەی ئەسعەد، ل١٤-١٥.

نەماوە، چ ئازارێک دەچێژێت و ژانی لە دایکبوونی چ شاکارێک دایدەگرێت، سەرەڕای ئەو دابڕان و لێک دوورکەوتنەوانە دەست لێکبەردانی هەتا هەتایەش هەبوو. لە سەردەمی باوکسالاری و خێڵگەرایی هیچ کچ و کوڕێک بۆی نەبووە دڵخوازی خۆی بۆ هاوژینی هەڵبژێرێت، باوک و کەسوکار بڕیاردەر بوون، کچەکەیان دەدەن بە کێ و چ کچێک بۆ کوڕەکەیان دێنن، مەگەر بە ڕێکەوت دوو ئەڤیندار بۆ یەکتری بووبن، ئەوەش دەگمەن بوو. هەر کارێکی پێچەوانەی بڕیاری باوک و خێڵ لە هەڵبژاردنی هاوسەر باجی سەنگینی دەویست، یان دەبوایە وەکی کەریم و ستی، حەسەن و مریەم و هەزاران عاشقی بێ مراد، لە خوێنی خۆیاندا بگەوزن، یان دەبوایە ملیان شۆڕ بکەن و ڕادەستی کۆتوبەند و داب و نەریتە داسەپێندراوەکانی کۆمەڵگەی داخراو و کۆنەپەرست بن. بۆیە کوڕەکە کاتێک بە بەرچاوییەوە خۆشەویستەکەی بە زەبری خەنجەرێ دەدرایە یەکێکی دیکە، ناچار بۆ دارشتنی کەفوکوڵی دڵەی پڕ سوێی ڕووی لە دەشتودەر دەکرد و بە حەیران دەردی دەست لێکبەردانێی دەردەبڕی، کچەکە ئەوەندەشی بۆ نەبوو، تەنها فرمێسک دابارانِدن نەبێ، بۆ نموونە ئەم حەیرانە:

(حەیران حەیرانە،
چاوی چەند ڕەشە پڕ لە دەرمانە،
داکی حەکیمە و بابی لوقمانە،
فرمێسکی چاوانی سێ ڕێزە کاروان کاروانە،
حەزلێکردن گەلە خۆشە لە بەینی کوڕ و کیژان بەوێ بواری،

چبکەم دەست لێکبەردان دەردەکی گەلە گرانە)[1].

حەیرانبێژ مەحموودی عیسمەتێ دەڵێت:

(حەیران، سەرێ من دێشی، دەردێ لە درم دەناری،
ئەنگۆ زەینێ خۆ بدەنە کاولە بناری،
گەوارەکی دادەینا چەندە جوانە لە دوور دەباری،
سەرێ گەواران تەڕ دەکاتەوە تەپە و لاسۆری کلکەیێ قەرە بۆتک و قەرە بێتکان،
تەڕ دەکاتەوە زینی دارە بزماران،
ئازیکەندی بندیانان، چیخلۆکی کێڕ جوانان،
گردەسۆری سیانان،
تەڕ دەکاتەوە دێدەوانی شێخانان،
دایدەگێڕاوە بەسەر کاولە ئاقاری ماریێ بابێ حەیرانێ،
کۆچەکیان لێدەنا دەچنەوە بنەگە مەرێ کاولە هەواری،
ئەنگۆ زەینێ خۆ بدەنە پێش دەرکی قەلە ڕەشماریێ،
بەژنێ باریک ڕاوەستایە بە خان و مانی،
گۆتم: کێڕۆرە جوانێ یاخوا هەورییت پیرۆز بێ لەگەر هیزاریێ،
یاخوا. یارەبی هەوریم لێ بە میرات بی لە گەر هیزاریێ،
کوڕەتیم حەیران بەجێ دەمینێ بە دەرکی خەمی و تاری)[2].

---

١. ئەم حەیرانە زۆریک لە حەیرانبێژان گوتوویانە و نازانرێ دەقەکە، لە بنەڕەتدا هی کامیانە.

٢. سەربردەی کۆمەڵە حەیرانبێژێکی کورد، ل ٥٩.

ج. ئازایەتی و مێرخاسی

ئازایەتی و دەستوەکەری یەک لەو خەسڵەتانەیە مرۆڤی کوردی پێ دەناسرێتەوە، چونکە بە درێژایی مێژوو لەلایەن نەتەوە سەر دەستەکانی ناوچەکەوە، ئەوەندەمان سەرەدار بە ورگییەوەنراوە، ئەگەر بۆ خۆیشیان ماندوو و وەڕەس بووبن لە کوشتنمان ئەوا هۆزە کوردییەکانیان خۆ بە خۆ بە شەڕداوە، بۆیە بە داخەوە شەڕاخێوی بۆتە بەشێک لە ڕابردوومان. لەو خاکەی لەسەری دەژین چ وەک نیشتمان، یان ناوچە، تەنانەت گوندێکیش بەرگری لێ کراوە، لەو شەڕ و شۆڕ و بەرگریکردنە مرۆڤگەلێک بە ئازا و دەستکەرەوە ناوبانگیان دەرکردووە، لە لاوک و بەند و حەیراندا ناویان هێناون و پێیاندا هەلاگوتوون و بوونەتە وێردی سەر زمانی خەڵک. زۆر جار لە ناوچە جیاجیاکانی کوردستان بەر لە دەستپێکردنی شەڕ شایی و گۆڤەندیان گێڕاوە و بە بەندی فۆلکلۆری ناوی چەند قارەمانێکیان وەبیر هێناوەتەوە، بۆیە لەسەر بەرگری ڕەوا زۆرجار ئەو قسەیەمان گوێ لێ دەبێت کە گوتراوە: (شەڕ داوەتی کوردانە)، ئەوەش لەوەوە سەرچاوەی گرتووە کە گەلێکین لەسەر بەرگری پیرۆز باکمان بە مردن نییە، بەو هۆیەوە دەبینین لاوک و بەندە فۆلکلۆرییەکانمان، پڕن لە داستانی ئازایەتی و پێهەڵاگوتن بە مرۆڤە بەوەجەکان، حەیرانیش مۆری خۆی لەو بابەتە داوە، وەک حەیرانبێژی بەناو و دەنگی گەلەکەمان خدر خەرابە دراوی دەڵێت:

(هەر شۆڵەکی خودایێ گەورە بینتە سەر مرۆی،

ئەو شۆلە شۆلەکی پەندە،
ئەمن سوونەدەکی دەخۆم بە مەرقەدی شێرەسواری،
وەکی ماریێ خۆی دادەنا لە مەعبەینی هەردوو دەربەندە،
وەسمان دەرێ: ئۆمەر هەر کەسانەکی لەسەرغیرەتێ، لەسەر ناموووسێ،
لەسەر وەتەنێ خۆی بێتە کوشتنێ، لە کن پیاوی حیز شین و گریانە،
لە کن پیاوی بەغیرەت شاییە لەگەر گۆوەندە)[1].

هەروەها حەیرانبێژ محەمەد عومەر حوسێن لە حەیرانێکدا کە خەمخۆری کەلەپووری کوردەواری ئەسعەد عەدۆ، بۆی تۆمار کردووە باسی بوێری کوڕەتیم حەیرانێ دەکات، کە چۆن بەرەنگاری داب و نەریتی خێڵ و دیوەزمەی کۆنەپەرستی داسەپاو دەبێتەوە و دەیەوێ بە دەستی خۆی داکۆکی لە خۆی و کچەتیم حەیرانەکەی بکات و داواش لە برادەرەکانی دەکات دەست بدەنە تفەنگێ و بگەنە هیمدادی.

حەیرانبێژ دەڵێت:

(ئەرێ براینە بەوێ سبیانێ،
چەندی گاز دەکەم لە چیایان، لە چیای زادێ،
ئەمن دەچمەوە کێڵێ کوێستانان،
ئەوا قاز و قورینگان لە منێ خانەوێرانێ
چەندە شیرینە دەنگ لە عەوا دێ.)

---

١. سەرچاوە: حەیرانبێژ خدر خەرابەدراوی، کاسێت.

کوڕ دەڵێت: (گەلی برادەرینە،
ئەمن ئەو سارەکە بەژنێ باریک و گەردەنی زەردی بەخار
هەر دەگرم،
دەئەنگۆ دەستی خۆتان بدەنەوە تفەنگێ،
هەر زوو بگەنە هیمدادێ)[1].

ئەو سەرکێشی کردنە بۆیری و ئازایەتی ویستووە، لە ڕۆژگارێکی ئەنگوستەچاودا لەمپەری کۆنەپەرستی پەڕاندووە.

چ. شیوەن:

بابەتی شیوەن لە حەیراندا هەر بەڕاستی شیوەنی دەوێ، ئەو بابەتە زیاتر پشکی ژنە حەیرانبێژەکان بووە، چونکە نێرسالاری و پاشخانی ئەقڵیەتی دۆگمای خێڵەکی و داب و نەریتی کۆنەپەرستی داخراو، تەنها ئەو مافەیان بە ژن داوە لە شیوەنگێڕان لەگەڵ قوڵپی گریان و فرمێسک دابارانداندا بۆی هەیە حەیران بڵێ و دەنگ هەڵبڕێت، یان لە کاتی خەواندن و لای لایە بۆ منداڵ، ئەویش بە دەنگێکی نزمتر، شیوەن لە حەیراندا بۆ جوانەمەرگ و کەسە بە کەڵک و دیار و بەرچاوەکانی ناو کۆمەڵگە و بە مراد نەگەیشتووانە. ئەو کۆستکەوتنانە زەرەرمەندی سەرەکی تیایدا ژنە، بۆیە تاکە نزا ئەگەر بۆ کچێکی بکەی دەڵێ: خوا مرازت حاسڵ بکات، چونکە دەزانن بەربەست و ڕێگری لە پێش مرادەکانی دروست دەبێت. بۆیە ئازارنامەی ئەو کۆژانە لە ناو بەندەکانی حەیران بە گوێی کۆمەڵگەدا

---

۱. سەرچاوە: حەیرانبێژ محەممەد عومەر حوسێن، کاسێت.

دەدات. کاتێک سەرە ژنی حەیرانبێژ لە مەجریسی تازیەی ژنان سۆز و میهر لە ناخیدا وەکو گڕکان قوڵپ دەدا و دەبێت بە جۆگەلەی حەیران، لەراندنەوەی ژێیەکانی قورگی ژنی خەمبار و حەسرەتکێش دەبێتە چەخماخەی ئەو بروسکەیەی فرمێسکی گەرمی لەلایەن گوێگرانییەوە پێ دابباریێت، بۆیە چۆن لە توانای هیچ کەسدا نییە نزگرە و با بنووسێتەوە ئاواش ناتواندرێ هەستی پڕ لە سۆز و میهری ژن لە ناو فریادی غوربەتدا بنووسرێتەوە، بەڵکو دەبێت خۆت گوێت لێی بێت، بۆ ئەوەی کۆد و سیحرو ئیستاتیکای دەنگی ژنی حەیرانبێژ و کاریگەرییەکانی لەسەر گوێگر بزانیت. حەیران بە دەنگ و ئاوازی زەنگوڵ ئاسای ژن نیشانەی دەوڵەمەند و ڕەنگینی کەلەپووری کوردەواریە. ژنی کورد بە نۆرەی خۆی بۆ پاراستنی ئەو هونەرە میللیە، هەوڵی داوە لە کاتی شیوەن بۆ ئازیزانی هەستی بریندار ی خۆی بێنێتە زمان.

(ئەرێ براینە، دیسان دەڕێم:

بەینی بەحرکە و پیرزینی لە من خانەوێرانەی ئەوا دەڕێم: بە کفرەشینە.

ئەوا ستی گاز دەکا دەرێ:

عەیشێ بابان وێرانێ ئەتوو هەستە لە خەوێ،

لەشکری دزەییان هات و دەورەی بەحرکەی ڕەنگین لە من گرتییە، ئەوا دەرێ لێم مەعلوومە مەولوودی حەسەنی کوژرایە،

ئەوا بۆرە دێتەوە بەبێ خودانی سەر زین و پاشکو لەمن غەریبێ بەخینە)[1].

ئەوە شینی ستییە بۆ کوژرانی مەولوودی حەسەنی کە جوانە ماین دێتەوە بەبێ سوار، سەر زین و قاڵتاغ بە خوینە.

زۆرجار ژنی سەربەهەش و مل بە کوێن، چ بە سەردوولکە، یان حەیران کۆڕی گەرمەشینی بۆ ئازیزانی گەرم کردووە و بەندەکانی بۆنسۆی لێ هاتووە، ئازارەکانی دەروونی بەم شێوەیە دەربڕیوە:

(حەیران، نەمێنم سەت جاران دەبا لۆت نەمێنم،
خۆ مردم هەندەی بە بەژن و باراتدا هەر بڕێم و لە ڕێ و بانان ڕامێنم،
بریا مەرگی من پێش مەرگی توو بکەوتبایە،
نەوەک لە پاشی توو لۆ کەسەر و خەم و تارییان بمێنم)[2].

ح. مێژوو

دەقی حەیران چونکە کورتە چیرۆکە و سنوور و کەوشەنێکی فراوانی نییە و لە ڕووی قەبارەی بەندەکانی سنووردارە، ناتوانێت ڕووداوەکانی مێژوو بە چەند دێڕێکی کەم ئاماژە بە هەموو

---

١. دیوانی حەیرانبێژان، کۆکردنەوە و ئامادەکردنی: ئەحمەد حەیران، ٢٠١٣، چاپخانەی حاجی هاشم، هەولێر، ل ٦٨.

٢. کۆڤانی حەیران، عومەر حاجی عەلی شەناغەیی، بەرگی دووەم، چاپی یەکەم، ٢٠٢٣، چاپ، کوردستان، هەولێر ل١٥.

کارەکتەر و کۆی ڕووداوەکە بکات، بۆیە بە چەند دێڕێک ئاماژەی بە بابەتە میژووییەکانی ناوچەکە کردووە. لە هەردوو ڕەگەزە هەڵکەوتووەکانی وەک ئەسمەرێ کابایزی و جەواهێری ئەحمەدی بارینان و خەجیجێ ڕەحمانی و ستی و هەمین و خانزادی سۆران و کاکل ئاغای گەردی و مەولوودی حەسەنی و وەسمانەخێل و مامەڕاغای زراری و حەبیباغای سیاوی و زۆرانی دیکە ئاماژەیان پێدراوە، بەداخەوە هەمووی میژووی شەڕاخێوی هۆزە کوردییەکانە خۆ بەخۆ. بەڵام ئەم حەیرانەیان جێگای دڵخۆشییە و ئازایەتییەکە بەرامبەر دامودەزگای دەسەڵاتە کە دەڵێت:

(دەڕێم برایینە برادەرینە،
ئەگەر دەڕێم بەستۆرە بەستۆرە لەبەر بیانێ،
ئەگەر بەحرکەی ڕەنگین دیار نییە،
زەینێ خۆ بدەنێ بابە لە تەمێ لە تەمتومانێ،
ناوەڵلا لەبەر دووکەری کارخانێ وەکی ئەسمەر گاز دەکا؛
خوام بە خورامی کوڕە کوڕی گەردییان کا،
یاخوا لە ڕووحێ داکێ منیان کەوی، ئەوسار بەوێ دەرە بواڕێ،
وەکی دەشکێنن دەرکێ سەرایێ،

دەوەتانە کاکلاغای گەردی بابی جەمیل و مەجیدی دەردینەوە لە بەندیخانێ هەولێرێ بە خودای دەوەتانە بە زەبری لوولەی کارخانێ)[1].

مستەفا حەسەن خەزنەیی لە حەیرانێکدا دەڵێ:

(براینە برادەرینە، زێیێ بادینان لە من دێ و دەناری،
شەپۆلی خۆی دەداتەوە لە دەو عاوی و عاوییان دەداتەوە لە کلکەیێ گۆپاری،
حەیف و سەت مخابنێ دنیایێم نەمینێ،
مێرەکی وەکی مەولوودی حەسەن ئاغای کەتییە لە بەینی بەحرکە و براغی، لەبەر بریێ کارخانان دەناری)[2].

خ. جوگرافیا

لە ناو دەقی زۆربەی حەیرانەکان جوگرافیا ئامادەیی هەیە، چ لە پەسنی سروشت و خەملێنی دەشتودەر و قەدپاڵ و دیمەنی مەخمەرئاسای میرگ و گرد و مەزارگە و کانیاو و گوندەکان، بە تایبەتی وەرزی بەهاران، چ بە هۆی کاریگەریی دابەشکردنی نیشتمان وەکو مێوژی سەر بووکێ و دادڕادڕ کردنی خاکمان بۆ چەند تیلمێک، مرۆڤی کورد هەمیشە خەون بە پێکەوە گرێدانەوەی دەبینێت، بۆیە ئەوەندە بە تاسەوە وەک ئەڵقەکانی زنجیر

---

۱. دیوانی حەیرانبێژان، ل۱۱۱.

۲. سەربردەی کۆمەڵە حەیرانبێژێکی کورد، ل ۱۲۱.

ناوچەکان بەیەکەوە گرێدەداتەوە، سروشتی جوان و دڵڕفێنی دۆڵ و دەشت و زوورگ و مێرگ و چیمەنی لە وێنەیەکی شیعری پیشانی گوێگر دەدات، وەک ئەوەیە حەیرانبێژ بیەوێ ئامێز بەو شوێنانەدا بکات و مولکداری خۆی بەسەریاندا بسەلمێنێت.

عەلی حاجی تایەر هەللاج، لەم حەیرانەیدا ناوچەکان بە یەکەوە گرێدەدات، کاتێک دەڵێت:

(گەلی برادەرینە،
ئەنگۆ زەینێ خۆتان بدەنێ؛
گەوارەکی دەهێنا رایدەگرت لە ناوەندی عاسمانێ،
تەپڕی دەکردەوە ئەوبەر ئەوبەری کەندێناوێ سەر زوورگەزراوی خۆمان
چەولنگی پردێ بەستێ شاقازی سەریێ گۆماسکان بانیێ قەرەقاجدانێ،
ئەمن دووعایان دەکەم ئەوی گەوارەی رەشتاری بێ ئافاتبی،
لەبەر ئەوی قەلە رەشمارەی ئێوارە پۆژ گەلە درەنگە هەریاندەداوە لە دۆرێ خانێ.
دەچمە سەر برندان زەینێ خۆم دەدایێ؛
بە ژنێ باریک دەستی خۆی دایتەوە کوتکەکی دار مەرحەم دەیکوتاوە کۆزیێ کاران، ناوەلا گەرمی دەکردەوە کولین و کوتانێ).

لێرە کەندێناوەی بەسەر زورگەزراوی و چەولنگی پردێ و بەستێ شاقازی و سەری گۆماسکان و بانی قەرەقاجدانی و دۆڵی خانێی گرێداوە.

هەروەها خدر خەرابەدراوی لە حەیرانێکدا دەڵێت:

(ڕۆژم لێ هەرات گەزەنگان داوێ
دەدا لە سپی ڕێزی خەیلانیان لە چارچەلێ هەرکییان لە
هۆرنی بارەکیان لە پەلکی گیابەند و خاوێ،
ئەمن حەیرانەکەی خۆم دەشێنم بە قورینگەکانی بەرچێر
بەخار،
کە دێتە خوارێ لە کێلێ کوێستانان شاپەران شۆڕدەکاتەوە،
دەنیشی لە دەو زێیێ بادینان لە دەو گۆمی ئاوێ،
دەخزمینە وەرن لە گەرم بابچینە خزمەتی شاداوی تۆڕەوان،
مەحبوبەکەی من تەیرەکی گەلە غەریبە، لە بۆ خاتری درێ
من داینەبڕی لە ڕەوێ نەیگری بە تۆڕێ و بە داوێ)[1].

حەیرانبێژ، سپی ڕێزی خەیلانیان، کە دەکەوێتە کوێستانەکانی سەر سنووری ڕۆژهەلاتی کوردستان بە ناوچەی چارچەلی هەرکییان، زێدی لە دایکبوونی هونەرمەندی بلیمەت کاوێس ئاغا و هۆرنی بارەکیان بە یەکەوە گرێدەداتەوە و وێنەیەکی زیندووی ئەو جوگرافیایەمان پێشان دەدات. بەو شوێنانە ئاشنامان دەکات کە گیابەند و خاوی لێ دەڕوێ، شاکاری تابلۆی ئەو قورینگانەی ئاسمانی کێلێ کوێستانان تا دەگاتە زێیێ بادینان، دەدەنە ژێربالّی فڕین و لوور دەبنەوە بەرەو گەرمەسێر.

---

۱. سەرچاوە: خدر خەرابەدراوی، سەرچاوەی پێشوو.

د. لاواندنەوەی منداڵ

هەر ژنێکی کورد کاتێک منداڵ دەخاتەوە، لەگەڵ یەکەم فرچکدان و دەرخوارددانی ژەکی مەمکی، هەوڵدەدا بە باشترین شێوە گەورەی بکات و پەروەردەیەکی ئەوتۆی بکات لە دواڕۆژ بۆ دایک و باوک و دەوروبەری ببێتە داری بەری و لەبەری بحەسێنەوە، دایک بە دەنگ و ئاواز و لاواندنەوەی کوردانەی ڕەسەنی بە گوێیدا بانگ دەدات، ئەو هیوایانەی پێیەتی یەک بە یەک بە گوێیدا دەدات، ئەگەر کۆرپەکەی کوڕ بێت هیوای ئەوەی بۆ دەخوازێت لە دواڕۆژ ببێتە سەرپاڵەی بیست سەپانان و چەند تیلەکێش مەڵۆی لە دوا هەڵگرنەوە، یان ببێتە شوانێکی شارەزا و مەعلان (پسپۆڕ) و هەزار سەر مەڕی بەسەر بکاتەوە، لە ڕۆژی لێ قەومانێ، دوو ڕەخت فیشەکدانی ڕاست و چەپ لە خۆی ببەستێ و تفەنگەکی حوسکە، یان جامبێزار، یاخود برنۆی بە شانییەوە بێت و خەنجەری دەبانی پشکە زیوی جەوهەرداری لەبەر پشتێنی بێت، لۆ ڕۆژی دەعوایێ، یان سواربی لە کەوێتەکی قاپڕەشی، سم کۆتک سوارەکی ئەوەندە کارامە و مەعلان بێت، لە بای غاریێ سێ قەف گوریسی لە عەرزی هەڵگرێتەوە و لەسەری مەیدانێ کەس نەتوانێ پشتی لێ بستێنێ و ڕمی حەوت قەفی نسیری حەوالەی بەینی قۆرنجانی بکات، ئەوجا کامە کچی شۆخ و شەنگە لەوانەی وەکی قورینگی شاپەڕ بە خوناون بۆ کوڕەکەی لە پەردەی بووکێنی بکات، لە گەڕێ بەرمالان حەوت شەو و حەوت ڕۆژان دەهۆڵ و زووڕنا بیکوتێ و هیچ کوڕێک دەستی

بێ دۆ نەبێ و لە ناو گەڕی رەشبەڵەک شاباش نەبڕێتەوە، لەبەر تەڕادی سووکە سواران تۆز بەری عاسمانێ بگرێت. خۆ ئەگەر کۆرپەکەی کچ بێت، لەگەڵ لایلایەکردن بۆی هیوای ئەوەی بۆ دەخوازێت کە گەورە بوو کچی عازەب دابنیشی لەسەر دارەبازەی تەونی بەدەست و پەنجەی بەخەنە و مقەسەکی ئینگلیزی ببڕی گورینگی مافووری و کچەکەی ببێتە تەونکەر، یان سەر پشتی لە قەدی خۆی گرێبدات و بەرامپیلی لە ملی بکات بە پێش بێرییان بکەوی بۆ مەڕ دۆشینێ، یان بە دەستەکی بە کەوگیر خواردنی لۆ میوانی ماری بابی خۆی ئامادە بکات و ڕوومەتی سۆری گورگوری سۆربن لەبەر هەڕمێ ئاگری، یان کە دێنە داخوازی بە دەستەکی سووک کچەکەی بەڕێ نەکات بۆ ماڕێ مێردی هەتاوەکو سەت بەردیلی بەربەرانی نەدەن بۆ نەختی، باری حەوت هێستران کل و کلدان بۆ کێژوکاری گوندەکان و سەت خەنجەری کالان زیو دیاری کێخوای گوندی، لە خەنەبەندانەکەی کێژوکاری حەوت گوندان دەست و پێیان لە خەنەی بنێن. ئەوەتا لەعلی خانی هاوسەری دووەمی باوکم کە لە هۆزی مامزێندینی بوو، لەگەڵ ڕاهەژاندنی لانک، حەیرانی بۆ خەواندنی منداڵان دەگوت و پێی هەڵادەگوتن. بۆ کوڕان دەیگوت:

(لایلایێ لایلایێ لایلەڵلایێ،
شەوێ لە سێبارێ نیوەشەوێ ئەوا هەرهاتن ئەستێرەکانی لە پاش پێڕوێ هەرچەندی دەکەم و دەکرێنم کوڕە جوانەکەم قەت خەوی نایێ،
خۆزیا بە خۆزیداران نەمردبوومایە؛

هەتا کوڕە لاوەکەی خۆم سوار دەکەم لە جوانە ماینەکی شینی قەزوانی
جەرەوی لۆ شل بکات، هەتا خالیس و مەندەلی،
ناوەڵلا حەوت قۆناغ لۆ خوار بەغدایێ).

بۆ کچان دەیگوت:

(ئەوشۆ شەوەکی گەلەک درێژە،
خەرک و عالەمێ مە هەمووی کڕخەوە و لێی راکشایە،
دەنگۆ بڕۆننە کۆچک و دەستراز و سەر لانکی کیژۆرەکەی من،
بە سیم و ئارمووشی حەوت ڕەنگ نەخشایە.
گەلی ڕاوکەری لە ڕاوێ ڕاویژگە و بەتارە،
چونکە کیژۆرەکەی من کارمامزەکی چاوڕەشی دوو مانگییە،
هێشتا لە داکێ دانەبڕایە).

ر. ئایینی

بە هۆی ئەوەی حەیران لەسەر هەستی گوێگر ئاوازێکی بەسۆز و کاریگەرە، هەندێک لە سۆفی و دەرویێشەکان پەنایان بۆ ئەو ئاوازە پڕ جۆشە بردووە، بۆ پێهەڵدانە ئایینیەکانی وەک شوێنە پیرۆزەکان، پیاوە دیارەکانی ئایینی، تەریقەت و تەکیە و خانەقا، مەزارگە ئاینییەکان، ویستوویانە پێهەڵدانە ئاینییەکان بە فۆرم و ئاواز و دەستەواژە ڕەسەن و کاریگەرەکان ڕووبۆش و زێڕکفت بکەن، لە کاتێکدا هەموو ئایین و ئایینزایەک بە گوێرەی

هزر و ڕامانی خۆی ئاوازی عاریفانه و هونەری تایبەت بە خۆی هەیە، بەداخەوە هەندێک لە سۆفی و دەروێش و مریدە (متەسەووفەکان)، نائاگایانە بێ ئەوەی بزانن ئەوەی دەیکەن هەوڵێکە بۆ داماڵینی حەیران لە جەوهەر و ناوەڕۆکی ڕاستەقینە و ڕۆمانسییانەی خۆی، هەر چەندە حەیرانی ئایینی، تاموچێژی حەیرانی ڕەسەنی کوردی نادەن، چونکە ڕەگەزەکانی حەیرانی تیادا شێوێندراوە. لە قۆناغە یەک لە دوای یەکەکانی جیاواز لە هەموو هونەر و ئاوازەکانی دیکە، حەیران ئەشقیا و یاخییەکی گوندنشین بووە و گژبەریی هەموو ئەو هەوڵانەی کردووە کە دەیانەوێ لە ڕەسەنایەتییەکەی دایببڕن، نەچۆتە ژێر باری هیچ فەرهەنگێکی بیگانە و توانیویەتی زمانە ڕەسەنەکەی بپارێزێت.

هاتنی ڕووسەکان بۆ باشووری کوردستان، کاریگەرییەکی ئەوتۆی نەکردە سەر زمانی ڕەسەنی کوردی، بەڵام لە کاتی هاتنی ئینگلیز، هەندێک وشەی ئینگلیزی خۆی خزاندە ناو زمانی کوردی وەک: بەربەر، عەنەتریک، ئستاپ، بەنزین، ڕادیۆ، پۆلیس..... تاد. بەڵام کاریان نەکردە سەر زمانی حەیران، بە پێچەوانەی هونەرەکانی شارنشینان، دەتوانین بڵێین حەیران لە بەرامبەر نێزەی ڕووس و شمشێری عوسمانییەکان و پۆستاڵی ئینگلیز ڕادەست نەبووە، وەک تیشە شاخ لە بەرامبەریان وەستاوەتەوە. هەر چەندە عوسمانییەکان بە شێوازێکی دیکە و لە کەناڵێکی دیکە و لە ژێر ئایینداری ساختەی ڕیابازانە توانیان تا ئەندازەیەکی زۆر کولتووری دایکسالاری و ژن تەوەریمان بشێوێنن، بەڵام هەرگیز زەفەریان بە حەیران نەبرد.

زۆربەی هەرە زۆری ئەوانەی حەیرانی ئاینییان گوتووە لە کاتی گەنجی حەیرانیان بە جۆتە شەمامەی ڕۆستەم بەگی و دووچاوی بەرەک و بەژنێ باریک و ڕامووسانی گەردەنێ زەرد و داوودەلینگی حاجی حوسێنی و پاشپانی خڕ و ڕوومەتی سۆری گورگوری گوتووە، لەگەڵ چوونە ناو تەمەن و تۆبەکردن لەسەر دەستی شێخێکی تەریقەت و هاتوچۆی تەکییە و خانەقا و بەشداری لە زکری دەروێشان ناچار بوونە چیتر حەیرانی ڕۆمانسی نەڵێن و دەست بکەن بە حەیرانی ئایینی، بەڵام هەرگیز چەشە و چێژی حەیرانی ڕەسەن نادەن.

ز. ڕاسپاردە

مامۆستا هێمنی شاعیر دەفەرموێت:

بەڵێنی ڕاگەیاندێ ڕاسپاردە گوتی بۆت دێتە بن ئەو یاردە غاردە
لە جێژوانێ لە مێژە چاوەڕێتم نەهاتی کێژی جوانی هەڵبژاردە

وەک دەبینن مامۆستا هێمن لەم چوارینەیەدا ڕاسپاردەی لە جێگای پلکە پێناو بەکارهێناوە، واتا ئەو کەسەی ڕاسپێردراوە.

بەڵام ڕاسپاردە بە مانای (وەسیەتیش) دێت، بە هۆی داب و نەریتی کۆمەڵگەی داخراو، کچەتیم حەیران و کوڕەتیم حەیران قەدەخە بووە بە یەکەوە ببینرێن، یان تەنانەت قسەش بە یەکەوە بکەن. بۆیە بۆ ئاگاداربوون لە هەواڵی یەکتری پەنایان بردۆتە بەر "پلکە پێناو" بۆ ئەوەی ڕاسپاردەکانیان بۆ بگوازێتەوە، شوانکارە و مەڕدارەکان لە کاتی گەرمێن و کوێستان کردن زۆرجار وا ڕێککەوتووە مارەبابی نازدار حەیرانێ و کوڕەتیم

حەیرانێ لێک دابڕاون و هەریەکەیان لە کۆیستانە هەوارێک کۆچ و کۆچباریان خستووە، هەردووکیان لە حەژمەتی ئەو لێکدابڕانە، تایان لێهاتووە و ناچار ڕاسپاردەیان لەلای "پلکە پێناوێ"، یان کەسێکی بە بەقا و متمانە بۆ یەکتری جێهێشتووە، یان وایان مەزەندە کردووە ئەو دابڕانە کۆتاییە و ناگەڕێنەوە لەوێ سەفەرێ، چونکە دنیا مەرگ و مردنە، ناچار ڕاسپاردە (وەسیەت) بۆ یەکتری دەکەن.

حەمەد بەگی لەم حەیرانەدا دەڵێت:

(حەیران لە کەندیناوێ،
ئەوجا کیژ جوابان دەنێرێ بە پلکە پێناوێ،
دەرێ بڕێ کوڕەتیمە حەیرانەکەی من ڕوومەتێ سۆری
گورگوریم سیس بووینە لەبەر هەتاوێ،
با لە بۆم بکڕیتەوە قۆدیەکی مەرحەمێ، لە گەر شووشەکی گوراوێ.
ئەوجا دەمگۆتە: پلکە پێناوێ ئەتو بڕێ بەژنەکی باریک و قامکەکی بە ئەنگوستیلە، با هەموو دانی هێواران لۆم بێتەوە
سەر ئاوێ بن بەردی،
نابەخوای کانییەکەی دەرماناوێ)[1].

---

١. سەرچاوە: سەربردەی کۆمەڵە حەیرانبێژێکی کورد، سەرچاوەی پێشوو، ل٥١.

زۆرجـار ڕاسـپاردە (وەسـیەت) بـۆ دوای نـەمانی خۆیشـیان دەکەن: "**کوڕ دەڕێ ئەگەر مردم لە پێش دەرگای مارەبابی نازدار حەیرانەکەی خۆم بمنێژن**"، یان کێژ دەڕێ:

(سینگ و مەمکی من پاوانی کوڕەتیم حەیرانەکەی خۆمە
لە دوای وی هەتا ڕۆژی مردنێ،
نابی کەس دەستانی تێبگێڕی).

جەمیلی عەلیاغەی دزەیی لەم حەیرانەیدا دەڵێت:

(حەیران، لە بابەگیسکی دێمە خوارێ بەسەر دەوەنێ،
پەرچەمت سۆرە مەینێ لە خەنێ،
ئەو سارە کە دەچمە وراتێ غەریبییان،
لە پاشە من جۆتە شەمامان لە مست کەس مەنێ)[1].

ژ. خۆزگە و ئاوات

خۆزگە خواستن پانتاییەکی بەرفراوانی لە ناوەڕۆکی دەقی حەیران گرتووە، حەیرانبێژی حەسرەتکێش و دڵ پڕ لە خۆزگە و ئاوات، نیازمەندانە خۆزگە دەخوازێ کوریکەک بوایە لەسەر ڕێێ کۆچ و کۆچباری، سەری خۆی دەربیناباید لە ناو بارەکی غوبارو تۆزێ، هەر بۆ ئەوەی کچەتیم حەیران لە بەراییێ کۆچێ بیبینی،

---

۱. سەرچاوە: سەربردەی کۆمەڵە حەیرانبێژێکی کورد، سەرچاوەی پێشوو، ل١٤.

یان خۆزگە دەخوازی باجگری ماچان بوایە لە گەلی عەلی بەگ و پردی رواندزێ لەسەر ڕێی کۆیستانچییان.

حەیرانبێژ حوسێن کێشکێ دەڵێ:

(خۆزیا کوریکەک بام لە کوریکی گاگرۆیێ،
شین بوومایە لەسەر چیایەکەی هەیبەت سوڵتانی،
هێواران و سبیانان تەماشام بکردایە قەراتی حەماغای کۆیێ،
دوونێ هێوارێ؛ بەژنەکی باریک و دووچاوی بەرەک، دیتم
لەگەر کۆمەرەکێ دەستە خوشکان لە سەروچاوەی
حەمامۆکێ،
توخوا بینە ماچکەم چەرخەیێ رووەتێ،
بۆن بکەم خاریێ گەردەنێ،
دەستی خۆ باوێمە سەر شەمامەکانی ڕۆستەم بەگی،
توخوا پێم بڕوا بکە، هەتاکو ماوم لە گەرت ڕاستبم قەت ناکەم
درۆیێ)[1].

ناوەڕۆکی حەیران پەیامێکی کورت و واتاداڕە، حەیرانبێژ لە چەند ڕستەیەکدا خۆزگە و ئاواتی دڵی خۆی دەنێتە زمان، بۆ ئەوەی بتوانێ مەبەستی دڵی خۆی بە گوێی کەسی دیاریکراو و گوێگرانیدا بدات. حەیرانبێژی بە ناوبانگ حەسەن حەیران دەڵێت:

(دەڕێم خۆزیە بە خۆزیداران،

---

۱. سەرچاوە: سەربردەی کۆمەڵی حەیرانبێژێکی کورد، سەرچاوەی پێشوو، ل۲۸.

باجگری ماچان بام لەسەر پردەکەی کاولە ڕواندوزێ،
ئەوەلەن لە کێژۆرە بارەکیان، لە گەردەن کێلی ڕواندوزیان،
لەسەربەتاسی خۆشناوان، لە یەقە بە سنجاقی کۆییان،
سەر بە پۆشی سولەیمانییان، لە عەبارەشی هەولێرییان،
لە بسک قوتی سارەییان، لە کێژە خێرەکی و ڕەوەندی و
ئاکۆیی و مام سار و خەیلانییان، لە شلومل و چاو بە کل و
باغەر شۆڕی دزەییان،
وەکی فەسڵی دەرەبواران دێنەوە لەسەر چاکەکەی سوڵتان
عەوڵڵای عارەبی،
لە گۆڕی معێجیلەی لە گۆمی سێقولینچکی،
ناوەڵا دەرێم لە کەندی مشاری)[1].

حەیران لێوڕێژە لە خۆزگەو ئاوات.

س. حەیران لە کاتی نەخۆشی

حەیران لە کاتی نەخۆشی و تالێهاتنیش وەک وڕێنە دەگوترا، باشم لە بیرە تەمەنم نۆ بۆ دە ساڵ دەبوو، باپیرم حاجی تایەر هەللاج چەند ڕۆژێک بوو باری تەندروستی باش نەبوو، تایەکی گەرمی لێبوو، کەوتبووە ناو جێگا، بەش بە حاڵی خۆم هەرگیز گوێم لێ نەبووبوو باپیرم حەیرانان بڵێت، یان تەنانەت یەک حەیرانیش بزانێت، ئێستاشی لەگەڵدا بێت گوێم لە کەسێک نەبوو لە ئەندامانی خێزانەکەمان، یان لە خزمەکانمان کە باپیرم حەیرانی

---

١. سەرچاوە: سەربردەی کومەڵە حەیرانبێژیکی کورد، سەرچاوەی پێشوو.

گوتبێت، مالّمان لە گردلانکەی بناری زوورگەزراوی بوو، خانوویەکی شەبەکی گەورەمان هەبوو، کە دوو ژووری گەورەی تێدابوو، تەنها نیو ناوبڕەی لە بەینی ژوورەکان هەبوو، ئەو خێزانە قەوغەیە دوو سێ کوڕی بەژن و منداڵ و باپیرم و داپیرم هەر هەموومان لەو دوو ژووره دەنووستین، هەریەکەو لانکی منداڵی ساوای دەکردە پەنا بۆ خۆی و ژنەکەی. باپیرم و ئەندامانی خێزان لە کاتی خەوتن هەر بابایە لەنێو جێ و بالینگانی خۆی خزا بوو، لە ناکاو باپیرم تێیهەڵکرده حەیرانێک، ئێستاش لە زەینی منداڵانەم تۆمارە، چونکە مامم چەند جار ئەوحەیرانەی بەقسە بۆ باپیرم دەگوتەوە کە ئەوە حەیرانەکەی بوو:

(گەلی برادەرینە،
ئەمن گەلەک نەخۆشم، دەردم گەلەک گرانە، کەوتیمە لە ناو نوێنی.
جوابەکم لۆ بدەنە نازدار حەیرانێ دەبا دەمەکێم بێتەوە سەرینێ،
ئەمن دەمرم بەوێ کەسەرێ لە گوێیێ من خۆشدێ دەنگی گریانێ ناوەڵلا فەقێیان لەسەرینگانم دەخوینن یاسینێ).

مامم حسێن یەک تەئهووی دوورودرێژی بۆ لێداو قیتبووەوەو بە سەرسووڕمانەوە گوتی: حوسێن ئەوە چی بوو؟! مامم حوسێن گوتی: چۆن نازانی تەئهووم بۆ لێدای، دەزانی حەیرانێکی چەندە بەڕێ و جێت گوت!! باپیرم گوتی: هەر ئەو قەباعەتە

مابوو، ئەمن و حەیران کوجا مەرحەبا؟! نکۆلی دەکرد کە حەیرانی گوتبێت، یان تەنانەت یەک حەیرانیش بزانێ.

هەر لەسەر حەیران لە کاتی نەخۆشی و وڕێنەکردندا، لە نێوەڕاستی حەفتاکان مالمان لە گوندی گەڕەشێخان بوو، لەگەڵ مالی فەندی ئۆمەری عیسای هاوسێ بووین، بانی خانووەکەمان بەسەر حەساری مالی فەندیدا دەڕوانی، هاوێنێکی گەرم بوو، بۆیە باوکم لەسەربانی دەخەوت چەند ڕۆژێک بوو نەخۆش بوو. مالی فەندی، ئەو ساڵە ژنیان بۆ کوڕیان هێنابوو. کاتێک شەوێ گوێی لە حەیرانەکانی باوکم بووبوو، بۆ بەیانی، بە خەسووی گوتبوو: شەوی ئەمشەو ئەو پیاوەی جیرانمان حەیرانی دەگوت!خەسوویشی گوتبووی: ئەوە وەستا عەلییە، هەرکات نەخۆشبێت، حەیرانان دەڵێت!

٢- چۆنیەتی داواکردنی حەیران

لەوان سەردەماندا، زۆربەی هەرە زۆری حەیرانبێژەکان کەسایەتی بەڕێزو خۆشەویستی نێو کۆمەڵگەو دەوروبەریان بوون، ئەوەندەی بینیبێتم و بیستبم لە ناوچەکەی ئێمە هیچ حەیرانبێژێک عیززەتی نەفسی ڕێگای پێ نەداوە قەبوڵ بکات لەنێو مەجریس و جەماتێ دەستڕی کۆمەکی بۆ رابخرێ و خەڵک پارەی بۆ بخەنە سەر، ئەو کردەیەی هەر بە سووکایەتی و جنێو زانیوە. تەنانەت کەسیش زاتی ئەوەی نەکردووە فەرمانی پێ بکات حەیرانی بۆ بڵێ، چونکە حەیرانبێژ دەبوایە لە ناخەوە کەیفی گۆتنێی هەڵبستێ. بەڵکو داواکردنی حەیران لە حەیرانبێژ،نەریتێکی کۆمەڵایەتی تایبەت بە خۆی هەبوو.

لە مەجریسێ لە جیاتی قاوە و چایە، قەنداوێکی گەرمیان لەپێش حەیرانبێژ دادەنا بە مانای ئەوەی گەرووت نەرم و پاک بکەوە بۆ ئەوەی چەند حەیرانێکمان بۆ بڵێیت! ئەو کردەیەم چەندان جار بە چاوی خۆم بینیوە، لە مەجریس و بن ڕەشمالّی بووک گواستنەوەکانی دەشتی هەولێر. حەیرانبێژیش لە دوای خواردنەوەی قەنداوەکە دوو سێ کۆخەی دەستکردی دەکرد بە ئاماژەی ئاگادارکردنەوەو گوێگرتن و پاک کردنەوەی قورگی. کڵاوو جەمەدانییەکەی دەهێنا سەر تەختی نێوچاوانی و تیلاکی خواردەکردو دەستی لە بناگوێی دەناو تێهەڵدەکردە حەیرانان. گوێگران هەر بابایە وای مەزەندە دەکرد بە یارەکەی ئەویدا هەردەرێ، بۆیە لەگەڵ دوابەندەکانی تەئهووێکی درێژی بۆ لێدەدا،

مخابن نه ئامێری تۆمارکردن لە گوندەکان بەردەست بوو، نە حەیرانبێژیش ڕێگای دەدا دەنگی تۆمار بکرێت، لە ترسی تانەو تەشەرو پلاری کەلەوشکان و کاریگەریی کولتووری داخراو، بەو هۆیەوە بەرهەمی زۆر لە حەیرانبێژانی ژن و پیاو لەگەڵ لاشەکانیان ژێر خاک کران و بۆ هەتا هەتایی کوژانەوە. تاکوتەرا هەندێک لە پیاوەکان شانسی ئەوەیان هەبوو دەنگیان تۆمار بکرێت، بەڵام ژنەکان ئەو دەرفەتەشیان نەبوو.

٣- تەئهوو

تەئهوو، باگۆدانەوەو هاندان و دەستخۆشییە لەلایەن گوێگرانی حەیران، بۆ حەیرانبێژ، دەربڕینی جۆش و خرۆشی ناخی گوێگرە لە بەرامبەر کاریگەریی دەستەواژەکانی ناو حەیرانەکە و هاندانە بۆ بەردەوامی، پیشاندانی پێخۆشبوونی گوێگرە بۆ دەنگ و ئاوازی حەیرانبێژو شمشاڵ ژەن.

تەئهوو، بۆ هەر شوێنێکی حەیران نابێت، دەبێت کەسی تەئهوو لێدەر لێزانانە لەگەڵ دوابەندی هەر بەندێکی حەیران وەکو لیزگەی مرواری تێکی بهاڵێنی و درێژی بکاتەوە تاوەکو حەیرانبێژ دەگاتە کۆتا وشەی سەروای دوا بەندو ئاوێزانی یەکتریان بکات. زۆرجار گوێگر ئەوەندە ڕۆدەچێتە ناو دەقەکەو دەستەواژە وروژێنەرەکان و ئەوەندە کاریگەرو ناخ هەژێنن تەنها بە تەئهوو دڵی ئاو ناخواتەوەو هاوار دەکات و دەڵێت: "بەقوربانی دەنگت بم" یان دەڵێت: "دایکم بە قوربانت بێت"، لەبەر ئەوە نییە دایکی وەک

پەلاری قیڕوسیایێ بەکار بێنێ، یان دایکی لەلا کەمبێت و قوربانی هەر شتێکی بکات، بەڵکو پێیوایە دایکی کورد، ئەوەندە گەورەو میهرەبانە، نەک تەنها خۆی بەقوربانی کوڕەکەی خۆی دەکات، بەڵکو ئامادەیە خۆی بە قوربانی برادەرەکانی کوڕەکەشی بکات، ئەوەش لووتکەی قوربانییدانە.

زۆرجار حەیرانبێژ لە دەرەوەی دیوەخان و ژوورەکان حەیرانی گوتووە، گوێگر تووشی هەژانی دەروونی بووە و لەگەڵ دەربڕینی دەستەواژەو دوابەندەکان، وای مەزەندە کردووە ئەو حەیرانە کتومت بە کچەتیم حەیرانەکەی ئەویدا هەڵگوتووە، چونکە لای وابووە هەموو ئەو پەسن و پێهەڵدانە تابلۆی راستەقینەی گراویەکەی ئەوی تێدایە و هەمان سۆزو بەڵێنەکەی کە لە جێگای ژوانێ بە یارەکەی خۆی گوتووە، بۆیە هەڵێکێشاوەتە دەمانچەی چواردەخۆری سێ غازی دەسک زەردی قونک سۆرو لاکەل یەک یەدەگ فیشەکی گوللەسۆری بەرەو ئاسمان تەقاندووە، ئەو کردەیە حەیرانبێژی زیاتر جۆشداوەو لەسەر گۆتنێ موکڕتری کردووە.

ماڵمان لە گوندی گەڕەشێخان بوو، یەک لە شەوەکانی هاوینی سەرەتای حەفتاکان، حوسێنە کوردی قوڵتەپەمان میوانبوو، لە دەرەوە لە ناو حەسارێ دوو لبادی رایەخی ناو ڕەنگاوڕەنگیان بەرامبەری یەکتری ڕاخستبوو، سادقی کەچەری خانەی خەڵکی گوندەکەمان بوو، زۆریش لەگەڵ باوکم برادەر بوو کە زانیبووی میوانمان هەیە هاتە لای باوکم تفەنگێکی پەڕەشووتی تەیارەشکێن لەبەر دەمی خۆی دانابوو. فانۆسێک و جامەکی فافۆنی پڕ لە ئاوی

کوندەی شەوی لە ناوەندی مەجریسێ دانرابوون. بەهۆی ڕووناکی ئەو فانۆسە دەموچاوی یەکتریان دەبینی. حوسێنە کورد بە تەمەن لە باوکم گەورەتر بوو. دەستی لە بناگوێی خۆی ناو دوو حەیرانی گوت، باوکم بە نۆرەی خۆی ئەویش حەیرانێکی گوت، حەیرانی دووەم گوتی: (گەلی براینە برادەرینە ئەنگۆ زەینێ خۆتانی بدەنێ ، گردەسۆری سیانان لە کاکینگۆ قەت قەت بێ نازدار نابی.....)، سادقی کەچەری دیار بوو هەر لەگەڵ حەیرانەکەی حوسێنە کوردی لەناخەوە تەزیبوو، بۆیە لەگەڵ تەئهووی دەستی دایە تفەنگەکەی و دوو فیشەکی بەرەو ئاسمان تەقاند، فانۆس کوژایەوەو لەو حەسارەی بوو بە تۆز، جامە فافۆنە پڕ لە ئاوەکە پڕی سەری زلەکا و تۆز و خۆڵ بوو.باوکم حەیرانەکەی نەپچڕاندو ناوبەندو دوابەندەکەشی گووت، چەرخەکەی لەسەر بارکی کورتەکە مرادخانییەکەی دەرهێناو فانۆسەکەی داگیرساندەوەو دوو سێ جنێوی مزری بە سادقی کەچەری خانەی دا، چونکە سادق بە تەمەن لە باوکم بچووکتر بوو و زۆریشی خۆشدەویست، بۆیە جنێوی باوکمی پێ ناخۆش نەبوو.

٤- ژن و حەیران

ژن و حەیران، دووانەیەکی لێک دانەبڕاون، دەتوانین بڵێین لە حەیراندا ژن تەوەرە، هەر چەندە لە ڕووی رەگەزی مێیینەیی ئامێزی گەرم و پڕ لە سۆزی ژن، هۆکارو هاندەری سەرەکی ئیلهامی ئافراندنی حەیرانە، ژن خودی خۆیشی حەیرانی بە

سۆزی چڕیوە، هەم وەک حەیران، هەم بە ئاوازی سەردوولکەو لاواندنەوە، گازی و هاواری ژنی حەیرانبێژ دامالانی کۆت و بەندە داسەپێندراوەکانی کولتووری داخراوە، ژنی کورد هەروەک چۆن لە کاری کشتوکاڵی و ئاژەڵداری و زۆربەی ئیشوکاری ڕۆژانەی کۆمەڵ بەشداری کارای هەبووەو ڕۆڵی خۆی گێڕاوە، لەم بوارەشدا زۆر ژنی سەلار هەبووە گەلێک لە پیاوان بە پشت کەوتووە و بە هەمان شێوە لە مەیدانی هونەریشدا کەمتەرخەمی نەکردووە، سەرەڕای کۆتوبەندی زاڵمانەی پیاوسالاری و کۆنەپەرستی چەقبەستوو. بەهۆی کاریگەری باری دواکەوتوویی کۆمەڵگەو پاشخانی ئەقڵیەتی چەقبەستوو(دۆگما)ی خێڵەکی، ژن ئەو ئازادییەی نەبووە وەک پیاو حەیران بڵێ و دەنگ هەڵببڕێت و پڕ بە گەرووی هاوارو گازی بکات، بەهۆی ئەوەی تەنها لاواندنەوەی منداڵ و شینگێڕان و قورپێوان بۆ ژنان ئازاد بووە، بۆیە دەبینین ئەو توانا پەنگخواردووەی ژن لە کاتی لایلایەی بۆ منداڵ، یان پێ هەڵگوتنی مردوویەک وەکو بورکان دەتەقێتەوە، چ بەحەیران، یان سەردوولکەو لاواندنەوە بە سۆزی گریان، خەم و کوڵ و کۆڤانی دڵی خۆی دەربڕیوە و تەقیوەتەوە. ئەو بەربەستە کۆمەڵایەتییانە بوونەتە هۆی ئەوەی ئاوازو دەقی حەیرانەکانی ژنە حەیرانبێژەکان زۆربەی هەرە زۆریان بن خاک ببن و بە نامرادی سەریان نابێتەوە.

لەعلی خانی باوەژنم کە ژنی دووەمی باوکم بوو، لە هۆزی مام زێندینی بوو، فەرهادی برامی لە ناو لانکێ ڕادەژاندو حەیرانی بۆ

دەگوت، بەداخەوە فەرهاد لەدوایی جوانەمەرگ بوو، یەک لەو حەیرانانەی لە بیرم ماوە دەیگوت:

(لایلایێ.. لایلایێ کۆرپە شیرینەکەی داکی خۆت لایلایێ،
لە درێ منی خانەوێرانێ یەقینە کەتیتە بەر تیری قودەرتێ چاوو زاران،
لۆیێ هەرچەندی دەکەم و دەکرێنم جەرگی داکی خۆت قەت خەوی نایێ.
ئەو ساڕە بوارێ دەنێرمە لای وەستاکاران لە شاری هەولێرێ،
لانکەکی لۆ کۆرپە ژیکەلانەکەی خۆم بەڕادان دەدەم،
لە داری مەرحەمێ کەوارەی لە داری مێکوکێ،
وەستا دەستێ منت بەدامێن بێ کەوارەی لانکێم برندبی،
لێی بدا کزەیێ بایێ شەماری،
لەگەر فێنکەبای شەوبایێ).

بابەتێکی دیکەی گرنگی حەیرانی ژنان بریتییە لە شینگێڕان بۆ ئازیزان، شۆڕەژنی لاچک بەسەر لە هەر بۆنەیەکی دیکە زیاتر لە شین و لاواندنەوە لە پرسەی ئازیزانیان دەنگی خۆیان هەڵبڕیوە، لەرینەوەی ژێیەکانی دەنگی ژن، ئاوازی نامرادی لەناو غوربەتیحەیراندا جێ کردۆتەوە، بۆنسۆی هەناوێکی هەڵقرچاوە، دەستەواژەی دوابەندەکانی هەمووی هەنسک و فرمێسک و هەناسە ساردییە.

هەر سەبارەت بە ژن و شیوەن (پووره خوچێ) لە حەیرانێکدا دەڵێ:

(حەیران سەرم دێشی،
درم بەبارێ خەمان دەناری،
مریدو دەرۆێش سەری دوو سارانە چەند عەبدارن لە دوو
بابی عەبدولکەریمی شێخەکەی کاولە مشاری،
بەخۆی ڕۆیشت ئەمەشی بەجێ هێشت لە خەم و تاری).

پووره خوچێ کە حەیرانبێژێکی کاریگەری ئەو بواره بووە، ئەو حەیرانەی بۆ کاک مەلای مشاری گۆتییە، کە شێخێکی بەناوبانگی دەشتی هەولێر بوو لە گوندی (مشار)ی سەر بە مەخمور دادەنیشت، دوو ساڵ لە دوای مردنی، پووره خوچێ ئەو حەیرانەی بۆ داناوە. کاریگەریی حەیران و سەردوولکەو لاوانەوەی ژنان لە تازیمانەکان دڵی وەک بەردی دەکرد بە ئاو، کەس نەبوو بتوانێتڕێگا لە فرمێسکە گەرمەکانی خۆی بگرێت[1].

خالید جوتیار، خزمەتێکی گەورەی بە حەیران کردووە و لە دەستپێشخەرییەکدا ناوی چەند ژنە حەیرانبێژێکی تۆمار کردووە، لەوانە: (دایکی عوسمان) حەیران، کە دەنگێکی خۆش و پڕ جۆشی هەبووەو حەیرانبێژێکی لێ هاتووش بووە، (خەزاڵ و خەجێ

---

١ . حەیران، چەمک– ناوەڕۆک– سەرهەڵدان، ل ٥٤.

عەبدوڵڵا)یش کە دەمێکە مردوون و دەنگیان یەکجار بەسۆز بووە. (ئامینە ئەحمەد)یش کە دوو حەیرانی تۆمار کردووە.[1].

(ئەحمەد حەیران)یش ئەم چەند ناوەی لە کتێبەکەی خۆیدا لە ژێر ناوی (دیوانی حەیران بێژان)دا باڵاوکردۆتەوە: (عەیشێ عەبدوڵڵا سنجاوی لە گوندی عاڵڵا، حەلیم بادینی لە گوندی قەپران، ئامینە کولندە لە گوندی باقرتێی قەراج، زولێخا محەمەد سالح لە گوندی خەزنەی کەندێناوە، عەیشێ ڕەحمان مکایل لە هەولێر خێزانی عوسمان حەیرانییە، زبێد عەباس لە گوندی شۆڕەزەرتکە، شەمامێ مەحموودی لە گوندی مەلاکاغە، فاتە قیت لە گوندی شێخەلاس، سۆتە بندیان لە گوندی دێمەکار، هەمینێ قالە مەنگوڕ لە گوندی بنەسراوەی گچکە، فاتە سۆری حەمەد عەلی لە گوندی خۆشاو)[2].

دەنگی پڕ سۆزی زەنگوڵ ئاسای ژن بۆتە هۆکاری تەقینەوەی بەهرەی دەنگبێژی لەلایەن ڕەگەزی بەرامبەر، لەم ڕووەوە نموونەی زۆرو زەبەندمان هەیە.

ئەنگۆ زەینی خۆتان بدەنێ دەنگی پڕ سۆزی فاتیمە دەرویش چۆن بۆتە هۆی تەقینەوەی کانی زوڵاڵی ڕەسەنترین دەنگبێژو هونەرمەندی مەزن لاوک و حەیران کاوێس ئاغا، لە ساڵی ١٨٨٩ لە ناوچەی چەرچلێی هەرکیان کاوێس ئاغا لە دایک بووە. لە

---

١. حەیران- خالید جووتیار، گۆڤاری بەیان، ژمارە (٤٨) ئادارو نیسانی ١٩٧٨، ل ٧٣.

٢. سەرچاوە: دیوانی حەیران بێژان، ئەحمەد حەیران، چاپی یەکەم ٢٠١٣ هەولێر ل١٤.

تەمەنی ١٠ ساڵی باوکی کۆچی دوایی دەکات و لە تەمەنی ١٣ ساڵی داکیشی لە دەستدەدات، لە کاتی شۆردن و کفنکردن و بەڕێکردنی بۆ سەر گۆڕستان خزم و دەستە خۆشکەکانی لەیلێی دایکی کاوێس ئاغا بەحوزنەوە بە سەردوولکەو لاوانەوەو حەیران پێیدا هەڵدەڕێن، بەتایبەتی فاتیمە دەرویش، لەو چرکەساتە هەستیارە کاوێس ئاغا دەکەوێتە ژێر کاریگەریی دەنگی پڕ سۆزو ناخ هەژێنی فاتیمە دەرویش کە بە دایکی کاوێس ئاغادا هەڵدەڕێ، فاتیمە دەرویش کاوێس ئاغاو کینۆی بۆ دەباتە لای خۆی و خاوەندارییان لێ دەکات، هەم وەکو دایک بۆیان و هەم دەبێتە مامۆستای دەنگبێژی بۆ کاوێس ئاغا، لە کاتی شوانی کاوێس ئاغا گوتنەکانی فاتیمە دەرویش دەڵێتەوە، لەو ڕۆژەوە کانی زوڵاڵی دەنگی ئیمپراتۆری لاوک و حەیران کاوێس ئاغا دەتەقێتەوە[١].

ئەو بەرهەمە ڕەسەنانەی بلیمەتی گەورەی لاوک کاوێس ئاغا، شانازییەکەی بۆ ژنی کوردە، بە تایبەتی بۆ فاتیمە دەرویش دەگەڕێتەوە کە چۆن لە کاری هەرەوەزی لەگەڵ پیاو بەشدار بووە، بۆ پێشخستنی هونەریش پێشەنگایەتی کردووە.

گۆرانی تۆمارکردنی ژنان لەسەر گرامافۆن (قەوان)و بەکرە بەتایبەتی پەخشکردنیان لە وێستگەی ڕادیۆ، وەک سووکایەتی و قەباحەتێک سەیردەکرا، چەند گۆرانیبێژێکی ڕچەشکێن، سەرکێشییان کردو لەمپەری کۆنەپەرستیان شکاند، ڕۆژ نەبوو نەکەونە بەر هێرشی نارەوای زۆرێک لە مێزەربەسەرو

---

١. سەرچاوە: کەنالی مەحموود و دنیا-بیت الکردی- کەنالێکی عەرەبی لوبنانییە) تایبەت بە لاوکبێژی گەورەو بلیمەت کاوێس ئاغا.

جبەلەبەرو بیرکورت و ڕیش درێژو کەلـلە وشک و داوێن تەڕان، بەڵام ئەوان بە بوێری بەردەوام بوون، ئەقڵیەتی چەقبەستوو و کولتووری داخراویان تێپەڕاند، هەر چەندە ئەو سەرکێشییە بووە هۆی لە دەستدانی کەسوکاریان و دروستکردنی مەترسی لەسەر ژیانیان، بەڵام تاوەکو کۆتا ڕۆژەکانی ژیانیان لە تۆمارکردن و پەخشکردنی دەنگی پڕ سۆزیان بەردەوامبوون،لەوانەش بریتی بوون لە عەیشەشان و گوڵبەهارو نەسرین شێروانی.

٥- کاریگەریی هەژموونی شار لەسەر حەیران

هەژموونی زاڵمانەی شار بۆتە خۆرکەو مۆرانەی داڕزاندنی زمانی سادەو پاکژو ڕەسەنی کوردی، لە ناویشیاندا حەیران، ڕەگەزی سەرەکی لە حەیراندا زمانە پاراو و بێ گرێوگۆڵەکەیەتی، ئەو ڕەسەنایەتییە لە ناو دەقەکانی حەیران بەرجەستەیە.

شار توانیویەتی لە ئەنجامی بەڕۆبۆتکردنی مرۆڤەکان، هەرەوەزییو هاوخەمی دەستگیرۆیی یەکترو پەیوەندی تووندوتۆڵی کۆمەڵایەتی و عیشقی ڕاستەقینەی بێ غەلوغەش و سۆزو پەیمان و وەفاداری لاوازو کەم ڕەنگو بێ بەها بکات، کە ئەوانە هەموویان کەرەستەی ئافراندنی حەیرانن و لە بۆتەی شارستانیەتێکی ساختە و دزێو کەم ڕەنگ بکات، یان هەر بیانتوێنێتەوە.

ئەوەی حەیران لە سامانە نەتەوایەتییەکانی دیکە جیا دەکاتەوە، شێوەی زمانە پاراوو ڕەسەنەکەیەتی. زمانی حەیران زمانێکی ڕەنگینە، زمانی ئاخاوتنی ڕۆژانەی خەڵکە. لە ڕووی زمانەوانی

وره‌وانبێژییه‌وه له‌لای گوێگر خۆشه‌ویست و چێژبه‌خشه، ئه‌وه‌ش حه‌زو خولیای گوێگرتنی بۆ زیاتر ده‌کات. هونه‌ری به‌کارهێنانی زمان له حه‌یراندا له لوتکه‌دایه،ڕۆڵی سه‌رکێشی له پێکهێنانی ده‌قی حه‌یراندا هه‌یه. وشه‌و ده‌سته‌واژه ڕه‌سه‌نه‌کان له ئافراندنی مۆسیقاو وێنه‌ی شیعری له حه‌یراندا که‌ره‌سته‌ی سه‌ره‌کین.

ئه‌وه به‌رهه‌مه فۆلکلۆرییه‌کانن تاکو ئێستا ئه‌و زمانه‌ی ئێمه‌یان له به‌رامبه‌ر وشه‌و ده‌سته‌واژه‌ی داتاشراوی بێ تامی بیانی پاراستووه، زمان ره‌گه‌زێکی سه‌ره‌کی هه‌ر ده‌قێکی ئه‌ده‌بییه که له حه‌یراندا ئه‌و ره‌گه‌زه به‌رجه‌سته‌ترینه، لایه‌نه نامۆکانی کولتووری بیانی توانیویه‌تی له ناو زمان و جلوبه‌رگ و هه‌ڵسوکه‌وتی ڕۆژانه‌مان جێگای خۆی بکاته‌وه، به‌ڵام ئه‌وه‌ی هه‌رگیز ناتوانێ له ناو حه‌یراندا جێگای خۆی بکاته‌وه وشه‌ی بیانییه، چونکه وه‌کو خوری و موو وان، هه‌رگیز به یه‌که‌وه ناڕسڕێن.

شار تاکو ئێستا نه‌یتوانیوه حه‌یران له‌سه‌ر پنجی خۆی له ڕه‌گه‌وه هه‌ڵبکێشێ، ده‌توانین بڵێین حه‌یران له‌سه‌ر پێی خۆی وه‌ستاوه و ڕاده‌ستی شار نه‌بووه، هه‌ر چه‌نده شار به بیانووی گواستنه‌وه‌ی کۆمه‌ڵگه له قۆناغێک بۆ قۆناغێکی شارستانیترو کراوه‌تر به‌ڕووی دنیای هاوچه‌رخ توانیویه‌تی کۆمه‌ڵگه له گرێژنه ببات، له ژێر ناوی به شارستانیبوون له گونده‌وه کۆچیان بۆ شار پێ بکات. ده‌مه‌وێ ئه‌وه بڵێم گه‌شه‌کردنی زمانی حه‌یران په‌یوه‌سته به گه‌شه‌کردنی گوندنشینی و ده‌وارنشینی، هه‌ڵبه‌ته پێچه‌وانه‌که‌شی ڕاسته.

سەرنج و پێشنیار:

بەناو حەیرانی هەندێک لەوانەی گوایا حەیرانبێژن و حەیرانیان گوتووە، ئەگەر بدرێتە بەر محەکی حەیرانزان و حەیراننناسان رەنگە لەو هەموو حەیرانەی تۆماری کردووە، پەرەتیرێکی بۆ دەرنەچێ، ئەوەی جێگای داخە هەندێک لە گەنجە دەنگخۆشەکان لە ڕووی نەشارەزاییان لە بنیات و پایەکانی حەیرانی پێوانەیی، هاتوون لاسایی ئەوانە دەکەنەوە و ڕستە و دەستەواژە زایەندییەکانیان دووبارە دەکەنەوە کە هیچ ڕەگەزێکی حەیرانیان تیا نییە، تەنها ڕیزکردنی چەند دەستەواژەیەکی سۆزداریە بە ئاوازی حەیران. ئەوەش گوناهی گەنجە کەم ئەزموونەکان نییە، لەبەرئەوەی تاکو ئێستا دەستەیەکی ئەکادیمی نەهاتووە لە ڕووی زانستییەوە پایە و ڕەگەزەکانی حەیرانی پێوانەیی دیاری بکات. لە ئێستادا ئەگەر لێم قەبوولْ بفەرموون پێشنیار دەکەم بۆ حەیران دۆستان و حەیرانبێژان و نووسەرانی دەقی حەیران، بە ڕای من ئەگەر بمانەوێت حەیران لە سەردەمی تەکنەلۆژیا و لە بەرامبەر تەوژمی مۆدێرنیتەی ساختە بپارێزین، گەرەکە نوێگەری لە دەقەکانی حەیراندا بکرێت، بە مەرجێک حەیران لە جەوهەری ڕاستەقینەی خۆی دانەماڵدرێت، لەسەر شێوە و ڕووخسار و ناوەڕۆکی خۆی بمێنێت، تەنها هەندێک چەمک و دەستەواژە و کەرەستەی ژیانی ئێستای خەڵکی تیادا جێگا بکرێتەوە، بۆ نموونە وەک ئەم حەیرانە:

(گەلی براینە برادەرینە، درێ من گەلە بە خەمە،

ئەوە سەریێ سێ ڕۆژە نازانم کچەتیم حەیرانەکەی من لۆ قەت نامەکی نایێ،
ئەنگۆ بە چاوێ من بڕۆنە ئەو زاڵم بابەی وەکی ئێواران دێتەوە لە زانکۆی کتێب و دەفتەر لە ئامێزێ،
چەند شیرینە زولف و پەرچەمی پەرێشان و داوداو کردییە،
لێی دەدا کزەکی باییێ شەماری لەسەر ڕوومەتی سۆری گورگوری و قۆرتێ گەردەنێ دەکەن سەمایێ،
ئەمن سوندەکم لە بۆ نازدار حەیرانەکەی خۆم خواردییە؛ بە مۆنۆمێنتی هەڵەبجەی،
ئەو سارە بواریێ دەرچی لە زانکۆی،
کۆمەڕەکێ ڕۆشنبیر و پیاوماقوولان دەنێرمە لای بابی،
لە بۆم بکەنەوە داخوازی لەگەر تکایێ)[1].

هەڵێنجان

ئەگەر کتێبی (سەربردەی کۆمەڵە حەیرانبێژێکی کورد) وەک مشتێک لە نموونەی خەرمانێک وەربگرین، ژیاننامەی (٣٠) حەیرانبێژی بەناوبانگی دەشتی هەولێرە، هەرچەندە تۆماری ئەو کتێبە لێکۆڵینەوە نییە لەسەر حەیران، بەڵام ئەگەر بە وردی بیخوێنینەوە دەرگای دنیایەک زانیاریت بۆ دەخاتە سەرپشت، بەش بە حاڵی خۆم ئەو ڕاو سەرنجانەی لەسەر حەیرانم نووسیوە زۆربەی بۆ پشتڕاست کردوومەوە وەک:

---

[1]. دەقی ئەم حەیرانە، لە نووسینی نووسەری ئەم کتێبەیە.

١. هـەر (٣٠) حـەيرانبێژەکـە هەريەکـەيان چەند دەقێکی حـەيرانی بەناوی خـۆی تۆمـار کردووە، ئـەوەش پێمـان دەڵێت حـەيران فۆلکلۆر نييە.

٢. جگە لـە دوو حـەيرانبێژ، (٢٨) حـەيرانبێژەکـەی دیکە ڕۆژی لـە دایکبوونیان لە ١٩١٠ دەستپێدەکات تا وەکو ١٩٤٠ هـەموویان لە ماوەی (٣٠) سـاڵدا لـە دایکبـوون، واتـە لەسـەردەمی زێڕینـی حـەيران ژیاون.

٣. هـەر هـەموویان لەگونـدەکانی قـەراج و کەنـدێناوەو دەشـتی هەولێرو بەڕانەتی و سنووری کارگێڕیی هەولێر لـە دایکبـوون و ژیاون، ئـەوەش پێمان دەڵێت مەڵبەندی گەشەو پەرەسـەندنی حـەيران دەشتی هەولێر بووە.

٤. لـەو (٣٠) حـەيرانبێژە يـەکیان لـەکاتی ئـاوارەيی لـە شـاری نـەغەدەی ڕۆژهـەڵاتی کوردسـتان گیـانی سـپاردووە، ئـەويش حەسەن حـەيرانە، هەر (٢٩) حـەيرانبێژەکانی دیکە دوا مەنزڵیان شـاری هـەولێر بـووەو شـار قووتیـداون و گۆڕەکانیـان لـە شارییە[١].

ئـەم زانیـاری و ئامـارانە ئـەوەمان پـێ دەڵـێن: شـار گۆڕسـتانی حـەيران و حـەيرانبێژانە. ئێستا دەزانین کۆچکردن لـە گونـدەوە بـۆ شـار، چ زیـانێکی لـە زمـانی ڕەسـەن و هونـەری میللـی داوە، بـە حـەيرانیشـەوە.

---

١. سەرچاوە: سەربردەی کۆمەڵە حـەيرانبێژێکی کورد،زنجیرەی کەلەپووری نەتەوایەتییمان، ژمارە (٥)، کۆکردنەوەو ئامادەکردنی: سەعدوڵلا شیخانی، بەرگی یەکەم ١٩٨٨ بەغدا، چاپخانەی اسعد.

ئەنجام

لە دوای گۆڕگرتن و پێکگرتن و لەبەریەک ڕانان و تەتەڵەکردنی دەقی حەیرانی زۆربەی حەیرانبێژان و خوێندنەوەو کنەکردن لە نووسینی لێکۆڵەرانی بواری هونەری حەیران گەیشتمە ئەو باوەڕەی:

١. حەیران ئاوازێکی ڕەسەنی کەونارای کوردییە، لەسەر پەیژەی مەقامی (بەیات) دەگوترێ.
٢. حەیران پەخشانە شیعرێکی پاراوو سەروادارێ بەیەکەوە گرێدراوە، پایەکانی پەخشانی تیادا جێگیرە، وەک:/ زمان، وێنە، یەکییەتی بابەت، میوزیک و...تاد.
٣. حەیران تەواوو پێوانەیی لە سێ بەند پێکهاتووە؛ (سەربەند، ناوبەند، دوابەند). هەر حەیرانێک قافییەی سێ بەندەکەی یەک نەبێ و یەکییەتی بابەتی تیا پارێزراو نەبێت، ناچێتە خانەی حەیرانی تەواوو پێوانەییەوە.
٤. حەیران دەچێتە خانەی ئەدەبی میللی، جگە لەو حەیرانانەی خاوەنەکانیان دیار نەماون و بە ناوی کەسەوە تۆمار نەکراون و بوونەتە مولکی فۆلکلۆرو چەند حەیرانبێژێک لە یەکتریان وەرگرتۆتەوە.
٥. حەیران لەڕووی ناوەڕۆک و دەقەوە یەک جۆرە، تەنها ئەو حەیرانەی لە دەشتودەرو ناو سروشت بە دەنگێکی بەرز دەگوترێت پێی دەڵێن هەڵدانی سەرچیایی، ئەو حەیرانەشی

کە لە دیوەخان و شوێنە داخراوەکان بە دەنگێکی نەرم دەگوترێت مەجلیسییە، جیاوازی تەنها لە بەرزی و نزمی دەنگی حەیرانبێژەکە دایە.

٦. ناوەڕۆکی حەیران بریتییە لە: ئەڤیندارێ، سۆزو پەیمان، پەسن و وێکچواندن، دابڕان و دەستلێکبەردان، ئازایەتی و مێرخاسی، شیوەن، مێژوو، جوگرافیا، لاوانەوەی منداڵ، ئایینی، ڕاسپاردە، خۆزگەو ئاوات.

٧. قۆناخی یەکەمی لە کۆمەڵگەی سەرەتایی زاگرۆسنشینەکانەوە دەستپێدەکات، کە سەرەتا هەر قریوە و گازیکردن و ئاگادارکردنەوەی یەکتر بووبێت. لەگەڵ پەیدابوونی یەکەمین تیرەکانی کۆمەڵگە دەستپێدەکات تا دەگات بە پەرەسەندنی گوندنشینی و دەوارنشینی و سەردەمی گەشەسەندنی ئاژەڵداریی و کشتوکاڵی. لەم قۆناخە حەیران لە یەکەم فۆرمی خۆیدا سەریهەڵدابێت. مسۆگەر کۆمەڵگەی کوردی ئەمڕۆش کۆمەڵگەی هەرە ڕەسەنی زاگرۆسنشینەکانی بەرێیە.

٨. قۆناخی دووەمیشی؛ گەشەسەندنی حەیران بووە، کە ئیدی کۆمەڵگە لە تیرەوە بەرەو هۆز و خێڵ گەشەی سەندووە، هۆز و خێڵەکان بەهۆی ئاژەڵدارییەوە گەرمیان و کوێستانیان کردووە. هەروەها لەنێو کۆمەڵگەشدا ئیدی چینی سەردار (کە دواتر لە فۆرمی ئاغا و دەرەبەگدا) سەریهەڵداوە.

٩. مەڵبەندی گەشەو پەرەسەندنی حەیران دەشتی هەولێرو قەراج و کەندێناوە بووە.

١٠.حەیران تابلۆی کورتە چیرۆکێکی وێنەییە، ڕەگەزو بنیاتە هونەرییەکانی وەک: کات، شوێن، یەکییەتی بابەت، وێنەی شیعری لە ناوخۆیدا پاراستووە.

١١.شار خۆرکەو مۆرانەی پاشەکشێ پێکردنی حەیران و کووڕەی تواندنەوەی وشەو دەستەواژە ڕەسەنەکانی ناو زمانی ڕەسەنی کوردییە.

سەرچاوەکان:

١. ئەسعەد عەدۆ: کەلەپووری کوردەواری- کۆبەرهەم- چاپی یەکەم.
٢. غەفوور مەخموورى: حەیران- چەمک، ناوەڕۆک، سەرهەڵدان هەولێر- ٢٠٠١.
٣. جەمیل سنجاوی: حەیران و چەند بۆچوونێکی تر-چاپی یەکەم- هەولێر ٢٠١٠.
٤. ئەحمەد حەیران: دیوانی حەیرانبێژان- بەرگی یەکەم- چاپخانەی ئەسعەد، بغداد.
٥. مەحموود و دنیا- بیت الکردی، کەناڵی یوتیوب.
٦. هەژار موکریانی: چوارینەکانی خەیام- پەخشانگای ئازادی- ٢٠٠٨.
٧. سەعدوڵلا شێخانی وخالید جووتیار: حەیران و مەرگی غەریبان- حوادث ١٩٩٠.
٨. حەسەن جودی: چاوپێکەوتنی تەلەفزیۆنی - ئاریان تیڤی، بەرنامەی زایەڵەی زاگرۆس. لەڕێکەوتی ٢٠٢٢/٦/٢١
٩. زیاد محەمەدئەمین: ئاواز و بەسەرهات- ئاراس ٢٠٠٧.
١٠. د. نەجم ئەڵوەنی: ئەفسانە و پەندی کۆمێدی گاڵتەئامێزی کوردی/ ٢٠٠٧.
١١. بەدران ئەحمەد: گۆڤاری ئاسۆی فۆلکلۆر، ژمارە ٤٤، گۆڤارێکی فۆلکلۆرییە وەزارەتی ڕۆشنبیری حکومەتی هەرێمی کوردستان دەری دەکات٠ ژمارە ٤٤
١٢. عومەر میراودەلی: زمانی دەق- چاپی یەکەم، هەولێر ٢٠٠٨.

١٣. سافییه محەمەد ئەحمەد: ئاسۆی فۆلکلۆر، گۆڤاریٚکی فۆلکلۆرییه وەزارەتی ڕۆشنبیری حکومەتی هەرێمی کوردستان دەری دەکات٠ ژمارە ٥٠
١٤. محەمەد عوسمان محەمەد: هونەری بەکارهێنانی زمان لە لاوک و حەیراندا.
١٥. سەعدوڵلا ئیسماعیل شێخانی: سەربردەی کۆمەڵە حەیرانبێژێکی کورد.
١٦. ئەحمەد حەیران: دیوانی حەیرانبێژان- هەولێر، ٢٠١٣.
١٧. عومەر حاجی عەلی شەناغەیی: کۆژانی حەیران- هەولێر، ٢٠٢٣.
١٨. پ.د. شوکریه ڕەسوول: ئەدەبی فۆلکلۆری کوردی- هەولێر، ٢٠٠٨.
١٩. د. فەرهاد پیربااڵ: مێژووی گۆرانی و مۆسیقای کوردی- بڵاوکردنەوەی ئاراس- ژمارە ٩٤٩- چاپی یەکەم- ساڵی ٢٠١٠.

بەشی سێیەم

بەرکولێک لەژیانی حەیرانبێژ و لاوکبێژ عەلی حاجی تایەر هەللاج

خوێنەری هێژا هەر چەندە زۆر دواکەوتم لە نووسینەوەی بەرهەمە تۆمارکراوەکانی باوکم -عەلی حاجی تایەر هەللاج- بەڵام خۆشبەختانە ئەوە چل و پێنج ساڵە پاراستووومن لە دوای نزیکەی نیو سەدە ئێستا دەرفەتم بۆ ڕەخسا بیاننووسمەوە.

بۆ ناسینی خاوەنی ئەم گەنجینە هونەرییە فەرموون لەگەڵ کورتەیەک لە ژیاننامەی حەیرانبێژ عەلی حاجی تایەر هەللاج دەخەمەڕوو: عەلی حاجی تایەر هەللاج، ناسراو بە عەلی کوتک، بە پێی پێناسەی باری شارستانی لە ساڵی ١٩٢٨ لە گوندی گردلانکەی بناری زوورگەزراوی سەر بە ناحیەی قوشتەپە لە ناو خێزانێکی مەڕدار و جووتیاری ئەو دەشتە پان و بەرینەی دەشتی هەولێر هاتۆتە ئەم دنیا پڕ لە کێشمەکێشەیە، بەڕەچەڵەک لە هۆزی لەک بووە، ئەو کات باڵادەستی دەرەبەگەکان و چەوسانەوەی چینایەتی لە هەڕەت و تۆغیانی خۆیدا بووە، لە گوندی گردلانکە سەردەمی منداڵی و نەوجەوانی خۆی بەڕێکردووە، خاوەنی دوو برا بووە بە ناوەکانی حوسێن و یاسین. عەلی وەک هەر منداڵە جووتیار و مەڕدارێکی ناوچەکە سەرەتا بە چەراندنی کار و بەرخ منداڵیی خۆی بەڕێکردووە و زۆری زەحمەت و کوێرەوەری ژیانی ئەو سەردەمەی چەشتووە، هەمیشە بەردەقانی لە پشتی خۆی گرێداوە بۆ شەڕە بەردی لەگەڵ منداڵە هاوتەمەنەکانی، لە ئەنجامی شەڕە بەرد سەری لە چەند جێگایەک شکابوو، هەروەها ئەویش سەری زۆر منداڵی شکاند بوو، زۆرجار لەگەڵ هاوتەمەنەکانی وەک یادەوەری دەیانگێڕایەوە، نەهامەتییەکانی ڕۆژگار ئاسەواریان لەسەر

ڕووخساری جێهێشتبوو. قەڵشەکانی ناولەپی دەستی ئایەتەکانی زەحمەتکێشی و حەڵاڵ خۆرییان حینجەدەکرد، تاوەکو لە ژیاندا مابوو هەمیشە دەیگوت: پیاو دەبێ بە ئارەقەی نێوچەوانی خۆی بژی، نەک ببێتە سەربار بەسەر شانی خەڵکەوە، پێ بە پێ لەگەڵ هەراشبوونی، کاری قورستریان پێ سپاردووە، لە سەرەتای لاوێتیدا بۆتە شوانی مێگەلە مەڕی خۆیان، ئامێرەکانی شوانییان ڕادەستکردووە، وەک قاپووت و شمشاڵ و گۆپاڵ و توربینی نانی شوانی. لەو دەشتودەرە بەدەنگی شمشاڵ و حەیران ئاشنا بووە و کانی کەیفی گۆرتنیێ تەقیوەتەوە و لە شوانییەوە حەیران موتربەی ڕۆحی بووە.

لەگەڵ هەڵکشانی تەمەنی وەک یاسا و ڕێسای هەر گوندنشینێکی دیکە لە بارەی دابەشکردنی کاری ناو خێزان، پێ بە پێ ئەرکەکان گۆڕدراون و لە بەرخەوانییەوە بۆ شوانی و لە شوانییەوە بۆ جووتیاری و پاڵەیی و کارە قورسەکانی دیکە.

لە تەمەنی (١٧) ساڵی جووتە هێستریک و هەوجار و نیر و بارێنەی دراوەتێ و بووە بە جووتیار، دەستێکی لەسەر دەستەندووی هەوجار بووە و بە دەستەکەی دیکەی لاپووتەی هەڵگرتووە، ئاوی سازگاری ناو جەلعەی خواردۆتەوە. بە جووتە هێستر و هەوجار جووتی کردووە، لەو دەشتە کاکی بە کاکییەی، کاتێک لەسەر سەدەی هۆیداوەتەوە و لە خەتی ڕاستی جووتەکەی خۆی ڕاماوە، کەیفی گوتنی حەیرانی هەستاوە و تێیهەڵکردۆتە حەیرانان، یان ئێواران لە کاتی گەڕانەوە بۆ ناو گوندی لەسەر پشتی هێسترەکەی بۆ ئاگادارکردنەوە لە گەڕانەوەی بەرەو ڕووی

مالان، چەند حەیرانێکی بۆ کچەتیم حەیرانێ هەڵداوە. لە کاتی بێ کاری خەریکی ڕاو و شکار بووە، هەمیشە جووتە تاژی چوارپەل بە خەنەی، گوێ بە ڕیشۆرەی، مل بە قەرێتەی لە ڕستێ بووە، کەم وابوو لە گەڕانەوەی کەرووشکی بە سامۆتەی زینی ئەسپەکەیوە نەکردبێت، زستانان کاتێک زەوی ڕەباس دەبوو، دەچووە ئاقاری گردەسۆری و کەندار لەشکری و شاقازی و بانەبۆران و بانی خەلیل ئاوڕەحمانی بۆ ڕاوەمامزی، هەر لە مانگی جۆزەردان خەریکی درووێنەی جۆی دەبوون بە خۆی و برایەکانی ئەوەندە سەپانی بەوەج بووینە، هەندی بڵێی یەک و دوو تێلەکێش گیشەی جۆی قەپاغ کردووە، لەگەڵ ئەو هەموو ئیشوکارەی گوندنشینی و ڕاو و شکار، حەیران بەشێکی گرنگ و دانەبڕاوی ژیانی ڕۆژانەیان بووە، لە تەمەنی (٢٢) ساڵی هاوسەرگیری کردووە، لە سەردەمی زیاتربوونی ستەمکاریی دەرەبەگەکان و هەڕەتی چەوسانەوەی چینایەتی هەر زوو هەستی بەو نابەرابەری و زوڵمە ڕەشەی ئاغایەکان کردووە و پلەبەندی مرۆڤەکانی ڕەتکردۆتەوە، لەگەڵ حاجی تایەر هەللاجی باوکی و حوسێنی برا گەورەی و یاسینی برا بچووکی جۆشی یاخیبوون لە زوڵمی دەرەبەگایەتی لە ناخیاندا چەکەرەی دەکات و لە هەوڵی وشیارکردنەوەی جووتیارەکانی دەوروبەریاندا دەبن، بۆ ئەوەی ڕۆحی بەرەنگاری و بە دەنگهاتن لەسەر مافە ڕەواکانیان لە ناخدا موتربە بکەن، لەو پێناوەدا، لەلایەن ئاغاکان و پۆلیسی رژێمی پاشایەتی دووچاری پێکدادان و ئێش و ئازاری زۆر بووینە. بۆ ئەو مەبەستە بەشداری کارایان لە ڕاپەرینی جووتیارانی دەشتی

هەولێری ساڵی (١٩٥٣) کە بە ساڵی سوێندخواردن ناونراوە کردووە، لە دژی چەوسانەوە و سوخرە و بێگار و سەرانە سەندنی ئاغاکان، لە هاندانی جووتیارەکان، دەوری پێشەنگایەتییان بینیوە. هەر هەموو جووتیارەکان بە یەک دەگەن سوێندیان بە قورئان و تەلاق خواردبوو بە یەک دەنگ ئەو گاتایە بڵێنەوە: (خێرمان خێر، شەڕمان شەڕ) واتا خێر و شەڕمان بە یەکەوە بێت و پشت لە یەکتر نەکەین، بەڵام بەداخەوە زۆر لە جووتیارەکان خۆیان هاوێشتەوە دیوەخانی ئاغاکان و چەورەیان کردەوە و بوون بە گۆردە. ئەوانەی بە سەرەڕمی ئەو ڕابوونە ئەژماردەکران لەلایەن رژێمی پاشایەتی و ئاغاکان لە هەموو گوندەکان دوورخرانەوە، بۆیە حاجی تایەر هەللاج و کوڕەکانی لە ناویشیاندا عەلی دوورخرانەوە بۆ شارۆچکەی مەخموور، لەوێ کە مەڵبەندی حەیرانە عەلی زیاتر پەرە بە حەیرانبێژی خۆی دەدات.

لەو ڕۆژەوە هەرگیز لە بن سێبەری ئەم دنیا بێ بەزەییە تاقە ڕۆژێک بە خاترجەمی دانەنیشت و کوچاگری لە هیچ شوێنێک ڕەش نەبوو، هەمیشە لە هێلانەی خۆی تەرە بوو، بەهۆی ئەوەی پاشگەزبوونەوەی لەو سوێند و بەڵێنەی دابووی ڕەتکردەوە و دانەنوا و باری نەگۆڕی نەوینی پێ کەسری شان بوو، ئەوەی نەغدینەی تەمەنی خۆی پێ بەخشی ئازادی و دادپەروەری و یەکسانی وەک خۆرەتاو بوو کە لێی بوو بە دیداری حەسرەت و نەیگەیشتێ و نەیگەیشتێ، هەر چەندە هەتاوەکو سەری نایەوە وەک دەروێشێکی نەزەر پاک، جەزمەی ئەوینی ئەو خەباتە بوو. تا ئەو کاتەی مالمان لە گوندی بوو لە زۆر کۆڕ و بۆنەی کۆمەڵایەتی

وەک بووک گواستنەوە حەیرانی گوتووە، بەڵام بەداخەوە هیچ کات ڕێگای نەداوە دەنگی تۆمار بکرێت، لەگەڵ ئەوەی ئامێری تۆمارکردن زۆر دەگمەن بووە لە گوندەکان بە تەنها ئەو ڕێگری نەکردووە لە تۆمارکردنی دەنگی، زۆربەی حەیرانبێژەکان ڕێگر بوونە لەوەی دەنگیان تۆمار بکرێت، بە هۆی کاریگەریی نەریتە باوەکانی کۆمەڵگەی دواکەوتوو و داخراو و پاشخانی ئەقڵیەتی دۆگمای خێڵەکی و لە ترسی ئەوەی نەبادا تۆمەتی چاوەش و لۆتبیان بدەنە پاڵ. لەو سەردەمەدا ئەو حەیرانبێژ و لاوکبێژانەی بەگوێرەی پێویست نەهاتوونەتە پێش بۆ تۆمارکردنی دەنگیان بنەماڵەی عەلۆی دزەیی بە تایبەتی حوسێنی عەلۆ و جەمیلی عەلۆ و فارسی عەلۆ، لە شەمامکێ نایف ئاغا کە لاوکبێژێکی دەگمەن بووە، هەروەها لە بەڕانەتی وسوئاغا و زۆر کەسی دیکە هونەرەکەیان ژێر خاک بووە، مەگەر بە ڕێکەوت شتێکی کەمیان تۆمارکرابێت، ئەوەی ڕەچەی شکاند و گوێی نەدایە لەمپەری کۆنەپەرستی مامۆستا ئۆمەری دزەیی بوو، هەرچەندە لەلایەن خزمەکانی خۆی دووچاری زۆر تانە و تەشەر بووەوە.

بە گشتی ئەو حەیرانانەی تۆمارکراون، بەشێکی زۆر کەمن لە چاو ئەو بەرهەمە دانسقانەی چوونە ژێرخاک. حەیرانەکانی عەلی حاجی تایەریش بەدەر نەبوو لەو ژێرخاک بوونە. بەهۆی کێشەی چینایەتی و سەرشۆڕ نەکردن بۆ ئاغاکانی دەشتی هەولێر، زۆرجار لەگەڵ ئاغاکان و نۆکەرەکانیان دووچاری شەڕە تفەنگی شەوانە بوونەتەوە. بۆ ئەوەی دەستیان نەچێتە خوێنی یەکتری حاجی تایەر هەللاج بڕیاردەدا گوندی گردلانکە جێ بهێڵن و بچنە

گوندی گەڕەشێخان لە پشت ڕێێ. لە ساڵی ١٩٧٤ بڕا بچووکەکەی بە ناوی یاسین حاجی تایەر شەهید دەکرێت، کاریگەریی لە دەستدانی برایەکەی بۆ چەند ساڵێک وازی پێ لە حەیران گوتن دەهێنێت، لە ساڵی ١٩٧٦، لەگەڵ برا گەورەکەی لەلایەن ڕژێمەوە دەستگیردەکرێن و سزای هەتا هەتایان بەسەردا دەسەپێنن و ڕەوانەی زیندانی سزا قورسەکانی موسڵ دەکرێن. ژووری سێدارە و هۆڵی سزا قورسەکان ئەوەندەی خەڵک تێدەئاخندرا، جێگای کەسی دیکەی تیادا نەدەبووەوە، بۆیە لە حەساری زیندانێ لە پاڵ هۆڵەکە خێوەتیان بۆ هەڵدرابوو، خێوەتەکەی ئەوان، چوار کەسی تیادا دەژیا؛ مامم حوسێن و عەلی باوکم و دوو برای دیکە بە ناوەکانی: عەلی خارە و مەلا عەزیزی خارە کە خەڵکی ئاودەڵۆکی بناری زووری بوون.

ئەو دەرفەتەمان قۆستەوە بە پاڕانەوە داوامان لێکرد چەند حەیرانێک تۆمار بکات، خۆشبەختانە توانیمان قایلی بکەین لە ناو ئەو خێوەتەی کە ماڵ و حاڵیان بوو، بەسەرپەرشتی مەلا عەزیز بەکرەیەکی بۆ تۆمار کردین. لە شەوی ١٩٧٧/١١/٢٥ بە دەنگی خۆی، هەرچەندە حەیران و لاوکەکانی زۆر لەوە زیاترن کە تۆمار کراون، لە چەند حەیرانێک ناوی یاسینی برای هێناوە، بەڵام بەداخەوە تەنها ئەو حەیرانەیان تۆمارکراوە کە دەڵێ:

(ئەورۆ بەوێی ئێوارێ کاک یاسین نازانم لە بۆت بە کێندەرێدا هەر بڕێم،
دەمگۆ ئەتو زەینێ خۆ بدێ ئەستوورایی دارکەران گەیشتە گەروێ سەنگەران،

ماریۆ بابێ حەیرانێم لێناپەڕییەوە لە کەندێ باشتەپەی ئاودیو بوو لە زوورگەزراوی، دەگریتەوە تەنگانەیێ جاستانێ قوناوی گورگەی سەروچاوەی ئاوێ شەعەلی بیری مەحمودی سەنان سەر ڕێی کۆچباری مامەسێنیان.

ئێـوارە ڕۆژ گەلـە درەنگـە ئـەمن زەینـێ خـۆم دەدایـێ هەریاندەداوە لە کۆراو چەغەران.

ئەنگۆ بە چاوێ منی بڕۆننێ بە ژنێ باریک مامز بوو چێشتاوی خۆی دەخواردەوە لە ئاقاری مەخمووری، ئاوی بن بەردی، جێێ نووستنێی خۆش دەکرد لە ئاقاری مەعمەر ئۆمەران).

ئەوە (٤٥) ساڵە، وەکو ئەرکێکی نەتەوایەتی و خاوەندارێکردن لە ئاوازی ڕەسەنی کوردی و پاراستنی گەنجینەی کولتووری ئەو سـامانە نەتەوەییـەم پاراسـتووە. ئێسـتاش لـە پـایزی تەمەنمـدا هەستام بە نووسینەوەیان بۆ ئەوەی لە بن خاکبوون ڕزگاریان بکـەم. حەیرانـەکانی تـاکو ئێسـتا گـوێم لـە هـیچ کـەس نـەبووە بیانڵێتەوە تایبەت بـە خـودی خۆیـەتی. لـە دوای دوو سـاڵ زیندانی دادگای تێهەڵچوونەوە لـە بەغدا بڕیـاری بـێ تـاوانی هـەردووکیانی دەرکـرد و ئـازادکران.پێویسـتە ئامـاژەی پێبـدەین لە گونـدی گەڕەشـێخان "مـامزی عەولای تاوسـێ" جاربەجـار حەیرانەکـانی باوکمی لەناو مەجرسی ژناندا دەگووتەوە.

لـە سـاڵی ١٩٨٢ بۆتـە پێشـمەرگە لەگەڵ هێزەکـانی پێشـمەرگەی حزبی شیوعی، لە ژیانی پێشمەرگایەتی لـە سـاڵی ١٩٨٣ بەرپرسـی بارەگای سمێلانی دۆڵـی ڕۆسـتێ بـوو، حەسـەن حـەیران بـۆ چەند ڕۆژێک میوانی بووە، بەداخەوە لەوێش دەزگای تۆمـارکردن لەبـەر

دەستدا نەبووە بۆ ئەوەی چەند حەیرانێک بە یەکەوە تۆمار بکەن، هەزار حەیف و مخابن حەسەن حەیران لە دوای گەڕانەوەی بۆ نەغەدە، لە ڕۆژی ١٦/٧/ ١٩٨٤ لە نێوان شارەکانی نەغەدە و وڕمێ بە ڕووداوی هاتووچۆ گیانی لە دەست دا.

لە ڕاپەڕینی بەهاری ١٩٩١ دا لە گەڕەکی بۆڵیانی چوارقورنە دەوری کارای هەبووە لە بەرەنگاربوونەوە دژ بە دامودەزگا داپڵۆسێنەرەکانی بەعس، بۆیە کراوەتە ئەندامی بەرەی کوردستانی لە دەڤەری بیتوێن.

ئەو حەیرانبێژانەی جێگای پەسنی ئەو بوون: حەمەد بەگی، خدر خەرابە دراوی، مەحمودی گوستانێ، حوسێنە کوردی قوڵتەپەی، دەرویش برایمی لێهبان، حەسەن حەیران، حوسێنی عەلۆی، جەمیلی عەلۆی.

شایانی باس و ئاماژەپێدانە کە هونەرمەند و پێشمەرگەی دێرین عەلی حاجی تایەری هەڵاج، لەپەرتووکی چەندین نووسەراندا باسی کراوە و گەلێک بەسەرهات و سەربردەیان لەگەڵیدا گێڕاوەتەوە. بۆ نموونە لە پەرتووکەکانی؛ (ڕاپەڕینی جووتیارانی دەشتی هەولێری ساڵی ١٩٥٣ وەک خۆی – کۆکردنەوەی حەسەن تەها، سەلیم شێخ مەحمەد، بابەعەلی جەباری - ٢٠٠٢)، (لەهەواری یادەوەرییەکانمدا – حاجی مەمۆ - ٢٠١٣)، (گوڵە ئەستێرەکان کۆژانەوە – کەریم کاکە - ٢٠٠٨)، (هەڵکشان بەرەو سنوور – چەتۆی بەڕانەتی - ٢٠١٩)

دوای تەمەنێکی پڕ لە رەنج و تێکۆشان، یاخبوون و زیندانی، ژان و ئازاری ڕۆژگارە سەختەکان، هەژاری و نەداری و

بەکەرامەت ژیان، تەمەنێکی تێر لە حەیران و لاوک، هونەرمەند و پێشمەرگەی رۆژانی سەخت و دژواری عەلی حاجی تایەری هەلاج لە رێکەوتی ئێوارەی ١٨.٠٣.١٩٩٣لەنێوان چوارقورنە و رانیە لە کلکەی کۆلێن، بە سەکتەی مێشک لەتەمەنی شەست و پێنج ساڵەدا کۆچی دوایی کرد. لەدوای خۆی خەرمانێک یادەوەریی و سەروەری تێکۆشان، گەنجینەیەک لە لاوک و حەیرانی بۆ بەجێهێشتین.

بەشی چوارەم

دەقی حەیران و لاوکەکان و چیرۆکی مەم و زینی عەلی حاجی تایەر هەللاج

١. حەیرانەکان

(١)

ئاییی...گەلی برادەرینە،
ئەدی کاکینە ئەمن نەمدەگۆت؛
ئەنگۆ زەینێ خۆ بدەنێ سەفینۆک[١] سەر لە بەفرێدا
سندووقی گرانن چەکێ[٢] زێڕ تێدا..؟
کێژ دەڵێ: دەکو ڕەبی چەکانم لێ بە میراتبی شەرتبی ئەو
سارە بواری ناچمەوە دەشتی کاولە قەراجی[٣] لە بۆ سەیرانی.
چونکە ئەو سارەکە سەرێ سێ سارە کوڕ لە بەندێدا...[٤]
چاوت دەشپێنم بە چاوێ کار غەزالان[٥] گەردەنت دەشپێنم بە
قورینگێ کوێستانێ، سینگت دەشپێنم بە کاغەزەکانی سەفەر

---

١. مەبەست چیای سەفینە.

٢. مەبەست زێڕی ژنانە، لە دوای ژن مارەکردن دەچن بۆ شاری چەک و جلک بۆ بووکێ دەکڕن، واتا زێڕو جلوبەرگ.

٣. باقرت ناوەندی ناحییەی قەراجە، دەشتی کاک بە کاکی قەراجی، بە پیت و بەرەکەتترین زەوی کشتوکاڵییە لە پارێزگای هەولێر، بەتایبەتی گەنم و جۆ، بە سەبەتەی خۆراکی مەملەکەت دانراوە.

٤. لە بەندێدا: زیندان.

٥. غەزالان: کار مامز.

قەندیلی[1] چەندە شیرین بوو وەکی مەلاو فەقێیان خەتێ رەش لێدا..

(٢)

ئایی...بابە دەمگوت؛
ئەوڕۆ ئێوارێ گەلی برادەرینە،
ئەنگۆ زەینێ خۆ بدەنێ قەرەچوغ[2] بە تەمە قەراجۆک بە تۆزە..
ئەوە سەرێ سێ ڕۆژە لەگەر بەژنێ باریک لێم بڕاینە جوابە،
ئەمن نازانم لۆ وەها وەکی منداری سەروبن داری[1] بەدایمە درم ئارۆزە..

---

١. کاغەزی سەفەر قەندیلی: خۆی "کاغەزی سەمەرقەندی"یە و لەسەر زمانی خەڵک گۆڕاوەو بووە بە "سەفەر قەندی" و "سەفەر قەندیل". لە لاپەڕەکانی کۆتایی کتێبەکە ڕوونکردنەوەی زیاتر لەسەر کاغەزی سەفەر قەندیل دراوە.
٢. قەرچووغ: چیایێکە دەکەوێتە خواروویی دەشتی هەولێر، دەشتی کەندیناوەو قەراج لێک جودا دەکاتەوە. لە زابی گەورەوە لە باکووری ڕۆژئاوا درێژ دەبێتەوە تا زابی بچووک لە باشووری ڕۆژهەلات. بەرزترین لووتکەی پێی دەڵێن بێژینگ بەسەر، (٨٧٤) لە ئاستی دەریاوە بەرزە. قەرەچوغ: وشەیەکی تورکییەو واتا رەشێکی تۆخ (قەرە = رەش، چوغ = زۆر یان تۆخ) ئەو ناوە لەگەڵ هاتنی عوسمانییەکان و دەسەڵاتیان بەسەر ناوچەکە، ناوەکەی بەسەردا بڕاوە، بەڵام پێشتر ئەو چیایە ناوی دیکەی هەبوو. بەشی باشووری پێیان گوتووە چیای بلباس کە لەلای گوندی گڕاو بیر مهیدی و چوار بەردەی نزیک زینی گچکە درێژ دەبێتەوە تا گوندی گاوەرەی نزیک بازارگەی، بەشی باکووریش پێیان گوتووە چیای مام ڕەشی کە لە گوندی کەنداری نزیک بازارگەی تاکو دەگاتە گوندی زمارەو تەلەرخێمی نزیک زێی گەورە.

ئەمن دونیێ ئێواری لە ڕێیێ سڕاوێ، لەبەر لۆمەییێ عەبدان،
قسەییێ بەدکاران،
نەمتوانی لێتبکەم جەژنە پیرۆزە..
(٣)

ئاییی...ئەدی ئەمن نەمدەگۆت؛
گەلی برادەرینە، ئەنگۆ زەینێ خۆتان بدەنێ،
گەوارەکی دەهینا ڕایدەگرت لە ناوەندی عاسمانێ،
تەڕی دەکردەوە ئەوبەر ئەوبەری کەندێناوەی[٢] سەری
زوورگەزراوێ[٣] چەولنگی پردێ[٤]

---

١. منداری سەروبنداری: ئەو منداڵە ساوایەی بە بۆن دەکەوێ و گێژو هووڕ دەبێ پێی دەڵێن سەروبنیەتی، حەوت دەرمانەی دەدەنێ وەک چارەسەرێکی سروشتی، بۆ ئەوەی سەرو ملی ڕابگری و هۆشی بێتەوە. (لە کۆتایی کتێبەکە ڕوونکردنەوەی زیاتر دراوە).

٢. کەندێناوە: دەشتێکی پان و بەرینە چەندین گوند لە خۆ دەگرێ، لەگەڵ دەشتی قەراجی چیای قەرەچوغ لێکیان جیا دەکاتەوە.

٣. زوورگەزراو: یەک زنجیرە بەرزایی بەردی نیشتوویی تەمۆخی و چەگل و زیخەلانییە، لە نزیک زێی گچکەوە لە پردێ دەست پێ دەکات، هەتا گوندی سەیدمین و بەرزەواری نزیک شارۆچکەی گوێر، (٥٣) کم درێژە، بەرزترین بەرزایی دەگاتە (٥٧٦)م لەسەر ئاستی ڕووی دەریا. بەلای کەندێناوە (باشووری زوورگەکە) (١٧) گوندو شارۆچکەی دیبەگە دەکەوێتە دامێنی ئەو زوورگە، بەلای مولکییەو شەمامک (باکوورو باکووری ڕۆژهەڵاتی زوورگەکە) (٥) گوند لە شەمامک و (٤) گوندیش لە مولکییە دەکەونە دامێنی زوورگەکە، واتە (٢٤) گوند زیاتر لەگەڵ شارۆچکەیەک، کە ئاقاریان لەو زوورگەیە.

٤. چەولنگی پردێ: حاوی پردێشی دەرێنێ، دەکەوێتە ڕۆژئاوای شارۆچکەی پردێ، زەوییکی لماوی بە پیت و بەرەکەتە، تەماتەو ئاروو و باميیەو باینجان

بەستێ شاقازی(١) سەرین
گۆماسکان(٢) بانیێ قەرەقاجدانێ..(٣)
ئەمن دووعایان دەکەم؛ ئەوی گەوارەی ڕەشتاری بێ ئافاتبی
لەبەر ئەوی قەلەڕەشمارەی ئێوارە ڕۆژ گەلە درەنگە

هەریاندەداوە لە دۆرێ خانێ..(٤)
دەچمە سەر برندان،
زەینێ خۆم دەدایێ بەژنێ باریک دەستێ خۆی دایتەوە
کوتکەکی دار مەرحەم(٥)،

و شووتی و دەلووجەو زۆر جۆری سەوزەواتی لێ دەچێندرێ، باینجان و دەلوجەی پردێ دەگاتە شاری بەسرابیش.

١. بەستی شاقازی: بەستێکی پان و بەرینە کەوتوتە باکووری ڕۆژهەلاتی گوندی گردە سۆری.

٢. سەرین گۆماسکان: کەوتوتە ئاقاری گوندی ئازیانەی دۆلێکە مامزی لێ دەمێنێتەوە، زۆر کەسی سالەیی و کەرکوک بە مامزی دەڵین ئاسک.

٣. بانیێ قەرەقاجدانێ: بانوویێکە دەکەوێتە ئاقاری ئازیانەی، ڕووەکی قاجی زۆر لێ دەڕوێت.

٤. دۆرێ خانێ: دۆلێکی درێژە کەوتوتە بەینی دەربەندی گۆمەسپانێ و شاری هەولێر، سەر شارێگای هەولێرو کۆیە، بەهاران دۆرەکە پڕ دەبێت لە ڕەشمالی مەڕدارەکان هۆبە بە هۆبە ڕەشمالی لێ هەڵدەدەن.

٥. دارمەرحەم: دارێکی بەرزی گەلا هەڵوەریوە، قەدو لقەکانی ڕەنگیان مەیلەو قاوەییەو بەرێک دەگرێ وەک گیلاس بەس بچووکترە، لە کوردستان کەمە لە زێوەی هەیە، تووەکەی بریقەدارو تونکل ڕەقە ژن دەیانکردە خەناوکە

دەیکوتاوە کۆزیێ کاران، نا وەلاگەرمی دەکردەوە کولین(١)و کۆتانێ..(٢).

(٤)

ئاییی... بابە،
ئەوڕۆ ئێواریێ سەریێ من گەلە دێشێ، درم دەکاتن سێ و دویێ،
بەژنێ باریک شترە ڕەحانەکی ساوا لەبەر زێنەتێ،
دریێ خۆم دەمچاند لە بانیێ تویێ..(٣).
حەز لێکردنێ کوڕو کیژان کەنگینێ خۆشبوو،
فەسڵی بواریێ بشکێنی کەلێنی چیغێ لەگەڵ ڕەندەیێ ڕەشماریێ..
دەستێ ڕاستە باوێیە سەر ملێ بە کەزی، بەدەستێ چەپە دەربینی جۆتە شەمامان شامامەیێ ڕۆستەم بەگییان،
سەر لەسەر سەرینەکی کورکەچینی(٤) لێو لەسەر خارێ گەردەنێ..

---

١. کولین: ئەو شوێنەیە لە ناو ڕەشماڵ ئازووقەو بەرهەمی شیرەمەنی تیادا دادەنرێ.

٢. کۆتان: شوێنێک لە ناو ڕەشمال بە چیغ و دار جیادەکرێتەوە بە پووش و قەسەڵ دادەپۆشرێ بۆ بەرخە ساوا.

٣. بانیێ تویێ: زەوییکی تەختاییە کەوتۆتە ئاقاری ئازیانەو گردەسۆری کاتی خۆی هەندێک داری تووی لێبووە.

٤. کورکەچین: سەرین یان باڵیفی لە پەڕ دروستکراو وەک دەڵێ: (باڵیف لە پەڕی کەوێ).

چەندە شیرن بوو وەکی لە کاکێ تو هەر دەهاتن ئەستێرەکانی
لە پاش پێرۆێ..[1]

(٥)

ئاییی...
ئەوڕۆ بەوێ سبیانێ ڕاوکەران دەیانکردەوە هەڕاوە..
لەگەڵ تیپەکی ڕاوچییان لە بناری زوورگەزراوی ڕاوێ خۆمان
دەکردەوە بەراوە،
ئەمن زەینێ خۆم دەدایێ شینکەکی ناوقەد باریکی چاوگروانی
لە بن گەورە گلەکی خۆی ڕێک هەڵدینا..
ئەمن دەمگوت لەشکرێ دێواریان ئەنگۆ بازان هەر مەدەن،
تاژییان بەرمەدەن ئەوڕۆ سەیرو ڕاوە..
شینکە[2] هەردەستا دەبۆوە حەوت حەوەتێ سواران،
نووسکەیێ تاژییان،
چریکەیێ بازو شەهێن و شمقارێن[3]..
دەچۆوە باشوورو باشووران باشووریێ فاتمێ،

---

١. ئەستێرەکانی لە پاش پێرۆیێ: چەند ئەستێرەیەکی لە یەک گردن، لە کۆتایی شەوێ لە دوای ئەستێرەی پێڵۆ هەڵدین هەندێک تەرازوێشی دەرێنێ، لە بەندە حەیرانێک دەڵێن: (پێلو هەڵدێ تەرازووی ناگەنێ).
٢. شینکە: کەرۆێشکێکی گەورەو بەغار
٣. شمقار: مەڵیکی ڕاوکەرە لە باز بەهێزتر و جوانترە

تیشێ خەرەکەرێس، گومێ بازنان، گۆڕێ قاشوانێ..[1]
ئێوارە ڕۆژ گەلە درەنگە،
لە بن قەسرەکەی عەیشێ حوسێن بەگان لە حەرزیان دەداوە..

(٦)

ئاییی... ئاییی ... ئۆف
ئەمن دەمگۆ نەناری دەڕەبی بابی ئەحمەدی[2] قەت نەناری،
زەینێ خۆم دەدایێ سبەینە گەلە ساردە..
میرێ کێژان گاس دەکا؛
کوڕەتیمە حەیران ئەتۆ دەستێ خۆت بدەوە شینکەکی سارمەی سەیدەحمەد..[3].
چما ئەتو نازانی قەیماتیێ مامزان کەتیتەوە بەینی معێجیلەو کاولە مشاری[4].

---

١. گۆڕێ قاشوانێ: ئەو زەوییە راست و تەختەی یاری قاشوانیێ لێ دەکرێ، لە زۆربەی گوندەکانی دەشتی هەولێر زستانان یاری قاشوانێ دەکرا. لە شێوەی یاری گۆلفە تۆپێکی لە دار دروستکراوی بچووک کە پێی دەڵێن گۆ قاشۆش دارێکی سەر نیوە چەماوەیە بۆ ئەوەی گوێبەکە بگرێ بۆ لێدان.
٢. بابی ئەحمەدی: خودی حەیرانبێژەکەیە باوکی ئەحمەدی.
٣. شینکەکی سارمەی سەیدەحمەد: جۆرە تفەنگێکی کۆنبووە.
٤. معێجیلەو مشار: دوو گوندی کوردانی سەر بە ناوەندی مەخموورن، دەکەونە باکووری ڕۆژئاوای مەخموور، لە خوار چیای قەرەچوغە بە لای دەشتی قەراجێ، نزیک ڕووباری دیجلەن، لە خاروووی گوندی کوشاف و سەروووی گوندی سوڵتان عەبدوڵڵانە. لە کۆندا سەرەڕێی کۆچ و کۆچباری مەڕدارەکان بووە.

(٧)

ئاییی... ئۆف، ئۆف، ئەمن دەمگووت؛
دیسان نازانم بە کێندەرێ دا هەر بڕێم،
ئەمن دەمگوت لە گردگلێخی(١) لە زووری مام شێخی..
یاخوا یا غەوسی مار لە بەغدایێ،
ماری بابی نازدار حەیرانێ بارکەن بێنەوە لە تەک ماریێ مە بێخی..
خۆزیە بە خۆزیداران ئەمن دوو ڕامووسانم قەرزبوونایە لە بەژنێ باریک و دوو چاوێ بەرەک و کابانێ ماریێ،
یەکەکیان فەسلێ دەرە بواریێ لە ناو کوریکە حاجیلەو هەرامی بەیبونێ..
ئەوەی دیکەیان هەموو ئێواران وەکی لەسەر دارەبازەیێ(٢)
تەونی چەند شیرین بوو وەکی کلیلەی کەمبەران(٣) دادێخی..

---

١. گوندی گردگلێخی: گوندێکە لە دەشتی قەراج، ئەمڕۆ دانیشتوانەکەی عەرەبن، بەهۆی ئەوەی گردەکە گیای گلێخەی زۆری لێ دەڕوێ، بۆیە بە گرد گلێخە ناسراوە، لە پەنجاکان (٥-٦) ماڵە کوردی تیا بوو، لەوانە ماڵی ئەبوبەکر بوو لە هۆزی شێروانی دواتر بە هۆی نەهاتی گوندەکە بەجێ دەهێڵن و عارەب لێی دادەکوتن، کتێبی: میژووی دەشتی هەولێر، عەباس سلێمان سمایل، بەرگی دووەم- ٢٠١٨- چاپخانەی مناره، ل ٢٣٤.

٢. دارەبازەی تەونی: ئەو تەختە لە دار دروستکراوەی ژنی کورد لەسەری دادەنیشی بۆ چنینی مافوور، لەگەڵ ئەندازەی مافووری دروستکراو بڵندو نەوی پێ دەکرێ.

٣. کلیلەی کەمبەران: لە جیاتی ئاوەزێنە کەمەربەندی پشتی ژنانی پێ داخراوە.

(٨)

ئایی... بابە،
ئەمن دەمگوت گردەسۆری سیانان(١)لە کاکی توو قەت قەت بێ نازدار نابی..
ئەوڕۆ بەوێ سبیانێ ئەمن کاغەزەکی دەنووسم لە بۆ بەژنێ باریک؛
توخواکەی قاسید(٢) گەلەکی سەلامان لێبی..
ئەوە سەریێ چەند ڕۆژانە لەگەڵ بەژنێ باریک لێم بڕاینە جوابە،
قاسید دەستێ منت دامێن بی،دەبی بەژنێ باریک لە کێبی؟..

(٩)

ئایی... ئای کاکینە؛
دەرێم کاکی خۆم لەبەر قورینگ و گۆزەران(٣)،
ئەمن نازانم بە کێندەریدا هەر بڕێم،
کەنگینێم قەلە ڕەشمار شیرن دەدیتن وەکی مارەبابی نازدار حەیرانێ،

---

١. گردە سۆری سیانان: دوو گوندی بەسەریەکەوەن تەنها بە ستێکیان بە مابەینی دادێت، سەر بە ناحییەی قوشتەپەیو کەوتۆتە پشت ڕێیێ واتا شارێگای هەولێر کەرکوک، زۆربەی دانیشتوانەکەی لە هۆزی سیانن، بە بەردەوامی ژنی بالآبەرزو شۆخ و شەنگی لێ نەبڕاوە.
٢. قاسید: نێردراو: ئەو کەسەی بۆ کارێک ڕاسپاردەیەک ڕادەسپێردرێ.
٣. گۆزەر: باڵندەیەکە لە قورینگی بچووکترە، ڕەنگی دەچێتەوە سەر قەتی، چونکە زەردە، زەردێکی کاڵ و خۆڵاوی.

لەگەر کۆمەرەکێ دەرو جیرانان هەریاندەداوە لە دۆریێ زوورگەزراوی..
ئەمن زەینێ خۆم دەدایێ بەژنێ باریک هەر وەستا لەسەر گەروان،
لییدەدا کزەکی بایێ شەماری..
دەکو شەمار بە خێربێی لەسەر جەننەتێ چەندە شیرن بوو پەرچەمان لە منیان گرتبوو قوژبنی چاوی..
ئەمن زەینێ خۆم دەدایێ ؛بەژنێ باریک مامز بوو لەبەر پیسە راوکەران دەڕۆیی،
ئەمن بە خۆ دایمە ڕاوچیبووم،
جۆتە تاژیەکی گوێ بە ڕیشۆرەی(١)مل بە قەرێتەم(٢) بەردەدایێ،
دەیگرتەوە دامەنی سۆربەشی خدری(٣)،
چەندە شیرین بوو لەبەر خاتری کیژێ شەمامکێ،
لە عەرزیان دەداوە لە بەینی هێلەوەو کاولە سیاوی..(٤)

---

١. جۆتە تاژییەکی گوێ بە ڕیشۆرە: ئەو تاژیانەی مووی درێژیان بە گوێیدا شۆڕ دەبوویەوە.

٢. مل بە قەرێتە: ئەو تاژییەی خێرایە لە ڕاکردن و نێچیر دەگرێ بۆ خاوەنەکەی قەرێتەی لە ملێ دەکرێ، ئەو تاژییەی خوێڕی دەکرێ خاوەنەکەی قەرێتەی لە ملی دەکاتەوە.

٣. سۆربەشی خدری: گوندێکی دەشتی هەولێرە کەوتوتە بەر ڕێیێ، نزیک بناری زوورگەزراوی، لە قۆناغی دەرەبەگایەتی خاوەندداری ئەو گوندە دەگەڕایەوە بۆ خدری ئەحمەد پاشای دزەیی.

٤. هێلەوەو سیاو: دوو گوندی هاوسێی یەکترن لە دەشتی هەولێرو ناوچەی شەمامکی و بناری زوورگەزراوی.

(١٠)

ئایی... گەلی براینە،دەمگۆ بڕۆنێ؛
گـەوارەکی دامەزرانـد لـە بنـە بنـەی کلکـەی گـردی کاولـە میزانی..(١)
دەیگرتـەوە قـۆنگرەو قـەراتێ پیـرە مـەخموورێ(٢) دەرکـی بازارگەی(٣)،
سەری زوورگەزراوی مەرقەدی خەلیل ڕەحمانی..(٤).
ئەنگۆ بە چاوێ منی بڕۆنێ چەند شیرین بوو؛
تەڕی دەکردەوە لفکەی هێزاری شەنگەبێڕی مەنتکان،

---

١. گردی میزانی: (کلکەی میجان) مله زوورگێکە دەکەوێتە کلکەی قەرەچوغی بەلای ڕۆژئاوای، لە نێوان دەشتی کەندیناوەو قەراجە، لای گوندی تەلەرخینمی کەندیناوەیە، لای خواروشی گوندی مشاری قەراجێیە.
٢. قەراتی مەخموورێ: گردێکە دەکەفێتە ڕۆژئاوای مەخموورێ بە دووری یەک کیلۆمەتر، پێشتر برایماغا وەک سەنگەر بەکاریهێناوە بەرامبەر بە هێرشی هۆزەکانی عەرەب.
٣. دەرکی بازارگەی: دەربەندێکە چیای قەرەچوغی دەکات بە دوو بەش، لە نزیک گوندی گاوەرەو کەنداری، لەو شوێنە قەرەچوغ نەوی دەبێتەوە لە کۆنەوە خەڵک وەک دەروازەی هاتووچۆ لە نێوان کەندیناوەو قەراج بەکاریان هێناوە، ئێستا جادەیەکی دوو سایدی بەناودا دەڕوات، زاڵگەی نێوان دێبەگەو مەخموورە.
٤. مەرقەدی خەلیل ئاوڕەحمان: گۆڕی پیاو چاکێکە کەوتۆتە ڕۆژهەلاتی گوندی ئیلنجاغ، گۆڕی خاتوون مریەمیشی لێ نزیکە، خەڵک ئێستاش بۆ چارەسەری نەخۆشی سەردانی دەکەن، بەتایبەتی بادارێ، دەیانگوت هەوەڵ دەبێ بچێتە سەر گۆڕی خاتوون مریەم لە دوایی بێیتەوە سەر گۆڕی خەلیل ئاوڕەحمانی کە گوایا خوشک و برا بووینە.

لە بن تاقە دارەکەی دێدەوانی..([1]).

(١١)

ئاییی...
چەندی گازدەکەم، گەلی برادەرینە،
ئەنگۆ زەینێ خۆ بدەنێ ناوبەندانی زوورگەزراوی نوارە بە نوارە،
سبەینە سبەینە سارە..
بە چاوی من بڕۆننێ لەسەرو پەرچەمێ نازدار حەیرانێ،
کەتییە هوردە خووسارە..([2]).

فەسڵی بواران کێندەرێ خۆشبوو لە بۆ کەیف و سەیرانێ
باقرتە([3]) لەگەڵ رواڕە..([4]).

---

١. تاقەداری دێدەوانی: تاقە دارێکە لەسەر چیای دێدەوانی، هیچ دارێکی دیکەی بەدەوروبیەوە نییە.

٢. هوردە خووسار: وردە بەفرێکی وەکو ئاردو گەچ وایە، درەنگانی شەوە ساردەکانی زستان دادەبارێت و زەوی سپی پۆش دەکات و دەبریسکێتەوە.

٣. باقرت: ناوەندی ناحیەی قەراجە و پێشتر زۆربەی ماڵەکانی کورد بوون، بەداخەوە ئێستا زۆربەی ماڵە کوردەکان، لە ترسی داعش باریان کردووەو عەرەبی زۆر لێ نیشتەجێ بووە.

٤. ڕواڕە: ڕواڵە، گوندێکە لەتەنیشت باقرتەو سەر بە ناحیەی قەراجە.

(١٢)

ئاییی... ئۆف بابە،
گەلی برادەرینە ئەنگۆ لۆمەی من مەکەن،
لە حەیفێ ئەوی کۆنە دنیایێ خەم قورگی گرتیمە ناوێرم هەرینم دەنگێ..
سەت حەیف و دوازدە مخابن لە بۆ ئەوان شەمامەیێ چواربێستانی(١) لە بن کراسەکەی تەنک بەبێ مرادی بەجۆت هەردێنن ژەنگێ..
کیژ دەرێ: کوڕەتیم حەیران دەتوو وەرە دەتدەمێ بازنێ لە قۆرم،
بیبەوە کن وەستاکاران لە بۆت بکەنەوە پشکەیێ خەنجەرێ(٢) ناوەڵلا تۆقی تفەنگێ(٣)....

---

١. شەمامەی چوار بێستانی: جووتیارەکانی بەستی شەرغەی هاوینان لە ناو بەستی شەرغەی ئەو شوێنانەی ئاوی لێ نزیک بوو چالیان هەلدەکەندو زبلی ئاژەڵیان تێ دەکرد، تۆوی گندۆرەیان تیادا دەچاند دوو جۆرە گندۆرە یەکیان رەشبوو ئەوەی دیکەیان کوز کوز بوو پێیان دەگوت نۆ مانگی، تاوەکو زستانێ دەمایەوە جاری وا هەبوو شەمامەشیان لەگەڵ دەچاند.
٢. پشکەی خەنجەرێ: وەکو نقیمی سەر ئەنگوستیلە وایە بە دەسکی خەنجەرێوە قایم دەکرێ.
٣. تۆقی تفەنگێ: لە باریکایی قۆنداخەی تفەنگێ چەند تەوقیک دەپێچرێ.

(١٣)

ئاییی... براینه،
له قەراتان له قەراتیێ دوینێ([1])..
دەنگۆ بە چاوێ من بڕۆننێ؛ بەژنێ باریک لە بەراییێ، کۆچێ ڕایدەکێشا سەرێ شێوەی لێیان دەپرسین دەیانگۆت؛ هەواریان گەلە دووڕە دەچنەوە کوێستانی سپێرێزی خەیلانیان([2])،

---

١. قەراتی دووینی: لەسەر بڵندایيەک دروست کراوە، نزیکەی یەک کیلۆمەتر چوارگۆشە عەرزی داپۆشیوە، لەگەڵ ئەوەی تەواوی قەلاتەکە وەکو خۆی نەماوە، بەڵام بەشێکی ساغە وەکو تاوەڕەکان و بناغەکانی وەکو خۆی ماوە، سەردەم و میژووی ئەو قەلاتە دەگەڕێتەوە بۆ میرنشینی سۆران، سەدەی (١٠- ١٦) زاینی دەسەلاتی عەلی بەگی کوڕی سلێمان بەگ، ئەو قەلاتە ماوەیەک وەکی پایتەخت لەلایەن میرنشینی سۆران بەکار هێندراوە، قەرات لەبەر هێرشەکانی میرنشینی بابانەوە زەرەری پێ دەکەوێ و ئاخیر جاریش لەلایەن پاشای گەورە نوژەن دەکرێتەوە، هەندێک شوێنەوارناس میژووەکەی بۆ سەردەمی شادی دەگەڕێنەوە کە یەکێک بووە لە میرەکانی هۆزی ڕەوەندی کوردی کە دەکاتە باپیرە گەورەی سەلاحەدینی ئەیوبی، میژوونووسێکی شوێنەوارناس پێیوایە کە قەبرستانی نزیک قەلاتەکە گۆڕی یەکێک لە خێزانەکانی سەلاحەدینی ئەیوبی تێدایە، وشەی دیونیش بە مانای (پایتەخت) دێت. لە کۆتایی وەرزی هاوین کۆچ و کۆچباریان لێ ناوە بۆ گوندەکانی دەشتی حەریر. ناوەکەشی لەوەوە هاتووە کە بەفر سپی کردووەو هەواری هاوینەی هۆزی خەیلانی بووە. بەرزییەکەی لەسەر ئاستی دەریا (٣٣٥)کم و (١١٢)کم هەوایی لە هەولێرەوە دووڕە، لە زەویشەوە (٢٤٤)کم لە هەولێرەوە دووڕە.

٢. سپی ڕێزی خەیلانیان: کەوتۆتە کوێستانەکانی سەر سنووری شنۆی ڕۆژهەلاتی کوردستان. ئەم کوێستانە هەواڕە هەمیشە سپی پۆش بووە بە بەفر، تاوەکو مانگی (٧) بەفری لێ نەتواوەتەوە. لە کۆتایی مانگی (٥) مەڕداڕەکانی خەیلانی مەڕو مااڵتەکانیان بردۆتە ئەو هەواڕە بۆ لەوەڕاندن.

هەریاندەداوە لەبەر بزینێ([1])..
لە حەیفێ دەست لێکبەردانێ ئەمن گەلەک نەخۆشم کەتیمە لەناو نوینێ..
لە خەمێ مردنێ خۆمدانیمە،
حەیفێ من ئەو حەیفە لە پاشە من دووچاوێ بەرەک دەگێڕی گەرمەشینێ..

(١٤)

ئاییی... بابە،
چەندم گاس کردی دەمەڕۆ مەڕۆ بتگەمێ حەیران لەسەرێ زووری،
بەژنێ باریک مامز بوو شۆڕبۆوە لە دەرکی بازاڕگەی چێشتاوی،
خۆی دەخواردەوە لە ئاوێ بن بەردی..([2])،
جێێ نووستنیێ خۆشدەکرد لە ئاقاری پیرە مەخموورێ..
ناوەڵلا ئەنگۆ بە چاوێ منی بڕۆننێ؛

---

١. بەربزین: هەوارێکی هاوینەی کوێستانەکانی ناوچەی برادۆستە کەوتۆتە نێوان سیدەکان لە باشوورو شاری شنۆ لە ڕۆژهەلات.
٢. ئاوی بن بەردی: کانییەک بوو لە بن چیای قەرەچوغی دەکەوێتە ڕۆژهەلاتی مەخموور، درێژی یەک کیلۆمەتر بوو دەهاتە ناو مەخموورێ، گەڕەکی بندیانان، لە وەختی خۆی خەڵک ئەو ئاوەیان بۆ شینایی و ئاودانی مەڕو مالات بەکارهێناوە.

کچەتیم حەیران چەندە شیرینە، وەکی هەموو دانیێ ئێواران بە
مقەسەکی ئینگلیزی دەبڕی سەر گوری مافووری..(١).

(١٥)

ئاییی...
نازانم لۆ ئەوڕۆ ئێوارێ سەرین کاکێ نگۆ گەلەک دێشی،
درم دایمە دەگەڕێ لە ڕاوێ..
بەژنێ باریک مامز بوو، هەرمان دەستاندەوە بە حەوەت
حەوەتێ سواران،
ئاودیو بوو لە زوورگەزراوێ..
دەگریتەوە تەنگانەیێ جاستانێ(٢) قووناوی گورگەی(٣)،
چەند شیرین بوو لە عەرزیان دەداوە لەسەر گۆمیێ
شیرناوێ..(٤)

---

١. گورینگی مافووری: ئەو ڕیسەی مافووری پێ دەچنن لە دوای گرێدان دەیبڕن بە مەقەست.

٢. تەنگانەی جاستانێ: دەربەندی جاستانێ: دەربەندێکە دەکەوێتە پشت گوندی جاستانێ، ئەو دەربەندە لە زوورگەزراویرا جێگای ڕۆیشتنی کۆچ و کۆچباران بووە لە بۆ هاتووچۆی نێوان دەشتی مولکییەو کەندێناوەی.

٣. قووناوی گورگەی: لە گوندی داود گورگەیە لە نزیک سەرگەڕان و سلێمان بەخشیان، قووناوی گورگەی زەویەکی نەورایی نزمە لە زستان و بەهاران ئاوی کەندێناوەی خوار قەرەچوغی کۆدەبێتەوە و هەمیشە تەڕو شێدارە.

٤. گۆمی شیرناوێ: گۆمێک ئاوی بارانی تیادا کۆبێتەوە بۆ خواردنەوەش بەکار بێت لە قەراج و کەندێناوە گۆمی لەو شێوەیە هەن.

(١٦)

ئاییی...

ئەتو مەرقەدی حەزرەتی غەوس[١] پیری ولیانی[٢]،

ئەگەر ئەمن مردم قەت مەڕێن درەنگە..

قەبرەکم لۆ لێدەن لە پێش دەرکەیێ مارەبابی نازدار حەیرانێ،

بە دەنگی کورینگ لێدانێ لە بۆم بانگ بکەنە مەلاو فەقێیان،

شێخ و مشایەخان،

چما ئەنگۆ نازانن بیرازەی تەنگە[٣]..

خۆ من لە خەمێ مردنێ خۆمدانیمە، ئەنگۆ زەینێ خۆ بدەنێ

هەموو سبەینان داکێ لانکێ[٤] دەگرێ بەئاوازو دەنگە..

---

١. حەزرەتی غەوس: شێخ عەبدولقادری گەیلانی گۆرەکەی لە شاری بەغدایە.

٢. پیری ولیانی: ئیسماعیل ولیانی، ناسراو بە شێخ ئیسماعیل ولیانی موسڵمانێکی سوننە مەزهەبی شافعییە، یەکێکە لە زاتە گەورەکانی بنەماڵەی بەرزنجییەکان، کوڕی شێخ محەمەدی نۆدێیە کە ناسراوە بە (کبریتی سوور). شێخی ولیانی لە گوندی (نۆدێ) لە ساڵی ١٠٨١ی کۆچی لە دایکبووە، لە دوای تەواوکردنی خوێندن لە ناوچەی قەرەداغ نیشتەجێ بووەو تاکو ئێستاش شوێنی خەڵوەتگای لە کەسنەزان و ولیان ماوە، بۆ ئیرشاد گەیشتوتە رۆژهیا، ئێشتاش مەرقەدی لە رۆژهیا خەڵک زیارەتی دەکەن.

٣. بیرازەی تەنگە: بیراز بە مانای تەخت کردن و ڕێکخستنی زەوی، لێرەدا مەبەستی ئەلحەدی قەبرییە.

٤. داکێ لانکێ: بەو ژنە دەگوترێت منداڵی شیرە خۆرەی ناو لانکێی هەبێت.

(١٧)

ئاییی...
لەبەر قورینگ و گۆزەران لەبەر شل و مل و چاو بە کل و شەدەشل و نێک بەکەمبەران، ئەوڕۆ بەوێی ئێوارێ ئەمن نازانم بە کێندەرێدا هەربڕێم،
ئەمن دەمگۆ لە زینەتیرێ خاتووەکەی گرانم هەڵلا لە زینەتیرێ..(١)
بەر لە موسرێ پشتی کەوتیتە کاولە هەریرێ..
مارەبابێ حەیرانێم لێنا پەڕیەوە لە پێچکەیێ پردێ(٢)
لێیان دەپرسین دەیانگوت؛ هەواریان گەلە دوورە دەچنەوە،
کن شێخ نەجمەدینەکەی(٣) مال لەسەربیرێ.

(١٨)

ئاییی... حەیفێم ئەوێ دونیایێ دەمینێ،
ئەمن پیر بوویمە هاتیمە ریزی ئەختیاران..
هەر چەندی دەکەم نایەمەوە سەر قایدەو قرارێ جاران..

---

١. زینەتیر: ئاسۆگەو ئاوڕێژی بەینی دۆڵی باڵیسان و شاروچکەی هەریرە.
٢. پێچکەیێ پردێ: پایەی پردی سەر زێ لە شاروچکەی پردێ.
٣. شێخ نەجمەدینی سەربیرێ: شێخێکی بەناوبانگی ناوچەی سالەیە، گوندی سەربیر کەوتۆتە ڕۆژهەلاتی شاروچکەی پردێ، لە مابەینی گوندی گەڵۆزی و قەرەسالمە.

خۆزگەم بەوێ دەوروزەمانی جاحێلیێ،
وەکی شەوێ لە سێبەری نیوەشەوێ،
لەجێیێ ژوانێ تەڕ دەبووم لەبەر چۆڕاوگەی باران..(١)
شەرتەکم لەگەڵ خودایێ گەورەو عەزیم کردییە؛
دەست لە بەژنێ باریک هەڵناگرم، هەتاوەکینێ کۆمەڵەکێ برادەران سەرم دەدوورن لە جانگی(٢)، دەمبەستن لە بەینی دووداران(٣).

(١٩)

ئاییی...
کیژێ حەیران چەندم گاس کردی دەمەڕۆ مەڕۆ بتگەمێ،
بەژن دڕێژی کراس تەنکێ،
مەمکێ تۆ لە بۆ من بمینێ بە سێوە لاسۆرەکانی هەموو پایزان لە باخی هیران و نازەنینێ(٤) شین دەبوون لەسەر پەلکێ..
ئەمن سوندەکم لۆ بەژنێ نازدار حەیرانەکەی خۆم خواردییە؛ ئەو سارە بواریێ دەیکەمەوە کابانی مارێ، یانە دەیکەمە داکێ لانکێ..

---

١. چۆڕاوگەی باران: باراناوی سەربانەکان کاتێک لە سوانەی خانووەکان دەچۆڕێتەوە.
٢. جانگ: کفن، کفنی مردوو.
٣. بەینی دووداران: دارەبازەی مردوو هەڵگرتن بۆ گۆڕستان.
٤. باخی هیران و نازەنینی: ناحیەی هیران کەوتوتە بەینی شەقڵاوەو ناوچەی بیتوێن پڕە لە باخی میوەجات بەتایبەتی هەنارەکەی بەناوبانگە. نازەنینیش لە تەک هیرانە و هەمیشە ناویان بە یەکەوە دێت.

(٢٠)

ئایی... ئەنگۆ زەینۆ خۆ بدەنێ؛
ئەستوورایی دارکەران گەیشتە گەروێ سەنگەران..(١)
مارێ بابی نازدار حەیرانێم لێنا،
پەڕیەوە لە کەندێ باشتەپەی(٢)،
ئاودیو بوو لە زوورگەزراوی،
دەگریتـــەوە تەنگانـــەی جاســـتانێ، قوونـــاوی گورگـــەی،
سەروچاوەی ئاوێ شەعەلی(٣)، بیری مەحموودی سەنان(٤)،
سەرڕێی کۆچباری مامەسێنیان..
ئێوارە ڕۆژ گەلە درەنگە،
هەریاندەداوە لە کۆراو و(٥) چەغەران(١)،بە ژنێ باریک مامز بوو،

---

١. گەروێ سەنگەران: کەوتۆتە ئاقاری گوندی دەرماناوەی و کلکەی قەرەچوغی.

٢. کەندی باشتەپەی: کەندێکە لە گوندی باشتەپەی بناری زوورگەزراوی.

٣. سەروچاوەی ئاوی شەعەلی: کەندێکی بە ئاوە لە ئاقاری گوندی شەعەلی سەر بە ناحییەی سەرگەڕان نزیک زێی گچکەیە، سەر بە دەشتی کەندێناوەیە.

٤. بیری مەحموودی سەنان: بیرێکە دەکەوێتە نزیک جادەی مەخموور دێبەگەی لە بەرامبەر گوندی کەنداری، وەختی خۆی لە ناوەڕاستی سەدەی نۆزدەهەم پیاوێکی مەڕدار بە ناوی مەحموودی سەنان، لە هۆزی سوورچی بووە، ئەو بیرەی لێداوە، کەوتۆتە سەر ڕێگای کۆچ و کۆچباری هۆزی مامەسێنیان.

٥. کۆراو: ئەو کانی یان سەرچاوە ئاوەی کە تەنها بەهاران ئاوی هەیە.

ئەمن زەینێ خۆم دەدایێ کێشتاوی خۆی دەخواردەوە لە ئاوی بن بەردی.
ئەمن دایمە ڕاوچی بووم،
زەینێ خۆم دەدایێ جێیێ نووستنێی خۆشدەکرد لە ئاقاری مەعمەر ئۆمەران(٢).

(٢١)

ئاییی... بابە ئەدی ئەمن نەمدەگوت؛
بەویێ ئێواری ئەمن گەلە بریندارم، بریم کەتینە بەدەنێ،
جوابەکم لۆ بدەنە حەکیم و لوقمانان،
دەمەکێم بێنەوە سەرینێ، بە چاوانم بڕۆننێ، بەدەستانم دەست نەکەنێ..
بەژنێ باریک دەستە مەرحەمەکێ لە بۆ من بگرتەوە؛
لە تۆزیێ هیزاری[٣]، لە چرکی خەزێمێ، لە تۆزیێ قەنەفرێ،
شلکاتەوە بە ئارەقەییێ زەرد مەمکان،
لێیبدا شەوبایێ شەوێ، بیداتەوە بەر بورجی ئەستێران،
دەبا بە دوو پەنجەیێ نەرمۆکە لە بۆم دانێتەوە سەر بریێ،
شەوی زستانان گەلە سارەدە، ئەمن دەترسێم بریم هەر بینی زوخمە لەگەر تەشەنێ(١)

---

١. چەغەران: چەغەر، ئەو نیشانەیەی لەسەر ڕێگایان دادەنرێ بۆ ڕێگا دیار بوون.
٢. مەعمەر ئۆمەران: گوندێکی دەشتی قەراجێیە.
٣.هیزار: میزەری سەری ژنی کورد، بە دەرزیلە و پارەی وردە دەنەخشێندرا.

(٢٢)

ئاییی... ئەمن دەمگۆ؛
حەیران، چەندم گاسکردی دیسان سەیرو ڕاوە ئەوڕۆ بەوێ دانێ سبیانێ..
لەگەر کۆمەڕەکی برادەران ڕاوێی خۆمان دادەبەخشی لە بنەبنەی داری شەکرانێ..(٢)

---

١. زوخمە لەگەر تەشەنێ: هەوکردن و چلک کردنی برین.

٢. داری شەکرانێ: دارەشەکران، لە ناوچەی زرارەتییە، داریکی بە تەمەن و گەورەو تەنیایە لە دەشتە پان و بەرینەکەی زرارەتی تەمەنی لە سەروی (٢٥٠) ساڵ دەبێت و گەلێ سەر گوزشتەو چیرۆکی دەربارە وتراوەو هەن. دەگێڕنەوە گوایا دوو برا هەبوون بەناوەکانی (لاوەند) و (چۆلی) ئەو دوو برایە بە هۆی هەژاری و برسیەتی بۆ ڕێنجبەری ڕوو دەکەنە ناوچەی زرارەتی، لەوێ دەبن بە گاوان. ڕۆژێک داوەتی بووک گواستنەوە دەبێت لە گوندی، چۆلی بە لاوەندی برا بچووکی دەڵێ: من لەلای گاڕانەکە دەبم تۆ بچۆ بۆ داوەتی. لاوەندیش ڕانک و چۆغەی لەبەر دەکا و دەچێتە داوەتی، پاش تاوێک دەگەڕێتەوە ماڵەوە براژنەکەی داوای سەرجێی لێ دەکات لاوەندیش نایکاتە نامەردی دەست و پێی دەبەستێ و لە ماڵەوە جێی دەهێڵی. کاتێک چۆلی دێتەوە مال هاوسەرەکەی بەو شێوەیە دەبینی. سەراسیما دەبێت و دەڵێ: کچێ ژنێ ئەوەکێ ئاوای لێ کردووی، ژنەش دەڵێ لاوەندی برات دەستدرێژی کردە سەرم و ئاوای لێ کردم. چۆلیش بە تورەیی تفەنگی دەستدەداتێ و بەرەو شوێنی داوەتەکە دەچێت. دەبینی لاوەند بە خەمناکی لەسەر گردێک دانیشتووە بێ ئەوەی پرسیاری لێ بکات دوو گوللەی لێ دەدات. لاوەند دەڵێ: باوەڕبکەمن بێ گوناهم بۆ ڕاستی ئەو قسەیەم ئەو گۆپاڵە لەجیاتی کێل و لە ژوور سەرم بچەقینە ئەگەر بۆ بەیانی شین بوو ئەوە بزانە من بێ گوناهم، خۆ ئەگەر شین نەبوو دیارە من حەرامزادەم. چۆلیش بە قسەی دەکات بۆ بەیانی کە دەچێتە سەر گۆڕی لاوەندی دەبینی گۆپاڵەکە شین بووەو بۆتە ئەو دارەی ئێستا. بە پەلە

کێڕوشکه شینمان هەردەستان لەگەرمەلانێ..(١)
شینکه بازرەقەی دەبەستا دەچۆوە کلکەی دارە بزمارەی(٢)،
دەسوڕاوە قەراتێ دێرێ(٣)،
قەیماتی خۆی داوێشتەوە ئاقاری خاروان و پیرە رەشوانێ(١)..

دەگەڕێتەوە ژنە بوختان کەرەکەی دەکوژێ و سەری خۆی هەڵدەگرێ بۆ شوێنێکی نادیار.(کەلەپووری کوردەواری – کۆبەرهەم – ئەسعەد عەدو – لاپەڕە ٥٥)

١. گەرمە لان: لانە کەرویشکی تازەو نوێ.

٢. کلکەی دارە بزمارەی: دارە بزمارە، ناوی یەکێک لە گوندەکانی باشووری کوردستانە کە دەکەوێتە سنووری شارۆچکەی پیرمام و بە دووری (٣٣) کیلۆمەتر لە باکووری هەولێرەوە دوورە، ناوی ئەو گوندە بە ناوی دارێکەوە ناونراوە، کە تەمەنی زیاتر لە (١٥٠) ساڵ دەبێت، خەڵکی ناوچەکە بە گشتی و گوندەکە بە تایبەتی وەک نەریتێک و باوەڕپێکی کۆن هەر کاتێک دڵدانیان ئازاری هەبوو بێت بزمارێکیان داکوتیوە. بەمەبستی ئەوەی ئازاری دڵدانیان نەمێنێت، بۆیە ئەو دارە ئیستا وەک ژیژکی لێهاتووە. قەبرستانێکیش بە ناوی دارە بزمارە لە کۆتایی چیای قەرەچوغ هەیە، لێرە مەبەست یەکەمیانە.

٣. قەراتی دێرێ: ئەم قەڵایە دەکەوێتە بەشی ڕۆژئاوای دامێنی زنجیرە چیای پیرمام، بە مەودای (٣٨)کم لە ناوەندی شاری هەولێر دوورە، بە دووری (٢)کم لەڵای چەپی ڕێگای هەولێرو دارەبزمارەو گوندی سەروکانی هەڵکەوتووە، قەڵاکە لەسەر گردێکی بەرزەو پێکهاتووە لە شووڕایەکی پتەوی قایمکاری سەربازی، کە بە چوار دەوری گردەکە دروستکراوە لە قوڵلەو دیوارەکانی، کونی مەتەرێزی بەرگری هەیە.پاشماوەی دیوارەکانی لە (١ تاکو ٦م) بە بەرزی ماوە، (٥) ژوورو هۆڵێک و حەسارێکی گەورە بە پێوانەی ٢٣ ٧٠ر٢١)م و بیری ئاوێک دەبیندرێ.

لە خوارووی قەڵاکە لە هەموو لاکانییەوە شوێن و بناغەی خانووی کۆن ماوە کە لە بەردو قسڵ و گەچ دروستکراون. میژووی دروستکردنی هەندێک دەیگەڕێنەوە بۆ سەردەمی میرنشینی پاشای کۆرە (میر محەمەدی رواندزی)، هەندێکیش بۆ کۆنتر دەیگەڕێنەوەو دەڵێن میری سۆران تەنها نۆژەنی کردۆتەوەو بەس.

لـه نـاو بـارەکی تـۆزێ لـه حـەرزیان دەداوە لـه گـۆڕێ قاشوانێ..(٢).

(٢٣)

ئایی... چەندم گاز کردی،
کێژێ حەیران دەمەڕۆ، بتگەمێ لە ڕێیێ سراوێ..
ئەمن لە بۆ توم بەدیاری ناردییە کل و کلدان و قەنەفر لەگەر شوشەکی گوراوێ..
گەلی برادەرینە،
حەیرانەکەی من گەلەک بە بەقاو متمانەیە، بەخوای پێناومان(٣) ناوێ..

(٢٤)

ئایی... کاکی خۆم،
سەرێ من گەلە دێشی، درێ منی خانەوێرانێ پڕ لە کەسەرە..
ئەنگۆ زەینێ خۆ بدەنێ؛
ڕەشماری شوانکارەی مرکییەو شەمامکێ لە خەندەکێ خەلیفەی(١) هۆبەیان ئەوبەر ئەوبەرە..

---

١. خاروان و ڕەشوان: دوو گوندی هاوسێن لە دەشتی زرارەتی کەوتوتە ڕۆژئاوای ڕێگای هەولێر- پیرمام.

٢. گۆڕی قاشوانێ: جغزێک دەکێشرێ وەک یاریگا بۆ یاری قاشوانێ، قاشۆ دار دەستێکی وەک نیوە گۆپالیە تۆزێک چەماوەتەوە بۆ ئەوەی گوێەکە باش بگرێ. لە زۆربەی گوندەکانی گۆڕێ قاشوانێ هەبوو. هاوشێوەی یاری گۆلفە.

٣. پێناو: ئەو ژنەی ڕاسپاردەی کوڕو کچانی عاشق بۆ یەکتری دەگوازێتەوەو لە بەینیان دێ و دەچێ.

ئەمن سوونده‌کی ده‌خۆم؛ له پاشی دووچاوێ به‌ره‌ک ده‌بمه تۆبه‌کار، قه‌ت قه‌ت ناکه‌م نه‌زه‌ره..(۲)

(۲۵)

ئاییی... ئۆف گه‌لی براینه،
ئاگره‌کم به‌ربوویته ده‌روونێ، ئاگری سۆتنێ..
قۆنگره‌و قه‌راتێ ماره‌بابێ نازدار حه‌یرانێ گه‌له‌ک عاسێیه،
هه‌ر چه‌ندی ده‌که‌م چ رێی ناچنێ..
ئه‌من له خه‌مێ مردنێ خۆمدا نیمه،
حه‌یفێ من ئه‌و حه‌یفه میرێ کێژان به دره‌کی به خه‌م پۆژی جه‌ژنه‌و عارفاتان
له‌سه‌ر قه‌برم به‌ ده‌نگ و ئاوازه‌کی گه‌له‌ک غه‌ریب ده‌کا گۆتنێ..(۳).

---

۱. خه‌نده‌کی خه‌لیفه‌ی: خه‌نده‌کی بابه خه‌لیفه‌ی، خه‌نده‌کێکه له ده‌شتی قه‌راجێ، ده‌لێن کاتی خۆی له‌سه‌رده‌می عه‌باسییه‌کان هه‌ولدراوه ئاوی زێی گه‌وره‌و گچکه بگه‌یه‌ننه‌وه به یه‌ک و به ناو ده‌شتی قه‌راجیدا ببه‌ن بۆ کاری کشتوکاڵی و به‌راوکردن.

۲. ناکه‌م نه‌زه‌ر: واتا ته‌ماشای هیچ کچێکی دیکه ناکه‌م به‌ده‌ر له یاره‌که‌ی خۆم پەیمانی عیشقێکی پاگژه بۆ حه‌یرانه‌که‌ی خۆی نوێکردنه‌وه‌ی پەیمانه بۆ مه‌عشوقه‌که‌ی که له‌و زیاتر هیچ کچێکی دیکه‌ی خۆشنه‌وێت و له دوای ئه‌و ته‌رکی دنیا بکات.

۳. ده‌کا گۆتنێ: ئه‌و ژن و پیاوانه‌ی سه‌ردولکه‌و حه‌یران و لاواندنه‌وه‌و پێ هه‌ڵدان بۆ یه‌کێک ده‌لێن جا ئه‌و که‌سه چ له ژیاندا مابێت یان ژیانی له ده‌ست دابێت.

(٢٦)

ئاییی... ئاییی..
گەلی براینە برادەرینە
ئەنگۆ زەینێ خۆ بدەنێ بەوێ سبیانێ،
هەر چەندی دەکەم لە دووری نازدار حەیرانەکەی خۆم نابم سەبووری..
ڕۆژێ مبارکم لێ هەرات، شەوق و شەبەقێ خۆی دەداوە لە سەری بێژینگ بەسەری(١)، دەرکی بازارگەی خۆمان، قۆنگرەو قەراتێ پیرە مەخموورى..
سینگی ئەوی بابان وێرانەی لە بۆ من بمینێ وەکی سەدەفی سەردووکانی باشتوجارِی بازارِی قۆجە موسرێ،
مەمکی لە بۆ من بمینێ بەوان فنجانی فەخفوری(٢).

(٢٧)

ئایی... ئەنگۆ بەچاوێ منی بڕۆننێ؛
بەوێ بوارێ مێگەلە مەڕی مارەبابی نازدار حەیرانێ تاق و

---

١. سەری بێژینگ بەسەری: بێژینگ بەسەری شێروانیان بەرزترین لوتکەی چیای قەرەچوغییە، کەوتۆتە ئاقاری گوندی دارەخورما.
٢. فنجانی فەخفوری: ئەو فنجانەی قاوەی پێ دەخوریتەوەو لە فەخفوری شووشە دروستکراوە.

جۆت[1] بووینە لە دەورەی گردی پیرداودی[2] بەرامبەری قەراتی پیرە هەولێرێ..
هەر چەندی دەڕۆنمە کاولە مەفتەنی غەمرایە[3] لە ناو کوریکە نیسان و حاجیلەو بەیبوون و کنێرێ..
لە کنەمن وایە پاشایێ سەر تەختیمە وەکی لۆ کچەتیم حەیرانەکەی خۆم دەگرم سەربێرێ..[4]

(٢٨)

ئایی... ئەمن دەرێم؛
گەلی برادەرینە ئەورۆ بەوێ سبیانێ ئەنگۆ زەینێ خۆتان بدەنێ؛
زوورگەزراوی خۆمان گەردەنی خۆی هەڵدەکێشی لە تەمێ لە تەمتومانێ..[5]
بەوێن دەرە بوارێ؛

---

١. تاق و جۆت: بەهاران کاتێک مێگەلە مەڕ تێر دەخوات، مەڕەکان یەک یەک و دوو دوو بلاو دەبن.
٢. گردی پیرداودی: گردێکی گەورەیە لە باشووری شاری هەولێر، کەوتۆتە سەر ڕێگای هەولێر - مەخموور.
٣. غەمرایە: خەمڵیوە، بەهاران ئەو کاتەی دەرودەشت سەوزەو بە گوڵی ڕەنگاو ڕەنگ و هەمە جۆر ڕازاوەتەوە.
٤. سەربێرێ: سەربێر، ئەو کۆڵکەدارەی یان ئەو بەردەی شوان لەسەری دادەنیشێ و سەری مەڕەکان دەخاتە بن باڵی تاوەکو بێرییەکان دەیاندۆشن.
٥. لە تەمێ لە تەمتومانێ: تەم و مژی دوای باران بارین.

مارەبـابێ نـازدار حـەیرانێ رەشـمارەکی لەسـەر پێـنج ئەستونیانەردایە لە ناوبەندانێ..(١)
ئەمن لۆ نازدار حەیرانەکەی خۆم کڕییە گوارەو خەزێم لەسەر دووکانێ..
دەک وەستا دەستت بشکێ گوارەو خەزێمی حەیرانەکەی منت گەلە گەورە دروستکردییە، دەگریتەوە چەرخـەییێ ڕوومـەتێ، جێێ شەو ڕامووسانێ..(٢)

(٢٩)

ئاییی... کیژێ
حەیران بەژنت دەشبەێنم بە شترە نەمامەکانی ساوا،
وەکی بواران شین دەبوون لە باخی کۆێ..
ڕوومـەتت لـۆ مـن بمینـێ بـەتۆپێ گـوری، نـاوەڵڵا بـە گـوری هێرۆێ..
ئەنگۆ بە چاوی منی بڕۆننێ؛
بەژنێ باریک ڕاوەستا لە زارێ قەمتەرێ(٣)،
چەندە شیرینە هوردە پەرچەمان تاق و جۆت بووینە لەسەر قاشێ برۆێ..

---

١. ناوبەندان: بەینی گردەکانی دامێنی زووری.
٢. جێێ شەو ڕامووسانێ: مەبەست لێی گوارەو خەزێمەکە گەورەن جێگای ماچانیان گرتووە.
٣. قەمتەرە: دەرگای دوو دەری گەورەی حەساری سەری گیراوەو بن میچی هەیە.

ئەمن سوندەکم خواردییەلەسەر قەول و قرارێ جارانم، لەگەڵ کچەتیم حەیرانەکەی خۆم قەت ناکەم درۆیێ..

(٣٠)

ئاییی...
گەلی برادەرینە،
ئەنگۆ زەینێ خۆ بدەنێ؛
ڕەوینێ مامزان لە بەینی چارداغ(١)و گردعازەبان(٢)،
دەلەوەرێن دەخۆن سەرگوفکی تاریشکێ..
شەو لەوەڕی خۆیان داوێشتەوە ئاقاری جدیدەی(٣)،
کێشتاویان دەخواردەوە لەسەر ئاوی کارێزی قاسماغای شەمامکێ(٤)..
بەژنێ حەیرانەکەی من کارمامزەکی سۆرخونی چاوڕەش بوو،
ئەمن دایمە ڕاوچی بووم دەگەڕام لە ڕاوێ،
لەبەر زێنەت و کەیفێ درێ خۆم دامدەبڕی لە داکێ..

---

١. چارداغ: کانیاوێکە کەوتۆتە ناوبەندانی زوورگەزراوی بەرامبەر گوندی گردعازەبان.
٢. گردعازەبان: گوندێکە کەوتۆتە ناوچەی شەمامکێ سەر بە ناحییەی قوشتەپەیە.
٣. جدیدە: جدیدەی لەکان گوندێکی ناوچەی شەمامکێ سەر بە ناحییەی قوشتەپەیە.
٤. کارێزی قاسم ئاغای: کارێزێکی ئاوە لە کەسنەزانی ڕۆژهەلاتی هەولێر هەلبەستراوە، بە ناو هەولێردا ڕۆیشتووە تاوەکو ئاقاری گوندی عەزەو قونیان و دهیماتی لە گوندی دهیماتی لە سەدەی ڕابردوو بڕینجی لەبەر کراوە، هەتاوەکو ساڵی ١٩٩٠ ئاوی هەبووە، بەداخەوە ئێستا بە هۆی کۆڵینی ئەو هەموو بیرە ئاوی ئەو کارێزە وشک بووە.

(٣١)

ئاییی...
گەلی براینە برادەرینە،
ئەنگۆ زەینێ خۆتانی بدەنێ؛
بەوێ بەهارێ کێژۆکاری گردلانکەو شێخانان(١) کۆرو قەساریان(٢) دامەزران لە دەو ڕووباری..
کچەتیم حەیرانەکەی من کارمامزەکی سۆرخونی چاوڕەشی شاخ بە تەنیە(٣)،
لە پێش پیسە ڕاوکەران دەڕۆیی دەتەقی لە کاولە مەفتەنی،
ئەنگۆ بە چاوێ منی بڕۆننێ؛
بەسەر کەت لە زوورگەزراوی، ئاودیو بوو لە دیارو نەدیاری..(٤).
ئێوارە ڕۆژ درەنگە، گەلەکە ماندی و شەقییە،
خۆی دەگەیاندە ڕەوێ مامزان لە ئاقاری معێجیلەو مشاری..

---

١. گردلانکەو شێخانان: دوو گوندی بناری زوورگەزراوییە لە دەشتی هەولێر سەر بە ناحیەی قوشتەپەن، گردلانکە شوێنی لە دایکبوونی حەیرانبێژە.

٢. کۆرو قەسار: کوول کردن و جل شۆردن، زەمانی زوو کەس گەرماوو سەر شۆرکی لە مالەوە نەبووە، ناچار بووینە لە دەو ڕووبارو ئاوان خۆیان و جلکەکانیان بشۆن.

٣. شاخ بە تەنی: شاخ، قۆچ، قۆچی کارمامز ئەوەندە ڕەشێکی تۆخە بۆیە بەتەنی و ڕەشی بن سێل و مەنجەل و بن میچی خانووەکان چوێندراوە.

٤. دیارو نەدیار: ئەو ئاسۆگەو شوێنە بڵندەی بە حاڵ دەبیندرێ و نابیندرێ، چاو لە باشی هەتەر ناکات.

(٣٢)

ئایی...
مارەبابی نازدار حەیرانەکەی من کۆچ و کۆچباری خۆیان لێ دەنا لە دەشتی قەراجێ، هەواریان گەلە دوورە، دەڕۆن دەچنە کوێستانێ..
ئاوابوون لە دەرکی بازاڕگەی، دەچنەوە سەری زوورگەزراوی خۆمان،
ئاوی گردمەلای(١) سەری گیرەی ڕەش(٢)، داری دێدەوانی،
ئاوابوون لە گومبەت و سەری هەیبەسوڵتانێ..
بەژنێ حەیرانەکەی من گەلەک ماندییە،
ڕادەکێشی سەرێی شێوەڕی لە دەشتی بیتوێنێ، لە کوێستانی عەزیم و سەر بەتەم تێکەڵبوون لەگەڵ هۆبەو ڕەشمالی مەنگور(٣) و عێلاتی دەشتی لاجانێ..(٤).

---

١. ئاوی گردمەلای: جۆگە ئاوێکی سازگار بوو، لە ئاقاری گردمەلای کە دەکەوێتە ڕۆژهەلاتی ناحییەی قوشتەپە ڕیزێکی درێژ دارتووی لەسەر ڕوێندرا بوو.
٢. گیرەی ڕەش: بڵندایییەکی چیای دێدەوانییە لە باشووری ڕۆژهەلاتی هەولێر.
٣. مەنگور: هۆزێکی کوردی گەورەیە لە ڕۆژهەلاتی کوردستان و باشووری کوردستان، لە هەردوو دیوەکە بەشی زۆریان بە ئاژەلداری و کشتوکاڵەوە خەریکن، هەر لە دەشتی سندوس و دەشتە بیل و دەشتی لاجان و بەری میرگان و نەڵێن و دۆڵی ئافانێ بڵاوبوونەتەوە، لەگەڵ مەڕدارە چادرنشینەکانی باشوور تێکەڵ دەبوون لە کوێستانەکانی خوارو کۆترەل و بەرتەنگ و ئاغەسەرو شەڕگەو کەولەو ترشێنو چۆمەو گڕو کیفارو خرەندۆڵی قەندیلی و شێخ ئایش و مۆڵی بەرانان و پانە سەر زۆریان ژن بە ژن و خزمایەتییان لەگەڵ یەکدا هەیە، هەرگیز نالێن کوردستانی عێراق یان کوردستان ئێران، بە سالاچووەکانیان ئیستاش دەڵێن گەرمێن و کوێستان. زۆر ئاوازو داب و نەریت لە میانەی ئەو تێکەڵ بوونە گۆڕدراوەتەوە.
٤. دەشتی لاجان: کەوتوتە ناوچەی پیرانشاری ڕۆژهەلاتی کوردستان، مەڕداری گەورەی لێیەو بە کوێستانەکاندا بڵاودەبنەوە، هاوینان بە نیازی مەڕ لەوەڕاندن.

٢. لاوکەکان

عەلی حاجی تایەرو لاوک

عەلی حاجی تایەر هەللاج، پێچەوانەی ئەو حەیرانبێژانەی کاتێک دەچوونە تەمەنەوەو ئاماژەی پیربووون بە ڕووخساریانەوە دیار دەکەوت، تۆبەیان دەکردو دەبوون بە دەروێشی شێخێک و مریدی تەریقەتێک، زۆرجار داوایان لەویش دەکردو پێیان دەگوت: "وەرە وەکو ئێمە تۆبە بکەو ببە بە دەروێش"، بەڵام ئەو هەرگیز قایل نەبوو ببێتە دەرویش، بگرە دژیش بوو، ئەو حەیرانبێژانەی دەبوون بە دەرویش، دەستبەرداری گوتنی حەیرانی ڕۆمانسی دەبوون و چیتر حەیرانیان بە دووچاوێ ڕەش و گەردنی پڕ خاڵ و بەژنێ باریک و جۆتە شەمامەی ڕۆستەم بەگی و داوو دەلینگی حاجی حوسێنی و هوردە پەرچەماندا هەڵنەدەگوت.دەقی حەیرانەکانیان دەگۆڕی بۆ پێهەڵگوتنی شێخ و مەزارو پیاوە بە ناوبانگەکانی ئاینی، بەڵام بەهۆی ئەوەی لە جەوهەری ڕاستەقینەی خۆی دادەماڵدرا، هەرگیز تاموچێژی حەیرانی ڕاستەقینەی ڕۆمانسی و پێوانەیی نەبوو. عەلی حاجی تایەر، لەگەڵ چوونە تەمەنەوە خووی دابووە لاوکبێژی و گوێگرتن لە لاوک. کاریگەری دەنگ و دەقی لاوکەکانی کاوێس ئاغای لەسەر بوو، هەمیشە گوێگری ئەم لاوکبێژانە بوو: خدری ئۆمەری، برایم حەسەن بامەرنی، عیسا بەرواری، مریەم خان، محەمەد عارف، عەیشێ شان.

لـۆیێ لـه پـاڵ حەیرانەکانیـدا، چەنـد لاوکێکیشـی تۆمـار کـردووە وەک: غـەزال غـەزال، دەچمـە سـەرێ چیـایێ مـەقلوبێ، ئەحمـەدێ لاوێ شەرقێ، وەحمێ تایەر ئاغان، قورشیدێ ڕەشۆ، جەمبەلی.

گوێگرێکی بەردەوامی وێستگەی رادیۆی یەریڤان بوو، هـەر لـه زینـدانی سـزا قورسـەکانی موسـڵ، تـا سـەردەمی پێشـمەرگایەتی بەردەوام هـەوڵی دەدا فێری خوێندەواری ببێت، دەیگوت خۆزگـه بمتوانیبـا بـه دەسـتی خـۆم نامـه بـۆ ڕادیـۆی یـەریڤان بنووسـم و داوای لاوکی دڵخوازی خۆمیان لێ بکەم.

١

غەزال غەزال

غەزال؛ کچی پیاوێکی ڕاوچی بووە بـه نـاوی عەبدۆیێ ڕاوچـی، غەزال عەشق و موبتەلای کوڕێک بووە، سەرکانیان بۆ جێژوان و ئـاڵوگۆڕی ڕازەکانیـان دیـاری کـردووە، عەبـدۆی ڕاوچـی بـەو خۆشەویستی و جێی یـەکتربینینەیانی دەزانـی، عەبـدۆیێ ڕاوچـی تفەنگچییـەکی زۆر ئـەنگێوە بـووەو نێچیـر لەبـەر سـێرەی تفـەنگی ڕزگاری نەبووە، دروست لەو کاتەی غەزال بۆ سەر کانیێ دەچـێ، عەبـدۆیێ ڕاوچـی دەسـتدەداتە تفـەنگێ و پـارێزی داوێتـە غـەزالی کچـی و تفەنگـەکی داوێتـێ و دەیکـوژی، کوڕەکـە کاتێـک دەچێتـە سـەر کـانیێ، غـەزالی بـە کـوژراوی دەبینێـت و بـە لاوک پێیـدا هەڵدەڵێت:

(غەزالی غەزالی غەزالی غەزالی غەزالی تە بە حوسنی بە جەمالی غەزالی، شەرتبی لە پاشی کاری غەزالی خۆم چیتکە ناچمە وی کاولەمەفتەنی، تەرخ دەکەم وی کاولە مالی غەزالی، کەچێ تە لە ڕاستە من چەندی بێ خەمی چەندی بێ خەیاڵی.. غەزالی. خودێ لە عەبدوێی ڕاوچی ڕاستنەینی ڕاکێشا شینکەیێ گەرو ماری پارێزی لێ ستاند لە نساری سۆر کرد کەزەبێ جەرگێ من غەزالی، حەیفێ من ئەو حەیفە خینێ سۆر مەیینە لەسەر خرخاری.

غەزالی غەزالی غەزالی غەزالی غەزالی تە بە حوسنی بەجەمالی غەزالی، شەرتبی لە پاشی کاری غەزالی خۆم چیتکە ناچمە وی کاولە مەفتەنی تەرخ دەکەم وی کاولە مالی غەزالی کەچێ تە لە راستە من چەندی بێ خەمی چەندی بێ خەیالی غەزالی. غەزالی گوندێمە چارن خواردنێ وان غەزالان تالیشکە تارن چێشتاوی وان غەزالان کانیەکا بەری مالن غەزالی.

کەچک دگۆ: ئەزێ غەزالەکاوانم کوڕۆ تە بە ڕۆژێ دەچیە چیایێ واقوبانێ لە دوو ڕاوێ کار غەزالان شەوێ لە سێبارێ وەرە میوان بە لە سینگ و مەمکا غەزالی. غەزالی غەزالی غەزالی غەزالی غەزالی تە بە حوسنی بە جەمالی غەزالی شەرتبێ لە پاشی کاری غەزالی خۆ چیتکە ناچمە وی کاولە مەفتەنی تەرخ دەکەم وی کاولە مالی غەزالی.

بە دەشت و زۆزانا داکەتم کەتییە بەفرێ شلە بریتی هەموو بریندارانِ قەپاغلینە، ئەزێ هەر چەندی حەکیم و لوقمانان دەینمە سەرە بریتێ غەزالا منی هەری کولە، غەزالی غەزالی غەزالی

غەزالی غەزالی، تە بە حوسنی بە جەمالی غەزالی، شەرتبی لە پاشی کاری غەزالی خۆ چیتکە ناچمە وی کاولە مەفتەنی، تەرخ دەکەم وی کاولە مالی غەزالی، غەزالی من غەزالەکا کیوییە، خودی کۆرەکەی چاوێ عەبدۆیێ ڕاوچی لە غەزالا من حەرامکرد قومەکێ ئاوی کانییە غەزالی، غەزالی غەزالی غەزالی غەزالی غەزالی، تە بە حوسنی بە جەمالی غەزالی، شەرتبێ لە پاشی کاری غەزالی خۆ چیتکە ناچمە وی کاولە مەفتەنی، تەرخ دەکەم وی کاولە مالی غەزالی، ئەزێ ئەشق و موبتەلایێ بەژنێ غەزالا خۆمە، ئەزێ هەر چەندی گاز دەکەم غەزالی کەچێ لە ڕاستە من چەندی بێ خەمی چەندی بێ خەیالی غەزالی).

٢

مەقلوبی شێخان

دەچمە سەرێ مەقلوبان مەقلوبێ شێخان، بەرێ خۆ ددەمە دەشتێ مووسلێ، دەغلودانێ مەملەکەتێ شەبەکستان، کە لە کەلێ گەڕمێ وێ هاوینێ زەینێ خۆ بدەنە جۆت جۆتی پالان، کەت کەتێ مەڵوکێشان، پەلەکێ قەسەڵێ گەنم دابوو لە مەمکی راستێ کەچێ دەلال وەز بە زەبرێ ددانێ خۆم وەکێشان، هەر چەندێ حەکیم و لوقمانان دەینمە سەرە نزانم نە تالعێ منە، نە تالعێ کە لەش گەورێ منە چ مەرحەمان زەفەر نابەن بە برینێ، برینێ دەلالا من لەسەردا چادەبن لە بندا غەرەزکێشە.

کەچک دگۆ: هەر کەسی کوڕە لاوکێ من ناس ناکا، سواری جوانە ماینەکی شینە ڕۆژی جەنگ و دەعوایێ بە دەشتی موسلێ دادێتە خواری، بە خۆی سەرکێشەو هەر لە پێشە. کوڕۆ چما تەنزانی برینێ منی خانەوێرانێ، گەلە لە ژانە گەلەکی بە ئێشە، دەتو دەستێ خۆ باوێ داڕێ میراتێ عەینەلیێ ئەگەر باب و برایێ من ئەز نەدامەتە چگلی منی بگرە بڕەوینە چیایێ قەرەج داخێ وەز ڕاکێشە.

٣

جەمبەلی

بنەوشێ ناڕێ، کچێکی کوردی نەشمیل و لەبارو خانومان بووە، لە جوانیدا بێ هاوتا بووە، هەر کەس بینیبێتی بۆی شێت و شەیدا بووەو نەیتوانیوە لە بیرخۆی بەرێتەوە، چاوی دەسەلاتدارو جەنگاوەرە پالەوانەکانی لەسەر بووە.

ئەحمەدێ لاوێ شێخ مووس، پالەوان و گورزوەشێن و ڕمهاوێژێکی بەناوو دەنگی زەمەنی خۆی بووە، سەر پالەوانی میری مەزن بووەو خاوەنی دوو ژن بووە، هەرچەندە چوار هێندەی بنەوشێ ناری بە تەمەن بووە، بەلام لە ژێر کاریگەریی داب و نەریتی کۆنەپارێزی و داخراو بنەوشێ ناڕێ بەسەر دوو هەوێیان مارە دەکات، بنەوشێ ناڕێ و عەبدال بەگی کوڕی میری هەکاری شەیداو ئەڤیندارێ یەکتر بووینە، سۆزو پەیمانیان بە

یەکتر دابوو، ئەگەر بژین هی یەکتر بن و ئەگەر بمرن بۆ خاک بن. بنەوشێ ناری لەگەڵ عەبدال بەگی کوڕی میری هەکاری تەگبیری خۆیان دەکەن ڕادەستی داب و نەریتی کۆنەپارێزی نەبنو بڕیار دەدەن بۆ ئەو شەوەی بنەوشێ ناری بە بووک دەبەن بۆ ئەحمەدی لاوی شێخ مووس عەبدال بەگی کوڕی میری هەکاری لە شەوی چوونە پەردە ئەحمەدی لاوی شێخ مووس بکوژی و چگڵی بنەوشێ ناری بگری و بڕەوینی، هەر چەندە ئەحمەدی لاوی شێخ مووس ئەو شەوە بووکی بۆ دابەزێندراوە، بەڵام داب و نەریتی میرایەتی و دیوەخان ڕێگای پێ نەداوە، تاوەکو دیوەخان چۆڵ نەبێت بچێتە پەردەی بووکێ. هەوێی گەورەی بنەوشێ ناری منداڵێکی شیرەخۆرەی لە ناو لانکێ بووە، هەرچەندی هەوڵی داوە بۆی ژیر نەبۆتەوە، بنەوشێ ناری پێی دەڵێ: ئەو منداڵە ناوی چییە؟ ئەویش دەڵێ: جەمبەلی بنەوشێ ناری دەڵێ: ئەتۆ ماندووی جەمبەلی بدە بە من رایدەژێنم و دەیخەوێنم، ئەتۆ پشوو بدە، بنەوشێ ناری بە ڕوالەت لاوکی بۆ جەمبەلی دەڵێ: بەڵام ڕاستەوخۆ پەیامێکە بۆ عەبدال بەگی کە لە نزیک پەردەی بووکێ خۆی لە کەمین ناوە، تاوەکو ئەحمەدی لاوی شێخ مووس لە دیوانێ دەگەڕێتەوە، لەگەڵ لانک هەژاندن بنەوشێ ناری ئەو لاوکە دەڵێ:

(لووری لووری لووری لووری جەمبەلێ بچووک دەلووری، شەرتبێ شەوێ لە سێباری شەوێ جەمبەلیێ بچووک بنوینم بە دەستێ خۆ سەرێ ئەحمەدێ لاوی شێخ مووس بنێم لە گۆڕی. لای لایێ لای لایێ لای لایێ ئەزێ نزانم چ بکەم هەرچەند

دکەم جەمبەلیێ بچووک گەلەکی برسییە قەت خەوی نایێ، مەمکێ من گەلەکی بچووکن لتالعێ جەمەبەلی شیرتێ نەگەڕایێ.

لووری لووری لووری لووری جەمبەلیێ بچووک دەلووری شەرتبێ شەوێ لە سێبّاری شەوێ جەمبەلیێ بچووک بنوینم بە دەستی خۆ سەرێ ئەحمەدێ لاوێ شێخ مووس بنێم لە گۆڕێ.

بە چییایێ مەمەدانێ داکەتم لمن بەدارو دڕی، سەت جاران دەستی وەستای بشکێ کەوارەی لانکێی گەلەک بڵند دروستکردییە، مەمکێ من گەلەکی بچووکن چەند دەکەم ناگەنە دەوێ کوڕی. لووری لووری لووری لووری جەمبەلیێ بچووک دەلووری شەرتبێ شەوێ لە سێبّاری شەوێ جەمبەلیێ بچووکی بنوێنم بە دەستێ خۆ سەرێ ئەحمەدێ لاوێ شێخ مووس بنێم لە گۆڕێ.

خەنجەری بەرپشتێ عەبدال بەگێ میرێ هەکاریا جەوهەر شینە، شەوق و شەبەقێ خۆ دەداوە لەسەر سینگ و بەرێ بنەوشێ ناڕێ لمن ڕۆنکرد بەری نوینە. لووری لووری لووری لووری جەمبەلیێ بچووک دەلووری، شەرتبێ شەوی لە سێبّاری شەوێ جەمبەلێی بچووک بنوێنم سەرێ ئەحمەدێ لاوێ شێخ مووس بە دەستێ خۆ بنێم لە گۆڕێ. خەنجەری بەر پشتێ عەبدالّ بەگێ میری هەکاریان جەوهەرداڕە شەوق و شەبەقێ خۆ دەداوە لسەر سینگ و بەرێ بنەوشێ ناڕێ ڕۆنکرد بەر حەسارە. لووری لووری لووری لووری چەمبەلیێ بچووک دەلووری

شەرتبێ شەوێ لە سێبارى شەوێ جەمبەلیێ بچووک بنوێنم سەرێ ئەحمەدێ لاوێ شێخ مووس بە دەستێ خۆ بنێم لە گۆڕى.

بدەشتێ زۆزانا داکەتم لمن عەردى پانە سینگ و بەرێ من مینا پەمۆیێ کوێستانێ حەیف و مخابن ئەحمەدێ لاوێ شێخ مووس تێدا بکا گەمانە، قەولێ من و عەبدال بەگێ میرى هەکاریا دوو ڕۆژ چوونە ئەلحان مانە. لووری لووری لووری لووری جەمبەلیێ بچووک دەلووری، شەرتبێ شەوێ لە سێبارى شەوێ حەمبەلیێ بچووک بنوینم سەرێ ئەحمەدێ لاوێ شێخ مووس بە دەستێ خو بنێم لە گۆڕى. وەرێ عەبدال بەگێ میرێ هەکاریانم وەرێ، تەبکوژە ئەحمەدێ لاوێ شێخ مووس لبۆ خۆ حەلال بکە گەردنێ زەرێ.

هەوارە سەت جاران هەوارە بەگرێ مەمەدانێ داکەتم ڕۆژى گەرمە شەوێ سارە، کوڕۆ عەبدال بەگ دەستێ خۆ بدەوە شیرێ شامسرى نەوەک ئەحمەدێ لاوێ شێخ مووس لە من بکا کارە. لووری لووری لووری لووری جەمبەلیێ بچووک دەلووری، شەرتبێ شەوێ لە سێبارى شەوێ جەمبەلیێ بچووک بنوێنم سەرێ ئەحمەدێ شێخ مووس بە دەستێ خۆ بنێم لە گۆڕى، چگلێ عەبدال بەگێ میرێ هەکاریا بگرم بڕەوینم. بچمە تاقا ژووری.

٤

قورشیدێ ڕەشۆ

لاوکی قورشیدێ ڕەشۆ کاکێ شمرێ وەک زۆربەی لاوکەکانی دیکە داستانی شەڕانخێوی بەینی هۆزە کوردییەکانە لە قۆناغی خیڵگەرایی، بەداخەوە ئەو هەموو عەگیدو پیاوە بەوەجانەیان لە یەکتری کوشتووەو بەر مەیدان و سینگ بە سینگ، ئەو لاوکە گێڕانەوەی شەڕی بەینی قەیسەرو میرزۆ بەگی ئێزیدییە. لە دوایی قورشیدی ڕەشۆکاکی شمرێ بە تاقە سواری دێتە ناو مەیدانێ. قەیسەر سوێند دەخوا کەژێ گولی سۆرێ وەک ئەتکپێکردنێک رابکێشی و بە یەخسیری بۆ خۆی ببات. لە کاتێکدا کەژێ گولی سۆرێ ئەڤیندارێ قورشیدێ ڕەشۆی کاکی شمرێیە، بۆیە لە کۆتایی شەڕەکە دەبێتە هی قورشیدێ ڕەشۆ کاکی شمرێ:

(کەژێ گولی سۆرێ بەسێ دەنگا دبێژی: دە لای دەلالی کوڕۆ لبەر دلێ من تەی دەلالی، کەسەرێ سەر دلێ من سواری ب تەنێ تە بە ڕۆژێ قاجاغێ دەولّەتی بە شەوێ هێدی هێدی میوان بە لبەژنێوۆ.

کەژێ لسەر بانی کەلی دووربینی ب چاوێ خۆ لەقاندییە، سەلەفەکێ سواران ژێر هاتییە، قونکێ ڕمێ وان لعەردییە، سەری ڕمێ وان سواران شەلفە بەرازییە، لە دلێ منی خانەوێرانێ یەقینە لپاش قورشیدێ ڕەشۆ کاکێ شمرێ لە مەیدانی وان سواران چ

میرنییە، سوارۆ تە ب ڕۆژێ قاچاغێ دەوڵەتێ بە، شەوێ هێدی هێدی میوان بەلبەژنێوۆ.

کەژێ بەسێ دەنگا دەبێژی بەچیایێ مەمەدانێ دکەتم چیایەکا لمن بە درییە، لە دلێمن یەقینە قورشیدێ ڕەشۆ کاکێ شمرێ ئیرۆ لە گۆشی مەیدانێ سەری چەند سواران دەدا لە قەپراغێ ڕمییە. سوارۆ وای سواری بتەنێ تە بە ڕۆژێ قاچاغی دەوڵەتێ بە، شەوێ میوان بە ل بەژنێوۆ.

کەژێ دبێژی هێڵی سوارۆ بەگرێ مەمەدانێ داکەتم وا ببییە، سەلەفەکێ سواریێ مالێ میرزۆ بەگی ئێزیدی رادەبوونە مەیدانێ لەگەڵ سەلەفەکێ سواریێ قەیسەری دکەن مەیداندارییە، هەر لە نوێژی سبیانێ هەتا نوێژی ئیوارێ شەڕێ گران دەستپێکرو راگرییە، هەتا نوێژی ئیوارێ (٥٠) سواری یەکە یەکەی مالێ میرزۆ بەگی ئێزیدی بە زەبرێ ڕمێ نسیری لە گۆشی مەیدانێ لسەر زینی داگرتییە. سوارۆ سواری بتەنێ، سوارۆ تە بە ڕۆژێ قاچاغێ دەوڵەتی بە شەوێ لە سێبارێ شەوێ هێدی هێدی میوان بەلبەژینوۆ. قەیسەر سوند دەخوا بە شێمحەمە ڕەشاد بە وجاغی شێخ هادییە، ئیرۆ لە گۆشی مەیدانێ سەرێ عەگیدێ یەکە یەکەی مالێ میرزۆ بەگی بدەم.

لقەپراغێ ڕمییە دەبێ کەژێ گولی سۆرێ لبۆ خۆ ببەم بە یەخسیرییە. کەژێ بە سێ دنگا دگۆ هەواڕە هەواڕە ئەزێ کاغەزێ بنووسم قاسید ئەتوو ڕابە ببە لبۆ قورشیدێ ڕەشۆ کاکێ شمرێ،بەلکو لە برەکێ سواریێ قەیسەریان بکا کارە. کەژێ دگۆ سینگ و بەرێ من سەرێ چەند سالانە پاوانێ دەستی

قورشیدێ ڕەشۆ بەهێنییە، حەیفە بچی لە بۆ قەیسەری هەر بە میراتییە. قورشیدێ ڕەشۆ لە خولام و نەیب و نۆکەرانی ڕاخوڕییە، دەنگۆ لبۆ من دەربینن ئەسپێ چوار پەل سپییە تەنگان بوەشینن پێیێ خۆ لە ڕکێبێ بلقینم بکەومە سەر خانێ زینییە، بزانم دەست و ڕمێ من لسەر کەژێ گولی سۆرێ لەگەر ئەوان سواری قەیسەری چییەو چنییە. بەرێ خۆی دەدا چیایێ شەڕێ گران کەتینێ بەهێنییە، دوو سەرانی لە گۆشی مەیدانێ ئەسپێ چوارپەل سپی هێناو بردییە. تۆزبەری عاسمانێ گرتییە. عەبایێ ویم تەلەعفەرییە، ڕمێ دەستێ ویم نسیرییە، سواری ئەسپەکی چوارپەل سپی لسەر بیست و چار بزماریە، بەرێ خۆی دەدا کەلێ چیایێ شەنگالێ دەشتێ حۆگنێ ناو سەلەفەکێ سواری قەیسەرییە، دبێژی قرارێ جانی من کەتبی دەستو ڕمێ من دەکا لە دەست و ڕمێ نحۆیێ گەرگەرییە. دەبێ بزانم ئیرۆ لە کەلێ چیایێ شەنگال دەست و ڕمێ من ل گەل ئەوی سواری نیقابدار چییەو چنییە. نیقابداری قەیسەریان دبێژی ئەورۆ ماندیمە کەلکی مەیدانداری خۆشمێرانم نییە، شەرتبێ سبەینێ ڕابمە گۆشێ مەیدانێ، سەری ئەوی تاقە سواری خامی بنی بەرێی بکەمە هەوینێ بن عەردییە. هەر لە نوێژی سبەینێ هەتا نوێژی ئێواری بەسەردا هاتییە، شتاق پشتیان لە شتاقی نەستاندییە. کەژێ گولی سۆرێ لسەربانی کەلێ دووربینی بە چاوێ خۆ لەقاندییە، دبێژی بە شێمحەمەڕەشاد بە وجاغێ شێخ هادییە، دەست و ڕمی ئەوی تاقە سوارەی دەکا لە دەست و ڕمێ قورشیدێ ڕەشۆ کاکێ شمرێ بەهێنیە، دەڕەببی سەرێ منت ببی بە قوربانی دسەرییە،

قورشیدێ ڕەشۆ کاکێ شمرێ پشتی لە نیقابداری ستاندییە، ڕمەکی نسیری حەوالّەی بەینی قورنجانی کردییە، چبکەمێ زرێدارەو کار لێ نەکردییە. نیقابدار بە سێ دەنگا دکر گازییە، کوڕۆ تاقەسوار تە دابەزە لە ئەسپێ چارپەل سپییە، کەلکی مەیداندارى خۆشمێرانت نییە، سووند دەخۆم بە شێمحەمەڕەشاد بەوجاغێ شیخ هادییە، ئیرۆ هەتا ئێوارێ د بێ سەرێ تە بکەمە هەوێنی بن عەردییە.

قورشیدێ ڕەشۆ کە ئەوهای لە نیقابداری قەیسەری بیستییە، گەلەکی قەهر عەگیدو خۆشمێران بەسەردا هاتییە، ئەوی جۆتە سوارەی دەستیان دەکرد بە مەیداندارییە، تۆز بەری عاسمانێ گرتییە، کەژێ گولی سۆرێ دووربینی بە چاوێ خۆ لەقاندییە، دبێژی تاقە سوارێ خامی بنی بەرێ دەڕەبی سەرێ منت بە قوربانی سەرییە، سوارۆ سواری لەهەوێۆ تە بە ڕۆژێ قاچاغی دەولّەتێ بە، شەوێ هێدی هێدی میوان بە لە بەژنیۆۆ، نیقابدار بەسێ دنگا دەکرد گازی لقەیسەرێ درۆمییە، بە خودێ ئەمن کەلکی مەیداندارى ئەوی تاقە سوارەم نییە.

هایێ بە من هایێ گەلی عەگیدی قەیسەریان دکرد تەگبیروڕایێ، پەنجا سواران دەورى قورشیدێ ڕەشۆ کاکێ شمرییان گرتییە، جۆتەکێ تیرانیان دابوو لە بەژنێ قورشیدێ ڕەشۆ کاکێ شمرى، ئەودیو ئەودیوى سمییە، کەژێ بە سێ دنگا دەبێژى سوارۆ سوارى بەتەنێ سوارى لە هەوێۆ تە بە ڕۆژى قاچاغێ دەولّەتێ، بە شەوێ لە سێبارى نیوەشەوى هێدى هێدى میوان بە لە بەژنیۆۆ.

٥

وەحمێ تایەراغان

وەحمێ تایەراغان لاوچاکێکی هۆزی هەرکی بووە، ئەڤیندارێ حەمایلۆکی گەردن زەرد بووە، لەو کاتەی لەسەر کانیێ بە یەکەوە بووینە. مامی حەمایلی گەردن زەرد ئەسعەدێ کاکێ نەخشین پێ دەزانی بەرگی پیاوان دادەنێ و بەرگی ژنان لەبەر دەکا دوو خەنجەران لە وەحمێ دەداو دەیکوژێ، حەمایلۆک پێدا هەڵدەڵێ و داوا د کا وەحمێ ڕۆنی، یانی دانیشی:

"دەڕۆنی دەڕۆنی دەڕۆنی دەڕۆنی دڵێ وەحمێ ڕۆنی، بە میرگا وێراندا کەتم میرگەکا بکەبەرە، منێ دیتبوو وەحمێ تایەراغان لگەل حەمایلۆکا گەردن زەرە، پار دەداوە لسەر کانیەکا تات و بەرە، دڵێ وەحمێ ڕۆنێ حەمایلۆک بە سێ دنگا دەبێژی لە دڵی منی وابوو لپاش خودێ گەورە کەس بە حەمۆیێ تایەراغان نابا زەفەرە، دەڕۆنی دەڕۆنی دەڕۆنی دەڕۆنی دڵێ وەحمێ ڕۆنی. حەمایلۆک دبێژی کۆرەکەی چاوێ وەسعەدێ کاکی نەخشین هەشیار بوو بەرگی میرا بە دەل کرد بەرگی ژنکا کردە بەرخۆ، جۆت خولامان دابووە دوو خۆ، دابووە بەر بەژنێ حەمۆیێ تایەراغان جۆت خەنجەرە. وەی دەڕۆنی دەڕۆنی دەڕۆنی دەڕۆنی دلۆ وەحمێ ڕۆنی. حەمایلۆک بە سێ دنگا دبێژی حەیفێ من دەمبنێ لبەر پەشمینێ لبەر پەیمانێ، لبەر دەسمالا کەسرەوانێ، لبەر پەستەکا سۆری ئێرانێ، لبەر خەنجەرا نێرۆییێ کرمانێ، لبەر

چار ڕەخت فیشەکی و وەسلی وەرەمانێ، ئەوڕۆ هەر چەندی حەکیم و لوقمانان دینمە سەرە، ئەزێ چبکەم خینێ سۆر لبن پەستەکان نایەنە دەرە، وای دەڕۆنی دەڕۆنی دەڕۆنی دەڕۆنی دەڕۆنی کلیلێ دلێ من وەحمێ ڕۆنێ.

بە مێرگە وێرانداکەتم، ژمن بە هەنجیرە، حەمایلۆک بە سێ دنگا کری دبێژی ئەمنێ دوونێ ئێواری لگەر وەحمێ تایەراغان لسەر کانیەکا تات و بەر پاردەداوە دهاتو بە تەگبیرە، ئەزێ هەرچەندی دکەم خینێ سۆر لبن پەستەکان نابن گیرە، وای دەڕۆنی دەڕۆنی دەڕۆنی دەڕۆنی وەحمێ دەمەک ڕۆنی. بە مێرگا وێران داکەتم ژ من مێرگەکا تات و بەرە، حەیفێ من کوشتنێ حەمۆیێ تایەراغان نینە، حەیفێ دلێ من دەمینێ خەلک و عالەمێ گوندێ مە دەبێژن حەمۆیێ تایەراغان هاتە کوشتنێ لسەر حەمایلۆکا گەردن زەرە. وای دەڕۆنی دەڕۆنی دەڕۆنی دەڕۆنی دەڕۆنی کلیلێ دلێ من وەحمێ ڕۆنێ. ئەزێ چبکەم ئێرۆ هەرچەندی حەکیم و لوقمانان دینمە سەرە کەس بە برینێ کووڕە لاوکێ من نابا زەفەرە. وای دەڕۆنی ئەزێ هەرچەندی دکەم خوینێ سۆر لبن پەستەکان نایەنە دەرە، دەڕۆنی ئەزێ بە مێرگا وێراندا کەتم ژ من ڕاهاتییە کەتییە بەفرێ شلە، ئەزێ هەرچەندی حەکیم و لوقمانان دینمە سەرە، برینێ کوڕە لاوکێ من قەپاغلینە دیسان هەر کولە. وای دەڕۆنی دەڕۆنی دەڕۆنی دەڕۆنی دەڕۆنی سەرداری عاشیرەتێ ماقولۆ دەمەکە ڕۆنی. لێوایێ لێوایێ لێوایێ لپاشی حەمۆیێ تایەراغان سەبرێ دلی من بکەسی نایە.

٦

ئەحمەدێ لاوێ شەرقێ

ئەحمەدێ لاوێ شەرقێ لە خەوندا کچێک دەبینێ و عاشقی دەبێت. تەنها دەزانێت ئەو کچە خەڵکی دیاربەکرێیە. بەیانی کاتێک لە خەو هەڵدەستێ سواری ئەسپی دەبێ و بۆ دیاربەکر دەکەوێتە ڕێ، لە ڕێگا دەبێتە هاوڕێی پیاوێکی ئیختیار، باسی خەونی خۆی بۆ دەگێڕێتەوە لەو کاتەی دەگەنە دۆڵی دیاربەکرێ، دەبینن شاییەک دەگەڕێ، ئەحمەدێ لاوێ شەرقێ چاوی بەو کچەی دەکەوێ لە ناو گەڕێ داوەت و دیلانێ، بەمام ئیختیاری دەڵێ: ئەو کچە هەمان ئەوەیە خەونم پێوە دیوە، دەبێ کچی کام مااڵ بیت و ناوی چی بێت، بە خوای مقابلە لەگەڵ خەونی شەوێ، مام ئیختیار دەڵێ: ئەوە کچی منە ناوی سنجاقێ وێزیدخانی عەیشێیە.

(ئەحمەدێ لاوێ د شەرقێوۆ گاز دکر، ل بۆ من دەربینن بۆزێ بەری بەیانێوۆ، تەنگان بوەشینن پێی خۆ لە ڕکێبێ بلەقینم، بکەومە سەر خانێ زینییە، بەری خۆ بدەمە خەونێ د شەوێوۆ. سپێدە لگەر شاوری بەیانی دکەتە ڕێوۆ، دەبووە ڕەفیقی مام ئیختیارێوۆ، دگۆ مام ئیختیار ئەمن خەونەکی گەلەک عەزیم دیتییە، تیری وێ کەچکێ بەدەنێ من ئنگاوتییە، وای لبەر دەردێ ئەڤینێ و خەونا دشەوێوۆ، بە دۆرێ دیاربەکرێ داکەتم وی شارێوۆ، شاییەک دگەرێ لوێ عەردێوۆ، ئەزێ سعاتەکێ ڕاوەستام لبەری ڕێوۆ، کەچکەک دیتبوو لناو گەڕی داوەت و

شاییۆ، بە چاوێ خۆ هیچ عەیبەک نەدیتبوو لەوی کەچکێۆ، خودێ ئەوی کەچکی دۆرێ دیاربەکرێ مقابلە لگەل خەونا دشەوێۆ، کەسەرێ سەر دلی من ئەز نزانم کەچکێ کی مارێۆ، مام ئیختیار دبێژی کوڕی من ئەحمەدێ لاوێ دشەرقێۆ ئەوی کەچکا دۆرێ دیاربەکرێ لناو گەڕی داوەت دیلانێۆ، ئەوە کەچکا منە بە عەنێۆ، سنجاقا وێزیدخانێ عەیشێۆ. ئەحمەدێ لاوێ شەرقێ دبێژی مام ئیختیار دەستێ من بەر پشتێنێ تە بی ئەوی کەچکی بەدەنێ من ئەنگاوتینە خودێ مقابلە لگەل خەونا دشەوێۆ، ئەوی کەچکێ کەرەم بکە بە ئەحمەدێ لاوێ دشەرقێۆ، ئەمن بە چاوی خۆ ئەوی کەچکێ نەدیتبوو خۆزیا قەت نەمدیتبا خەونێ شەوێۆ. مام ئیختیار دگۆ کوڕۆ ئەحمەدێ لاوێ شەڕقێۆ،ساڕێ قسوور ب تە نادرێ نەختێ وی کەچکێۆ، ئەوێ کەچکێ مەشووڕە لدۆرا دیاربەکرێ، ئەحمەدێ لاوێ شەرقێ دگۆ مام ئیختیار خۆ تە ناوێ روحێ شیرین غیر دەوێ مارێ وی دنێۆ، وای کەسەرا سەر دلی من خەونا دشەوێۆ، مام ئیختیار دگۆ کوڕۆ ئەحمەدێ لاوێ شەرقێۆ ل تە دوێ سەت بەردیلێ بەربەرانی لبۆ چەک و جلکێ عەیشێۆ، باری سێ حوشتران کل و کلدان لبۆ قیزو ژنێ دگوندێۆ، سەت خەنجەرێ کالان زیو دیارێ کوێخایا دگوندێۆ. ئەحمەدێ لاوێ دشەڕقێۆ سپێدە سوار دەبوو لە بۆ زێۆ، دەچووە ناو بنەمالا خالێۆ، دەهێنا نەختێ عەیشێۆ. ئەحمەدێ لاوێ شەرقێۆ، دەچووە لای مام ئیختیارێۆ، دگۆ مام ئیختیار ئەمنێ لبۆ تە هێنایە سێ سەت زێڕێ زەمانی لبۆ نەختێ عەیشێۆ، سەت بەردیلێ بەربەرانی لبۆ

چەک جلکی عەیشێوۆ، سەت خەنجەرێ کالان زیو دیاریی کوێخایا دگوندیوۆ. مام ئیختیار بانگ دکردە مەلایەکا حوسێنی بەژنێ عەیشیێ حەلال دکرد لە ئەحمەدێ لاوی شەرقیوۆ.

ب قەسرێ سپی بەری مالّی داکەتم شاییەک دگەرێ لەوێ عەردیوۆ، ئەمنێ گۆت سعاتەکێ ڕابمە ناو گەڕی داوەت و دیلانێوۆ، وای کەسەرا سەر دلی من سنجاقا وێزیدخانی د عەیشێوۆ، عەیشێ بەسێ دنگا گاز دکا کوڕۆ ئەحمەدێ لاوی شەرقیوۆ، ئەتو ڕامەبە ناو گەڕی داوەت و دیلانێوۆ، خودێ ئەزێ ژانە سەرەکێم گرتییە، دەردێ من دەردێ ئەجەلێوۆ، یەمان یەمان یەمان یەمان و ئاخ و دەردێ وای لبەر خەونا دشەوێوۆ. ئەحمەدێ لاوی شەرقیوۆ دگۆ عەیشێوۆ، خودێ لە پیرێژنێ گوندێ خۆمانم بیستییە، دەردێ تو نچەتایی بوکینێوۆ. عەیشێ دگۆ کوڕۆ تە ڕابەکن مەلایی گوندێوۆ، دوعایەکێ لبۆ من بکە بە زێڕێ زەمانێوۆ،ئەحمەدێ شەرقێ رادەبووە کن مەلایی گوندێوۆ، دوعایەکی لبۆ عەیشێ دکر بە زێڕێ زەمانێوۆ، سعات لە نیوێ شەوێوۆ، دهاتە خواری قاسیدێ د خودێوۆ، دکرد قەبزا ڕوحێ سنجاقا وێزیدخانی عەیشێوۆ. ئەحمەدی لاوی شەرقێ دگۆ بە خودێ خەفەتێ من مالی دنیایی نییە، حەیفێ من ئەوحەیفە بەژنێ وی کەچکێ گەلەک بلّند بوو مینا سپیندارا د چۆمێوۆ، چاوێ وی کەچکێ گەلەک ڕەش بوون، مینا گۆلی قودەرتێوۆ، زەندێ وی کەچکێ گەلەک سپی بوون، مینا خەیارێ وی گوندیوۆ، لێو قەیتانێ زێڕمرواریوۆ، ددانی وی کەچکێ گەلەک سپی بوون، مینا سەدەفێ سەر دووکانێ، باشتوجارێ خواجەمحەمەدێ مسرێوۆ،

به ژنێ وی کەچکێ گەلەک شلک بوو ئەزێ نەوێرام زەندێ خۆ باوێمە سەر ملێ سنجاقا وێزیدخانا دعەیشێوۆ،د ترسام لە بن زەندێ من دێ بێوۆ بچۆمێوۆ، ئای لبەر دەردێ خەونا دەشەوێوۆ، یارەبی ئەزیش ببمە جیرانێ دقەبرێوۆ، مام ئیختیار بە سێ دنگا کر گازی دبێژی ئای لبەر کارێ د خودێوۆ، قەبرێ ئاشق و ماشوقان هات و کەوتە گوندێوۆ، ئەزێ دوعایەکی دەکەم لە کن پاشایێ کەرە مێوۆ دەبا ئەمنیش ببمە جیرانێ دقەبرێوۆ، کەسەرێ سەر دلێ من سنجاقا وێزیدخانا دعەیشێوۆ. وای لبەر خەونا دشەوێوۆ.

٧

بۆزبەگ

لاوکی بۆزبەگی گێرانەوەی شەڕاخێوی بەینی گەرگەری و ئێزیدییانە، دیارە زۆربەی شەڕەکانی بەینی هۆزە کوردییەکان خۆبەخۆ ڕەگوڕیشەی قوولی هەیە، زۆربەی هەرە زۆری لەسەر قەڵەمڕەوی و باج و خەراج و سەرانەسەندن بووە، بە هێزەکان سەرانەیان لە بێهێزەکان سەندووە، ئەوە ڕاستینەی مێژوویی خێڵ و بنەماڵە دەست ڕۆیشتووەکانی گەلی ئێمە بووە، لە کاریگەریی تاکڕەوی و تۆندوتیژیی ئاینیش بەدەر نەبووە، هەرچەندە لەگەڵ زۆربەی دەستەواژەکانی ناو لاوکەکە موچڕکەی بە لەشمدا

دەهێنا، بەڵام نووسینەوەی ڕابردوومان بۆ داهاتوویەکی ڕۆشەن بەرچاومان ڕوون دەکاتەوە.

هەردوو لایی شەڕکەر عەگیدو سوارچاک و جەنگاوەری لە ڕادەبەدەر ئازاو مێرخاسیان تیادا هەڵکەوتووە، ئەگەر لەوان سەردەمانڕا، تواناکانمان یەک بخستایە بە دڵنیایی ئێستا پێگەو هێزو تونای کوردان لە شوێنێکی شایستەدا دەبوو. بە هیوای وانە وەرگرتن بۆئەوەی تواناکان لە دژایەتی یەکتر بەکارنەهێنین.. ئێوە و لاوکی بۆزبەگی:

دوو تیرەی ئێزیدی کۆچەری خەرجەدەری گەرگەریان بووینە، لە دوای پیربوونی خالیاغای بۆزبەگی برازای بۆتە عەگیدو میری گەرگەرییان، بۆزبەگ شەوێ خەونی دەبینی (هەی وایێ، هەی وایێ حەمەدی واغان تە ڕابە وەرە دیوانێ، حەمەدێ واغان لە دیوانی سەلامی کردییە، دەبێژتە خالیاغای بزانم فەرمانی میرێ گران چییە؟ دبێژی بۆزبەگ خەونەکی دیتییە بزانە سەدەقێ وێ خەونێ چیە بۆزبەگ ڕووی لە حەمەدێ واغان کردییە لە ناوەندی دیوانێ کورسییەکی دارسەندەلی دانراو لە سەر ڕۆنیشتییە قاوەکی قەندەهاری نۆش کردییە بۆزبەگ دبێژی ئەو شەو خەونەکی گەلەک عەزیمم دیتیە، حەمەدی واغان دبێژی میرێ گرانم خەونێ تە خەونێ خێری بی بە خێر گەڕابی، یوسفی میسرێ سەدەق لێ دابی، دە بێژە بزانم تەفسیری خەونێ تەی چییە؟ بۆزبەگ دبێژی لە خەونێمدا گەوارەکی تەزرەو بارانێ لە ناوەندی عاسمانێ ڕاگرتییە لەمەی ڕەتدەکرد دەیداوە لە وارو دیوانێ ئێزیدی کۆچەریە، خالیاغا دبێژی کورۆ بۆزبەگ ئەوە

سەری چەند ساڵانە ئێزیدی کۆچەری خەرجەدەرێ دیوانێ مەنە بە عەینیە ئەوە سەرێ دوو سالانە خەرجییان نەدایەو لە سەر تخوبی سەرێ حوشترەوان و شوان و گاوانێ مەیان شکاندییە، بۆزبەگ دبێژی بە سەری خالیاغای مامییە سپێدە لەگەر شاوری بەیانی پێیێ خۆ لە ڕکێبێ بلەقینم بکەومە سەرخانێ زینییە دەچمە ناو حیل و عوربانی ئێزیدی کۆچەرییە، یان خەرجی حەفت ساڵان دەینم بە تەمامییە، یان لە قەدی چیایێ شەنگارێ دەشتێ حۆگنێ سەری یەکە یەکەی عەگیدێ ئێزیدییان دەدەم لە قەپراغێ ڕمێ نسیرییە. بۆزبەگ لە گەر شاوری بەیانی ڕۆن کردییە، دبێژی لە حەمەدێ واغان بە عەینییە، دەنگۆ بەژنێ شێ غەزالان دەربینن، تەنگان بوەشینن، پێیێ خۆ لە ڕکێبێ بلەقینن، بکەونە سەرخانێ زینییە بەرێ خۆ بدەینە چیایێ شەنگارێ دەشتێ حۆگنێ، ناو ئێزیدی کۆچەرییە، بزانین دەست و ڕمێ مە لەگەر یەکە یەکەی عەگیدێ ئێزیدییان چییە؟

لەگەڵ سپێدێ ڕۆژێ بۆزبەگ دەکەتە سەرخانێ زینییە، عەبایێ بەرێ ویم تلەعفەریە، ڕمێ دەستی ویم نسیرییە، سواری کەوێتەکی دامەن تاری لە سەر بیست و چار بزماریە، جۆتەکی قەرەبینای بە قەڕپووزی زینی وەکردییە، لە دووی دەڕۆن حەمەدێ واغان لەگەر پەنجا سواریێ یەکەیەکەی عەگیدی گەرگەریە، لە کەلی چیایێ شەنگارێ ئاوابوو خێمەی خۆی دێخست لە بەرامبەر خێمەی میرێ ئێزیدی کۆچەرییە، بە سێ دنگا دبێژتە حەمەدی واغان بعەینییە، دە تە ڕابە بڕۆ ناو دیوانێ ئێزیدی کۆچەرییە، بێژە ئەوە بۆزبەگی برازای خالیاغایە هاتییە،

ئەگەر خەرجی حەفت سالان نەدەنە مە بە تەماییە، سەری یەکەیەکەی عەگیدێ وە دەدەم لە قەپراغێ ڕمێ نسیرییە، حەمەدێ واغان بەرێ خۆی ل دییوأنی ئیزیدی کۆچەری کردییە، سەلامەکی بە خێرێی کردییە، سێنیی فنجانی قاوانیان لە پێش ڕاگرتییە، سینی فنجانی قاوان لە ناوەندی دیوانێ ڕۆکەتییە، میرێ ئیزیدیان دبێژی کوڕۆ میوانۆ بێژە بزانم مەرەدێ دلێ تەی چییە؟ حەمەدێ واغان دبێژی؛ میرێ ئیزیدی کۆچەریە، بۆزبەگی برازای خالیاغای ئەمنی ناردییە، سبەینێ ئەگەر نەدەنە مە خەرجی حەفت سالان بە تەماییە، د بێ یەکەیەکە لە بۆ بۆزبەگی ڕابنە گۆشی مەیدانێ بکەن مەیداندارییە، وی ڕۆژێ میرێ ئیزیدی کۆچەری کە ئەوهای لە حەمەدێ واغان بیستییە، دبێژی بە شێمحەمە ڕەشاد بە وجاغێ شێخ هادییە، مادام سێنیێ فنجانێ قاوێ لە ناوەندی دیوانێ ڕۆکەتییە، سبەینێ لە قەدی چیایێ شەنگاری دەشتێ حۆگنێ مەیداندای لەگەر گەرگەرییان دروست نییە، کریفێ ئیزیدی دبێژی وەز پەترۆزا وێزیدیمە، سپێدێ ڕا دەبمە گۆشی مەیدانێ دەبی سەریێ بۆزبەگی برازای خالیاغای عەگیدێ گەرگەرییان بدەم لە قەپراغی ڕمێ گورگانییە.

سپێدە لەگەر شاوری بەیانی داهاتییە، پەترۆزێ وێزیدی دە کەتە سەر خانێ زینییە، لەسەری مەیدانێ مەیداندای لە بۆزبەگی خواستییە، دبێژی تە ڕابە بۆزبەگ ل بۆ من وەرە گۆشی مەیدانێ، بزانم دەست و ڕمێ من لەگەر یەکەیەکەی عەگیدێ گەرگەرییان لە چیایێ شەنگاری چییە و چ نییە؟ وێ ڕۆژێ بۆزبەگ سواردەبوو لە کەوێتی دامەن تاری ل سەر بیست و چار

بزمارییه، عەبایێ بەرێ وێم تلەعفەرییە، ڕمێ دەستی وێم حەڤدەگەی نسیرییە، جۆتەکی قەرەبینای بە قەرپۆزیی زینی وە کردییە، دوو سەرانی بەژنێ شێ غەزالی هیناو بردییە، تۆزبەری عاسمانێی گرتییە، بۆزبەگ دبێژی کورۆ پەترۆزێ وێزیدییە، بزانم نیشانێ تە چییە؟

پەترۆزێ وێزیدی دبێژی ئەز پەترۆزێ وێزیدیمە، لە شانێ ڕاستەم نووسرایە بە دوو سەت سواریێ حەربیمە، قونکێ ڕمێ من لە عەردییە، سەرێ ڕمێ من شەلفە بەرازییە، ئەتۆ هاتی ل بۆ چیایێ شەنگاری بستینی خەرجێ حەفت سالان لە ئێزیدی کۆچەرییە، ئەورۆ لە گۆشی مەیدانێ سەرێ تو ددەم ل قەپراغی ڕمێ گورگانییە، ڕۆحێ تە دکەمە هەوێنێ بن عەردیە، شێ غەزالت لێ دەگرم هەر بە میراتییە، بۆزبەگ کە ئەوهای لە نیقابداری ئێزیدی بیستییە، گەلەکی قەهری عەگیدو خۆشمێران بەسەردا هاتییە، سوونەدەکی دەخوارد بە سەری خالیاغای مامییە، قراریێ سەرێ میرێ ملان قەساسێ سەری ویزیدییان کەتبێ ئیرۆ دەستێ خۆ بدەمە ڕمێ حەڤدەگەی نسیرییە، پێنج سەت سواری وەکی تە لبۆ من بکەونە گۆشی مەیدانێ، ل من وایە هەموو کەچکن دگەرێن لە داران و لە چیلکان، شتاقی مێر نیە، وی ڕۆژێ ئەوێ جۆتە سواریێ دەیانکرد مەیداندارییە، تۆز بەری عاسمانێی گرتییە، بۆزبەگ دوو سەرانی بەژنێ شێ غەزالی هیناو بردییە، لەسەری مەیدانێ جۆتەکی قەرەبینای تەقاندییە.

لێ سوارۆ وایێ خۆشمێرۆ وایێ.. بۆزبەگ بە سێ دنگا دکر گازی، ئەزێ عەگیدێ بنەمارێ گەرگەرییە، لە کەلێ چیایێ

شەنگاری تۆز بەری عاسمانێی گرتییە، دوو سعاتان لەگەر کریفێ ئێزیدی یەکدیان هیناو بردییە، شتاق پشتیان لە شتاقی نەستاندییە. بۆزبەگ چێشتەنگاوێ پشتی لە پەترۆزێ ئێزیدی ستاندییە، ل سەرێ مەیدانێ ڕمی نسێری حەوارەی بەینی قۆرنجانی کردییە، حەفت قەفی لە کۆرێ سینگی دەرکردییە.

کە پەترۆز کوژرا، ئێزیدییەکان گوتیان ئێمە خەرجیمان دەدانێ، بەڵام پەترۆز قایل نەبوو ئێستا خەرجیتان دەدەینێ، لە ژێرەوە قاسیدیان نارد لای قەیسەرێ ئێزیدی بۆئەوەی بە هانایانەوە بێت، چونکە عەگیدی بەهێزیان هەبوو، لە کاتی گەڕانەوە هاتنە سەر ڕێگایان، حەفت سەت سواری ئێزیدی بە فەرماندەیی زرێداریکی ڕێگایان لێگرتن، بۆزبەگ شەوێ خەونەکی دەبینی بۆ سبەینێ دەڵێ لە بۆم بانگ بکەنە حەمەدێ واغان بە عەینییە، ئەم خەونەکی گەلەک عەزیمم دێتییە، دەبا حەمەدی واغان بزانی تەفسیری خەونی من چییە، حەمەدێ واغان دبێژی؛ خەونێی میرێ گرانم ڕاستە و هیچ درۆی تێدا نییە، سپێدە لەگەر شاوری بەیانی بەسەرداهاتییە، سەلەفەکێ سواران ڕێیان گرتییە، هەموو یەکەیەکەی عەگیدێ ئێزیدییە، سوارۆ عەگیدێ ماڵە بابێ من ڕابە دەستهەلینانەکێ مێرانە بکەن بزانین دەست و ڕمێ مە لە کەلێ چیای شەنگاریێ لەگەڵ حەفت سەت سواریێ ئێزیدی چییە؟ سپێدە لەگەر شاوری بەیانی بەسەرداهاتییە، پێی خۆیان لە ڕکێبی لەقاندییە، دکەتنە سەر خانی زینییە، حەمەدێ واغان چاوێ خۆی بە داری دووربینێ لەقاندییە، دبێژی میرێ من سوارەک دیارە ل سەرێ چیایێ شەنگاریێ ئەز نزانم ئەو تاقەسوارەی چییە؟ پێیێ

خۆ ل رکێبێ بلەقینم بەرێ خۆ بدەمە ئەوی تاقەسوارەی کەلی چیایێ شەنگارێ بزانم ئەوی سواری ب تەنێ چییە؟

حەمەدێ واغان دکر هاوارو گازییە، کوڕۆ تاقە سوار بزانم مەرەدێ دلێ تە چییە. سوار دبێژی ئەز کریفی نیقابدارێ ئێزیدییە، ل شانێ ڕاستەم نووسرایە بە سێ سەت سوارێ د حەربیە، سپێدێ ل سەرێ مەیدانێ دبێ سەرێ بۆزبەگێ برازای خالیاغای بدەم لە قەپراغێ ڕمێ گورگانییە، حەمەدێ واغان دبێژی کوڕۆ قسەکی گەلەک گەورەت کردییە، ئەمن ئێزنی میرێ گرانم پێ نییە، نەکو ئەلعان سەرێ تووە ددەم ل قەپراغێ ڕمێ نسێرییە، ئەتوو قاسیدی لە لایێ عەگیدان، قاسید هیچی ل سەر نیە، حەمەدێ واغان دبێژی لێ وایێ میرێ گرانم لێ وایێ، دەستەهلینین جلەوی شێ غەزالان شۆڕکەن ل بنارێ چیایێ شەنگارێ، ئەمە ل وان بگرین لالێی ناوێ وی ڕۆژێ سەلەفەکی سوارێ گەرگەریە، بەرێ خۆیان دەدا لالێ ئاوێ، سەروچاوەی ئاوێیان ل وان گرتییە، ئێزیدی دبێژن فەرمانە خۆشمێرێ ئێزیدخانێ فەرمانە، نیقابداری ئێزیدییە بە سێ دنگا دکر گازییە، ئەوڕۆ ل گۆشی مەیدانێ سەری چەند عەگیدێ گەرگەریان بدەم لە قەپراغی ڕمێ گورگانییە، بۆزبەگ کە ئەوهای ل نیقابدارێ ئێزیدی بیستینە، دگۆ دهەلینە کوڕۆ دەستەهلینە ب چەمێ واغولانێ داکەتم ڕەبەنۆ پەرک و بینە، کوڕۆ دەستەهلینە بۆزبەگی برازای خالیاغایمە ئەوڕۆ ل گۆشی مەیدانێ پێنج سەت سوارێ وەکی نیقابداری ل بۆ من بکەونە گوشی مەیدانێ ل دلێ من وایە هەموو کەچکن شتاقی میر نینە، ئەوان دوو عەگیدان ل کەلێ چیایێ شەنگارێ

یەگدییان هیناو بردییە، سەرێ چەند ڕۆژانیان دەکرد مەیداندارییە، شتاق پشتیان لە شتاقی نەستاندینە.

حەمەدی واغان دبێژی میرێ من بۆزبەگ دابەزە ل بەژنێ شێ غەزالییە، ئەز ل بۆ وی دەچمە گۆشی مەیدانێ، قرارێ میرێ ملان کەتبی ئێواری دەبی سەرێ ئەوی سواریێ نیقابدارت لۆ بینمەوە بە دیارییە.

بۆزبەگی برازای خالیاغای کە ئەوهای لە حەمەدێ واغان بیستییە، گەلەکی قەهری عەگید و خۆشمێران ب سەرداهاتییە، دوو سەرانی بەژنێ شێ غەزالی هیناو بردییە، تۆز بەری عاسمانێ گرتییە، پشتی ل نیقابداریێ ئێزیدی ستاندییە، ڕمێ نسیری حەواریێ بەینی قۆرنجانی کردییە، ل سەرێ ڕمێ نسیری ئاگری سۆر دێبارییە، حەمەدێ واغان بە سێ دنگا دکر گازییە، میرێ گرانم ئەز ب چاوێ خۆم دیتییە، ڕمت حەواریێ بەینی قۆرنجانی کردییە، ل سەرێ ڕمێ ئاگرێ سۆر دێ بارییە، چ بکەم زرێدارەو کار لێ نەکردییە. بۆزبەگ گەلەکی قەهرێ عەگیدو خۆشمێران ب سەردا هاتییە، دەستیان دەکردەوە بە مەیداندارییە، بۆزبەگ ل ناوەندی مەیدانێ پشتی لە نیقابداریێ ستاندییە، ب دەستی ڕاستە کەمەندی مەتاڵێی گرتییە، هەریدەگرت ل سەر خانێ زینییە، ل ناو سەلەفەکێ سواران وەکی گورگێ ناو مەڕی نیقابداری ڕفاندییە، ل سەری مەیدانێ هەریدەکێشا شمشێری شامسرییە، سەری نقابداریی خشت بڕییە، سواریێ قەیسەریان کە ئەوهایان لە بۆزبەگی دیتییە، حەفت سەت سوار پێکڕا دەیانکرد هجوومییە، هەرچار دەوریێ میرێ گرانیان گرتییە، تۆز بەری عاسمانێ گرتییە، لە ناو

سەلەفەکێ سواران حەمەدێ واغان گاز دەکا میرێ من دەوایێ مانگۆ نزانن عەگیدێ مە چ دەنگ لێ نایێ و دیار نییە؟ دەستهەلینن ل دلێ منی یەقینە ئەورۆ بۆزبەگی برازای خالیاغەی عەگیدێ گەرگەرییان دێ کوشتییە، هایێ سوارۆ هەرچەندی دکەم کەس ل هانایێ مە نایێ، حەمەدێ واغان ل گەل پەنجا سواریێ یەکەیەکەی گەرگەرییە، بەرێ خۆیان دەدا ناوەندی شەڕییە، سوارەک لە ناو کۆمەکێ سواریێ قەیسەری سواری بەژنێ شێ غەزالییە، حەمەدێ واغان تێڕاخوڕییە؛ کوڕۆ ئەوی شێ غەزالەت لە چ سواریێ گەرگەرییان بە میرات گرتییە؟ حەمەدێ واغان دبێژی نەکەی میرێ من نەکەی عەگیدێ مارە بابێ من نەکەی، ئەز حەمەدێ واغانم ل هانایێ میرێ گران هاتییە، وی ڕۆژێ شەڕێ گران دەستپێکرو ڕاگرییە، لە کەلێ چیایێ شەنگاریێ تۆز بەری عاسمانێ گرتییە. دە وایێ دەوایێ سوارۆ دە هەی وایێ، لسەری مەیدانێ بۆزبەگ جلەوی شێ غەزالی سووڕاندییە، حەمەدێ واغان میرێ گرانی دێتییە، ل چەکمەیێ میرێ گران دێتەخوارێ، خینێ سۆر بە گورییە، حەمەدێ واغان ب سێ دەنگا دکر گازییە، میرێ گرانم گورگێ مێگەلانم، ئەمنێ لە خالیاغەی مامیم بیستییە، ل پاش نوێژی نیوڕانێ مەیداندارێ ل بۆ عەگیدێ گەرگەرییان قەت دروست نییە، وای سوارۆ بریندارۆ میرێ من دێ لسەری مەیدانێ دلەنگرییە، بریێ شیر و تیران ل بۆ خۆشمێران هیچ نییە، حەیفێ من دمێنێ لە چکمەی میرێ گرانم دەڕژێ خینێ سۆر بە گوڕییە. بۆزبەگ بە سێ دنگا دبێژی حەمەدێ واغان بەر مەیدان پشتیان ل من نەستاندییە، لە ناوەندی مەیدانێ تیرەکیان دابوو ل ڕانی ڕکێبێ

منیان ئەنگاوتییە، حەمەدێ واغان دگۆ حەکیمۆ ڕابە.. لوقمانۆ قوتییێ مەرحەمێ خۆ هەلگرە، دانێ سەر برینێ عەگیدێ بنەمالێ گەرگەرییە، بە دەسمالەکی عەرەبی بشەتینە بە تۆندییە، ما تو نزانی ئەگەر بزانن میرێ گران بریندارە ل کەلی چیایێ شەنگارێ ئێزیدییان ل مە دکەن کارە، حەمەدێ واغان ب بۆزبەگی گوتییە؛ ئەو شەو دبێ گەلەک وریا بین نەوەک هێرشمان بۆ بکەن، چونکە دوژمن جێی بەقایێ نییە، شەو ل نیوێ شەوێ دەربازبییە، حەمەدێ واغان گازی ل بۆزبەگی کردییە، هەوارە میرێ گرانم هەوارە، ئەوان سواران لمە دکەن کارە، بۆزبەگ کە ئەوهای لە حەمەدێ واغان بیستییە، جۆتەکی قەرەبینای ل ناوەندی مەیدانێ تەقاندییە، دوو سەرانی بەژنێ شێ غەزالی هیناو بردییە، دبێژی ئەو هەوارە چ هەوارە، قراری جانی میرێ ملانم کەتبی، غیرەتی میران لبەر تەدا نییە، حەمەدێ واغان دبێژی قراری جانێ میرێ ملانم کەتبی هەواری من لبەر سێ سەت سواری ئێزیدیێ نییە، پیربوویمە کەلکی مەیداندارییی خۆشمێرانم نییە، ئەگەر خورت بووم سێ سەت سوار لبۆ من بکەتبایە گۆشی مەییدانێ ل من وابوو هەموو کەچکن شتاقی مێر نییە، بۆزبەگ دەستی کرد بە مەیداندارییە، هەتا چێشتەنگاوێ میری بسەردا هاتییە، دوو سەت سواری ئێزیدی ب زەبری ڕمێ نسیری لسەر خانێ زینی داگرتییە، حەمەدێ واغان ب سێ دنگا گاز کرییە، ئەنگۆ بەرێ خۆتان بدەنە بۆزبەگی چ کرو چ نەکرد، وەکی گورگی ناو مێگەلان دوو سەت سواری یەکەیەکە لە گۆشی مەیدانێ داغان کرد. لەشکرێ ئێزیدییانیان شکاندییە، هەر چەند سوارەک بۆ لایەکی هەراتییە.

ئەوەی دیل بوو ئازادیان کرد، ڕم و شیرو تیریان کۆمەر کرد. بۆزبەگ حەفت ڕۆژان مایەوە، جاسووسی عەلی خانی کوڕی لولواغای ئێزیدی خەبەری دایە عەلی خانی کوڕی لولواغای ئێزیدییە، بۆزبەگ لە شەڕێیەو کەسیان لە مال نیە، عەلی خانی کوڕی لولواغای ئێزیدی فرسەتی وەرگرتییە، بخۆ و ب پێنج سەت سواری ئێزیدییە، ڕووی لە مال و دیوانێ بۆزبەگی کردییە، جلەوی سەگلاویانیان شۆڕکردییە، تەنها خالیاغا ل ماڵە ئەویش عەگیدەکی بەناودەنگی گەرگەرییە، بەلام مخابن پیر بووەو ل مەیداندای کەتیە، کەلکی چ مەیداندای خۆشمێرانی نیە، خشمانی کوڕی بۆزبەگیش منداڕەکی چاردە ساڵییە، ب حیاتێ خۆی مەیدانداری نەکردییە، شیرنێ خۆشکی بۆزبەگی میوانداری دیوانێی بسەر ملێ خۆ گرتییە، تاقە یەک عەگید لە ناو عێل و عوربانێ گەرگەرییان نەمایە، هەموو لگەل بۆزبەگی لشەڕو مەیدانداریە، شیرین دووربینی بە چاوێ خۆی لەقاندییە، دەبینی چەند سوارەک قەستی دیوەخانێی بۆزبەگیان کردییە، شیرنێ دبێژی لێ وایێ لێ وایێ میرێ من لێ وایێ دە ڕەببی لپاشی خۆشمێران ئەز نەمینم لدنیایێ، ئەزێ هەرچەندی دکەم بە بێ بۆزبەگی برا عەگیدێ بنەمالێ گەرگەریە، سێبووری و سکێنێ دلێ منی ب کەس نایێ، شیرنێ ب سێ دنگا گاز دەکا لە خالیاغای مامیە، کۆمەرەکێ سواران بەرێ خۆیان داییتە دییوانێ مە بە عەینیە، ئەزێ نزانم سەلەفێ وان سواران کیەو کی نیە، قونکێ ڕمێ وان لعەردیە، سەرێ ڕمێ دەستێ وان سواران شەلفە بەرازیە، لبنەواندایە سەگلاوییە نزانم مەرەدێ دلێ وان سواران

چییە، خالیاغا دبێژی بەو تەعریفێ تە لبۆ من کرییە ل دلێ منی یەقینە ئەوان سواران هەموو ئێزیدینە، جلەوی سەگلاوییان بەردەداوەو شۆڕکردییە، خالیاغای دبێژی کچێ من شیرن ل شوان و گاوانان ڕاخوڕە چەند حوشتری بەرداکی لگەل چەند بەردیلێ بەر بەرانییە، ل بۆ وان میوانان ل پێش دیوانێ سەربڕە با بزانن میوان میوانن عەزیزە لای عەشیرەتێ گەرگەرییە، ئەمە هیچ دوژمنداریمان لگەل ئێزیدییان نییە. وێ ڕۆژێ شیرن چەند خوشتری بەرداکی و چەند بەردیلێ بەر بەرانی لبەر دەرکی دیوانێ سەربڕییە، شیرین گاز دکا ئای کریفۆ میوانۆ مال ویرانۆ، ئیرۆ ڕابم هەتا نوێژی ئێواری لبۆ میوانێ خۆ بکەم خزمەت و میواندارییە، کریفۆ میوانۆ ئەزێ نزانم مەرەدێ دلێ تەی چییە؟ عەلی خانی کوڕی لولواغای ئێزیدییە، ئەزێ میوان نیمە دوژمنی بۆزبەگی برازای خالیاغایمە بە عەینییە، ئەزێ ڕابم ترش و تالانێ گەرگەرییان لبۆ خۆ ببەم هەر بە تەمامییە، سەرێی چەند عەگیدان بدەم ل قەپراغێ ڕمیە، شیرنێ وای میوانۆ دەرد گرانۆ، ئەوە لبۆتە کێماسییە، عەلی خانێ کوڕی لولواغای ئێزیدییە، ترش و تالانی مالی بۆزبەگی تێکەڵ کردییە، سەری چەند شوان و گاوانانی شکاندییە، شییرن دبێژی ئەوەی تە دکەی لجەم گەرگەرییان بێ ڕێزییە، عەلی خانێ کوڕێ لولواغای ئێزیدییە کە ئەوهای ل شیرنێ خوشکێ بۆزبەگی بیستییە، هەردەکێشا کوتکەکی قیڕپاچ تاسێ سەرسەرێ شیرنێ قوپاندییە، ل پێش دەرکێ دیوانێ هەریدەکێشا شیرێ شامسرییە، جۆتە شاکەزی شیرن خانێی لە بنڕا بڕییە. هەوارە.. هەوارە بۆزبەگ هەوارە..

عەگیدێ بنەمالێ گەرگەرییە، ئەتو نزانی ئیرۆ قەبیعاتەکی گەلەک گرانمان بەسەردا هاتییە؟ لێ وایێ لێ وایێ لپاش عەگیدو خۆشمێران ئەز نەمینم لدنیایێ. بۆزبەگ تە نزانی لەوەتی خودا دنیای خەلق کردییە، قەزایەکی ئەوها گران بسەر گەرگەرییان نەهاتییە، خالیاغە دبێژی شیرنێ دە لبۆ من دەربیینە بەژنێ شێ غەزالی چارپەل سپییە، پێی خۆ ل ڕکێبێ بلەقینم بکەومە سەر خانێ زینییە، بزانم دەست و ڕمێ من لگەل عەلی خانێ کوڕی لولواغای ئێزیدی چییە. شیرنێ چەرمی چاوی خالیاغای بە دوو قولابان بەستییە، لبۆی دەهینا ڕمێ حەڤدەگەی نسرییە، خالیاغا هەرچەند دەکا ڕمی پێ نایەتە سەرخانێ زینییە، خالیاغا دبێژی کچێ من شیرن ئەزی دابەزینە، لە شێ غەزالییە، هەرچەند دکەم ڕمم پێ نایەتە سەر خانێ زینییە، وەختی خۆ بە یەک پەنجەی ڕمم دەهینا سەر زینییە، پیربوویمە کەلکی مەیداداری خۆشمێرانم نییە، با نەبمە پەندی زەمانییە. دابەزی لە بەژنێ شێ غەزالییە، بە سێ دنگا دکر گازییە، شیرنێ قاسیدەکی بنێرە لالێ فەرحۆی خوارزا ل دەشتێ شەرەفخانێ، هەوارە هەوارە عەلی خانی کوڕێ لولواغای لمە کرن کارە، ئەستی خانێ بە سێ دنگا دبێژی خشمان کوڕی من ڕابە ل خەوێ شیرن، بزانم دەست و ڕمێی تە لگەل سەلەفەکێ سواری ئێزیدییان چییە، ما تو نزانی بۆزبەگی باب بێتەوە دبێژی خودێ خشمان ل نەیب و نۆکەرانە و ل من نییە، خوێنی گەرگەریانی ل قالبی نییە، خشمانی چاردە سالی دکر گازییە لبۆ من دەربینن بەژنێ شێ غەزالییە، تەنگان بوەشینن بکەومە سەرخانی زینییە، بزانم لسەر جۆتە شاکەزیێ شیرنێ پلک

لگەل پێنج سەت سواری ئێزیدییان چییە! خشمان پێی خۆی ل ڕکێبی لەقاندییە، دکەتە سەر خانێ زینییە، جۆتەکی قەرەبینای بە قەڕپووزی زینی وەکردییە، عەبایێ بەرێ وێم تلەعفەرییە، ڕمێ دەستێ وێم نسیرییە، بەرێ خۆی ددا چیایێ شەنگاریێ دەشتێ حۆگنێ بعەینییە، پێشی ل پێنج سەت سواریێ عەلی خانی کوڕی لولواغایی ستاندییە، ل ناوەندی ڕێیێ ڕمێ خۆی چەقاندییە، عەلی خانێ کوڕی لولواغای ئێزدییە، قاسیدەکی بەڕێ کرییە، بزانی ئەوێ سوارەی حوسێنی مەرەدێ دلی وی چییە، قاسید دبێژی سواریێ حوسێنییە، بزانم مەرەدێ دلێ تەی چییە، ئەگەر دەگەڕێی لە ئەلعوردییە، ددەینە تە چەند زێڕێ زەمانییە، لگەل ماینەکا سواریە، خشمان دگۆ کوڕۆ قاسیدۆ گوێیێ من گرانن گوێم ل هیچ نیە، قاسید لێی نزیک کەتیە، دەستی قاسیدی گرتییە، هەردەکێشا شمشێرێ شامسرییە، دەستی ڕاستەی قاسیدی لە بنڕا بڕییە، دبێژی ئەوە دیاریێ منە لبۆ عەلی خانی کوڕی لولواغای ئێزیدییە، بێژە خشمانم کوڕێ بۆزبەگی عەگیدێ بنەمالێ گەرگەرییە، بزانم دەست و ڕمێ من لگەل عەلی خانی لسەر جۆتە کەزێ شیرنێ پلک چییە، مەرەدێی دلێ من سەرێ عەلی خانی کوڕی لولواغای ئێزیدییە. عەلی خان کە ئەوەای ل تاقە سواریێ حوسێن بیستییە، دبێژی شەرتبی دبێ سەری ئەویی سواریێ حوسێنی ل کەلی چیایێ شەنگاری بدەم ل قەپراغێ ڕمێ گورگانییە، وی ڕۆژێ عەلی خان کە ئەوەایی ل تاقەسواریێ حوسێنی بیستییە، چەند عەگیدی یەکەیەکەی ناردییە، دبێژی سەرێ ئەوی سوارەم لبۆ بینن بە دیاریە، خشمان دوو سەرانی

بەژنێ شێ غەزالی هیناو بردییە، جۆتەکێ قەرەبینای تەقاندییە، سواران سوار لەقاندییە، تۆزبەری عاسمانێی گرتییە، سواری حوسێنی میسلا بروسکا ناو هەوریە، ل نوێژی سبەینێ هەتا چێشتەنگاوێ میری بەسەردا هاتییە، خشمان پێنجێ سواری یەکەکەی بە زەبری ڕمێ نسیری لە گۆشی مەیدانێی داگرتییە، خشمان دبێژی بسەرێ بۆزبەگی باب عەگیدێ بنەمالێ گەرگەرییە، ئەزێ پێنجێ سواری عەلی خانی کوڕی لولواغای ئێزدییە، نایەخمە بەر جۆتەکا شاکەزیێ خاتوو شیرنێ پلک بە عەینییە، هەتا سەرێی عەلی خانی نەبەمەوە لە بۆ خالیاغای بە دیاریە، لە دلێ منی یەقینە ئەمن هیچم نەکردییە، عەلی خانی کوڕی لولواغای ئێزیدییە کە ئەوهای لە خشمانی بیستییە، لە مەیدانێ بە چاوی خۆی دەست و ڕمێ وی سواری حوسێنی دیتیە، دبێژی ئەزێ مەرەدێ دلێ من شەڕکردن لەگەڵ گەرگەرییان نیە، ئەم هاتینە لبۆ میواندارییە، چ بکەم گەرگەری کۆرنان بوون، ئەمەیان بە میوان ڕانەگرتییە، ئەزێ سووند دخۆم بە وێزیدخانێ وەرە بچینیەوە دیوانێ بۆزبەگی هەر ب میوانییە، ئەمن هیچ شەڕو دەعوام لگەڵ گەرگەرییان نیە، هەتا نوێژی سبیانێ ل دیوانێ دەکەین سوحبەت و لاقرتییە، سبەینێ بەرێ خۆ ددەینە چیایێ شەنگارێ دەچینە جەم بۆزبەگی باب بعەینیە. شیرنێ دەچووە سەر بانی کەلێ دووربینی ب چاوێ خۆ لەقاندییە، دبێژی ئەوی سەلەفە سوارەی گەڕاوە بەرەو مالییە، ل دلێ من یەقینە سەرێ خشمانی برازایان دایە لە قەپراغێ ڕمییە، هەوارە بۆزبەگی برا ئاگای لەوی شەڕو دەعوایێ نیە، خالیاغا

دبێژی کەچێ من شیرنێ، ئەوەی تە دبێژی قەت وا نیە، هەر منداڕەکی گەرگەڕیان دەستێ خۆ بداتە داڕێ ڕمێ نسیرییە ب سەت سواڕێ د حەربیە، عەلی خانی کوڕی لولواغای دبێژی کوڕۆ خشمانۆ دەبا ل پێش دەرکی دیوانێ بکەین تەڕادو مەترو دوغاریە، ئەوی ڕۆژێ ل پێش دەرکی دیوانێ ئەوی جۆتە سوارەی دەیانکرد تەڕادو مەترو دووغاریە، خشمانی ل ناوەندێی مەیدانێ پشت لە عەلی خانی کوڕی لولواغای ئێزیدی ستاندیە ڕایدەکێشا ڕمێ حەڤدە گە[1]ی نسیریە[2]، حەفت قەفی لسەر شانی ڕەتکردیە، دبێژی عەلی خان جەب بە لبەر خاتری بۆزبەگی باب عەگیدێ بنەمالێ گەرگەڕیە، دیسان پشتی ل عەلی خانی ستاندیە، دبێژی جەب بە ئەوجارە لبەرخاتری خالیاغای مامیە، ئەوە سەری چەند سالانە گەورە عەگیدێ گەرگەڕیە، ئەوجارە دەیانکرد مەیداندارییە، شێ غەزالی خشمانی ل ناوەندی مەیدانێ ساتمەی کردیە و نسکۆی دەهیناو دەگەیشتە سەری عەلی خانی کوڕی لولواغای ئێزیدیە، هەردەکێشا ڕمێ گورگانیە، حەواڕێ بەینی هەردوو قۆرنجانی کردیە، حەفت قەفی لە کۆڕێ سینگی دەرکردیە، حەیاتی لبەر بڕیە. شیرنێ بانگ دەکا هەوارە بۆزبەگ هەوارە، تە نزانی ئیرۆ چ بووە و چ قەومیە، عەلی خانی کوڕی لولواغای ئێزیدیە سەری خشمانی برازای ل گۆشی مەیدانێ ب فیل خشت بڕیە. خالیاغا دبێژی کەچێ من شیرنێ بێژە چ بووە و چ قەومیە، شیرن بە سێ دنگا دکر گازی ل خالیاغای مامیە،

---

۱. گە: بەندی قامک و قامیش و بڕبڕەی پشت، پێوانەیەکە.

۲. نسیری: جۆرێکە لە ڕم.

ئیرۆ ل ناوەندی مەیدانێ عەلی خانی کوڕی لولواغای ئێزیدییە، سەری خشمانی ب فێر بڕییە، لەوەتی خودێ دنیای خەلق کردییە، قەزایەکی وەها گران بسەر ماڵە بابێ من نەهاتییە. شەوێ لە سێ باری شەوێ بۆزبەگ خەونەکی گەلەک عەزیمی دیتییە، دبێژی حەمەدێ واغان ل دلێ منی یەقینە خەونێ منی ڕاستە و هیچ درۆی تێدا نییە، سێ جاران ئەمن لە خەوێم دییتییە گەوارەکی تەزرەو باران دەیداوە لە حیڵ و عوربان و دیوانێ گەرگەرییە، کاریتەی ناوەندی دیوانێی شکاندییە، حەمەدێ واغان دبێژی میرێ من ل دلێی منی یەقینە خەونێ تە ڕاستەو هیچ درۆی تێدا نینە، سپێدە لگەل تلوعی ڕۆژێ دەرکەتییە، میرێ من سواربە لەشێ غەزالییە، بگەڕێنەوە بزانین چ بوویەو چ قەومییە، لبۆ مە هیچ عەیبی تێدا نییە، شیرنێ ڕادەبووە سەربانی کەلێ دووربینی بە چاوێ خۆی لەقاندییە، لە خالیاغای مامییە دوو سواران دێین میسالا برووکسی ناو هەوریە، لە بنەوان دایە بەژنێ شێ غەزالییە، یەکیان حەمەدێی واغانە، ئەوی دی بۆزبەگی برایە، عەگیدێ بنەمالێ گەرگەرییە. بۆزبەگ دبێژی حەمەدێ واغان نزانم ئەوی ڕەشایێ ل پێش دەرکێ دیوانێ چییەو چ نییە، حەمەدێ واغان دبێژی هیچ پیاو ل دیوانێ نییە، هەموو کەچکن دەکەن گەمەو لاقرتییە، بۆزبەگ دبێژی یەکیان شیرنێ خوشکە چما تە نزانی شیرنێ خوشک هی گەمەو لاقرتیان نییە، ل دلێ من یەقینە بەلایەکی گەلە عەزیم بەسەر دیوانێ هاتییە.

٨

هەی بێری

هەی بێری.. هەی بێری، هەی بێری، دە بێری دڵی منی مەستانە بێری، خەڵک و عاڵەمێ گوندێ مە دبێژن دەڵاڵێ تە ڕەشن بێری، مەرەدا دڵێ من کەچێ لە خۆ مەدە چ دەرمانە بێری، خەڵک و عاڵەمێی گوندێ مە هەموو ئاشقن لە دوو ماڵداریێ، شەوێی لە سێ باری نیوە شەوێ وەز کوشتبوو دەڵاڵێ ماڵ جیرانە، دەبێری ئەمان بێری، بێرین دڵێ منی نەخۆشە بیری دەتو دەست بدەوە مەنجەڵەکی مەڕدۆشە، مەڕی ماڵە بابێ من لە ناو غەرێ دێ بدۆشە، ئای دەبێری خەڵک و عاڵەمێ گوندێ مە دبێژن دەڵاڵێ تەی ڕەشە بێری کەسەرا سەر دڵێ من کەچێ قەت لە خۆ مەدە چ دەرمانە بێری.

مانگۆ نزانن وەز کوشتیمە دەڵاڵێ ماڵ جیرانە بێری؟

بێری دبێژی کوڕۆ بارەکی تووتنێی هاتیتە ماڵە بابێ من خۆش تووتنە، شەرەبۆتە، ئەزێ ڕابم جۆتەکا شا کەزیێ خۆ ببڕم لبۆ کوڕە لاوکێ خۆ بنێمە بەرە، ئەگەر بەویش تەواو نەبووە، جۆتەکا زەرد مەمکان بنێمە سەرە، کوڕ دبێژی جۆتەکا شاکەزیان مەبڕەو زەرد مەمکان مەنێ سەرە، ئەز ڕا دەبم بە ڕوونێ نیسان دەکرم سەربە سەرە، وای دەبێری دڵێ منی مەستانە بێری، دەستێ من دامەنێ تەبی ل خۆمەدە چ دەرمانە.

کەچک دبێژی کورۆ هاوینان گەرمە مەگرە داسێ زستانان سارە، مەگرە دارێ مەساسێ، کور دبێژی کەچێ هاوینان نەگرم داسێ .. زستانان نەگرم دارێ مەساسێ، ئەزێ ڕابمە باژێڕی مووسل و ئەستەمبۆلان چ بدەم بە جلک و چ بدەم بە لیباسێ؟

کەچک دبێژی کورۆ ئەزێ ڕابمە سەرکانیا، بەری مالێ دەستی خۆ بدە مقەسەکی ئینگلیزی وەرە زێرەکا بەدەنێ من بقرتیینە، ڕابە لباژێرێ موسل و ئەستەمبۆلان پێ بکرە جلک و لیباسێ.

کور دبێژی ئەزێ زێڕی بەدەنێ دەلالا خۆ دبەمە جەم وەستا و وەستاکاران و زێڕینگران، دبێژم وەستا دەستێ منت دامێن بیی، زێڕێ بەدەنێ دەلالا من دامەنێ سەر سندانێ، لێ مەدە بە چەکوچێ. هەی بێری بێریوانە کەچێ لخۆ مەدە چ دەرمانە. کەچک دبێژی ئەزێ بتەننێ ل قەسرێ سپی بەجێمایمە چۆل و بیابانە، کورۆ وەرە چگلێ منی بگرە برەوینە لبۆخۆ بچینەوە زۆزانا، کور دبێژی کەچێ ئەگەر وەزمرم دەمەکێ وەرە سەر قەبرا من، دەمەک بگرێ دەمەک بپارێوە بۆ حالێ من، بێری بەلکو پاشایێ کەرەمێ ڕوحێ شیرن بێنە بەر من. هەی بێری بێریوانە، دەلالێ منی مەستانە بێری، کەچێ خەلک و عالەمێ گوندێ مە دبێژن دەلالێ تە ڕەشە بێری کەچێ مەرەدا دلێ من لە خۆ مەدە چ دەرمانە بێری.

٩

حەمیدێ قازی

ب شاری دهۆکێ ڕەنگین دا کەتم خۆش باژێرە، بەر دووکانە حەیفێ من دەمێنێ حەمیدێ قازی ل بۆ گولێ یاهودی جۆتەکا ژنان تەراقدانە، ئای دەنابی دەنابی دەنابی حەمیدۆ با بۆ قەت وەنابی، ما تە نزانی گولێ یاهودیە، فەلەیە، موسلمان نابی؟

بە شارێ دهۆکیدا کەتم لمن بە سووسنە، حەیفێ من دەمێنێ حەمیدێ قازی ل سەری گولێ یاهودی تەراقدان جووتێ ژنە.

دەنابی حەمیدۆ.. کوڕۆ قەت وەنابی، ما تو نزانی دڵ شووشەیە، شووشە بشکێ قەت چا نابی؟ تەقدیرێ خودی بێنەسەر مرۆیان قەت بەتار نابی. کوڕۆ حەمیدۆ بە شارێ دهۆکێ وێراندا کەتم ل من بە گولە سۆتە، قەسرێ حەمیدێ قازی بلندە ل گەل قەسرێ گولێ یاهودی بەرامبەر کەتینە بە جۆتە، وی ڕۆژێ حەمیدێ قازی ل سەر قەسرێ هاتووچۆتە، گولێ یاهودی خەبەر گۆتە. حەمیدۆ بە شاری دهۆکێ دا کەتم وێرانۆ بەر زۆزانە، ل سەر گولێ یاهودی جۆتێ ژنان تەراقدانە، یەکیان شیرنی ئامۆزانە، حەمیدۆ قەت وەنابی دل شووشەیە، شووشە بکشێ قەت چا نابی، حەمیدۆ دبێژی بە شاری دهۆکێ وێرانداکەتم بە سۆسنە، ئەزێ ل سەر گولێ یاهودی تەراقدان جۆتێ ژنە.

بە شارێ دهۆکێ وێران داکەتم بە گولە سۆتە، حەمیدێ قازی ڕاکێشا دەمانچێ بەرابێلە ل سەر سینگ و مەمکێ گولێ

یاهودی جۆتەکێ دەماچا بەرابێل دا بوو جەرگ و مەسەب بە عام سۆتە، شیرنێ بەسێ دنگا گاز دکا حەمیدۆ کورۆ قەت وەنابی دل شووشەیە شووشە بشکێ قەت چانابی، تەقدیرێ خودێ بێنە سەر مرۆیان بەتار نابی.

١٠

سمایلاغای شەبەک

مەجیدە خانێ کچێ سمایلاغای شەبەکیە، ویرۆژێ بە سێ دنگا کری دبێژیی قوماندارێ تورکیە، ئەگەر سەرێ هەموو عەگیدێ بنەمالێ سمایلاغای شەبەکیە بچێ لبۆ دەولەتێ تورکیە، مەجیدەخانێ کچی سمایلاغای قەت ناچی لبۆ دەولەتێ د تورکیە. هۆی دەلال لاوکۆ کەچێ دەلالۆ عەگیدۆ دەلالۆ لاوکۆ تە دەلالی. مشیر بەگ قوماندارێ دەولەتێ تورکیە، سەری کورێ سمایلاغای شەبەک هەموو دەبەینەوە لۆ حکومەتێ تورکیە، مەجیدەخانی کچێ سمایلاغای شەبەک هاواری دەبردە بەر چەند رەئیس عەشیرەتان هەوارە هەوارە، مشیر بەگ قوماندرێ تورکی هاتیە ل مە کر کارە، رەئیس عەشیرەتان دبێژنە مەجیدەخانێ کچێ سمایلاغای شەبەکیە، ئەمە کەلکی مەیداندارێ مشیر بەگی قوماندارێ تورکیمان نیە. دەلالۆ دەلالۆ خاتونۆ دێرابە وێرانە گوندۆ، وێ رۆژی مەجیدەخانێ کە ئەوهای لە رەئیس عەشیرەتان بیستییە، دبێژی قرارێ جانی من کەتبی ئەزێ رابمە لالێ فەرحۆی عوزێراغای ئێزیدییە، قونکی رەمێ

وان لەردیـیە، سـەرێ ڕمـێ وان شـەلفە بەرازیـیە، عەگیـدێ یەکە یەکەی چیـایێ شـەنگارێ ب عەینیـیە، هەوارە هەوارە پەڕسـۆرۆ فەرحـۆ. مەجیـدەخانێ کچـی سـمایلاغای شـەبەکییە، ل گەل تلـوعی ڕۆژێ دەرکەتیـیە، لالـێ دیـوانێی ل فەرحـۆی کـوڕی عوزێراغـای ئێزیـدی گـرتییە، ب سـێ دنگـا کـری گـازی هەوارە هەوارە فەرحـۆ هەوارە خۆشـمێرۆ هەوارە، میـرۆ وێـرانە گونـدۆ هەوارە. فەرحـۆی کوڕێ عوزێراغای دبێژی مەجیدەخانێ کچـێ سمایلاغای شـەبەکییە، تە ل بـۆ مـن بێـژە مەرەدێ مەرادێ دلـێ تەی چیـیە؟ ئەو هەوارە چ هەوارە خاتونۆ چ هەوارە؟!

مەجیـدەخانێ دبێـژی کـوڕۆ ڕابە عەگیـدۆ فەرحـۆ پەرسـۆرۆ فەرحـۆ خۆشـمێرۆ فەرحـۆ مـاخرا تە نزانـی ل گەل تلـوعی ڕۆژیـی دەرکەتیـیە مشـیر بەگ قومانـداری تـورکییە لەگەڵ پێـنج سـەت سـواری تـورکی بەرێ دیـوانێ مـالێ بـابێ منـی گـرتییە، دخـوازی مەجیدەخانێ ببا بە میراتییە.

مشیر بەگ دبێژی قوماندارێ تورکییە، ئیـرۆ یـان مەجیدەخانێ کچێ سمایلاغای شەبەکی لبـۆ خـۆ دبەم، لبـۆ حکومەتێ تـورکییە، ئەزێ سەرێ هەموو کوڕێ سمایلاغای ددەم لە قەپراغـێ ڕمییە و دبەم لبـۆ حکـومەتێ تـورکی بە دیـاربیە، وی ڕۆژێ فەرحـۆ دبێـژ مەجیدەخانی کچـێ سمایلاغای شـەبەکییە، تە لبـۆ مـن بێـژە بـزانم مشـیر بەگ قومانـداری تـورکییە، سـەری چەنـد ڕێیـانی گـرتییە؟ مەجیدەخان بە سێ دنگا دبێژی عەگیدۆ فەرحۆ پەرسۆرۆ فەرحـۆ، لگەل شاوری بەیانی ڕۆن کردییە، مشیر بەگ قوماندارێ تورکییە، دەشتێ قامیشۆکێ کۆچەکا گەوەڕێی لمە گرتییە، قەزایەکی گەلەک

عەزیم بسەر ماله بابێ من هاتییه. فەرحۆ دبێژی کوڕی من سمێ تەڕابە بەژنێ شێ غەزالان دەربینە تەنگان بوەشینیە پێیێ خۆ لە ڕکێبێ بلەقینین بکەوینە سەرخانێ دە زینییە، بەرێ خۆ بدەینە دەشتێ قامیشۆکێ کۆچەکا گەوەڕێ بزانین دەست و ڕمێ مە لسەر مەجیدەخانێ کچێ سمایلاغای شەبەکی لگەل مشیر بەگ قوماندارێ تورکی چییە. سمێ دبێژی عەگیدێ ماله بابێ من فەرحۆ خۆشمێرۆ فەرحۆ پەرسۆرۆ فەرحۆ، ما تو نزانی نیوەکی شەوێ ڕابردییە، ئەمنێ خەونەکێ گەلەک عەزیمم دیتییە، لمن وابی ل دەشتی قامیشۆکێ کۆچەکا گەوەڕێ شێرەکا لانێ سەری حەفت شەو و حەفت ڕۆژان لمە غەزرییە.

فەرحۆ گاز دکا سمێ سەد جاران بە من سمێ، تە کوڕێ مەزنی قرارێ جانێ فەرحۆی عوزێراغای کەتبی غیرەتی مێران لبەر تە دا نییەو ژنی، ما توو نزانی مەجیدەخان لگەل تلوعی ڕۆژی دەرکەتییە، لایێ دیوانێ لمە گرتییە؟ هەوارەکی گەلەک گرانی بە من گۆتییە؟ سمێ ڕا دبوو بەژنێ شێ غەزالی دەردینا تەنگەی وەشاندییە، پێی خۆی لە ڕکێبێ لەقاندییە دکەتە سەر خانێ د زینییە، بەرێ خۆی دەدا کۆچەکا گەوەڕێ دەشتێ قامیشۆکێ بەرایی لە پێنج سەت سواری تورکی گرتییە، مشیر بەگ دبێژی قاسیدۆ تە بڕۆ بزانە ئەوی جۆتە سواره ل دەشتێ قامیشۆکی کۆچەکا گەوەرێ چییە؟

قاسید دبێژی کوڕۆ سواریٚ حوسێنییە، ئەزێ نزانم مەرەدێ دلێ تە چییە؟

فەرحـۆ ب سـێ دنگـا دبێـژی قاسـیدۆ تە قاسـیدی لـجەم عەگیدان، قاسید هیچی ل سـەر نییە، ئەز فەرحـۆمە هـاتیمە لسـەر کوڕێ سمایلاغای شـەبەکییە، ئیرۆ ل دەشـتی قامیشـۆکێ کۆچەکا گەوەری بـزانم دەسـت و ڕمـێ مـن لـگەل مشـیر بەگ قومانـداریێ تورکی چییە.

مشـیر بەگ قومانداریێ تـورکی ل عەگیدانی ڕاخـورییە، بـرۆنە گۆشـی مەیـدانێ سـەرێ ئەوی جـۆتە سـوارەم لبـۆ بیـنن بـدەن لقەپراغی ڕمییە. سوارەکی تـورکی ڕا دەبـووە گۆشـی مەیدانێ لبـۆ مەیداندارییە، فەرخۆ بە سێ دنگا دبێژی سمێ کوڕێ مـن سمێ تە کوڕی مەزنی تەڕابە مەیدانێ سەرێ ئەوی سواریێ تورکیم لۆ بکە هەوێنـێ بـن عەردیـیە، کە دەسـت و ڕمـێ ئەوان جـۆتە سـواریێ حوسێنییان دیتییە، مشـیر بەگ قومانداریێ تـورکی بە بریـنداری ل مەیدانێ ڕاکرییە، گەلەکی مەیتێ تورکان ل پاش خۆ جێهێشتییە.

١- چیرۆکی مەم و زین

چیرۆکی دوو ئەڤیندارى داوێن پاک و بێگەردى بە دەستنوێژى عیشقێکى ئەزەلییە، چیرۆکى دوو دڵدارى چارە ڕەش و بەمراد نەگەیشتووى قوربانى دەست و زمانى شۆفارو بەدگۆو بەدکارى دەروون نەخۆشن.

لە دەستپێکى نووسینى ئەم کتێبەى لەبەردەستتدایە نەمدەویست ئەو مەم و زینەى باوکم (عەلى حاجى تایەر هەللاج) دەیگوت بنووسمەوە، بە هۆى ئەوەى چیرۆکى مەم و زین لەلایەن (خانى) مەزن لە ساڵى ١٦٩٢ واتە بەر لە سێ سەت ساڵ نووسراوەتەوە، دیاریش نییە چەند لە پێش ئەو مێژووە ڕووداوەکە ڕوویداوە. بۆیە لە هەر چوار پارچەى کوردستان هەریەکەو بە شێوەیەک گوتوویانەتەوە، چیرۆکى ئەڤیندارى مەم و زین لە پاکى و ڕاستیى ڕووداوەکە، لە مێژووى گەلانى ناوچەکە کەم وێنەیە، چیرۆکى هەندێک لە گێڕەرەوەکان ئەفسانەى تێکەڵاوکراوە، منیش لە دواى هەڵگێڕو وەرگێڕکردن و بە یەک گرتنى هەندێک لەو نووسینانەى لەسەر چیرۆکى مەم و زین بەردەستم کەوتن، وەک: (مەم و زین) نووسینى پیرەمێرد، (مەم و زینى خانى وەرگێڕدراوى هەژارى موکریانى)و گوتنى هەندێک لە دەنگ بێژانى هەر چوار پارچەى کوردستان، لە کۆتایى گەیشتمە ئەو باوەڕەى لە ڕووى ئاوازى گوتن و دەقى بەندەکان و بەکارهێنانى دەستەواژەکان، زۆربەیان جیاوازییان هەیە لە شوێنى نیشتەجێى کاکە مەمى،بەو مەم و زینەى باوکیشم دەیگوت، ئەو شێوازەى باوکم دەیگوت نە ئاوازى

لاوک بـوو، نـه حـهیران، ئـاوازی بهیـت و گـهلۆی ڕۆژهـهلاتی کوردستان بوو، وا مهزهنده دهکهم ئهو کهسهی باوکم لێی فێر بـووه خـهڵکی ڕۆژهـهلات بووبێـت، یـان چیرۆکهکـه لـهوێوه گوازرابێتـهوه بـه هـۆی ئـهوهی نهمبیسـتووه لـه دهشـتی ههولێرگهلۆیان گوتبێت، ههموویان کۆکن لهسهر ئهوهی چیرۆکی مـهم و زین له جزیرێ بۆتان له باکوور ڕوویداوهو چیرۆکێکی ڕهسـهن و ڕاسـتهقینهی کـهونارای کـورده، بـهڵام لـه هـهر چـوار پارچـهی کوردسـتان ههریهکـهو بـه شـێوهزاری خـۆی بهنـدهکانی گوتووه. منیش له دوای پرس و ڕا به ههندێک شارهزای بواری فۆلکلۆرو ئهدهبی میللی، ههموویان پێداگرییان لهسهر نووسینهوهی کـردو ئهرکـداریان کـردم کـه دهبـێ بینووسـمهوه، منـیش بـۆ پـهیڕهویکردن لـه فهرمایشتهکهیان لهلایـهک و لهلایـهکی دیکه وهک کورد گوتهنی: (کرده پهشێمان بی، نهک نـهکرده پهشـێمان) دهسـتم به نووسینهوهی کرد، له ڕووی ههست کردنم به بهرپرسیارێتی له ئاست پاراستنی فۆلکلۆرو ئهدهبی میللی گهلهکهمان.

جـا بهو پێودانگـه؛ منـیش هـاتووم بـۆ خوێنـهره بـهڕێزهکان دهقـاودهق وهک خـۆی دهینووسـمهوه، هیـوادارم سـوودێک بـه نهوهکانی داهاتوو بگهیهنێت.

له شهستهکان و حهفتاکانی سهدهی ڕابردوو مالمان له گوندی گهڕهشـێخان بـوو، شـهوی زسـتانان ئـهو کاتانـهی ئیشـوکاری کشتوکاڵی و مهڕداری له کورتی دهداو شـهوی زستانیش درێژتر دهبوو، خـهڵکی گوندی ناچـار دهکرد بۆ بهسـهربردنی کاتـهکانیان پهنا بۆ یـاریی کهرهمستانێ و گوریس کێشکانێ و خینگـهملانێ و

کوتکی ژێر بەڕێ و تەڵەو ڕێوبانێ و زۆر یاریی دیکە دەبرد، یان خۆیان بە مەتەڵ و گەڕەلاوژەو حەیران و لاوک و بەندان سەرگەرم دەکرد، تاوەکو کاتی خەوتن، چیرۆکی ئەفسانەیی کەونارای کوردیش لەبەر ئاگردان دەگێڕدرایەوە، زستانی هەموو ساڵێک باوکم -عەلی حاجی تایەر هەللاج- لەسەر داوای خەڵکی گوندی دەبوایە چیرۆکی مەم و زینیان بۆ بگێڕێتەوە، زۆرجار لە دیوی لای هەرزاڵەی نوێنان ژنانیش گوێیان لەو چیرۆکە ئەفیندارییە پاکە دەگرت. خەڵکی گوندی ئەوەندە بە تامەزرۆیی ڕۆدەچوونە ناو قووڵایی داستانی مەم و زین کەسایەتی و خەسڵەتی کارەکتەرەکانی ناو چیرۆکەکەیان بە جۆرێک دەناسی، سەت سوێندت دەخوارد دەتگوت نان و پیازیان لەگەڵدا خواردوون. لە کەسایەتی خاتوو زین ژنی کوردی حەریم گران و داوێن پاک و موکڕ لەسەر بەڵێنەکانیان و وەفادار بەرامبەر سۆزی دڵداری دەبینی، لە کەسایەتی کاکە مەم لاوێکی بەزیپک و زاکون و فیداکارو عاشقێکی نامرادو قوربانیەکی دەستی خەڵکی بەدگۆو فەسادو بەخیل و دەروون نەخۆش دەبینی، لە خۆشەویستییان بۆ پەرییەکان لەو کاتەی لە شەققەی باڵیان دەداو دوو ئاشقی پاک و بەڕەوشتی ئەزەلییان بە یەکتر ئاشنا دەکرد لە زۆربەی ماڵەکان کۆتریان ڕاگرتبوو، کاتێک لە شەققەی باڵیان دەدا، تاڵێک لە ڕوحیانەتی هەمان ئەو سێ پەرییەیان لە ناو کۆترەکانیان دەبینی، لە میرخاسی و میواندۆستی و وەفاو خاوەنداریکردن لە بەڵێن، هەزار جار دەستخۆشی و ئافەرینیان بۆ قەرەتاژدین دەنارد و پێیانوابوو مرۆڤی کوردی راستەقینە

ئەرکـداره ڕەوشـتی قەرەتاژدینانـه بێـت و وەک ئـەو خـەڵک لـه دەست و زمانی ئەمین بێت، بۆیـه هـەزاران درووديـان بـۆ ڕۆحـی دەنـارد و بـه نموونـەی پیـاوی بـەوەج و برنجییـان ئـەژمار دەکـرد، پێیـان وابـوو ئـەو ڕۆحیەتـه پێویسـته پارێزگـاری لـێ بکرێـت و لـه ناخی منداڵەکانمان بیچێنین.

کاتێک دەگەیشـته بەدفـەڕی و شـۆڤاری و بـەدگۆیی و فیتنـەیی کـاره دزێوەکـانی بـەکر مەرگـەوەڕی هـەزار جنێـوو نـەفرەتیان بـۆ دەنـاردو لێویـان لـێ دەکرۆشـت و ڕقێکـی پیـرۆز لـه ناخیانـدا بەرامبەر شۆڤاری بـەکر مەرگەوەڕانـه چەکـەرەی دەکرد. قەسـتیان دەکرد لـه دەشـتی هـەولێرێوه بـڕۆن بـۆ جزیـرێ بۆتـان و گـۆڕی بەکر مەرگەوەڕی هەڵدەنـەوەو ئێسـک و پرووسـکی بهـارِن، هـەزار تـف و نـەفرەتیان لـه خـەڵکی شـۆڤارو دووزمـان و (جاسـوس) دەکـردو بـه کـارێکی قێـزەون و دوور لـه ئاکـاری مرۆڤبوونیـان دەزانی، بەتایبەتی سۆفی ڕەحمـان گڵەسـەرفرۆش پیـاوێکی دیندار بـوو، لام وابـوو سـیپارەو جـزو عەممـەی خوێندبوو، چونکـه لـەناو قسـەکانیدا زۆر دەسـتەواژەی ئـاینی بـەکاردەهێنا، بـه شـۆڤار (جاسـوس)ی دەگـوت خەفییـه، لـه بەرامبـەر شـۆڤاری و فەسـادی بـەکر مەرگەوەڕی دەیگـوت: قەسـەم بـه خـوای ئـەوەی خـەفیاتی (جاسـوس)ی بکـات، وەک ئـەوه وایـه: (لـه شـەوی لەیلەتولقـەدر، لـه میحرابی مزگـەوتی مەسـجیدولحەرام لـه عـەینی مەککـەو مەدینـەی لەسـەر بەرمالّی پێغەمبەری دایکی خـۆی فەسـاد بکـات، لـەو کاتـەی لە سووڕی مانگانەدایە). ئای کە پێناسـەکەی سۆفی ڕەحمان پڕ بـه پێستی جاسوسه قێزەونەکان بوو.

لە کەسایەتی میر زێندین، میری میراودەلان، ئەوەیان بۆ بە دیارکەوت گەورەو سەردار و بەڕێوەبەرانی وڵات، ئەگەر ساویلکەو سادەو خۆشباوەڕبوون، چۆن لەلایەن خەڵکی زمانلووس و خۆرەپێشکەرو بەدگۆی دەوروبەریان ڕێشمە دەکرێن و چ خراپەکارییکیان دەرهەق بە ژێردەستەکانیان پێ دەکەن، ناهێڵن خاوەن بڕیاری تایبەتی خۆیان بن و قسەی کاربڕ لای خۆیانبێت، بێ ئاگایانە هەڵیدەخلسکێنن و بەسەر هەزارکاری خراپیان دەپەڕێنن.

زۆرجار دەمبینی لەگەڵ پێشاندانی دیمەنی ناشتنی کاکە مەم و خاتوو زینی عاشقانی بەمراز نەگەیشتوو، سۆزی هاوخەمی و مرۆڤدۆستی سواری سەریان دەبوو و فرمێسک لە چاوانیان دەزا.

دەفەرموون لەگەڵ چیرۆکی مەم و زین لە زاری عەلی حاجی تایەر هەللاجەوە:

دەقی چیرۆکی مەم و زین

سێ پەریيان، سێ خۆشکان دەیانداوە لە شەققەی بارانە..

هەر سێ پەریيان چەرخان لێ دەدەن لە پەڕپەڕۆچکەی عاسمانێ لەسەر پشتی هەورانە..

لە بورجی بەڵەکِ هەڵدەنیشن لەسەر پەنجەرە و تاق و دەلاقانە..

کاکه مەمی برایم پاشایان دەدەیت لە ناو جێ و بالینگانە، لەناو خەوەکی گەلە گرانە..
خوشکێ گەورە بانگ دەکا؛ گەلی خوشکانە دە ڕەببی خوشک و بی بە قوربانە..
ئەمن بەعومری خۆم گەلەک فڕیمە بە بارانە..
گەلەکم دیتییە گوند و باژێڕ و دیوەخانی میر و بەگلەری گەورەو گرانە..
لە عومرێ خۆم کەسم لە کاکە مەمی برایم پاشای یەمەنێ جوانتر نەدیتییە لەوێ زەمانە..
گەلەک لە یوسفی میسرێ بەزێدە لاو چاکتر و جوانە..
خوشکی ناوەنجی بانگ دەکا دەڵێ؛ گەلی خوشکانە دەڕەببی خوشک و بی بە قوربانە..
ڕۆژەکێ لە ڕۆژانە، لێی دەکردمە بەفرو کڕێوە و تێکوەشان و زریان و دەبارانە..
لە پەرییان دادەبڕام ڕێم دەکەتەوە مەملەکەتێ جزیرێ بۆتانە..
چاوم دەکەتەوە بە خاتوو زینی بە بسکانە، بەرخە کۆرپەی دوای مێگەلانە..
خوشکی میر زێندینی کوڕی میری میراودەلانە..
ئەگەر بە چاوێ منی بڕۆنێ گەلەک لە کاکە مەمی برایم پاشای بە زێدە جوانە..
خوشکی گەورە دەڵێ: گەلی خوشکانە دەڕەببی خوشکو بێ بە قوربانە..

دەبا کاکە مەمی هەڵگرین لەسەر بالآنە بیبەینە جزیرێ بۆتانە..
لە خاتوو زینی خوشکی میرزێندینی میری میراودەلان هەر بکەینەوە بە میوانە..
خوشکێ گچکە بانگ دەکا؛ گەلی خوشکانە دەڕەببی خوشکو بی بە قوربانە..
لەوەتی دنیا دنیایە قەتم نەبیستییە بە هیچ دەورو زەمانان پیاوان ببەن لە بۆ ژنانە..
هەر بیستیتم و دیتیتم ژنان لە بۆ پیاوان دەکەن بە بووک و بە میوانە..
هەر سێ پەرییان دەدەنەوە لە شەققەی بارانە.. دەچنە مەملەکەتی جزیرێ بۆتانە..
بالآن شۆڕ دەکەنەوە، لەنگەرێ دەگرن لە کۆشکێ خاتوو زینی دەنیشن لە تاق و پەنجەرانە..
مووروی خەوێ لەسەر سینگی خاتوو زینی دادەنێن، هەڵیدەگرن دەیهێنن لە کاکە مەمی دەکەن بە میوانە..
کاتێک خاتوو زین لە خەوێ بە ئاگادێت دەبینی پیاوێک لە ناو جێی و بالینگانی لەگەڵی نووستووە، رادەپەڕی لە ناو جێگاکەی دەستی بەر کاکە مەمی دەکەوێت ئەویش بەخەبەر دێت، خاتوو زین بە تووڕەیی دەڵێ: ئەتۆ کێی بۆچی هاتوویتە ناو جێگاکەم؟ دیارە کارەکەرو خزمەتچی دەرگایان دانەخستووە لە جەللادان ڕاخوڕم بتخەنە ناو چاڵ و زیندانێ..

کاکه مەم دەڵێ: من نەهاتوومەتە سەر جێگای تۆ، بەڵکو ئەتۆ هاتوویە ئێرە، ڕێک دەکەون هەریەکەیان بانگی خولام و کارەکەری خۆی بکات، هی کامەیان هات بەدەنگییەوە ئەوە دیارە ئەم شوێنە هی ئەوییەو ئەوەی دیکە هاتۆتە سەر جێگای ئەو. یەکەم جار خاتوو زین بانگ دەکات و دەڵێ:

کچێ لەگەڵ تۆمە مەلەکێ مەلەک ڕەیحانێ دەڕەببێ سەرت بنێن لە کووپەکەی خمخانێ، دەتۆ هەوری و دەستڕان لە بۆ خاتوونەکەی خۆت بینە بەر دەرگاو هەیوانێ. سێ جاران بانگ دەکات کەس وەڵامی ناداتەوە ناچار بە کاکە مەمی دەڵێ: نۆرەی تۆیە بانگی خولامی خۆت بکە، کاکە مەم بانگ ڕادێرێ و دەڵێ:

کوڕە هۆ هۆ بەنگینە، چاوی ئاغایەکەت، خولامەکەی ڕەنگینە..

دەتو سەری خۆت لە ناو کەوڵ و سێ قەڵاتان دەربینە..

چما ئەتو نازانی ئاغایەکەت کارەکی گەلەک خراپی لێ قەومینە..

ئەتۆ مەسینە و دەستشۆران پاشەوپاش لە بۆ ئاغایەکەی خۆت بینە..

کاتێک بەنگینە بە مەسینەو دەستشۆرەوە هاتە ژووڕێ خاتوو زین، گوتی ئەوە قەبووڵ نییە، چونکە دز هەمیشە پاشدزی لەگەڵە کاتێک دەچێتە دزێ.

کاکە مەم گوتی: هەر یەکەمان ناوو نیشان و شێوەی دروستکردنی کۆشکەکانمان هەڵدەین، خاتوو زین دەڵێ: هەر کەسەکی کاکی من ناناسی میرزێندینی میری میراودەلانە،

حوکمی خۆی دەگێڕێ لە جزێرێ بۆتانە، کۆشک و باڵەخانەکی لە بۆ من دروستکردییە بە تاق و پەنجەرەو بەرهەیوانە، هۆدەی لای ڕۆژهەڵاتێ تاقەکانی نەخشایە بە دوڕو لەعل و مەرجانە، هۆدەی لای ڕۆژئاوایێ پڕە لە خەنەو مسک و عەمبەرە، لەسەر تاقان داندرایە کل و کلدانە، هۆدەی ژێر زەمینێ پڕە لە مرواری و دوڕی ژێر بەحرانە، لێی دەنوون ئەوان پێش خزمەت و کارەکەرانە، کاکە مەم دەڵێ: برایم پاشای بابم کۆشکەکی لە بۆ من دروستکردینە، لە بناغەیڕا خشتەک لە زیوی خشتەک لە زێڕینە، لە هۆدەی لای ڕۆژهەڵاتێ بەداڕێوەکرایە گورزو مەتال و زرێ و ڕمی حەڤدەگەی نسیرینە، لە دەرگای قیبلەتێ بە ڕۆژ دەکەم ڕاوی پۆڕو قورینگ و نووسکەی تاژی چوارپەلە بە خەنەو سیڕەی بازو شەهێن و شمقاڕی دەکەوینە، لە ژووری میوانان هەڵواسرایە کەوڵی ورچ و نێرییە کێوی بابم هەر بە دەستی خۆی لە ڕاوشکارێی کوشتینە، خوڵام و مەیتەر هەر لەوێ نووستینە، بە دیواری هەڵواسرایە لغاو و زین و سەر زینە.

خاتوو زین هەر بۆی نەسەلماند کە ئەو شوێنە هی کاکە مەمییە، بۆیە کاکە مەم گوتی: ئەگەر ئەو شوێنە هێ تۆیە هەستە بۆ ڕووناکی مۆمێک چرایەک دابگیرسێنە، خاتوو زین هەر چەندی کردی و هەوڵیدا هیچی نەدۆزییەوە، کاکە مەم ڕووناکی داگیرساند،خاتوو زین لەبەر تیشکی ڕووناکی ڕووخساری کاکە مەمی بینی بۆی شێت و شەیدا بوو، هەناوی داخورپا، گوتی: کەوایە پەری منیان هێناوەتە ئێرە، نابێت

بخەوین نەبادا بمبەنەوە جزیرێ بۆتان، بەڵێنی ئەڤیندارییان بە یەکتری داو دەستڕۆ ئەنگوستیلەیان گۆڕییەوە، لە پشتێنێ بۆ لای سەرێ ئامێزیان لە یەکتریدا، کاکە مەم خەنجەری بە ڕووتی لە بەینی خۆی و خاتوو زینی دانا، بە جۆرێک نووکی خەنجەرەکەی خستە سەر زگی خۆی و دەسکی خەنجەرێی بە زگی خاتوو زینی وەنا، ئەوەندە هیلاک بوون خرپ خەویان لێ کەوت و پەرییەکان مورووی خەویان خستە سەر سینگی خاتوو زینی و لەسەر باڵی خۆیان هەڵیان گرت و بردیانەوە جزیرێ بۆتانن. بەیانی تیشکی گەزەنگی خۆر لە تاق و پەنجەران هاتە ژووری، خاتوو زین لە خەو ڕابوو وایزانی خەونی بینیوە، بەڵام کە ئەنگوستیلەو دەستڕی کاکە مەمی بینی یەقینی پەیدا کرد کە ئەوە ڕاستییەو خەون نییە، کاکە مەمیش بەهەمان شێوە تاوەکو ئەنگوستیلەو دەستڕی خاتوو زینی نەبینی هەروای دەزانی خەونی بینیوە.

کاکە مەم بانگی کرد: بەنگینە چاوی ئاغایەکەت خولامەکەی ڕەنگینە..

دەتو هەستە لە خەوێ سەرێ خۆت لە ناو کەوڵ و سێ قەڵاتان دەربینە..

چما ئەتوو نازانی ئاغایەکەت کارەکی گەلەک خراپی بەسەر هاتینە..

سەرەکی هەڵبینە لە دیوەخانی بابێ من بزانە چ میوانی غەوارەی لێ نینە..

ئەتوو نازانی ئەمن شۆلەکی گەلەک گەورەو گرانم بە بابێ خۆم کەتینە..

کاکە مەم ڕۆیشتە لای برایم پاشای باوکی ئەویش ڕووی لە کاکە مەمی کردو گوتی:

کوڕێ من زار هەڵێنەو داوا بکە و بزانم چ داخوازیێ تووە هەنە ئەگەر لەسەر عەرز یان لە حەوت تەبەقەی ئاسمانانبێت، بۆت دادەگرم، ئەگەر لە بنی بەحرانبێت گەمی و کەلەکوان و مەلەوانان ڕادەسپێرم بۆت دەربێنن..

کاکە مەم دەڵێ: لەوەتای دەستی ڕاست و چەپی خۆم ناسینە..

هەرچی لە دنیایێدا ویستم بە زیادەوەت لە بۆ من حازرکردینە..

لە منداڵی بووم بە فەقێ و هەموو خوێندنم تەواو کردینە..

لە سوارچاکی هیچ قسووری من نینە..

لە ڕاوشکارێ سامۆتەی زینیم بە چ فەسلان بێ نێچیرنینە..

بە هەموو مەسەبان وەختێ ژن هێنانیم هاتینە..

برایم پاشا شاگەشکە بوو لە خۆشیان هەر چەندی کچی پاشاو وەزیرو میرو بەگانی بۆ هەڵدا کاکە مەم هەر هەموویانی ڕەتکردنەوە. گوتی: ئەگەر ژنێم لۆ دێنن، ئەمن لە خاتوو زینی خوشکی میرزێندینی میری میراودەلان زیاتر چ دڵان لەسەر دلێ خۆ ناحەبینم.

ئەگەر ناینناسن خاتوو زینی بە بسکانە، بەرخە کۆرپەی دوای مێگەلانە..

ماریان لە جزیرێ بۆتانە، خوشکی میر زێندینی میری میراودەولانە..

برایم پاشا زۆر نیگەران بوو، چونکە دەیزانی بە ئاسانی خاتوو زینی بەدەست ناهێنێ، ڕەنگە ببێتە تێچوونی سەری کوڕەکەی، بۆیە گوتی:

کوڕێ من، عەمرێ من گەلەک چووینە..

هەتا وەکو ئێستا ناوی جزیرێ بۆتانم لە هیچ کەس نەبیستینە..

ئەوەی ئەتوو دەڵێی خەونەو هیچ ڕاستی تێدانینە..

کاکەم گوتی ئەگەر ژنم لە بۆ دێنن تەنها خاتوو زینم دەوێ، ئەگەرنا هەموو ژنی دنیایێ لە من حەرامە و دایک و خوشکی بەڕاستینە.. کاکە مەم ئەمەی گوت و دیوەخانی بابی جێهێشت. برایم پاشا هەستایە سەر پێ، مەجریس غرمەی هات لێکڕا هەستان فەرمانی دا هەرچی وەزیرو پیتۆڵ هەیە کۆیکردنەوە، جارِی دا لە ناو شاری هەر کەسێکی بڵێ جزیرێ بۆتان هەیە لە سەری بدەن و بیکوژن. وەزیرو پیتۆڵ پێشنیاریان کرد بۆ برایم پاشای کاکە مەم هەموو ڕۆژێ بەدەرگای لای ڕۆژهەلاتێدا دەچێتە ڕاو و شکارێ ئێواران بە دەرگای لای ڕۆژئاوای شاریدا دێتەوە ناو شاری.

لەسەر ڕێگای گەڕانەوەی کاکە مەمی شاییەکی بگێڕن، هەرچی کچ و ژنی شارییە بێن بۆ ناو گەڕی داوەت و دیلانێ. سێوێکی بدەنە دەست کاکە مەمی ئەو سێوەی بەهەر کچێکی دا بدات یەکسەر لێی مارە بکەن، ئەگەر بە ژنی بەمێردی دابدات

بە مێردەکەی تەلاق بدەن و لە کاکە مەمی مارە بکەن. ئێوارێ کاکە مەم لە ڕاو وشکارێ گەڕایەوە بینی شاییەک دەگەڕێ سۆر دەکرێ لە کێژوکاران نەسەری دیارەو نەبن. هەر بابایە ئاواتە خوازە سێوەکەی بەوی دابدات، هەر چەندی وەزیری دەستەڕاستی باوکی پێی گوت ئەو شاییە لە بۆ تۆ سازکرایە، لەو سەری بۆ ئەو سەری سێوەکەی بە هەر کەسێک دابدەی دەبێتە ژنی تۆ، ئەوە مەلاو قازی لە چاوەڕوانی فەرمانی تۆدانە.

کاکە مەم هەر سەریشی بڵند نەکرد لە کێژوکاری ناو گەڕی داوەتێ رابمێنێ، بەر خەنجەری دەرهێناو سێوەکەی کرد بە دوو لەت و دای بە ئەسپەکەی، گەڕایەوە کۆشکەکەی خوڵام و نۆبەتدار جڵەوی ئەسپیان گرت و کاکە مەم لەسەر خانێ زینی دابەزی و یەکسەری لە ژووری خەوتنی لەسەر چاوان کەوت.

باوکی چەند وەزیرو قازی و مەلای بەدواوە بوو بۆ کۆشکی کاکە مەمی هەر هەموویان بۆ فریودانی کاکە مەمی دەیانگوت کەسمان ناوی جزیرێ بۆتانمان نەبیستییە، ناوی خاتوو زینی خوشکی میرزێندینی میری میراودەلان درۆیەو هیچ ڕاستی تێدا نینە. کاکە مەم ڕۆژ تا ئێوارە بەدوای ئەو کەسەدا دەگەڕا پێی بڵێ جزیرێ بۆتان هەیەو قسە نییە. ڕۆژێک پێیان گوت: پیرەمێردێکی کەنەفت هەر هێندەی چەنگێکی لێ ماوەتەوە لە ناو قەفەزێکیان داناوە کوڕەکانی سبەینان دەیبەنە پێش دوکانی خۆیان دایدەنێن بۆ وەڵامدانەوەی پرسیاری پڕ لە گرێپوچکەی دژوار، هەتا بڵێی پیتۆڵ و شارەزایە لەو دنیایە زۆر گەڕاوە، هەر پرسیارێکیشی لێ بکرێ بەڕاستی وەڵام دەداتەوەو درۆ

نازانێ. بەڵێنی داوە ئەگەر سەریشی لە پێناوی ڕاستگۆیی دابنێ درۆ لەگەڵ هیچ کەس و لە ژێر هیچ هەڕەشەیەکدا نەکات. کاکە مەم و بەنگینە هەر بە پەلە خۆیان گەیاندە لای مام ئیختیار سڵاویان لێ کرد، کاکە مەم لێی پرسی: ئەمن ئیشەکی گەلەک عەزیمم بە تۆیە، ڕاستم پێ بڵێ جزیرێ بۆتان هەیە یان هەر قسەیە؟ مام ئیختیار گوتی: لەوەتی فام دەکەم و لەوەتەی دەستی ڕاست و چەپی خۆم ناسیینە، نە لە ترسان و نە لۆ ماری دنیایێ قەتم قسەی خۆم نەگۆڕینە. هەر قسەکی دەیکەم ڕاستەو هیچ درۆی تێدانینە، لە جزیرێ بۆتان حەوت ساڵان بەزەمانی جاحێلی ڕێنجبەریم لێ کردینە..

ئەوەی حوکمی خۆی لێ دەگێڕی کوڕی میرێ میراودەلانە و ناو میرزێندینە..

خوشکی گەورە، خاتوونەکی گەلەک حەڕێم گرانە ناوی خاتوو ئەستینە..

خوشکی گچکەی گەلەک لەبەر دڵان و شیرینە.. ئەگەر نایناسن ناوی خاتوو زینە..

پاڵەوانی گەورەی میری لە شانی ڕاستەی نووسرایە بە دووسەت سواری جەنگییە ناوی قەرەتاژدینە..

لە دوای دەڕۆن چەکۆو فەرحۆ، یەکیان سواری ئەسپەکی کەوێتی دامەن تارینە.. ئەوی دی سواری جوانە ماینەکی شینی قەزوانینە..

کاکە مەم و بەنگینە ئەوەی چەند ڕۆژ بوو بەدوایدا حەودا بوون بە دەستیان هێنا، بۆیە هەر تێپڕۆ هاتن و بە قەفەزەوە

ڕفاندیان و بردیانە دیوەخانی برایم پاشای، کاکە مەم قەفەزی بە پیرەمێردەوە لە پێش باوکی داناو گوتی: ئەو پیاوە بدوێنەو پرسیاری لێ بکە بزانە جزیرێ بۆتان هەیە و کەوتۆتە کوێ؟ لەدوای پرسیارو وەڵام هیچ شتێک بۆ گومان و فریودان نەما. ئەوجارە برایم پاشا دەستەکی کەوتە پێش و دەستەکەی دیکەی کەوتە پاش، ناچار بوو وەزیرەکان و پیتۆڵی کۆکردنەوە بەڵکو تەگبیرێکی بۆ بکەن بۆ ئەوەی بە هەر نرخێک بیت کاکە مەمی لەو سەفەرەی پەشیمان بکەنەوە، یان هەر هیچ نەبێت کارێک بکەن لە نیوەی ڕێگا بگەڕێتەوە، وەزیری دەستەڕاست کە زۆر گرێپوچکەی دڕواری بۆ پاشای دەکردەوەو قسەی کاربڕ ئەو دەیکرد، گوتی: پاشام خۆشبێ وا چاکە لەشکرێکی بۆ کاکە مەمی ئامادە بکەین لە هەزار سواری کەمتر نەبێ، بەڵام لە ڕووی تفاقی جەنگی و تەداروکاتەوە لەشکرێکی شەپڕێوو بێ سەرو بەر بێت، ئەو ڕێگایە ڕێگایەکی گەلەک دوورودرێژە بە لەشکرێکی زۆر نەبێ کەس ناتوانێ خۆی لێ بدات، هەر سێ سەت سوارێک سەر لەشکری خۆی هەبێت لە هەر شوێنێک قۆناغی شەوێیان دانا و ئۆردوویان لێخست، هەر شەوەی سێ سەت سوار بگەڕێتەوە لە دوای چەند شەوو ڕۆژێک کاکە مەم و بەنگینە بە تەنها دەمێننەوە، ناچار دەبن ئەوانیش بگەڕێنەوە، پاشا ڕازی بوو لەشکرێکی هەزار کەسییان بۆ کاکە مەمی ئامادە کرد، کاکە مەم لەگەر گەردی بەیانی هەستا لە خەوێ بانگی کرد: بەنگینە چاوی ئاغایەکەت خولامەکەی ڕەنگینە، دەتو سەرێخۆت لە ناو کەوڵ و سێ

قەڵاتان دەربێنە، کەڕەناو دەهۆڵ و شەپوورى سەفەرێ لەبۆ لەشکرى لێبدە بزانە بابێ من چ لەشکرەکى لە بۆ من حازر کردینە.

بەنگینە لەوسەرى لە بۆ ئەو سەرى چاوى لە لەشکرى کردینە، دەڵێ هۆ کاکە مەمى بەرکەتییە، دەڕەببى سەرێ منت ببى بە قوربانى دەسەرییە. ئەوەى دەیرێم ڕاستەو هیچ درۆى تێدانییە، بابێ تو لەشکرەکى زۆر بێ سەروبەرى لە بۆ تو حازرکردییە، لە دە سواران یەکى ڕکێبى نییە، یەکى ناو تەنگى ئەسپى شەتەک نەدایە، یان بەرەى بە سینگى وڵاخى وەنییە، یەکى لغاوى بەسەرى ئەسپێوەنییە، یەک نااڵ و بزمارى بە سمى ئەسپێوەنییە، لە درێ منى خانەوێرانێ یەقینە ئەو لەشکرە هەتا جزیرێ بۆتان تاقە سوارەکى لەگەرە مە نییە. کەڕەناى بەڕێکەوتنى لەشکرى لێدرا، عەگیدو سەر لەشکرى زرێداري سەر بە پەڕى سوورو سەوزو زەرد لە پێشەوە لەنجەیان بە ئەسپەکانیان دەکرد، شەوى یەکەم ئۆردووى لەشکریان خست، لە دواى نان خواردن و دانانى پاسەوانى شەو خەوتن، بەیانى لە خەو ڕابوون بەنگینە لەشکرى ژمارد سێ سەت سوارى بە دەفتەر دیار نەمابوو، بانگى کرد کاکە مەمى بەرکەتییە دەڕەببى سەرێ خولامەکەى خۆت ببى بە قوربانى دەسەرییە، لەشکرم یەک بە یەک ژماردییە، لەشکرى بابێ تو سێ سەت سوارى بە دەفتەر دیار نییە. بەگوێرەى ئەو بەرنامەى برایم پاشاو وەزیرى دەستە ڕاستى بۆى داڕشتبوون قۆناغ بە قۆناغ لە هەر شوێنێک شەوێ دەمانەوە سێ سەت سوار دەگەڕایەوە، شەوى

چوارەم سەت سواریان لەگەڵدا مابوویەوە کە خەوتن، بەیانی لەگەڵ شەبەقی ڕووناکی کاکە مەم هەستا لە خەوێ بینی تەنها بەنگینەی لەگەڵدا ماوە، ئەویش خەوتووە کاکە مەم بە دڵێکی پڕ لە غەم و تێکەڵ بەتووڕەبوون گوتی: بەنگینە بەنگینە چاوی ئاغایەکەت خوڵامەکەی ڕەنگینە، دەتوو سەرێ خۆت لە کەوڵ و سێ قەڵاتان دەربینە، بە چاوێ خۆت تێڕامینەو ببینە، لەو لەشکرەی بابێ من لە بۆ منی حازرکردینە، لەوێ چۆڵ و بەڕیایێ، لە من و لە خۆت زیاتر کەسەکی مەبینە. بەنگینە هەستا لە خەوێ قەتی کاکە مەم ئاوا بە تووڕەیی نەبینیبوو، کاکە مەم گوتی: دەبێ تۆش بگەڕێیەوە خۆم بە تاقە سوارە دەڕۆم، دەترسم ئەگەر شتێکت بەسەر بێت دایک و باوکت بڵێن کاکە مەم لەبەر خاتری گەیشتن بە مەعشوقەکەی خۆی کوڕەکەی ئێمەی بەکوشتندا. بەنگینە گوتی: کاکە مەم لەوەتای بستێک منداڵ بووین بە یەکەوە گەورە بووین و کەم کەس دەیزانی ئێمە ئاغاو خولامین، هەر وایان زانیوە بڕای لە دایک و بابین هەتاوەکو ئەمڕۆ هەرگیز دڵمان لە یەکتری نەئێشاوە، باوەڕ ناکەم هیچمان بەبێ ئەوی دیکەمان بژین، بۆیە هەرگیز ڕێگا نادەم بەتاقە سوارە بڕۆیت، هەر شتێکمان بەسەر بێت پێویستە بە یەکەوە بین، لە مردنیش حەز دەکەم سەرم لە پێینگانی تۆ بێت، لە دوای پێداگری کاکە مەمی و دڵشکاندنی بەنگینەی لەسەر کانییەکە لە یەکتر دابران، بەنگینە گەڕایەوە بەرەو ماڵ و کاکە مەم بەرەو جزیرێ بۆتان. هەریەکەیان تا نیوەڕۆ ئەسپیان ئاژوا، کاکە مەم کەوتە بن بارەکی خەمان،

بیرکردنەوەیەکی قوڵ، گەیشتە ئەو باوەڕەی بەبێ بەنگینەی ناتوانێ بژی، بۆیە بڕیاریدا بە دوای بەنگینەیدا بگەڕێتەوە، بەنگینەش لە دوای بیرکردنەوە گەیشتە ئەو باوەڕەی ئەگەر بە تەنیا بگەڕێتەوە دایک و باوکی کاکە مەمی گلەیی لێ دەکەن و پێی دەڵێن: چۆن دڵت هات کاکە مەمی بە تەنهایی جێبێڵی ئەو گلەییەش خۆێنی خۆی دێنی، بۆیە بە ناچاری جڵەوی ئەسپی سوورڕاندەوە ئاوزینگی لێدا بە دوای کاکە مەمیدا گەڕایەوە لای ئێوارەیەکی درەنگ هەردووکیان لەسەر هەمان ئەو کانییەی لە یەکتر دابڕابوون گەیشتنەوە یەکتری و لە ئەسپەکانیان دابەزین و دەستیان لە ملی یەکتری کرد و بە کوڵ گریان، وەک ئەوەی سااڵێک بێت یەکترییان نەبینیبێت، ئەو شەوە لەسەر کانییەکە پشوویاندا، لغاویان لە زاری ئەسپەکان و زینیان لێ کردنەوە، بەیانی دوو بە دوو کەوتنەڕێ، تاوەکو نوێژی نیوەڕۆ ئاژوایان، لە دوورڕا بینییان شیناوردو[1] دارتوێیکی گەورە دیارە، ئەسپیان لینگدا بۆ ئەوەی لە ژێر ئەو دارە بحەسێنەوە و ئەسپەکانیان بلەوەڕێن. کاتێک نزیکبوونەوە بینییان پیرەمێردێکی ئیختیاری نووڕانی قیسی مووی برۆکانیشی سپی بوون، کەشکۆڵ و گۆپاڵەکەی بە دارەکەوە هەڵواسیبوو، پاڵی بە قەدی دارەکەوە دابوو، زۆر دڵیان بەو پیرە پیاوە خۆش بوو، بۆ ئەوەی هەر هیچ نەبێت ڕێگای جزیرێ بۆتانیان پێشان بدات، کاکە مەم لەگەڵ دابەزینی لەسەر خانێ زینی بەڕێزەوە ڕووی لە مام

---

١. شیناورد: ئەو شیناتییەی لە دوورڕا دیارە کە ئاوی لێیە بەاڵم جۆری ڕوەکەکان لەبەر دووری ناناسرێ.

ئیختیار کرد و گوتی: سەلام و عەلەیک مام ئیختیار، بۆمان بووی بە خدری زیندە لەو شاخی هەزار بە هەزارە، پێمان بڕێ چ ئاوەدانییەک لێرە نزیکە، ئەگەر گوندە ئەگەر شارە، لێمان بڕایە نان و پێخۆر و ئالیکی ولاخان، ئەسپ لێیان سواوە نارو بزمارە، پیرەمێرد: سەلامی خوای لەسەر تۆش بیت کاکە مەمی لاوچاک و دڵ بریندارە، بۆ کوێ دەڕۆی و شەیدای کێی لەو ڕێگا دوورو دژوارە؟ بخوازە ڕێگات لە بۆ نزیک بکەم، یان مرازت حاسڵ بکەم، شارەزای ڕێگاش سەربارە، کاکە مەم گوتی: کاتێک دەزانی کاکە مەمم دەبێ بشزانی بۆ کوێ دەچم و شەیدای کێم، لەو کاتەی بەنگینە ئەو بڕە خواردنەی پێیان مابوو لە پاشکۆی زینی کردەوەو لە بەینی هەرسێکیانی دانا، مام ئیختیار گوتی: ئەمن نانی ناخۆم، کاکە مەم گوتی: ئەگەر نانی نەخۆی کەواتە ئەتۆ خدری زندەی، ئەویش گوتی: بەڵێ ئەوم، مرازت حاسڵ بکەم، یان ڕێگای دوورت لێ بە نزیک بکەم؟ ئەوەندە ماندوو شەقی بوون لەو ڕێگا دوورە نەبڕاوەیە، کاکە مەم هاتە سەر زمانی و گوتی: ڕێگای دوورمان بۆ نزیک بکە، ئەویش گوتی: باشەو یەکسەر لەبەر چاویان ونبوو، لە دوای نان خواردن و حەسانەوە، سواری ئەسپان بوونەوە، هەر لە بستۆی ئاوا بوون، پیرەژنێکی جادووگەریان بینی، سڵاویان لێکرد و لێیان پرسی: جزیرێ بۆتان زۆری ماوە لێرەوە؟ ئەویش گوتی: ئەگەر باش باژۆن بۆ ئێوارێ دەگەنێ، ئایا خانەخوێتان هەیە؟ بەتەمان میوانی کێبن؟ ئەوانیش گوتیان: ئێمە کەس ناناسین، پیرەژنە جادووگەرەکە گوتی: ئەگەر

حـەزتان لـە پـلاوو گۆشـت خواردنێیـە بڕۆنـە دیوەخـانی میرزێندینی میری میراودەلان هـەموو ڕۆژێ سـەت سـواری لێ دەبن بە میوان، ئەگەر دەتانەوێ سـەرێ خۆتـان لەسـەر سـەری دابنێ و میوانی بپارێزێ بڕۆن میـوانی قـەرەتاژدینی بن، ئەگـەر دەشـتانەوێ مرازتـان حاسـڵ بێـت بـڕۆن میـوانی بـەکر مەرگەوەڕی بن، ئەوانیش زێڕێکیان دایە پیرەژنێ و ڕۆیشتن، بڕیاریاندا چونکە داخوازی لای خدری زندەیان لە کیس چوو، ئـەو جـارە بـۆ ئـەوەی مرازیـان حاسـڵ بێت بچنـە مـاڵی بـەکر مەرگـەوەڕی، ئێـوارە لـە جزیـرێ نزیـک بوونـەوە، خـاتوو زیـن لەسەر هەر حەوت ڕێگایان جووتیارێکی دانابوو جـووتی بکات، ئەگەر هەواڵی هاتنی کاکە مـەمی بـۆ بێنن دەیدەمێ گـوارەی لـە گوێیـان خـەنی دەکـەم بـە مـاڵی دنیـایێ. مەلـەک ڕەیحـان و کارەکەری هـەموو ناردبوویە سـەر ڕووبـارو کانی و ئاوەکان. چەند ڕۆژ بوو کوینیان دەشووشت و گازریـان دەکرد، خـاتوو زیـن پێـی گوتبـوون هـەتاوەکو ئـەو کوینانـە سـپی دەکەنـەوە نەیەنەوە، بە دوو بەندان جووتیارەکان و کارەکەرەکانی حاڵی کردو گوتی: (هۆ هۆ جووتیارێ لە جۆتی خەتت ڕاست بێت، بـە یاری بـە جێ مەهێڵە بـەتاق و جۆتی، هـەر کەسـانەکی مزگێنی هاتنی کاکە مەمی لە بۆ خاتوونەکەی خۆی بێنی، خـەنی دەکـەم بە زێڕی زەمانی لـە درێ منی یەقینە جـەرگی بـە منداڵی خـۆی ناسۆتی. خاتوو زیـن گـاز دەکـا کچـێ مەلـەکێ مەلـەک ڕەیحانێ دەڕەبی سـەرت بنێن لە کۆپەی دەخمخـانێ، ئـەمن دڵم قاسـیدەو چاوم لە ڕێیە هـەموو ئێوارەو سبیانێ، هـەر کەسـانەکی مزگێنی

هـاتنی کاکـه مـەمی لـه بـۆ مـن بێنـێ سەرپشـکی دەکـەم لـه خەناوکەی گەردەنێ و ئاشقبەندی له شانێ، هـەر کـه کاکه مـەم گەیشته جزیرێ بۆتان دەبا سواران له پێش میوانی بکەن تەڕاد و سێ باری جلیتانێ، له پێشدا بەنگینەیان بینی، مەلەک ڕەیحـان گوتی: بەخێر بێی کاکه مەم، بەنگینه گوتی: ئەمن کاکه مەم نیمه خولامی کاکه مەمیمه و ناوم بەنگینه، کاکه مەم گەیشت، مەلەک ڕەیحـان تونـد جڵـەوی ئەسـپی کاکـه مـەمی گـرت و گـوتی: داخوازی من هەیه، هەتاوەکو بەڵێنم پێ نـەدەی جڵەوی ئەسپی بەرنادەم، کاکه مەم گوتی: هەر داخوازیـەکت هەیـه بڵێ، مەلەک ڕەیحان گوتی: ئەگەر ئەتۆو خاتوو زین بـه مـرادی دڵی خۆتـان گەیشـتن و بـۆ یـەکتری بـوون، ئـەمنیش بـۆ بەنگینـەی خولامت بخوازی. کاکه مەم به مەلەک ڕەیحانی گوت: جڵەوی ئەسپەکەم بـەردە سـۆز دەدەم، ئەگـەر ئـەمن بـه خـاتوو زینـی شـاد بـووم ئەتۆش بۆ بەنگینەی دەخوازم. گەیشتنه ناو شاری جزیرێ هەر کەسـانەکی لـه پۆشـتەیی و پـەرداخی ئـەو جۆتـه سـوارەی دەڕوانی مەندەهۆش دەبوو لەبەر سـام و هەیبـەتێ لەبـەر زێڕو زیوی قەرپۆزی زین و لغاوان لەبەر خەنجەری نیرۆیی کرمانێ لەبەر ئاوەزێنەو قایش و قروشی گرانبەها هـەر کەسـانەکی ئـەو جۆته سواره‌ی دەبینی خۆزگەی دەخواست میوانی بن.

پرسیاری مالی بەکرمەرگەوەڕیان کردو مالەکەیان پێشـاندان، گەیشتنه بەر دەرگای له دەرگایاندا بەکرمەرگەوەڕی لـه خۆشـی ئـەوەی ئـەو جۆتـه سـوارەی لایـەق و پۆشـتەو پەرداخـه دەبنـه میوانی ئەوەندەی به ژنەکەی بڵێ ئێره وا ڕاخەو ئـاوا بکـه، زۆر

لـه دەرگاکردنـەوە دواکەوت، کاکـە مـەم وای لـێ حـاڵی بـوو نایـەوێ میوانداریـیان بکـات، بۆیـە نـەهات جڵـەوی ئەسـپەکانیان بگـرێ و فـەرموویان لـێ بکـات و بـەخێریان بێنـێ، کاکـە مـەم گۆتیـیە بەنگینـەی ئـەو پیـاوە بـێ دەرکـەو میـوان دۆسـت نییـەو قـەت نانـدەر نـەبووە، بۆیـە جڵـەوی ئەسـپیان وەرسـوڕاندەوەو هـەی هـەیان لـە ئەسـپان کـرد چەنـد هـەنگاوێک دوورکەوتنـەوە ئـەوجا بـەکر مەرگـەوەڕی هاتـە دەرێ بینـی ئـەو دوو سـوارە لایـەق و بـە هەیبەتـە ڕۆیشـتن بـانگی کـردن بگەڕێنـەوە ئەگـەرنا ناهێڵێ مرادیان حاسڵ بێت و بە ئاواتی دڵی خۆیان بگەن، بەڵام ئەوان گەڕانەوەیان بێ نەنگیی بـوو و نەگەڕانـەوە دواوە. ناچـار پرسـیاری مـاڵی قـەرەتاژدینیان کـردو بـەرەو مـاڵی ئـەوان ڕۆیشتن، لەبەر دەرگا خاتوو ئەستی جڵەوی ئەسپی کاکە مەمی گرت و هەزارجار بـەخێرهاتنی لـێ کردو وەک خزمێکی نزیکی بێت. قەرەتاژدین ئێوارێ لە دیوەخانی میرزێندینی هاتـەوە مـاڵی خۆیان کە بینی خاتوو ئەسـتی هاوسـەری میوانداری شـاهانەی لە کاکە مەمی کردووە، زۆر دڵخۆشبوو کە خاوەنی ژنێکی ئـاوا سـەلارو خانەدان و میوانناسـە، ئـەویش بـە نـۆرەی خـۆی زۆری بەخێر هێنان، قەرەتاژدین لە زاری خاتوو ئەستی خێزانـی زانـی کاکە مەم و خاتوو زین ئەڤیندارێ بێ غەل و غەشـی یـەکترن و خاوەنی عیشقێکی ئەزەلین، لە دوای دوو ڕۆژ قەرەتاژدین چوو بـۆ دیوەخـانی میرزێنـدینی میـری میـراودەلان، حـوکمی خـۆی دەگێڕا لەسـەر جزیـرێ بۆتـان، میرزێنـدین گـوتی: قـەرەتاژدین بـۆچی دوو ڕۆژە دیـارنی لـە مـەجریس و دیـوانێ؟ قـەرەتاژدین

دەڵێ: دوو میوانی من هاتینە، گەلەک سواری لایەق و بەرکەتینە، پشکەی خەنجەری زێڕەو لغاوی ئەسپیان لە زیوینە، یەکیان کاکە مەمی برایم پاشایە خولامەکەی ناوی بەنگینە، میر زێندین بە قەرەتاژدینی گوت: بەخۆت و میوانەکانت سبەی بۆ نانی ئێواری میوانی منن، لە دیوەخانێ ئەتۆ چیت پێ باشەو لایەق بە کاکە مەمییە پێشکەشی بکەم؟ قەرەتاژدین گوتی: میرێ من لە خاتوو زینی بەدەر هیچ شتێکی دیکە بە لایەقی کاکە مەمی نازانم، میر زێندین بڕیاریدا خاتوو زینی لە قەبەر بکات. کاتێک بەکرمەرگەوەڕی بەمەی زانی کێچ کەوتە کەوڵی بیری کردەوە چۆن بتوانێ ڕێگا نەدا کاکە مەم بەمرادی دڵی خۆی بگات. بۆ بەیانی خۆی گەیاندە کاکە مەمی لە دیوەخانی میرزێندینی و پێی گوت: ئەو میرەی ئێمە هەر کەسەکی بێتە جزیرێ بۆتان و ڕوو بکاتە دیوەخانەکەی لە دوای نان خواردن کۆنە زینێکی بێ کەڵکی هەیە پێشکەش بە میوانەکەی دەکات و دەڵێ ئەوە زینم لەقەبەر کردی، لە لام یەقینە ئەمشەو ئەو کەونە زینەی پێشکەشی تۆش دەکات، لە کاتێکدا زینی ئەسپی تۆ هەمووی قۆپچەو ئاوەزێنەی لە زێڕو زیوییە، چ پێویستیت بەو کەونە زینەی میری نییە. بۆ نانی ئێواری خاتوو زین نان و چێشتێکی شاهانەی ڕازاندەوەو لەنگەری پلاوی لە زێڕو زیوی هەر قاپەی ڕەنگی بورجێکی لەسەر بوو، بخووڕو میسک و عەمبەریان داگیرساندو دابێشت،خاتوو زین لەبەر خۆی دەیگوت میوانەک هاتیتە دیوەخانی مالّی بابی من بە میوانی ئەزێ ڕابم بە دەستێ خۆ بدەمێ قاوەکی حەلەبی، ئەگەر بە وی

قایل نەبوو دەدەمێ وی جانی. لە دوای نان خواردن میرزێندین بە قەرەتاژدینی گوت: قسەکەت ڕاستە دەربارەی کاکە مەمی ئەوەندە لاوچاک و چەلەنگ و بەزیپک و زاکونە، هەر چەندی سەری خۆم دێنم و دەبەم لە خاتوو زینی زیاتر هیچ شتێکم نییە لایەق بەوی بێت. قەرەتاژدینیش گوتی:

میرێ من ئەمنیش هەر وای دەبینم، میرزێندینی میری میراودەلان بە دەنگێکی بەرز گوتی: کاکە مەم یەکەم جارە لە دیوەخانی میری میراودەلان لە جزیرێ بۆتان دەبی بە میوان بە دڵ و جان قەبووڵم کردی میوانەکی گەلەک عەزیزی لەبەر دڵان، ئەوا زینم پێشکەش کردی. کاکە مەم گوتی: ئەوە لێم قەبووڵ کردی و وێم دایەوە، بەم شێوەیە سێ جاری زین پێشکەش کردو کاکە مەم هەرسێ جارەکە لێی قەبووڵ کردو وێی دایەوە. قەرەتاژدین خەریکبوو لە پێستی خۆی بچێتە دەرێ لە حەیفان، هەر سمێڵی خۆی دەکرۆشت، کاتێک لە دیوەخانێ وەدەرکەوتن بەرەو ماڵێ قەرەتاژدینی، لە ڕێگا قەرەتاژدین گوتی: کاکە مەم میوان نەبوای سەرم دەپەڕاندی ئەتوو بە قسەی خۆت بە خاتری عەشقی خاتوو زینی ئەو هەموو ڕێگایەت بڕیوە، کەچی میرزێندین سێ جاران بە زاری خۆی خاتوو زینی لەقەبەر کردی قەبوولت کردو وێتدایەوە، کاکە مەم گوتی: میرزێندین کۆنە زینێکی ولاخی پێشکەش کردووم من کۆنە زینم بۆ چییە، بەکرمەرگەوەڕ پێی گوتم: هەر میوانەکی بێتە دیوەخانێ میرزێندین کۆنە زینێکی هەیە پێشکەشی دەکات، نەی گوت مەبەستی خاتوو زینە.

بەکر مەرگەوەڕ خۆی گەیاندە لای خاتوو زینی و پێی گوت: میرزێندینی برات لە دیوەخانێ بە بەرچاوی خەڵکەوە بەزاری خۆی سێ جارانی ئەتۆ پێشکەش کاکە مەمی کرد هەر سێ جاران ڕەتیکردەوەو ئەتۆی نەویست.

خاتوو زین دەیویست هەرچی زووە کاکە مەمی ببینی بۆ ئەوەی هۆکاری ئەو ڕەتکردنەوەیەی بزانێت، ئەو ڕۆژە خاتوو زین گوتی: حەوزی مالّی خۆمان قازەکان چووینە ناوی و زۆریان شلوێ کردییە، دەچینە مالّی قەرەتاژدین و ستی خوشکم قاپان دەشۆین و ئاوێ دێنین. کاتێک خاتوو زین گەیشتە سەر حەوزی مالّی قەرەتاژدینی، قەرەتاژدین بە کاکە مەمی گوت: دیارە ئەتوو ئاشق نی، تەنها مەبەستت هەوەس بازییە. بۆ ئەوەی باوەڕت پێ بکەم ئەوە خاتوو زین لەسەر حەوزێ دانیشتییە بچۆ سلّاوێکی لێ بکەو بازوبەندێکی لە قۆڵی ڕاستەیە داوای بازوبەندەکەی لێ بکە، ئەگەر نەیدایێ ئەوە دیارە ئەڤیندارێ تۆ نییە، ئەو کات لایەقی ئەوەنی سەرێ خۆمت لەسەر سەری دابنێم و هەقی کوشتنت هەیە، خۆ ئەگەر بازوبەندەکەی داییێ ئەوە دیارە ئاشق و ماشووقی یەکترن و لەو ڕەتکردنەوەیە بەکرمەرگەوەڕ تاوانبارە، کاکە مەم ڕۆیشت بۆ سەر حەوزێ سلّاوێکی لە خاتوو زینی کرد، خاتوو زین بە لالووتی وەلّامی دایەوە، چونکە لێی دلّگران بوو بۆ ڕەتکردنەوەی شەوی ڕابردوو، کاکە مەم داوای بازوبەندەکەی قۆڵی لێ کرد، بەلّام خاتوو زین نەیدایێ، کاکە مەم بە دلّشکاوی گەڕایەوە، خاتوو زین بیری کردەوە نەبادا گرەوێک لەسەر ئەو بازوبەندەی

قۆڵی کرا بیت و کاکه مەم بدۆڕێ و نرخەکەی گران بێت، بۆیە هەستایە سەر پێ و کەوتە دوای کاکە مەمی و بازوبەندەکەی قۆڵی داپێی و لێی پرسی شەوی رابردوو، بۆچی ڕەتیکردۆتەوە، کاکە مەم فەسادی و بەدگۆیی بەکرمەرگەوەڕی بۆ گێڕایەوە. کاکە مەم بازوبەندەکەی لە پێش چاوی قەرەتاژدینی دانا، ئەو کاتە قەرەتاژدین گەیشتە ئەو باوەڕەی بەکرە شەیتان ئەو پەندەی بە کاکە مەمی داوە. بەکر مەرگەوەڕی ڕۆژانە دەچووە بن کڵێشەی میرزێندینی باوەڕی بە میری هێنابوو کاکە مەم دەیەوێ سووکایەتی بە خاتوو زینی بکات، شەوێکیان لە دیوەخانێ کەس نەیزانی بەکرە شەیتان چۆن شەرابی دابوویە کاکە مەمی یان دەرمانی بێهۆشکەری دابووێن بۆ ئەوەی تووڕەی بکات و بەسەر قسەی نەێنی و نەگوتراوی بپەڕێنی. بەکرە شەیتان گوتی: ئەگەر یارەکەی کاکە مەمی ناناسن کچە دۆم و قەرەجە پرچی هەڵنایێ لەبەر ڕشک و ئەسپێانە، کاکە مەم لە ناو دیوەخانی میرزێندینی گوتی: ئەوەی بەکر مەرگەوەڕی دەیڵێ درۆیەو هیچ ڕاستی تێدا نینەو بوختانە، ئەگەر یارەکەی من ناناسن خاتووە زینی بە بسکانە، بەرخە کۆرپەی دوای مێگەلانە، خوشکی میرزێندینی میری میراودەلانە، لە هەموو کیژوکاڵی دنیایێ گەلە بەزێدە جوانە.

دیوەخان خرۆشاو بوو بە غەڵبە غەڵب، هەر بابایە لە پیاوەکانی میری قەستی سەری کاکە مەمیان دەکرد، قەرەتاژدین گوتی: هەر کەسەکی ئەمن ناناسی قەرەتاژدینی کوڕم ڕۆژی جەنگ و دەعوایێ لە مەیدانێ دەخورم، هەر

کەسانەکی دەست لە بۆ میوانی من درێژ بکات تەخت و تاجی تێکدەدەم، کێرمیزیان لێ دەبڕم. فەرحۆ دەیگۆ: هەر کەس ئەمن ناناسی ئەمن فەرحۆمە بەرانی هەژدە هۆمە، نێرییە کێوی بەسترۆمە، بەرگەی گوورزم ناگری چی پاڵەوانی ڕۆمە، شەیپووری جەنگی لێدەم هەرچی دەبێ بابێ هەر کەس میوانی بکوژی لە ملیرا دەگرۆمە، چەکۆ دەیگوت: هەر کەسەکی نامناسی ئەمن چەکۆی پەرسوورم، نەرمم بەرامبەر دۆستان بۆ دوژمن رق ئەستوورم، لەسەر میوانی عەزیز لە هیچ کەسێک نابوورم، هیشک و تەڕ دەسووتێنم ئاگرە سوورەی تەندوورم. کە بینییان پیاوە بە دەست و قام و ئازاو بەوەجەکان داکۆکی لە کاکە مەمی دەکەن کەسیان نەیانوێرا بکەونە بەرامبەری قەرەتاژدینی و یاوەرانی.

ماوەیەک بوو کاتی ڕاو و شکاری هاتبوو میرزێندین فەرمانی کرد ئاوازی دەهۆڵ و زووڕنای چوون بۆ ڕاوشکار بەگوێی خەڵکی جزیری بۆتاندا بدەن، سبەینێ لە ژێر قەڵەمڕەوی میرزێندینی سەیرو ڕاوە بۆ حەوت شەوو حەوت ڕۆژان ڕاوێ خۆمان دادەبەخشین و دەکەینەوە بڵاوە دەبێ خەڵک خۆی سازدا هەرچی پێی وایە پیاوە.

ئەو ڕۆژە هەرچی پیاو بوو یاوەری میریان کرد بۆ ڕاوێ، تەنها ئەو پیاوەی مایەوە کاکە مەم بوو بە بیانوی نەخۆشی لەگەڵیاندا نەچوو بۆ ڕاو و شکار لە دیوەخانی میری مایەوە. بە هۆی ئەوەی ژوانێ لەگەڵ خاتوو زینی هەبوو ئەستوورایی سواران نەسەری دیار بوو نە بن، حیلەی ئەسپان و ڕاوێچکەی

تاژییان و سیرەی بازو شەهێن و شمقاران خەڵکی جزیرێی سەرسام و حەیبەتگرتی کردبوو لەبەر سام و هەیبەتێ، لای نوێژی نیوەڕۆ کاتێک ڕاوکەر لە قۆناغێ بۆ نان خواردن و پشوودان گردبوونەوە، بەکر مەرگەوەڕی چاوی گێڕا کاکە مەمی لە ناو سواران نەبینی، پرسیاری کرد کاکە مەم بۆ دیارنییە، گوتیان نەخۆشەکی گەلەک گرانە کەتییە لەناو نوینێ، بیرە شەیتانییەکەی خستە ئیش و گومانی کرد کاکە مەم بۆ دیتنی خاتوو زینی خۆی نەخۆشکردووە ئێستا لە دیوەخانێ بە یەکەوەن، لە دوای نان خواردنی نیوەڕۆ هەرکە سواران کەوتنەوە سەر خانێ زینێ، بەکرمەرگەوەڕی جڵەوی ئەسپی وەرسوڕاندەوە بەرەو مالێ و گوتی: وەرنە دوام ڕاوی مالێ لە ڕاوی دەشتێ خۆشترە.

قەرەتاژدین یەکسەر لە قسەی بەکر مەرگەوەڕی حاڵی بوو، بۆیە بە بەنگینەی گوت: ئەسپی تۆ زۆر بە غارو تیژڕەوە ئەسپی خۆت تاودە، بەر لە بەکرمەرگەوەڕی خۆت بگەینە کاکە مەمی نەبادا خاتوو زینی لەلا بێت لە دیوەخانێ. بەنگینە ئەسپی تاوداو پێش بەکر مەرگەوەڕی کەوتەوە ڕێی دوو سەعاتانی بە سەعاتەکی بڕی، گەیشتە بەردەرکی دیوەخانێ هەر چەندی هەوڵیدا دەرگای دیوەخانێ لە ژوورێڕا داخرا بوو بۆی نەبووەوە بە سەرکەوتە سەربانی دیوەخانێ لە کونی دووکەڵکێشەکەی بینی کاکە مەم و خاتوو زین بە یەکەوە خەویان لێ کەوتووە هەر چەندی دەکا بە ئاگا نایەن لە حەیفان بەگریانەوە بەندیان بۆ دەڵێ: قەرەتاژدین دەیگوت: بەنگینە لە

چـاوی منـت کـەوێ بەنگینـە، بەنگینەکـەی ڕەنگینـە، دەسـت و بردەکی بکە لە هەورازو نشێوان ئەسپی خۆت بفڕێنە، چما ئەتۆ نـازانی جۆتـە کـۆترەکی ئاشـق و ماشـوق گەلـەک بـە غـەریبی هەڵنیشـتینە، هـەتاوەکینێ میرزێنـدین نەگەیشـتۆتە سـەریان لـە خەوێ شیرینیان بە ئاگا بینە، فرمێسکی بەنگینەی کەوتـە سـەر ڕوومـەتی کاکـە مـەمی ئـەوجا بـە ئاگـا هـات. دەنگـی ڕمبـەی ئەسپان و خرمـەی مەحلەگان و نووسکەی تاژیـان و کۆڕژنی جوانە ئەسپان گەیشتنە بەردەرگای دیوەخانێ کاکە مـەم هـەر ئەوەنـدە پـێ ڕاگەیشـت دەرگـای دیوەخـانێی کـردەوە کەوڵـە گەورەکـەی بەشـانی خـۆی داداو پشـتی بـە موغـەیرەی ئاگرکردنەوکەداو خاتوو زین لە پشتی کاکە مـەمی چـووە بن کەوڵەکەی سەر شانی. میرزێندین لە دیوەخانی بە ژوورکەوت قەرەتاژدین و خەڵکەکەی بەدواوە بوو سڵاوی لە کاکە مـەمی کـرد، کاکـە مـەم تـەنها بـە زار وەڵامـی سـڵاوەکەی دایـەوەو لەبـەری هەڵنەستا تـەنها ئـەوەی گـوت: نـەخۆش گلـەیی لەسـەر نییـە، بمبـووڕە میرزێنـدین، قـەرەتاژدین زۆر لـە کاکـە مـەمی تووڕە بـوو، پڕیشکی لە چاوان هەڵدەستا، نیگەران بـوو چـۆن دەبـێ لەبـەر میـری هەڵنەسـتێ!!، خـاتوو زیـن بـۆ ئـەوەی قەرەتاژدین بەهانایانەوە بێت و ڕێگا چارەیەکیان بۆ بدۆزێتـەوە بۆ ئەوەی دەرباز بن لە بن کەوڵەکەی سەرشانی کاکە مـەمی لەسـەر شانیڕا کەزی خۆی پێشانی قەرەتاژدینی دا، قـەرەتاژدین ئـەو کاتـە هۆکـاری لەبـەر هەڵنەسـتانی کاکـە مـەمی بـۆ میـری تێگەیشـت هـەر بـە غـار بـەرەو مـاڵ کەوتـە ڕێ، بـانگی

خاتووئەستی کرد: قەرەتاژدینێ لوڕی، بە تورکی لە ژنێی ڕاخوڕی، دەربینە لانکێ کوڕی، تێبەردە ئاگرێ گوڕی، خاتوو زینی ڕزگارکەین با میر سەری نەبڕی، خاتوو ستی لانکی کوڕی دەرهێنا و ئاگری لە مالّی خۆیان بەردا، خەڵک بینییان مالّی قەرەتاژدینی ئاگری گرتووە، هەر بابایە بۆ کوژاندنەوەی بەرەو مالّی قەرەتاژدینی ڕادەکەن، یەک لە خولامەکانی میرزێندینی بە هەناسەبڕکێ خۆی بە دیوەخانی داکرد و گوتی: میرم خۆشبێ مالّی قەرەتاژدینی ئاگری تێبەربووە، میر هەستایە سەر پێ غرمەی هەستانی خەڵکەکەی دیوەخانێ بە دوای میریدا ڕایانکرد بۆ کوژاندنەوەی مالّی قەرەتاژدینی، تەنها ئەوەی ڕاینەکردو خۆی لە گورە نەبرد بۆ کوژاندنەوەی مالّی قەرەتاژدینی بەکرمەرگەوەڕی بوو، بە خەڵکەکەی دەگوت: ناچم بۆ کوژاندنەوەی مالّی یەکێک بە دەستی خۆی ئاگر لە مالّی خۆی بەربدات، بەو شێوەیە قەرەتاژدین کاکە مەم و خاتوو زینی لەبەر کێردی مەرگ ڕزگار کرد. بەڵام هەر چەند جاری بەکر مەرگەوەڕی پیلانەکەی شکستی دەهێناو سەری نەدەگرت، ئەو موکڕتر دەبوو لەسەر دۆزینەوەی پیلانێکی گلاوتر لە جاری پێشوو. ئەو جارەیان چووە بن گوێی میرزێندینی بۆ دارشتنی پیلانێکی نوێ بە باشی زانی بۆ لەناوبردنی کاکە مەمی بەر لە هەموو شت وا باشە قەرەتاژدین و فەرحۆو چەکۆو بەنگینە دوور بخاتەوە بۆ ئەوەی بە ئاسانی بتوانێ زەفەر بە کاکە مەمی ببەن، میری قایل کرد لە دیوەخانێ بڵێ: زۆر لەو هۆزانەی دەوروبەرمان ماوەیەکە باج و خەراج

نادەن پێویستە لەشکرێک بچێتە سەریان بۆ دووبارە وەرگرتنی باج و خەراج، قەرەتاژدین سەر لەشکر بێت و پاڵەوانە بەزەبرەکانی وەک چەکۆو فەرحۆ یاوەری بکەن و بەنگینەش لەگەڵیان بەشدار بێت. چەند ڕۆژێک بوو لەشکر بە ڕێکەوتبوو میر زێندین بە کاکە مەمی گوت: بۆ نایەی شەترەنج بکەین لەسەر دڵخواز، کاکە مەم یاریزانێکی زۆر کارامە بوو لە یاری شەترەنج، کەس شەترەنجی لێ نەدەبردەوە، بۆیە هەر یەکسەر گوتی: زۆر باشە، بۆ ماوەیەکی کەم هەموو مووڵکی جزیری بۆتانی لێ بردەوە بە خاتوو زینیشەوە، بەکرە شەیتان بینی خاتوو زین لە پەنجەرەی تەماشای کاکە مەمی دەکا، بەڵام پەنجەرەکە کەوتبووە لای پشتی کاکە مەمی و کاکە مەم خاتوو زینی نەدەبینی، بەکر مەرگەوەڕی گوتی: میری من جێگایان بگۆڕنەوە لە قوماریێ شوێن لە شوێنی پیرۆزترە، میر تێگەیشت بەکر مەرگەوەڕی پیلانێکی لە ژێر سەردایە، بۆیە گورج هەستاو لەگەڵ کاکە مەمی شوێنیان گۆڕییەوە، هەر کە کاکە مەم سەری هەڵهێنا تیشکی نیگای چاوەکانی خاتوو زینی وەکو هەڵۆ پەڕووبااڵی تێکشکاندو مەندەهۆشی کرد، لە تامەزرۆیی تەماشاکردنی چاوە مەستەکانی خاتوو زینی بە جۆرێک نغرۆ ببوو هۆش و زەینی لە یاریکردن نەما بوو، دەست لە دوای دەست سەری لە دۆڕاندنێ کرد، ئەوەی لە میر زێندینی بردبوویەوە هەموو بە میری دۆڕاند بە خاتوو زینیشەوە، بەنگینەی خولامیشی دۆڕاند ئەسپەکەشی بە زین و لغاوەوە دۆڕاند، گەیشتە سەری خۆشی کاکە مەم شتێکی نەما یاری

لەسەر بکات. میرزێندین گوتی: کاکە مەم ئێستا خودی خۆشت هی منی دەتوانم بتکوژم، بەڵام من ناتکوژم بۆ میران شەرمە میوانی لە ناو دیوەخانێ خۆیان بکوژن، بەڵام دەتخەمە ئەو زیندانەی چل گەز قوواڵە بۆ ئەوەی لەوێ بمری لە برسان و لە تینوان، کاکە مەم گوتی: من لە داب و نەریتی یاریکردن ڕاناکەم و ئامادەم هەرچی لێم بکەی ئازادی و منت لە خۆم بردۆتەوە. میر زێندین و بەکر مەرگەوەڕی دوور لە چاوی خەڵک کاکە مەمیان خستە ژێر زەمین، تەنها تاژییەکانی کاکە مەمی چاویان لێ بوو. خاتوو زین لە دیارنەمانی کاکە مەمی لای وابوو بە دوای لەشکریدا ڕۆیشتووە، بۆیە بە کارەکەرەکانی گوتبوو: هەتاوەکو کاکە مەم دەگەڕێتەوە لەوێی سەفەرێ تاژیەکانی باش خزمەت بکەن و خواردنی باشیان بدەنێ لە دوای ماوەیەک خاتوو زین بینی تاژیەکانی کاکە مەمی لە ڕوو لاواز دەبن کارەکەرەکانی کۆ کردەوەو پێی گوتن بۆچی تاژییەکانی کاکە مەمی لە ڕوو لاواز دەبن و دەبنێسێن وەک ئەوەیە خواردنیان نەدەنێ، ئەوانیش گوتیان خاتوو لەسەر فەرمانی تۆ هەمیشە باشترین خواردنیان دەدەینێ خاتوو زین باوەڕی پێ کردن بۆیە گوتی مریشکێکم بۆ سوور بکەنەوە لەبەر چاوی من بیاندەنێ کارەکەرەکان مریشکیان سوورکردەوە خاتوو زین بە دەستی خۆی خستیەبەر دەمیان، تاژییە گەورەکە مریشکەکەی هەڵگرت و تاژیەکەی دیکە بە دوایەوە خاتوو زین دوورو نزیک چاودێری دەکردن بینی بێ ئەوەی هیچی لێ بخوات مریشکەکەی لە کونێکی زیندانەکە شۆڕکردەوەو

خستییه خواریێ،خاتوو زین به هۆی ئەو کارەی تاژییەکە زانی کاکە مەم لە ناو ئەو زیندانەیە لە ژێر زەوی بە کارەکەرەکانی گوت: ڕۆژی دووجار نانی بدەن بە تاژییەکان لەوسەروبەندە قەرەتاژدین و چەکۆو فەرحۆو بەنگینە بە لەشکرەوە گەڕانەوە پرسیاریان کرد ئەی کاکە مەم بۆ دیارنییە؟ میرزێندین گوتی: بە ئاگاداری بەکرمەرگەوەڕی شەترەنجم لەگەڵ کردووە لەسەر دڵخواز، هەموو شتێکم لێ بردۆتەوە بەسەری خۆیشییەوە، منیش نەمکوشتووە، بەڵام لە زیندانی ژێرزەمینم هاوێشتووە، ئەوە ماوەی چل شەوو ڕۆژە باوەڕ ناکەم مابێت، بەنگینە بە قەرەتاژدینی گوت: تاوەکو ئێستا هیچ کەس شەترەنجی لە کاکە مەمی نەبردۆتەوە، لێرەدا فێڵێک لە ئارادایە. خاتوو زین بە قەرەتاژدینی گوت: دڵنیام کاکە مەم ماوە لەبەر ئەوەی تاژییەکە هەموو ڕۆژێک خواردنی خۆی بۆ هاوێشتۆتە ناو زیندانێ لەوان دەورو زەمانان یاسا وابووە هەر کەسێکی بخەنە زیندانی ژێر زەوی لە دوای چل شەوو ڕۆژان ئەگەر نەمردبێت دەکرێ دەریبێنن و ئازادی بکەن، قەرەتاژدین و بەنگینە چوون بۆ لای پیاوێکی پیتۆڵ و دنیادیدە، چیرۆکی خستنە زیندانی کاکە مەمیان بۆ گێڕایەوە، ئەویش گوتی: پێویستە ئەو کاتەی هەڵیدەکێشن بۆ سەر زەوی بە هیچ شێوەیەک نابێ بای سەر دنیایێ پێ بکەوێ دەموو دەست حەمامی بەکچانی بۆ ئامادە بکرێ،بەشەرتێک نابێ ئەو کچەی خۆشیدەوێت لەگەڵدا بێت و چاوی پێی بکەوێت. ئەوانیش گەڕانەوەو هەر بە پەلە سی و نۆ کچیان ئامادەکرد بۆ ئەوەی چل کچکە تەواو بێت، مەلەک

ڕەیحانی کچی بەکرمەرگەوەڕی مابوو بێت، ئەویش بەکری باوکی ڕێگای نەدا کچەکەی بێت ناچار بوون خاتوو زینیان لە جیاتی مەلەک ڕەیحانی هێنا بە خاتوو زینیان گوت: بە هیچ شێوەیەک نابێ لە کاتی هەڵکێشانەوەی کاکە مەمی ئەتۆ سەیری بکەی و ڕووخسارت ببینێ، کچان کاکە مەمیان هەڵکێشا هەر کە گەیشتە سەر زەوی ئامێزیان لێدا یەک دەیگوت: ماوە، یەک دەیگوت مردووە، لەو دڵەڕاوکێیە خاتوو زین بە خۆی نەوەستاو خۆی پێ بەرزەفت نەکراو ئاوڕی دایەوە، کاکە مەم چاوی هەڵێنا لاجانگ و زولفی خاتوو زینی بینی دەست بە جێ گیانی دەرچووو، خاتوو زین گەلێکی دادو فیغان کردو لەبەر خوای پاڕایەوە گیانی بستێنێ و لە دوای کاکە مەمی نەژی لەسەر ئەوێ دنیایێ، تەرمی کاکە مەمیان ناشت و بەنگینە بە تاقە سواری و دڵ بە خەمی گەڕایەوە هەرچەندی هەوڵیدا تاڕییەکان گۆڕی کاکە مەمیان جێ نەهێشت و لەگەڵی نەڕۆیشتنەوە، لە دوای ماوەیەک خاتوو زین بە فرسەتی زانی میرزێندینی بۆ ای و قەرەتاڕدین و بەکر مەرگەوەڕی و تەواوی پیاوانی جزیرێ بۆتان بۆ ڕاووشکاری حەوت شەوو ڕۆژان ڕۆیشتن. خاتوو زین بە جلی ڕەشەوە تازییەبارانە ڕۆیشتە سەر گۆڕی کاکە مەمی لە جیاتی دەستی ڕوومەتی بەسەر گۆڕەکەی دادەهێناو لەبەر خوای دەباڕایەوە لە دوای کاکە مەمی گیانی بستێنێ، میرزێندین و یاوەرانی لە ڕاووشکاری گەڕانەوە ڕێگاکە بەلای گۆڕستانەکەدا ڕەتدەبوو، بینییان شتێکی ڕەش لەسەر گۆڕی کاکە مەمییە، یەکێ گوتی

قەلە، یەک دەیگۆ بزنە، تا دەهات لێی نزیک دەبوونەوە، بەکر مەرگەوەڕی ڕووی لە میرزێندینی کردو گوتی: نە قەلە نە بزنەخاتوو زینە بەد ڕەوشتەکەیە بە مردوویش واز لە کاکە مەمی ناهێنی، میرزێندین گوتی: بڕۆ بیکوژە قەرەتاژدین گوتی: پێویست ناکا بیکوژی بۆ خۆی مردووە، ئەوانە دوو عاشقی ئەزەڵین. بەکر مەرگەوەڕ نووکە ڕمێکی گەیاندە خاتوو زینی دەستی لە کێلەکەی کاکە مەمی بەر بوو پەلەواژ بۆوە، چونکە لە مێژ بوو مردبوو. بۆ ناشتنی خاتوو زینی لە هەر شوێنێک دەیانویست گۆڕەکەی بۆ هەڵکەنن لەگەڵ پاچلێدانێ ئاگری لێ بەرز دەبووەوەو بەردێکی ڕەق بوو هەر چەند شوێنیان گۆڕی نەیانتوانی گۆڕەکەی بۆ بکۆڵن قەرەتاژدین گوتی: خزمینە ئەوانە عاشقی پاک و خودایین وەرن بە قسەی من بکەن لە تەنیشت کاکە مەمی گۆڕەکەی بۆ هەڵکەنن بزانن چۆنە کاتێک لە تەنیشت گۆڕی کاکە مەمی پێمەڕەیان لێ دا وەک لۆکەی نەرمبوو، هەر زوو گۆڕەکەیان بۆ هەڵکەندو ناشتیان، خەڵکەکە ویستیان بڕۆن غرمەیەک لە گۆڕەکان هات و گڵەکەی سەر سینگیان تێکەڵاو بوو، بەکرە شەیتان گوتی: دەبینن ئەو بێ ڕەوشتە بە مردووییش واز لە کاکە مەمی ناهێنێ، لە گۆڕیشدا چووە لای بۆ بەدڕەوشتی. قەرەتاژدین دەمێک بوو سمێڵی خۆی لە داخی بەکرە شەیتان دەکرۆشت گوتی: بەکرە شەیتان ئیدی بەسە لێرە ناڕۆی گۆڕەکان هەڵدەدەینەوە ئەگەر لە پشتێنێ بۆ خواڕێ لەلای یەکتری بوون، ئەتۆ من بکوژە خۆ ئەگەر لە پشتێنێ بۆ سەرێ لەلای یەکتر بوون ئەوە نایەڵم لێرە

تـەکانێ بخـۆی و دەتکـوژم، هـەموو تـۆی بـەدگۆو شـۆڤار نەتهێشت ئەو دوو ئاشقە ئەزەلییە بۆ یەکتری بن. دەستیان کرد بـە هەڵدانـەوەی گۆڕەکـان بـەردی ئەلحـەدیان لەسـەر هـەڵگرتن بینیـان لـە پشـتێنێ بـۆ سـەرێ ئامێزیـان لـە یـەکتری دابـوو ڕوومـەتیان لـە یـەکتری سـوویبوو نەرمـە ئارەقەیـەکیان بـە نێوچـەوانێوە بـوو، بـەکرە شـەیتان وێستی سـواری ئەسپەکەی بێت و هـەڵبێت، بـەڵام قـەرەتاژدین دەرفـەتی هـەڵاتنی پێ نـەداو دایە بەر خەنجەران و کوشتی، خوێنەکەی ڕژایە بـەینی خـاتوو زین و کاکە مەمی بوو بە دار زیـیـەکی دڕکاوی کورد ئێستاش دەڵێ: (دڕکی مەم و زین) یان دەڕێن: (لێمان بوو بە دڕکی مـەم و زینان).

سێ ڕوونکردنەوە

١. ڕەشوان و سەیدەحمەدی ڕەشوانێ

ڕەشـوان: گونـدێکی ناوچـەی زرارەتییـە، کەوتۆتـە ڕۆژئـاوای ڕێگـای هـەولێر پیرمـام، لـە زۆر حەیرانانـدا نـاوی هـاتووە و حـەیرانبێژ دوا بەنـدیان هێناوەتـەوە خـاروان و ڕەشـوانێ. کـاوێس ئاغـاش لـە حەیرانێکدا دەڵـێ: (ئـەمن دەرێـم سـەردەمەکی ڕاوچـی بووم مار وێران دەگەڕام لە ڕاوێ، لە بنەبنەی (مـام خـاران)، ئـەمن چم نەدەدی، ڕۆژەکی ئەمن دەچوومە (داری شەکرانێ) ماروێران.

ئـەمن دەرێـم، ئـەمن دەچوومـە داری شـەکرانێ، دۆسـتێ خـۆم دەدی مامزە دەچێری لەسەر کونە مێرووستانی، پارێزەکم دەبردێ پـارێزم لـێ دەسـتاند، دڵـم نـەدەینا بـە شـینکەکا چەخماخ سـارمی، حەیران گۆرانی ئەمن بگرمێ لەبەر کاکی تۆ دەڕۆیـی مـار وێران، ئـەمن چیبکـەمێ شـەو لـەوەڕی خـۆی داوێتـە زوورگـی مامـەریان، سبیانان چێشتاوی خۆی دەهێنا کاولی (قەفەریان)... ئـەمن چیبکـەم بە ڕۆژ دەستی بـەژنی باریکم دەگرت بـە بنـە بنـەی (ڕەشـوانێم)دا دەبردە خواردێ، بە ڕۆژ دەمبردە ناو دەغڵودانی خـاروانێ. ئـەمن چ بکەمێ شل و ملی ناسک بە دراوی، پاش پانی خڕی داو و دەلینگ حـاجی حوسـێنی، عـەمرێ داکێت نـەمینێ ئـەتو ئـەمن کوژی چەند جوان ئێواران دێیەوە لەسەر ئاوی بە خانومانی.

سەیدئەحمەدی ڕەشوانێ: کەسایەتییکی دیاری گوندی ڕەشوانێ بووە و لە زۆر حەیران و بەندە فۆلکلۆرییەکانی ناوچەکە عاشقانی

لێ قەوماو و بێچارە پەنایان بۆ بردووە، لەو بارەیەوە (زیاد محەمەد ئەمین) لە زاری حەمەشینی بنگردی حەیرانبێژ و لاوکبێژ لە کتێبی ئاواز و بەسەرهات لاپەڕە (٧٢) بۆمان دەگێڕێتەوە: لە گوندێک لە گوندەکانی دەشتی هەولێرێ، کوڕێکی هەژارو کچی پیاوێکی دەسەلاتدار و دەوڵەمەند، دڵیان بۆ یەکدی کزاوەتەوە و زۆریان یەکتر خۆشویستووە، بەڵام بارە کۆمەڵایەتییەکە ڕێگای لە هاوسەربوونیان گرتووە، پەیوەندییەکە خۆشەویستییەکی بێ هیوای بە یەکدی گەیشتن بووە، چونکە هەردووکیان لەو بڕوایەدا بوون کە ئەم کوڕی پیاوێکی هەژار و ئەویان کچی پیاوێکی دەوڵەمەندی بەدەسەڵات، باری کۆمەڵایەتی و خێڵەکی دواکەوتوو لە دڵدا و بە نهێنی دەمێنێتەوە و دەبێتە سووتانی ناخ.

ڕۆژگارێک بەسەردا تێپەڕیوە و کچەکە دراوە بە کوڕی پیاوێکی دەوڵەمەند لە گوندێکی دیکەی دوور. ئەو ڕۆژە کە کچەکە گواستراوەتەوە و بووک بەڕێکراوە، بە پێی داب و نەریتی ئەو سەردەمە، دەبوو کەسێکی هەژار جڵەوی وڵاخی بووکێ رابکێشێت بۆ ئەوەی کە ئاگاداری بووکێ بکات و لە هەوراز و نشێوان و جۆگەلان دەست بە باڵییەوە بگرێت.

کوڕە بەهەرچی هەوڵدانێک بێت وایکردووە کە کاری جڵەو ڕاکێشانی وڵاخی بووکێی پێ بسپێردرێت.

دیارە لەم کارەشدا لە ڕێگا ڕۆیشتنێدا کە سوارەکان سەرگەرمی غارغارێێ بوون، کوڕەکە و بووکەکە دەرفەتیان بۆ ڕەخساوە کە جار جارە هێندێک قسان پێکەوە بکەن و ڕازو نیازان هەڵڕێژن و ئەمدیوەودیوان بە خەمەکانیان بکەن. ڕێگای ڕۆیشتنی بووک و

بووک گوێزەرەوان، بە بەر مالّی گوندی (ڕەشوانێ)دا بووە. کاتێک گەیشتوونەتە بەر ئەو گوندەی، سواران کردوویانە بە غارغارێن، کوڕەکەش تەمەشا دەکات ئەوە (سەیدئەحمەد)ی گەورە و خاوەنی گوندی ڕەشوانێ لەسەربانی ڕاوەستاوە و دەڕوانێتە غارغارێنی سواران، جا کوڕە زۆر بە سۆزو هاوارەوە ئەم حەیرانە ڕووە و گوندی ڕەشوانێ تێهەڵدەکات: (ئەرێ براینە برادەرینە، ئەوڕۆ سبەینێ سبەینەکی سارە، لە سەرو پەرچەمی یارکۆلەکەی من باریوەتەوە وردە نەرمە خوسارە، کاکلاغەی گەردی، دووری دەنگم ناتگاتێ، سەیدئەحمەدەکەی مالّ لە ڕەشوانێ، سەد جاران هاوارە)، کە سەیدئەحمەد گوێی لەو حەیرانەی بووە، چەند کەسانێکی ناردۆتە ڕێگای سواران و داوایان لێ کردوون و گوتوویانە: سەیدئەحمەد دەخوازێت ئەم نیوەڕۆیەی لە ڕەشوانێ میوانی من بن و نابێت بڕۆن. سوارەکان دڵی سەیدئەحمەدی ناشکێنن وبڕیاری مانەوەی دەدەن. کاتێک بووک لە مالّی سەیدئەحمەدی دادەبەزێ و کەمێک دەحەسێتەوە، سەید ئەحمەد روو دەکاتە کوڕە هەژارەکە و لێی پرسیوە، کە ئەو حەیرانەی بۆچی گوت و بۆچی هاواری بۆ هێناوە؟ کوڕەکەش لە نووکەوە بەسەرهاتەکەی بۆ دەگێڕێتەوە، هەر ئەو کاتەی سەیدئەحمەد کەسێکی دەنێرێ بە دوای زاوا و کەس و خزمانیدا، ئەوانیش لە گوندەکەی خۆیانەوە بە دەنگی سەیدئەحمەدییەوە دێن بۆ گوندی ڕەشوانێ. لە دوای نان خواردنی نیوەڕۆیە، سەیدئەحمەد لەگەڵ زاوا و کەسوکارەکەیدا کۆبووەتەوەو کەوتوونە گفتوگۆیەو پێی گوتوون: ئەو بووکە بۆ ئێوە خێرەوەدەرنابێ، چونکە ئەوەی ڕاستی بێ، دڵی بە کەسێکی

دیکەوەیە، ئێوە دەست لەو بووکەی هەڵگرن، من سێ کچی خۆم و کۆمەڵێک کچی خزمانم هەن، دڵی زاوا هەر کامێکیانی گرت، کچە ڕازی دەکەین و لێی مارە دەکەین و بووکی خۆتان بەرن و بڕۆن، کەسوکاری بووکێش بۆ خۆم رازییان دەکەم. زاوا و کەسوکاری ڕازی دەبن و قسەی سەیدئەحمەدی ناشکێنن و کچێکیش لە کچەکانی سەیدئەحمەدی ڕازی دەبێت و کارەکە ئەنجام دەدرێ و بووکی تازە سوار دەکرێت و دەبرێ و بووکی هاتووش لە گوندی ڕەشوانێ بە مارە بەتاڵ بە جێدەمێنێ. لە دوای ڕۆیشتنی بووکی تازە، سەیدئەحمەد بە دوای کەسەکانی بووکی هاتوویدا ناردووە و چی کردووە بۆی باس کردوون و پێی گوتوون: جا ئەوە کچ بتاندەمێ، ئەوەش مااڵ و پارە، چی داوا دەکەن لەبەر دەستاندایە!! ئەوانیش فەرمانی سەیدئەحمەدیان نەشکاندووە و هەر لەوێ بووکیان لە کوڕە هەژارەکەی مارە کردووە.

سەیدئەحمەد نەیهێشتووە کەسوکاری بووکێ بەدەستی بەتاڵ بگەڕێنەوە، هەر لەوێ کچێکی خۆی بە ڕەزامەندی لە یەکێک لە کوڕەکانی برای بووکێ مارە کردووە و بۆ سبەینێ لەگەڵ خۆیان سواریان کردووە و بردوویانە.

سەیدئەحمەد نەیهێشتووە کوڕە هەژارەکە بچێتەوە گوندەکەی خۆیان، هەر لە گوندی ڕەشوانێ مااڵی بۆ داناوە و وەکو کوڕی خۆی سەیری کردووە و لەم کارەشدا کۆمەڵێک خزمایەتی تازە دروست بووە.

٢. کاغەزی سەفەر قەندیلی

لە "دیوانی ئەحمەدی خانی"دا هاتووە: "دەست دەللالی دا من دی، ڕوخێ کاغد سەمەر قەندی* خەتێ کووفی نوقەت هندی، کتابا حوسن و ئەشکانلی، هەروەها لە "ڕشتەی مرواری"یدا لەسەر زمانی حیکایەتخوانێکی شەقلاوەیی لە وەسفی شۆخ و شەنگێکدا هاتووە: "سینەی دەتوت قاقەزی سەمەرقەندییە".لە فارسیشدا کاغد سمرقندی"ی پێ گۆتراوە.

شاری سەمەرقەند (لە ئۆزبەکستانی ئیستە) پێش ئیسلامیش مەڵبەندی پیشەسازی کاغەزی چینی بووە، دوای گرتنیشی لەلایەن دەسەڵاتی ئیسلامییەوە (سەدەی٨ی زاینی) سەرچاوەی کاغەز بووە، بۆ شارستانییەتی ئیسلامی سەردەمی عەببباسی، پاشان لە خۆراستان و بەغداو شوێنانی تر کارخانەی دروستکردنی کاغەز دەکرێنەوە.

کاتی خۆی سەمەرقەند، مەڵبەندێکی کولتووری ئێرانی (ی خۆرهەڵاتی) بووەو ناوەکەیشی ناوێکی ئێرانییە "سەمەرکەند"ی پەهلەوی، کە لەزمانێکی ئێرانی خۆرهەڵاتییەوە هاتووە کە زمانی سوغدییەو، ناوەکە دەقاو دەق بە شاری بەرد ڕاڤە دەکرێت.

سێ: منداری سەروبنداری:

منداری سەرو بنداری: ئەو منداڵە ساوایەی بە بۆن دەکەوێ و گێژو هووڕ دەبێ پێی دەڵێن سەروبنیەتی، حەوت دەرمانەی دەدەنێ وەک چارەسەرێکی سروشتی، بۆ ئەوەی سەرو ملی ڕابگری و هۆشی بێتەوە.

حەوت دەرمانە: زرومباتیشیان پێ دەگوت، پێکهاتەیەکە بریتیبوو لە ڕازیانە، گوڵ، دارچین، قەنەفر، زەنجەفیل و چەند گیایێکی دیکە. لەناو ئاون لەگەڵ سەری کەللەی قەندی دەیانکوتا، لە دوای هاڕین هەر منداڵێک سەروبنی بگرتابوایە تۆزێک لەو حەوت دەرمانەیان دەخستە زاری بە زۆری منداڵ کاتێک بۆنی ژنی زەیستان و شیری تەڕی دەکرد بە بۆن دەکەوت، سەروبنی مانگان لێی نوێ دەبوویەوە.

دەبوایە لە شیری ئەو ژنەی تازە منداڵی بووە بدرێتە منداڵە بە سەروبن کەوتووەکە. خەنەو زەنجەفیلیان لە شیلکی سەر دەنا. منداڵەکەیان دەبردە لای بۆنبڕ کە پێیان دەگوت بە دەستیەتی یەک لەوانە مام مستەفایەک هەبوو لە گوندی قوڵتەپەی بەینی هەردوو پەنجەی گەورەو پەنجەی شادەی منداڵەکەی دەگەست و هەندێک قەنەفری دەجووی و دەیخستە بن مەلاشووی منداڵەکە.

زۆر جار منداڵ بە بۆنی شیری کەری زایمانیش دەکەوت ناچار بوون هەندێک لە شیری کەرەکەی بدەنێ.

بەشی وێنە

وێنەی هەندێک لەو شوێنە گرنگانەی لە
حەیرانەکاندا ناویان هاتووە.

باقرت، شارەدێی قەراج: ناوەندی ناحییەی قەراجییە، دەشتێکی کاکی بەکاکی بە پیت و بەرەکەتە، بەتایبەتی بۆ گەنم و جۆ، بۆیە بە سەبەتەی خۆراکی مەملەکەت داندراوە. وێنەکە ساڵی ٢٠٢٠ گیراوە.

چیای سەفین، زستانی ٢٠٢٤



دارە شەکران، دارێکە لەناوچەی زرارەتی، هەولێر تەمەنی ٢٥٠ ساڵ دەبێت،
چیرۆکی ئەفسانەی لە پشتە لەناو کتێبەکە بەدرێژی نووسراوە،٢٠٢٠



دارە بزمارە: ناوییەکێک لە گوندەکانی سنووری شارۆچکەی پیرمامە، ٣٣ کم لە هەولێرەوە دوورە. هەرکەس ددانی بێشێت بزمارێکی تێ دەکوتێت، بە ئومێدی ئەوەی ژانی ددانی بشکێت، ٢٠٢٠

قەراتی دێرێ: ئەم قەڵایە دەکەوێتە بەشی ڕۆژئاوای زنجیرە چیای پیرمام لە هەولێر، ٢٠١٧

قەراتی دوێنێ، کەوتوتە باکووری خۆراوای پیرمام. مێژووی ئەو قەڵاتە دەگەڕێتەوە بۆ میرنشینی سۆران، سەدەی ١٠ بۆ ١٦ی زایینی.وێنەکە ساڵی ٢٠١٨ گیراوە.



ئاوی بن بەردی:کانییەکە لەبن چیای قەرەچوغی، دەکەوێتەخۆرهەڵاتی شارۆچکەی مەخموور، وێنەکە ساڵی ٢٠١١ گیراوە.

زوورگه زراو: یەک زنجیرە بەرزایی بەردی نیشتووی تەمۆخی وچەگل و زیخەلانە لە نزیک زینی بچوک، لە پردێ دەستپێدەکات هەتاوەکو نزیک شارۆچکەی گوێر، درێژدەبێتەوە.وێنەکە سالی ٢٠٢٠ گیراوە.

حەیرانبێژ عەلی حاجی تایەر هەللاجبە سواری ئەسپێکی سپی، دەڤەری بارزان، کاتی پێشمەرگایەتی، ١٩٨٤



دەرماناوە: کانییەکە کەوتۆتە بناریٚ چیای قەرەچوغی، لە پیشوودا خەلک وەک دەرمانی پیست بەکاریان دەهیٚنا،بەداخەوە ئیٚستا وشک بووە. کەوتۆتە ناو کەمپی برایانی باکوری کوردستان لە کەمپی مەخموور، ١٩٩١

قەرەچوغ: چیاییٚکە دەکەوێتە باشووری هەولێر، دەشتی قەراج و کەندیناوە لەیەکتر جیا دەکاتەوە، بەر لە هاتنی عوسمانییەکان، بەشی باشووری ناوی چیای بلباس بووە و بەشی باکوری ناوی چیای مام ڕەش بووە، ٢٠٢٠

قەراتی مەخموورى: گردێکە دەکەوێتەڕۆژئاواى مەخموورى، لە پێشودا برایماغامەخموورى، وەک سەنگەر بەرامبەر هێرشى هۆزە عەرەبییەکانى سنوورەکە، بەکارى هێناوە. وێنەکە سالّى ٢٠٠٥ گیراوە.



ڕەشمالّى مالّەمەڕدارێک لە کوێستانێ، ٢٠٢٥



تاژی چوارپەل بە خەنە، ٢٠٢٠



بیری مەحمودی سەنان: بیرێکە دەکەوێتە نزیک جادەی مەخموور. دیبەگە، لە بەرامبەر گوندی کەنداری، ٢٠٠٤

قورینگی کوێستانی (سووڕە قورینگی کوێستانی): زۆر جار حەیرانبێژ گەردنی کچەتیم حەیرانێ بە گەردنی قورینگی کوێستانی چواندووە، ٢٠٢٥



قشڵەی مەخموورى: میژووی دروستکردنی دەگەڕێتەوە سەردەمی عوسمانییەکان، ٢٠١٨

زبارەی دروینە، وێنەکە ئەو سالانەی دوایی گیراوە، زۆر نزیکە هی نەوەتەکان بێ.

نووسەر لەسەر گۆڕی کاوێس ئاغا، گۆڕستانی گوندێ هەرشەمێ، ٢٠٢٥



داری دێدەوانی: تاقە دارێکە لەسەر چیای دێدەوانی دەشتی هەولێر، ٢٠٢٢

گۆڕی کاوێس ئاغا لە گۆڕستانی گوندی هەرشەمێیە، دەکەوێتە ڕۆژئاوای شارۆچکەی پیرمام، ٢٠٢٥



مەرقەدی خەلیل ئاوڕەحمانی، گۆڕی پیاوچاکێکە لە پارێزگای هەولێر ناحیەی قوشتەپەڕۆژهەلاتی گوندی ئیلنجاغ، ٢٠٢٣



دەرکی بازارگەی: لە کۆن تەنهارێگای کەروباری بووە، دەربەندێکە چیای قەرەچوغ دەکات بە دووبەش، لە نزیک گوندی گاوەرە و کەنداری، ٢٠١٠

حەیرانبێژ عەلی حاجی تایەر هەللاج لە کاتیڕاوکردن، ١٩٧٩ ئاقاری گوندی گردەسۆری سیانان،وەک دیارە دوو تاژی لەڕستێیە و کەرویشکێکی بە سامۆتەی زینی وەکردییە.

خوێنەری بەێز:

زۆر گوند و شوێنی دیکە ماون کە لە حەیرانەکاندا ناویان هاتوون و بەڵام وێنەیان دانەندراوە. ئەویش بەهۆی ئەوەی نەبادا کێشەکە، شێوەی ئەلبووم وەربگرێ و لە مەبەستە سەرەکییەکە سەرچیغ بچێ. هەرچەندە، هەموویشیان شوێنی دیار و بەناوبانگن. بۆیە لە پەراوێزەکان ڕوونکردنەوەیان لە بارەوە دراوە وەک: چەولنگی پردێ، بەستی شاقازی، سەرێ گۆماسکان، بانی قەرەقاجدانی، دۆڵی خانێ، بانێ تووێ، گۆمی بازنان، گوندەکانی معێجیلە و مشار، گوندی گردگلێخ، گوندی گردەسۆری سیانان، گوندی سۆربەشی خدری، گوندەکانی هێلەوە و سیاو، گردی میزانی (کلکەی میجانی)، گوندیڕواڕە، کوێستانی سپیڕێزی خەیلانیان، کوێستانی بەربزینی، تەنگانەی جاستانێ، قوناوی گورگەی، مەرقەدی حەزرەتی غەوس، پیری ولیانی، زینەتیر، پێچکەی پردێ، گوندی سەربیرێ، باخی هیران و نازەنینێ، گەروێ سەنگەران، کەندێ باشتەپەی، سەروچاوەی ئاوی شەعەلی، کۆراو چەغەران، گوندی مەعمەر ئۆمەران، گوندەکانی خاروان و ڕەشوانێ، خەندەکێ خەلیفەی، سەری بێژینگ بەسەری، گردی پیرداودی، قەراتی هەولێرێ، باخی کۆیێ، ئاوی چارداغی، گوندی گردعازەبان، گوندی جدیدەی لەکان، کارێزی قاسماغای شەمامکێ، گوندەکانی گردلانکە و شێخانان، ئاوی گرد مەلای، سەری گیرەیڕەش، گومبەتی سەر هەیبەسولتانی، دەشتی بیتوێنێ، دەشتی لاجانی ڕۆژهەلاتی کوردستان...